
بەیان
گۆڤاری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی. ساڵی پێنجەم، ژمارە ۲۷، ڕەشەمەی ۲۷۲۲
دوماهنامە فرهنگی، اجتماعی. سال پنجم، شمارە ۲۷ ، ۱۴۰۱
BAYAN Social, Cultural Magazine. No27. Mar 2023
ISSN:2676-7252

ساڵی پێنجەم، ژمارە ٢٧
ڕەشەممەی ٢٧٢٢

# دوومانگنامەی بەیان

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنمۆڵەت و سەرنووسەر: د. ئیسماعیل مستەفازادە
دەستەی نووسەران:
کوردیی ژووروو: عەبدولکەریم سرووش (ئاریاس)، ئوزال ئەسکەندەرزادە
کوردیی نێوەڕاست: د. ئیبراهیم ئیسماعیلپوور (شەماڵ)، پەروانە ئەحمەدێن، شیوا میرەکی، قەرەنی ئەمینپوور، د. خالەق جەلیلنەژاد، کەریم ڕەحمانی، عەلی مەحموودی (ئاودێر)، عەلیڕەزا محەممەدنەژاد (دیار)، ئیبراهیم ئەحمەدی(شاراوەک)
کوردیی خوارو: تاهیر وەیسی (کۆچەر)، یاسین مەولایی
دیزاینی نێوەرۆک: د. ئیسماعیل مستەفازادە
پیتچن: ڕۆژان مستەفازادە، ئازاد ئیسماعیلی
دیزاینی بەرگ: داوود زەهابی/ چاپخانەی مەهاباد
بەڕێوەبەری ماڵپەڕ: ئەمیر بیژەنی (www. beyangowar. ir)
چاپخانە: پرنیان، تبریز

■ تکایە بابەتە کوردییەکانتان تەنیا بە فۆنتی یونیکورد و لە ڕێی بەرنامەی وۆردەوە بۆ «بەیان» بنێرن.
■ ئەو بابەتەی بۆ «بەیـان»ی دەنێرن، با لە هیچ گۆڤار و بڵاڤۆکێکی تردا بڵاو نەبووبێتەوە، چونکە لێرە بڵاو ناکرێتەوە.
■ بابەتی وەرگێڕدراو، پێویستە سەرچاوە و دەقی زمانە سەرەکییەکەی لەگەڵ بێت.
■ ئەوەی لە «بەیــان» بڵاو دەبێتەوە، ئاوێنەی بۆچوون و ڕوانینی نووسەرەکەیەتی.
■ گۆڤاری «بەیان»، لە پێداچوونەوە، سڕینەوە و لابردنی هەڵەوپەڵە یان کورتکردنەوەی بابەتەکاندا سەربەستە.


ئیسماعیل مستەفازادە / مەهاباد ٠٩١٤١٦٨٣٢١١
عەبدولکەریم سرووش (ئاریاس) / ورمێ ٠٩١٤١٤٢١٥٧۴
د. ئیبراهیم ئیسماعیلپوور (شەماڵ) / سەقز ٠٩١٨٣٧٦٣۴٠٨
کەریم ڕەحمانی / بانە ٠٩١٨٩٧۴٨۴٢٧
عەلیرەزا محەممەدنەژاد (دیار) / شنۆ ٠٩١۴۴٧٨۴٦٥
شیوا میرەکی / قوروە ٠٩١٨٠٦٢٧٦٥٠
یاسین مەولایی / کرماشان ٠٩١٨٩٣٣٧٨٥٧

ئیبراهیم ئەحمەدی(شاراوەک)/ سنە ٠٩١٨٧٨٨٥٠٢٦

ناونیشان:
مەهاباد، مەیدانی شارەوانی، کۆمەڵی مەهابادماڵ، نهۆمی یەکەم، یەکەی ٨٧
ئیمەیل: Email: beyangovar@gmail. com


**نرخ: (٢٥) هەزار تمەن**

ژمارە کارتی بانکی میللی
(ئیسماعیل مستەفازادە)
٦٠٣٧٩٩٧۴٧۴٣٠٨٧٨١

## لەم ژمارەیەدا


شنەی بەهاری/ د. شەماڵ ئیسماعیل پوور ـ سەقز..............................٤
ئاییـن و زوان یارسان و هەورامی/ فەلەکەدین کاکەیی.......................٦
ڕانانێك بۆ كتێبی ( كوردانی كاكەیی...)/سەلاح سالار - شاری سەیدسادق.....١٥
خوێندنەوەیەک بۆ نامیلکەی فەلسەفە و../عەبدولقادر شکاک - سلیمانی.......٢٣
جەژن خەوەنکار/ سارۆخسرەوی - کرماشان....................................٢٥
بێساران/ فەرزین پیرە - بێساران - سەوڵاوا...................................٢٩
ئایینی یارسان و تایبەتمەندی تەنبوور/کۆچەر وەیسی ـ کرماشان...........................٣٦
جێژنی بێڵن دانا/ پەروانە ئەحمەدێن ـ مەهاباد.....................................٣٨
تایبەتمەندی زوانی و کۆمەڵایەتی ئایین یارسان / پدرام ئەسەدی ـ کرماشان...........٤٤
لێکولین پەیوەندی زوان داڵگی وەگەرد... / فردەوس هاشمی ـ ئیلام..........٥٢
چلەخانە کوێستانیەکانی ناوچەی / ئیرەج مورادی باقلاوایی - سەردەشت.٥٨
نەوروز لە ناوچەی پان و بەرینی ئەردەڵانا/ ئیبراهیم ئەحمەدی(شاراوەک).......٧٠
ئاوڕێک لەسەر فولکلۆری پارێزگای کرماشان/ ئاکۆ جەلیلیان ـ کرماشان.٧١
کورتەیەک لە سەرئاوایی بەردەڕەشانی مەهاباد/ ئەمیر ئاقابرا - مەهاباد......٨٦
جوولەکەکانی کوردستان/ محەمەد ئەدیبی - بۆکان..............................٩٢
بارودۆخی کوردستان لە سەدەی / عەبدوالحەمید حوسێنی (سەپان) ـ ئاڵمان١٠٠
رادیو کوردی یا ئۆرمیێ/ سەید جەلال نزامی - ئۆرمێ........................١٠٨
بارستای(چگالی) شێعر لە ئاست موديڕن و.. / عەلی مەحموودی(ئاودێر) - بانە....١١٠
قوربانیی کۆمەڵگا، خۆ بەقوربانی کۆمەڵگا دەکا/ د. ئیسماعیل مستەفازادە ـ مەهاباد.......١١٤
ڕووناکبیرانی موسوڵمان و مودێرنیتە / کەریم ڕەحمانی ـ بانە.................١١٧
هونەرمەند برایم فەتتاحی/ عومەر عەلی بۆکانی - بۆکان.....................١٢٢
سادق بەهائەدین ئامێدی، خەمخورێ زمان/ سەردار هێتوتی ـ دهۆک....١٢٥
چیای داڵانپەر/ قادر حوسێن‌شەریفی ـ مەهاباد...............................١٢٨
ئۆتیزم ( Autism )/ ژینە عەزیز قادر - سلێمانی.............. ..............١٣٠
سەرەتاکانی زانستی فیزیا/ حەمە عەلی محەممەد مەعروف ـ سلێمانی..........١٣٢
زاراوەی پێویست بۆ زیندەوەرناسی/ کوردستان محەممەد عەزیز ـ سلێمانی.......١٣٤
تایبەتمەندی گۆرانی و موسیقای هەورامان/ ڕۆژان مستەفازادە ـ مەهاباد............١٣٨
سلێمانیی جاران(نەریتەجوانەکانی شار )/ ڕزگار خدر مستەفا ـ سلیمانی.........١٤١
شێعر/............. ..............................................................١٤٣
معرفی کتاب: تاریخ ولایت مکری (مکریان)/ کامران ثنایی ـ سردشت..١٤٨
طریقت قادریه سوله ای در کردستان و هورامان/ امیر وزیزی - سنندج............. ....١٥١
شعر چیست ؟ / حسام الدین امین کردستانی ـ سنندج....................١٦٠


وێنەی ڕووبەرگ:
ئاغا سەید نەسرەدین

# شنەی بەهاری



سەروتار



د. شەماڵ ئیسماعیل پوور . سەقز

هیچ جێژن و بۆنەیەک بەڕادەی نەورۆز مشتومڕی لەسەر نییە و خاوەنی لێ ڕاست نەبۆتەوە. زۆربەی نەتەوە دراوسێکانی کورد بە هی خۆیانی دەزانن و ئەوەندەی لە دەستیان هاتبێ کوردیان لێی بێبەش زانیوە و بۆ دیزەبەدەرخۆنە کردنی لەبەر چاو و هزری کورد پیلانیان داڕشتووە. دەیان فرتوفێڵ و گزەیان کردووە تا کوردی خاوەن نەورۆز و سەرهەڵدان، لەبەر چاوی بکەوێ و وەکوو زۆر شتی بەنرخی تری خۆی مۆری زوڵەکبوونی لە تەوێڵ بدات و لە خۆی دوور بخاتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا گەلێ پیلانی وەکوو دژ بە دین بوون و خایین بوونی قارەمانە سەرەکییەکانی ئوستوورەی نەورۆز و بە ڕۆژی هەناسەساردی و ڕۆژەڕەشی کورد زانینی و هتد هاتوونە ڕۆژەڤەوە و بەم کارانە ویستوویانە کورد لە نەورۆز دڵسارد بکەنەوە و لە چنگی دەر بێنن و هێمای یەکگرتوویی ئەم نەتەوە دەردەدارە لە هێما بخەن و بۆژۆی بکەن. هەڵبەت لێرەدا کارم بەو بەشە نییە ئاخۆ کاوە خایینە یاخۆ نا، بەڵکوو مەبەستم زەقکردنەوەی لەرادەبەدەری ئەم بابەتەیە بۆ لەبەر چاو خستنی نەورۆز لە لای کورد.

ڕەنگە تەنیا بەڵگەیەک بیسەلمێنێ خاوەنی نەورۆزە کوردە، ئەوەبێ کە تەنیا کورد خاوەنی ئوستوورەکەیەتی و سەرەڕای تێکدانی ئەم ئوستوورەیە هێشتا مۆرکی کوردبوونی پێوە دیار ماوەتەوە.

نەورۆز ئێستاش لە بیر و هزری کورددا ئاگر و ڕۆشنایی لابەری شەوەزەنگی سەرما و سۆڵەیە و هەوێنی هەموو گۆڕانکاری و بزاڤە پێویستەکانی ئەم نەتەوەیەیە.

ئەگەر نەتەوە بە تێپەڕینی ڕۆژ و حەوتە و مانگان لەبەر سەرما و تۆف و ڕچیان و زەخت و زۆر و داگیرکاری بێهێز دەبێت و ورەی نامێنێ و هەنگاوەکانی شل دەبن و خەمساردی بە ڕوخسارییەوە دەنیشێ، لە بەرەبەری شەو و ڕۆژە تایبەتەکانی ڕەشەمەدا هەر وەکوو گیا و گژ و خاک و ئاو و کانی و باخی وڵاتەکەی ژیاوەتەوە و بەهێزتر لە ساڵی پێشوو بەردەوام بووە. ڕۆحی بە سروشتەوە گرێداوە و لەگەڵ سروشتی وڵاتەکەی ژیاوەتەوە و بەرخۆدان و ژیانی وەکوو سروشت بۆ گرینگ بووە و پێیوابووە بەبێ بەرخۆدان ژیان ناکرێ و هەرگیز ڕازی نەبووە پێملی کەس و نەتەوەیەکی دیکە بێت. خۆی بە سروشت و چیاکانی سپاردووە و لەسەر بەرزترین و ئەستەمترین لووتکەکانی ئاگری کردۆتەوە و مان و بوونی

خۆی نیشان داوە و پڕ بە دۆڵ و شیو و شاخ و هەرد سروودی ژیان و سترانی خۆشەویستی چڕیوە. بەم پێیە نەورۆز دایمە بووەتە هۆی بەردەوامی و کورد توانیویەتی بەم جەژنە مەزنەی خۆی بەردەوامبوونەکەی مسۆگەر بکات.

جیا لە تاقمێکی زۆر کەمی وڵاتی کوردەواری، هەموو بیروبۆچوونەکان خۆیان لە دەوری ئاگری نەورۆزدا دیوەتەوە و بەهەموو ڕەنگ و جیاوازییەکی فیکرییەوە دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و لە گەڕی ڕەشبەڵەکی نەتەوەییدا هەڵپەڕیون و بە کۆمەڵ جێژنی نەورۆزیان بەڕێوە بردووە. کەوابوو تەنیا شتێک کە دەتوانێ هەموو کوردان پێکەوە گرێبدات، نەورۆزە.

هەموو پەیامە نەورۆزییەکانی سەری ساڵ، پتەوکردنی هاودڵی و پێکەوەبوون بە نەورۆز دەسپێرن و باش دەزانن کە نەورۆز دەتوانێ ئەم ئەرکە بە جێ بێنێ.

نەورۆز لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئێمەدا هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە دیوە وزۆر جاران لە پەنا و پەسیوان مانەوەی خۆی پاراستووە و هێندێ جاریش پیرەمێردێکی لێ بووە بە داشداد و بەچێژترین شێعری بۆ هەڵبەستراوە و بە فەرمی ڕێزی لێگیراوە.

بە جلی ئاڵوواڵ و ڕەنگاوڕەنگی کوڕ و کچ و ژن و پیاو و ورد و درشتی ئەم گەلە ڕازاوەتەوە و بەدەنگ و گۆرانی و شێعر و پێداهەڵگوتنی تایبەت کەوتۆتە سەرزاران و بەم کارەش جلوبەرگ و دابونەریت و زمانی پاراستووە. شاعیران و نووسەران دەیان شیعر و نووسراوەی تایبەتیان لەسەر نووسیوە و بەم کارەش خزمەتێکی بەرچاویان بە زمان و نەتەوە کردووە و سترانبێژان و کوڕەحەیران و کچەحەیرانیش بە شێعر و ئاواز نەورۆزیان لە فەرامۆشی و مردن پاراستووە و تا ئێستا زیندوویان ڕاگرتووە.

بەداخەوە نەورۆز زۆر کارەساتی ناخۆشیشی بە خۆیەوە دیوە و لە سەروبەندی نەورۆزدا گەلی کورد گەلێک ڕووداوی ناخۆشی ئەزموون کردووە. جیا لە کارەساتەکانی مێژووی دوور، لەم سەردەمەشدا جەرگی کورد بەساجی نەدامەتییەکاندا هەڵقرچاوە. لە بەرەبەری نەورۆزی ١٩٨٨دا هەڵەبجە شەهید کراوە و ڕۆحی هەزاران پەپوولەی ئەم شارە لە دەشتی شارەزوور لە ژیان بێبەش کراون. لە ڕۆژانی نەورۆزی ١٩٩١دا کۆڕڕەوی گەورە و مێژوویی کورد لە باشوور ڕوو دەدات. لە زیندانی حەسەکە و لەڕۆژانی دەمەو نەورۆزی ساڵی ١٩٩٣ تاقمێک زیندانی سیاسی کورد بە پیلانێک دەسووتێندرێن. لە ڕۆژانی دوای نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ دا چرا پرشنگدارەکەی کوردان دەکووژێتەوە و بەداخەوە مێژووی کورد پڕە لەو کارەساتە جەرگبڕانە و مێژوو چەندین نەورۆزی خوێناوی تۆمار کردووە.

ئێستاش نەورۆز بە گوڕتر لە جاران پەیتا پەیتا بە شەماڵدا پەیام دەنێرێ و مزگێنی هاتنی خۆی بە شنەی بەهاری دەسپێرێ. لەگەڵ گزینگی هەتاوی دواساتەکانی ڕەشەمەدا سەر بەڕۆچنەی هەموو ماڵەکوردێکدا دەکات و چاوێک بە مەیدانە مەزنەکەی نەورۆزدا دەگێڕێ و وێنەیەک لە هەڵپەڕکێی گەرمی لاوان دەگرێ و ڕوو لە هەرێمی دار زیتوونەکان دەکات و پەنجەی کیژە وردیلەکان پڕ دەکا لە گەزیزە و سیمای کوردانە و پرهەیبەتی قەڵا دەگەشێنێتەوە و گەڵای تورت و تازە لە چرۆ ڕسکاوی هیواکانی کوێستان دەلەرێنێ و لەگەڵ سەمای پرچی شۆڕەبی بەتیشکی ئاگر جێژنە پیرۆزە دەنووسێ.

**دەستەی نووسەرانی «بەیان» بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆز و سەرهەڵدانەوەی سروشت و جوانی و گۆڕانکاری، پیرۆزبایی لە خوێنەران و هەموو گەلی کورد دەکات و هیوا دەخوازێ ساڵی نوێ ،ساڵێک بێت پڕ لە شادی و سەرکەوتن.**



# ئاییـــن و زوان
# یارسان و هەورامی

فەلەکەدین کاکەیی

وەختێک زوانی میللەتێک دەبێ بەزوانی ئایین، دیارە ئەو زوانە تا ڕادەیەکی باش پێشکەوتووە، تا بتوانێت تەعبیر لە راز و رەمز و ئەفسانە و نهێنیی ئایین بکات. هەموو ئایینەکان تەژین لە ڕاز و مانای شاراوە و هێما و ئاماژە و وێنەی هونەری نزیك لە شیعرەوە.
هەر بۆیەش ئایینە کۆنەکان بە شێوازی شێعر داڕێژراون وەک زەردەشتی و دواتریش یارسان (کاکەیی).
تەنانەت زوانی قورئانیش جوانترین و بەرزترین پلەی سەردەمی خۆیەتی لە زوانی عەرەبیدا.
ئەوەندە ڕەوانبێژی وهونەر و تەعبیری جوانی هەبووە هەر بۆیەش میللەتی عەرەب، بەر لە هەموو کەسێک، ئایینی ئیسلامی وەردەگرن، چونکە کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕەوانبێژی و جوانکاری زوانی قورئان. زوانی عەرەبی بەر لە هاتنی قورئان پێگەیشتبوو و شێعری عەرەبی بەر لە ئیسلام، کە بە شێـعری جاهلی ناسراوە، بەرزو جوان بوو، ئێستاش عەرەبی ئەمڕۆ شانازیی بەو شێعرەوە دەکەن.

**ئاڤێستا و میدیا:**

زۆربەی زانا و رۆژهەڵاتناسان لەو باوەڕەدان کە زوانی ئاڤێستا زوانی میدیاییە، چونکە زەردەشت پەیامبەر مرۆڤێکی ماد (یا میدی)بووەو لە دەڤەری ئەو وەختەی (میدیا) پەیدابووە.
جێگەی لەدایکبوونی زەردەشت لە نزیکەی ٦٦٠ ساڵ پێش زاییندا، وەک مێجەرسۆن دەڵێت: "دەڤەرێکە کە ئێستا بە (موکری) ناسراوە، دەکەوێتە رۆژهەڵات و رۆژاوای دەریاچەی (ورمێ). زەردەشت لە تەنیشت ڕووبارێکی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەکە لەدایکبووە و دواتر کە بە پەیامبەری گەیشت یەکەمین ئاتەشگەوە (ئاتەشگا)، واتە پەرستگای زەردەشتیی، لە دەڤەری لەدایکبوونی دامەزراند، کە هێشتا دیوار و ئاسەواری ماوە و ساڵانە، لە نەورۆز، زەردەشتیانی ئێران و هیندستان و جیهان لەوێ گرد دەبنەوە و ڕێوڕەسمی زەردەشتی بەڕێوەدەبەن.
دەڤەری (موکری) باژێری (مەهاباد) و دەوروبەری تا مەڵبەندی زێد و ماوای زەردەشت دەگرێتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەو زانینی (مێجەرسۆن)ی رۆهەڵاتناس واژەی (مەهاباد) مانای (ماد)ی تێدایە، وەک چەند شاری دیکەی کوردستان: ئامەد، ئامێدی و ماکو (ماە کۆ)، ماردین. واژەی (ماد) بە شێوەیەك لە تۆی ئەو ناوانەدا پەیدا دەبێ، کە تۆژینەوەی زیاتری دەوێ.
گەورەترین و فراوانترین ڤەکۆڵین دەربارەی ئاڤێستا، لەلایەن زانایانی رووسەوە، ئەنجامدراوە، کە دەڵێن زوانی کتێبی (ئاڤێستا) هەمان زوانی مادییە (میدییە)، چونکە لەناوجەرگەی میللەتی ماد پەیدابووە و دانراوە.
دەزانن کە دەوڵەتی ماد بەر لە دەوڵەتی فارس دامەزراوە، لەکاتێکدا زەردەشتی بووبوو بە ئایینی میدییەکان، هێشتا فارسەکان وەریان نەگرتبوو، بەڵکو دەیان ساڵ بەدواوە ئەمجا زەردەشتی بە ئایینی

ڕەسمی دەوڵەتی هەخامەنشی فارسی دانراوە.



زانا و ڕۆژهەڵاتناسان وەك سێرسدنی سمیس ومینۆرسکی و ئەوانی تر لایان وەهایە کە زوانی ماد (میدی) هەمان زوانی کوردیی ئێستایە. جا لەبەر ئەوەی ئاڤێستا بە زوانی مادی نووسرابوو نەك فارسی، دەڵێن کە زوانی کوردی لە زوانی فارسی کۆنترە، چەندین بەڵگەش دەهێننەوە، لەوانەش کە لە زوانی ئێستای کوردیدا ژمارەیەکی زۆری واژە و ئاماژەی زوانی ئاڤێستا دەبینین کە لە زوانی فارسیدا بەو ئەندازەیە نییە. زوانی (پالەوی/ پالّەیی) بە هەمان زوانی ئاڤێستا دەگوترێ. دەبێ بڵێین کە نازناوی (پالەوی/ پالّەیی) حەمە ڕەزا شا هیچ پەیوەندییەکی بە واژەی کۆنی پالەوی/ پالّەییەوە نییە. ئەم زوانە، ئەوی تر تەنها نازناوێکە حەمە ڕەزا شا خستیە سەر ناوی خۆی تا شانازیی پێوە بکات.

## سێ تێبینی:

ڕۆژهەڵاتناسە زانا و شارەزاکان چەند بەڵگەنامەی گرینگ دێننەوە بۆ ئەوەی بسەلمێنن:

یەکەم: زوانی کوردی لقێکی زوانی فارسی نییە، بەڵکو کوردی زوانێکی سەربەخۆیە شانبەشانی فارسی پەیدابووە و نەشونمای کردووە. تا ئێستا هەندێ نووسەری فارسی (هەندێ کوردیش) زوانی کوردی بە شاخەیەك (لقێکی) زوانی ئێرانی، بەمانای فارسی، دەزانن.

دووەم: هەڵەیەکی مێژوویی و زوانەوانی و فەرهەنگی هەیە کە هەر وەختێک ناوی (ئێران) و ئێرانی دێتە پێش یەکسەر هزری کورد و غەیری کورد بۆ زوانی فارسی و وڵاتی فارس دەچێت. لەکاتێکدا وەها نییە. فارسی، زوانی میللەتی فارسە، کە زۆرینەیان ئێستاش لە چوارچێوەیەکی جوگرافیایی ئێران دەژین. دوای نەمانی دەوڵەتی ماد، میللەتی فارس دەسەڵاتی گرتە دەس تا ئەمڕۆ.

بەڵام واژەی (ئێران) لە فارس زۆر بەرفرەترە. ئێران ئاماژەیە بۆ ئارییان یا ئارییەکان، هەموو ئەومیللەتانە دەگرێتەوە کە بە هیندۆئاریایی ناسراون، لەوانەش: هیند، کورد، ئەفغان، تاجیک و فارس و بلووچ و ئەرمەن و هی دیکە. بەواتایەکی دیکە زوانی ئێرانی نەک بەس زوانی فارسە، زوانی سەنسکریتی هیندی و کورد و تاجیک و ئەفغان و بلووچ و هی تر تایبەتمەندی میللەتی دیکەن.

ئەم میللەتانە لە چوارچێوەی جوگرافیاییەکی پان و بەرین ژیاون کە جوگرافیای بڵاوبوونەوەی ئایین و فەرهەنگی زەروانی (زەرڤانی) و میترایی و زەردەشتی و مانی و هی ترن. ئێستاش فەرهەنگ و کەلتووری ئەم میللەتانە هەر لەو بازنەیەدا ماوەتەوەو کاریگەرییان بەسەر میللەتانی دەوروبەر کردووە وەک یۆنانی

و عێراقی ئێستا و سوریا و لوبنان و میسر و چین و باشووری رۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست. بێگومان کیشوەری ئەوروپاش دەگرێتەوە، چونکە مەڵبەندێکی گرینگی هیندوئارياییەکانە.
کەواتە واژەی (ئێران) تەنیا بە مانای (فارس) نەبووە و نییە، بەڵکو مانایەکی زۆر فراوانتری هەیە لە رووی زوان و فەرهەنگی و ئاینی و ئەتنۆگرافی و فیلیلۆلۆجی یەوە.
سێیەم: بەڵێ دروستە زوانی فارسی خزمەتێکی گەورەی کردووە، وەلێ زوانی کوردی و زوانی فارسی هەردووکیان لە بنەماڵەی هیندۆئارياییین. ئیتر کامەیان پێشتر هاتووە؟! وەکو گوتمان هەندێ رۆژهەڵاتناس دەڵێن کە زوانی کوردی کۆنترە لە زوانی فارسی، بە بەڵگەی ئەوە کە ئاڤێستا کە هەمان زوانی کوردییە بەر لە هەر کتێبێک یا دانراوەیەک هاتووە.
وەلێ راستی ئەوەیە هەردوو زوانی کوردی و فارسی لە یەک سەرچاوەوە هاتوونە، کە لەولاوە زوانی سەنسکریتی هیندیشی لێ پەیدابووە. هاوبەشی نێوان ئەو سێ زوانە ئێجگار زیادە.
کەواتە: میللەتانی کورد و فارس و هیند خزم و پسمامن و یەک ڕیشەی زوانەوانیان هەیە، هەروەها جیهانبینی (فەلسەفەی) ئایینی هیندۆسی (برهمایی) زۆر نزیکە لە زوان و ئایینی زەردەشتی و زۆربەی ناوی خواوەند و فریشتە و راز و رەمزەکان لە هەردوو ئایین دا دووبارە دەبنەوە.
وەلێ زوانی فارسی زیاتر پێشکەوتووە چونکە هەمیشە بەکارهاتووە، چ وەکو زوانی دەوڵەت، یا نووسین و خوێندن و دانان، لەکاتێکدا زوانی کوردی ئێجگار کەم دەرفەتی هەبووە، تەنیا بەشێوەی زارەکی ماوەتەوە، ئەدەبیات و فۆلکلۆریش زارەکی و سنگ بە سنگ ماوە، لە یاد و زەینەدا ماوەتەوە. ئەویش تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی کوردی و میللەتانی دیکەی هیند و ئارياییە (یا هیندوئەوروپایی).
وەختێک ئەسکەندەری مەکدۆنی ئێران و کوردستان تا نزیکەی هیندستان داگیردەکات ئاڤێستا و دەسنووسەکانی دیکەی زەردەشتی کە لەسەر پۆستی ئاسك نووسرابوون، کۆ دەکاتەوە و دەیانسوتێنێ.
دەڵێن بە ئامۆژگاریی زانا یۆنانییەکان بەشێکی ئاڤێستا دەهێڵنەوە، تەنیا بەشی (گاتا) لەکتێبی ئاڤێستا بەدەست ئەسکەندەر ناکەوێ، چونکە هێشتا نەنووسرابوو، تەنیا لە ئەزبەری (یادی) موغانەکانی زەردەشتی بوو.
دیارە لەبەر ئەوەی گاتاکان زۆر پیرۆز دەبن، نایانووسن و، سنگ بە سنگ دەیپارێزن. دوای سووتاندنی بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا، بە ماوەیەك، موغ و موبەدەکانی زەردەشتی گاتاکان، بە نهێنی، دەنووسنەوە و دەیپارێزن، لەگەڵ هەر زانیارییەکی دیکەی ئاڤێستا کە لە بیری خەڵکدا مابوو. دوای ئەوە بە دووسەد سێسەد ساڵ، زەردەشتییەکان دەچن تێکستە یۆنانییەکانی ئاڤێستا (وەرگێڕدراوەکانی سەر زوانی یۆنانی) پەیدا دەکەن و وەریدەگێڕنەوە سەر زوانی خۆیان. واتە: بەشێکی کتێبەکەی خۆیان لە زوانی یۆنانییەوە دەگێرنەوە.
ئێستاش بەشی (گاتاکانی) ئاڤێستا بە رەسەنترین و جوانترین تێکستی ئاڤێستایی دەزانرێ، کە بە تەعبیر و رەمز و رازی شاراوەی نەزانراو نووسراوەتەوە، هێشتاش بە تەواوی ماناکانی لێکنەدراونەتەوە.
بە کورتی دەتوانم بڵێم، زوانی ئاڤێستای میدیایی تا رادەیەکی باش لە تۆی زوانی کوردی و هیندی و فارسی و ئارياییەکانی دیکەدا، خۆی پاراستووە و تا ئەمڕۆ ماوەتەوە. واتە ریشە و ئاسەواری زوانی ئاڤێستا لە نێو ئەم زوانانە دەدۆزینەوە: کوردی، تاجیکی، ئەفغانی، هیندی، فارسی، بلووجی، ئەرمەنی و هی تر.
کەوابێ تەمەنی ریشەی راستەقینەی زوانی کوردی بۆ دوورتر لە سێ چوار هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی کە ئاڤێستا دادەبەزێ و بە زوانی مادی تەعبیری لێدەکرێت، دەبێ ئەم زوانە ئەوەندە دێرین و

پێشکەوتوو بێ تا بتوانێ مانای فەلسەفی و راز و رەمزی ئایینی دەرببڕێت.
زوانی مادی مێژوویەکی درێژ بەر لە ئاڤێستای هەربووە. وەك زوانی عەرەبی و قورئان، یا زوانی سریانی و عیسەوی (مەسیحییەت)، یا زوانی سەنسکریتی هیندی و ئایینی برەهمایی (هیندۆسی).
زوانی هەر میللەتێك ماوەیەکی درێژ دەبات تا پێکدێ و پێدەگات و ئامادەی دەربڕینی مانای بەرز و تێکچرژاو (پێچیدە) دەبێت. هیچ زوانێك کوتوپڕ بە کاملی (رەسایی) پەیدا نابێ.
کەوابێ بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بە زوانی عەرەبی لە کوردستانا (واتە: ئەو جوگرافیا بەرفرە و گەورەیەی کە ئێستا کوردستانی پێ دەڵێن) زوانی کوردی هەبووە، بەو بەڵگەیە کە ئایینێکی جیهانگیر بە زوانی ئاڤێستایی (مادی و کوردی) لە سەرانسەری ئەم کوردستانەدا هەبووە.
ئایینێکی فراوانی دەوڵەمەند و قوولی وەکو زەردەشتی، مومکین نەبووە بە ئاسانی فەرامۆش بکرێت و لەیادی پەیڕەوانی بچێتەوەی، هەرچەندە لە هاتنی ئیسلامەوە ئیتر زوان و فەرهەنگی عەرەبی زاڵ بووە، بووە زوانی عیبادەت و دەوڵەت و خوێندن و نووسین. بەڵام ئاسەوار و کاریگەریی زەردەشتی و زوانەکەی، بە نهێنیش بێ، لەلای خەڵکی کوردستان و ئێران و وڵاتانی تر مایەوە، چ سنگ بە سنگ (ئەزبەر)، یا بە دزییەوە لە نێو هەندێ وەجاخی پیر و نەوەی پیرەکانی زەردەشتی، بەتایبەتی لە جێگە دووردەستەکانی چیا و دۆڵی سەرانسەری زاگرۆس و دەورووبەر.

## یارسان و سەرانجام و زاری گۆران (هەورامان):

ئالێرەوە پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە، تا بە شێوەیەکی ڕوون و سادە لە هۆکار و شێوەکانی پەیدابوونی ئایینی یارسان (کاکەیی) و کتێبی (سەرانجام) بە شێوەزاری گۆرانی کۆن ببینین.
یەکەم: با ریشەی زاری گۆران (هەورامان)ی کۆن و زوانی ماد و ئاڤێستا تێبگەین. (ئێستا تەنیا باسی یارسان و زوانەکەی دەکەین و ئایینە کۆنە کوردییەکانی دیکە دوادەخەین چونکە لێرەدا ماوە کەمە و جێگەیان نابێتەوە).
دیالێکتی گۆران لە شێوەزارە سەرەکییەکانی کوردییە. زارێکی ڕەسەن و هەرە کۆنە، هەر بۆیەش ئایینی یارسان لە سەدەی دووی کۆچی (مشەختی) بە زاری گۆران (هەورامی کۆن) تازە بووەوە. ئەم تەعبیرە ئێجگار گرینگە کە "نوێکرایەوە/ نووژەن کرایەوە"، چونکە دیارە پێشووتریش هەبووە. واتە: پێش ئیسلام.
بالوولی ماهی (ناسراو بە بالوولی دانا)، لە سەدەی دووەمی کۆچی (بەر لە هەزار و دووسەد ساڵ) لە ناوچەی لوڕستانەوە سەریهەڵدایەوە، بە شێوەزاری گۆران فەرموودە (قەول/کەلام)ی یارسانی داناوە و یارانی بە نهێنی بانگ کردووە تا ئایینی یارسان \"تازە بکەنەوە". ئەم راستییە لە (٣) لایەنەوە گرینگە.
یەکەم: دووسەد ساڵ دوای هاتنی ئیسلام و زوانی عەرەبی، بالوولی دانا بە شێوەزارێکی کوردی ئایینێکی کۆنی کوردیی نوێ دەکاتەوە. دووهەم: شێوەزارەکە گۆران (هەورامانی کۆن) ئەویش لە ناو جەرگەی لوڕستانەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لوڕستان زەمینەی هەبووە هەم بۆ ئایینەکە، هەم بۆ تێگەیشتن لە زاری گۆران.سێهەم: دەڵێ: یارسان تازەبکەینەوە. واتە پێش ئەوە هەبووە. کە دەبێ پێش ئیسلام بێ.
لە بالوولی دانا، سەدەی دووەمی کۆچی تا دەرکەوتنی سوڵتان ئیسحاق (سەهاك) لە بەرزنجە و هەورامان، لە ناوەڕاستی سەدەی هەفتەمی کۆچی دا، ئایینی یارسان (کاکەیی یا ئەهلی هەق) شێوەی ئێستا وەردەگرێت و، لە کۆی گشتی تێکستی فەرموودە و کەلامەکانی یارانی سوڵتان ئیسحاق دەردەکەوێ کە ئایینی یارسان ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، بۆ زەروانی (زەرڤانی) و میترایی و زەردەشتی و



هەواڵنامەی کتێب

مانی دەگەڕێتەوە و تێکەڵبوونی لەگەڵ ئایینی هیندۆسی هیندستانی هەیە.
هەروەها خۆی بە میراتبەری ئایین و فەرهەنگی مووسا و عیسا و محەمەد دەزانێ و تەواوی عارف و زانا گەورەکانی جیهانی ئیسلامی بە هی خۆی دەزانێ.
یارسان بڕوای بە دۆناودۆن هەیە. لە سەردەمی هەر ئایین و فەرهەنگێکدا دەرکەوتووە. بۆ نموونە: (پیر بنیامین) کە یەکەمین یاری نزیکی سوڵتان ئیسحاقە، لە دۆنێکدا زەردەشت بووە، لە دۆنێکی تردا عیسا بووە، هەروەها لە زەمەنی ئیسلامیش دا بووە. ئیتر یارانی تر بەو جۆرەبوونە، کە بریتین لە (٤) فریشتە و (٧) تەن (هەفتەوانە)، چلتەن و چڵانە، هەفتا و دوو پیر و ئەوانی تر.
یارسان هاتووە خۆی بە پوختە و جەوهەری هەموو ئایینەکانی پێش خۆی داناوە. هەروەها دەورە بە دەورە هاتووە، واتە: بازنەییە نەک ئاسۆیی. فەیلەسوفانی ئەڵمانی کارل مارکس و فریدریك هیگل و فریدریک نیچە، لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی زەردەشتیدا بڕوایان وایە کە زوان و مێژوو بەشێوەی بازنەیی (دەورە بە دەورە) پێشدەکەوێ، نەك ئاسۆیی. ئەمە لە فەلسەفەی هیندیشدا تا ئەمڕۆ ئاشکرایە. چونکە خەتی ئاسۆیی لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکەیە و... ئیتر رادەوەستێ و تەواو دەبێ. بەڵام خەتی بازنەیی (دەورەیی) یا ئەستوونی قەت نابڕێتەوە.
یارسان بە دەورەیی هاتووە و بە دەورەیی دەڕوات. دوای سوڵتان ئیسحاق دەورەیەکی دیکەی گرینگ هاتەوە، لە گوندی توتشامی ناوچەی گۆران/کرماشان، بە دەستی عارفی خواناسی گەورە (سەید براکە) ساڵی ١٨٧٢ی زایینی لە دایکبووە، دەرکەوت کە پیرێکی زانای یارسان بوو، چل کەسی لێ گردبوونەوە بە ناو (چلتەن)، بەناوبانگترینیان (دەورێش نەورۆزە). ئەم مەکتەبە تازەیە سەدان هەزار موریدی پەیدا کرد و تەکیەکەیان (جەمخانەکەیان) هێشتا بەردەوامە. دیارە لە داهاتووشدا دەورەی دیکە دەردەکەوێ.
مەبەستم بیرۆکەی پێشکەوتنی بازنەیی (دەورەیی) فەرهەنگی یارسانە.
لە سەدەی دووی کۆچی دا بالوولی دانا بانگی هەڵداوە تا ئایینەکە بە زوانی کوردی (گۆران) نوێژەن بکەنەوە. لە سەدەی سێیەم و نیوەی چوارەم زانایەکی گەورەی دیکە دەرکەوتووە بەناوی (شاخۆشین) کە پەرەی بە ئایینی یارسان داوە و بەکارهێنانی تەمبوور (تەمیرە) و سازی مۆزیکی جۆربەجۆری لە رێورەسمی یارسان رەواج داوە.
ناوی چەند لە یاران و هاوکارانی شاخۆشین: دایە جەلالە، دایکی شاخۆشین، لیزا خانم جاف، فاتمە لورە و بابا تاهیری هەمەدانی کە لە دەفتەری (سەرانجام)ی کتێبی ئەسڵی یارساندا کەلام و فەرموودەی بە زاری گۆران هەیە، وەلێ چوارینە شیعرەییەکانی بە زاری لوڕی داناوە.
هەندێ ڕووناکبیری کورد هێشتا بابا تاهیر بە پەیڕەوی یارسان نازانن!! تا سەدەی هەفتەم دەبینین کە ئایینی یارسان ئەم دەڤەرانەی گرتووەتەوە: لوڕستان، هەمەدان، کرماشان، گۆران و هەورامان، کوردستان (رۆژهەڵات)، شارەزوور و دەشتی بەغدا و کەرکوك و موسڵ.
لە هەموو ئەو جێگایانە دا ئاسەوار و مەزارگە و ئارامگای زانایان و عارفانی یارسان هەن و ماون. هەندێکیان بوونەتە زیارەتگای خەڵکی غەیری یارسانیش، وەك: پردیوەر، ئارامگای سوڵتان ئیسحاق، هەروەها باوە (بابا) یادگار، بابا گوڕگوڕ، شا برایم لە بەغدا، خان ئەحمەد (ئیمام ئەحمەد) لە کەرکوک، کەل داود لە باشووری کرماشان، بابا بزورگ لە لوڕستان و چەندین جێگە لە هەمەدان و سەرانسەری هەورامان، بەتایبەتی پیر شالیار.
مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو کورتە باسە ئەوەیە تا ئەو فەرهەنگە بە زوانی کوردی (گۆران) گرێ بدەمەوە. چونکە لە ئەسڵدا تێکستەکانی یارسان (کە چەندین هەزار رووپەڕی قەوارە گەورە دەبن بە شێوەزاری

گۆرانی کوردی دانرون: تەنیا قوشچی ئۆغڵی کە یارێکی ئازەربایجانی بووە زۆربەی کەلام و فەرموودەکانی یارسانی بۆ زوانی ئازەری و زوانی تورکی وەرگێڕاوە. سەدان هەزار ئازەربایجانی و تەبرێزی و ئەردەبیل و زنجان و ورمێ و ماکۆ و قەزوین و هەمەدان و تەهران و جێگەی تر پەیڕەوی ئایینی یارسانین و سەدان جەمخانەیان دامەزراندووە.



## ئایینی کوردان:

دەگەڕێمەوە ڕۆژانی هەوەڵی پەیدابوونەوەی یارسان. بابا سەرهەنگ دەودان (ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچی) لە تێکستەکەی دا بە زاری گۆران دەبێژێ:

سەرهەنگی دەودان سەرهەنگی دەودان
ئەز کە نامێمەن، سەرهەنگی دەودان
چەنی ئێرمانان (یاران) مەگێڵیم (دەگەڕێم) هەردان (سەرزەوینەکان)
مەکۆشم (تێدەکۆشم) پەرێ (لە پێناو) ئایینی کوردان

واتە بابا سەرهەنگ بۆ پەیدا کردنەوەی ئایینی کوردان دەگەڕێ. کە یارسانە.
دیسان دەربارەی زوانی یارسان، سەید فەرزی (دەیەمی کۆچی) دەروێشێکی عارفی دیکە دەڵێت:

لەوز عەرەبیمان گێڵانە دەوران
کەردمان کەلام وە لەوز گۆران

واتە: لەفزی (زوانی) عەرەبیمان وەرگێڕایە سەر قەول و کەلامی لەفزی گۆرانی (کوردی).
کەوابێ، یارانی ئەم ئایینە زانیویانە چیدەکەن. دوای هاتنی ئیسلام بە کەمتر لە دوو سەدە یەکەمین زوانی غەیری عەرەبی لە جیهانی ئەو سەردەمەی ئیسلامیدا تەنیا کورد بوونە، کە بە زوانی پالەوی/پاڵەیی (پالەوی) هەورامی کوردی، ئایینی کۆنی خۆیان تازە کردۆتەوە. هەر بۆیەش یاران ئەوەندە پێدادەگرن لە کوردبوونی خۆیان و زوان و ئایینەکەیان، کە هەمووی کوردییە. هەروەها تەواوی راز و ڕەمز و هیما و ڕێوڕەسمەکانی سەردەمی زەرڤانی و میترایی و زەردەشتی زیندوو دەکەنەوە.
تێکستەکانی (سەرەنجام)، کتێبی سەرەکیی یارسان، تەژیی ئەو راز و هیمایانەیە.
لەسەر ئەسڵبوونی یارسان یارێکی عارفی ئایینە رادەگەیەنێ:

ئەسڵمەن چ کورد... ئەسڵمەن چ کورد

واتە ئەسڵ و ڕەسەنی من کوردە. سووربوون لەسەر خۆناساندن بە کورد و، زوان و ئایینەکەی بە کوردی،

کاردانەوەی ساڵانێکی دوور و درێژی بێبەشی و چەوسانەوە و نژادپەرستییە.
سەرەڕای ئەوەش، ئایینی یارسان خۆی لە چوارچێوەی تەسکی زوانی کوردی و نەتەوەی کورد ئەسیر و زیندانی ناکات، بەڵکو بانگی جیهانگەرایی و مرۆڤایەتی گشتگیری دەدات و، تەواوی ئایین و مەزهەبەکان و رێبازگەلی عیرفانی و سۆفیزمی بەر لە خۆی، لە هەناوی خۆیدا دەخوێنێتەوە و، لە روانگە و فەلسەفەی دنیا بینی خۆیەوە دایدەڕێژێتەوە.
تەنیا کلیلی زانینی ئەو راستییە لە فەلسەفەی دۆناودۆنە کە زەمان و کات و جوگرافیا و نیشتمان و سنوور رەنگ و نژاد نازانێت. یارسان باوەڕیشی وایە کە سەرانجام هەموو خەڵک دێنە سەر رێگای راستی.
لە (گەواهی هەفتا و دوو پیرە و شەست و شەش غوڵام و هەفتەنەکان)، کەلە سەرانجام دا هاتووە دەخوێنین کە دەیان پیرەو و عاشق و دەروێشی یارسان لە سەرانسەری دنیاوە، لە سەدەی هەفتەمی کۆچی، دێنە هەورامان و لە پردیوەر (بارەگای ئەسڵی سوڵتان ئیسحاق)، بە ئایینی یارسان سەردەسپێرن (قبووڵی دەکەن)
ئەو جێگەیانی لێوە هاتوون لە هەموو کیشوەر و وڵات و شاری ناسراوی ئەو سەردەمەیەن: چین، هیندستان، ماچین، بەلگار، فەرەنگستان (ئەوروپا)، مەغریب زەمین، میسر، شام (دیمەشق)، بەیروت، ئەستەمبوول، ئەنادۆل، شاری زازا (مەبەست ناوچەی زازاییە)، بەغدا، کەرکوك، کابل، هەمەدان، تەبرێز، ئەربیل، بەسرە، بابل، یەمەن، لورستان، پارس (فارس)، ئەردەبیل، موسڵ، زاخۆ، مازندەران، شیراز، تکریت، کرمانج (دەبێ مەبەست باکووری کوردستان بێ)، کەلدان، بەربەر، گەرگەڕی، رووسا (رووسیا)، مەندان، کەرەج، و دەیان شار و وڵاتی دیکە. هەندێ جێگایان ئێستا نازانرێت، یا نەماون، یا ناوی تریان هەبووە وەك: خاك کا، باقری، بوراز، سۆلە، خامری، نەوا، قودرەت، سەمات، نانی، لاج لاج، میرفەت، رەواق، زیانە، رەوان، زلان، قرقیمە، کەل هادی، بەندەر (نازانرێ کام بەندەرە کە ژمارەیان زۆرە)، قەڵاخ، مەتیتی، نەملۆ، ئیوان، جەگیر، سعود (ئەو سەردەمە ناوی سعودییە نەهاتبووە ئاراوە)، قەنات، سەلیب، قەلاسوف، شرەف، ساتان، ئەناران، مورخەت، خەتیب، حەزین، کۆزەرد، سۆران (کوێی سۆرانی ئەو سەردەمە؟)، زەقەن، نەجد دین (رەنگە نەجدی ئێستای وڵاتی سعودییە بێ)، کەعبە (مەبەستی مەکەیە)، سەموم، زەردە، هەویرە، زەرانی، فەتار، مەندان، مەنات، شەمام، سەرکێوی، نەلامەت، قەرە پاپا (ئایا شاربووە، یا کۆمەڵگەیەکی خەڵکی قەرە پاپایە؟)، سورخەت، خەتا، هاشم، لەمسا (ئایا مەبەستی نەمسا/ ئەویستریای ئێستایە؟)، خاوەر، زیبا، قوم (شارێك بەو ناوە هەیە لە ئێران)، فروغ، قشاوی، کەمال، فەرجام، بەشیر، و چەندین ناوی دیکە... کە نازانرێ لە کوێن.

## سەفەری مەعنەوی و دۆناودۆن:

دۆناودۆن، لە جەوهەردا رۆحی مەعنەوییە، بە گواستنەوەی مەغزی رۆح لە قاڵبی جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە دەکرێت، لە چەشنی (فلاش میمۆری کەمپیوتەر).
بەڵام تا ئێستا نەزانراوە و تەفسیریش نەکراوە ئایا حزووری ئەو پیر و مورید و عاشقانە لە سەرانسەری دونیاوە بۆ هەورامان، لە سەدەی هەفتەمی کۆچی (مشەختی)دا چۆن چۆنی بووە؟ ئایا سەفەری مەعنەوی بووە؟ یا حزوری رۆحی دوور بە دوور بووە کە لە رێوڕەسمی عیرفانی کۆندا باو بووە؟ یا دۆناودۆنەو، ئەو خەڵکە قاڵبی خۆیان بەجێهێشتووە و رۆحیان لە هەورامان هاتۆتە قاڵبی دیکەوە؟ یا بە خۆیان، بە جەستەی فیزیکی ئامادەبوونە. ئەوەش بە پێی مەنتیقی زاهیری (رواڵەتی) و عەقڵ رێی تێ

ناچێت، چونکە لە ڕێگەی هەرە دووری هەورامانەوە هاتوون و زوانی کوردی/ گۆرانی هەورامی - پالەوی/ پاڵەییان نەزانیوە.
وەلێ هەموویان بەو زوانە کوردییە بە شێوەی شیعری ڕێکوپێکی کێش و سەودا گەواهی خۆیان داوە و لە تۆماری پردیوەر، لە پێش شای هەورامان، کە سوڵتان ئیسحاقە ناو و ناونیشانی خۆیان نووسیوە، وەکو بڵێی لە کۆنگرەیەکی مرۆڤایەتی هەمەلایەنە ئامادە بوونە.
وەک گوتم: ڕاز و نهێنی ئەو کارە نەزانراوە و زەحمەتە بدۆزرێتەوە. ئەوە یەکێکە لە دەیان ڕەمز و ڕاز و نهێنی ئایینی یارسان، تا ئێستا بە (سەرمۆری/ واتە نهێنی و نەکراوەیی) ماونەتەوە.

## بۆچی گۆران/ هەورامانی - پالەوی (پالەوی/ پاڵەیی) بووە بە زوانی یارسان؟

ئا ئەوە پرسی سەرەکی ئەم بابەتەیە کە لە ئایین و زوان دەکۆڵێتەوە. دیارە ئاڤێستای زەردەشت بە زوانی مادی (میدی) نووسراوە چونکە بۆ میللەتی ماد دەرکەوتووە. (هەر قەومێک بە زوانی خۆی پەیامبەرێکی بۆ نێردراوە)، لە قورئاندا هاتووە.کەوابێ، ئەمجارەش، لە سەردەمی تازە بوونەوەی ئایینی یارسان دەبێ بە زوانی خەڵکی هەورامان و لوڕستان و گشت کوردستان دەربکەوێتەوە (تەجەللی بکات).
لە واقیعیشدا ڕیشە و ئاسەواری گشت شێوەزارەکانی کوردی لە تۆی (سەرانجام) و دەفتەرەکانی دیکە دەبینینەوە، چ زازایی و کرمانجی سەروو، یا کرمانجی خواروو و (سۆرانی ئێستا) و کەلهوڕی و هەورامی و باجەلانی و ڕۆژبەیانی و زەنگەنە و کاکەیی عێراق و گۆران و فەیلی و لوڕستانی و... بۆ نموونە هەندێ کەس وەها دەزانن، کە زاری سۆرانی نزیکەی دوو سەدە یا کەمێک زیاتر بەکار دەهێنرێت، لەکاتێکدا لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (واتە چوارسەد ساڵ پێشتر ) زوانی سۆرانی جاف، لە دیالۆگی عابەدین جاف و نەرگس خانمی جاف و کۆمەڵێک زانا و مەلای موسڵمانی شارەزوور، لە تۆی کتێبێکدا، بەکار هاتووە.
هەروەها لە زاراوەی گۆران - هەورامانی، وەک کرمانجی سەروو، (نێر و مێ) هەیە. (ئەز) و (ژ) وەک کرمانجی بەکاردێن و، نموونەی دیکە زۆرن.
لە بەراوردێکی خێرادا دەردەکەوێ کە شێوە زاری گۆران/هەورامانی درێژە پێدانی زوانی ئاڤێستایی مادیە، هەروەکو زاری (زازاییش وەهایە). هەر بۆیە ئەم دوو زارە لە زاراوەکانی دیکەی کورد، لە زوانی ئاڤێستا پالەوی/ پاڵەییەوە، نزیکترن.
زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان زاری گۆران/هەورامی بە پالەوی/ پاڵەیی (پالەوی) ناو دەبەن. ئەمیش ئاڤێستاییەکەیە (ئەگەر لە سەدا سەدیش وا نەبێ، ئەوە ئێجگار لێکەوە نزیك و هاوبەشن).
مێجەرسۆنی ڕۆژهەڵاتناس دەڵێت کە زوانی ئێستای کوردی تەنیا زوانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە کە نەچووەتە ژێر کاریگەریی زوانی عەرەبی (بێگومان وشەی عەرەبی وەرگرتووە)، بەڵام دەنگ و ڕێزوان و گرامەری وەك خۆی ماوەتەوە.

## ناوەڕۆک و شێوە:

دیارە دەبێ شێوەی دەربڕین لە ئاست و ڕاستا و ئاراستەی ناوەڕۆک بێت.ناوەڕۆکی ئایینی یارسان بوژانەوە و نوێکردنەوەی زەردەشتی و ئایین کۆنەکانی قەوی ماد و ئارییەکان بووە.دیارە زوانی دەربڕینیشی دەبێ نزیک بێ لە زوانی کۆنی ئەو ئایینانە کە ئاڤێستایی مادی پالەوی/ پاڵەییە.
گرینگیش ئەوەیە پێشەوایانی یارسان لە بالوولی داناوە، سەدەی دووەمی کۆچی تا دوو سەدەی دوایی،

توانیانە بە کەرەستەی زوانی گۆران - هەورامانی هەم شێوەیەکی بەرزی هونەری شیعری دابڕێژن، هەم مانا و زانیاریی فەلسەفی وردی ئەو ئایینانە دەرببڕن. مەگەر یەکێك لە نزیکەوە شارەزای زوان و ئایینەکە ببێ ئەمجا دەزانێ چ کارێکی موعجیزەیە (پەڕجودە).

**نهێنی ئەم کارە لە کوێیە؟**

یەکەم: بەلای منەوە: نهێنییەکە لەمەدایە: پێشەوایانی یارسان هەموو زوانی کوردی گۆران - هەورامییان باش زانیوە. کەواتە: بە زوانی زگماکی خۆیان بیریان کردۆتەوە و نووسیویانە.

دووەم: دیارە زوانی کوردی - گۆران سەدان ساڵ بەر لە بالوولی دانا بەکارهێنراوە، واتە: خەڵکی ئەو زەمانە ئامادەبوونە بۆ وەرگرتن و پەرەدانی هەر ئایینێکی نزیکی باوەڕی کۆنی خۆیان، بە زوانی زگماکی خۆیان. وەکو زوانی عەرەبی و سریانی سەردەمی خۆی.

ئالێرەوەیە گرینگی بەکارهێنانی زوانی دایک، زوانی زگماک دەردەکەوێ، کە چاکترین شێوەیە بۆ بیرکردنەوە و پێشکەوتنی فکری و رۆحی هەر میللەتێك. هەرکەسێك، لە سەرانسەری جیهاندا، سەرەتا بە زوانی دایک فێر دەبێ و پێش دەکەوێ. ئەوە مەرجی سەرەکییە.

ئەوە حەقیقەتێکی تاڵ و مەینەتبارمان بۆ دەردەخات کە بێبەشبوونی میللەتی کورد لە بەکارهێنانی ئازادانەی زوانی زگماکی خۆیان لە هەزار و پێنجسەد ساڵ تەمەنی نەتەوەکەماندا، چ زەرەر و زیانێکی هەرە گەورەی لێداوین. ئێستاش هێشتا، لە باشوور نەبێ، کوردانی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژاوا بێبەشن لە ئازادی و پێداویستەکانی بەکارهێنانی زوانی زگماکیان لە بواری فێربوون و پەروەردە و نووسین و دەربڕین و ئاستەکانی دیکەی ژیاندا.

ئەوەش نهێنییەکی وجودی نەتەوەی کوردە، کە دەیان سەدەی بێبەشی و تەپەسەری و کوێرەوەری نەیتوانیوە ئیرادەی ئەم نەتەوەیە بشکێنێ، یا زوانەکەی لە بیر بەرێتەوە.

هەر بۆیەش دەبینم کە ئەگەر هەموو کورد تەنیا لە بواری زوان و فەرهەنگدا ئازاد بن ئەوە بە چەند ساڵ زۆربەی میللەتانی دیکەی بەجێ دەهێڵن. کەواتە زوانی زگماک وزەیەکی بزوێنەری رزگاریخوازیی نەتەوەکانە.

ئالێرەشدا بە دوایین خاڵ و، ئەنجامگیریی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەم، کە ئایا بەر لە هەزار و دووسەد ساڵ، دەرکەوتنی زانایەکی عارف وەك بالوولی دانا چ پێویستییەکی نەتەوەیی کورد بووە؟ و ئایینی یارسان چ رۆڵێکی لە بزاڤی نەتەوەییدا بینیوە؟

لە وەڵامدا دەگەڕێمەوە بۆ مانا و تەفسیری ئایینی یارسان بە زوانی کوردی گۆران - هەورامانی و بە کورتی دەبێژم: کە یارسان راپەڕین و بزاڤێکی فیکری فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، لە جەوهەردا کاردانەوەی سەدان ساڵ ستەم و چەوسانەوە و تەپەسەری و بێبەشکردنی بووە، هەروەکو فەیلەسوفی ئێرانی (ئیحسان تەبەری) ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان دەینووسی کە یارسان (کاکەیی) بزاڤێکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی رزگاریخواز بووە لە قوڵایی چەوساوە و هەژارانی چیای زاگرۆسەوە سەریهەڵداوە.

ئەزیش لەو باوەڕەدام. وەلێ مخابن! خودی رووناکبیرانی کورد تا ئێستا ئەو حەقیقەتە نازانن، یا دەزانن و پشت گوێی دەخەن و لە کەلتووری زاڵی باڵا دەستی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە (و لە دەسەڵاتی حکومەتەکان) دەترسن. واتە: مێشکی خۆیان رزگارنەکردووە لە کەلتووری میللەتانی باڵادەست. مێشکمان داگیرکراوە!

**ئەز باوەڕم رۆژی ئازادی پرشنگی داوە، ئیتر شاردنەوەی ناوێ و ترس و لەرز و دوو دڵیی پێ ناوێ!**



# ڕانانێك بۆ كتێبی (كوردانی كاكەیی - ئەهلی هەق و شەبەك)

سەڵاح سالار - باشووری كوردستان - شاری سەیدسادق




**كتێبی (كوردانی كاكەیی - ئەهلی هەق و شەبەك) لێكۆڵینەوەیەكی (دكتۆر زرار سدیق تۆفیق)**ـە و ساڵی ٢٠١٨ لە دووتۆی ١٤٠ لاپەڕەدا كەوتە بەردەستی خوێندەواران.
نووسەر لەم كتێبەیدا بە قووڵیی لە هەر یەكە لە كاكەیی (ئەهلی هەق)ـەكان و هۆزی شەبەك كۆڵیوەتەوە و چووەتە بنج و بناوانی كتێبەكانی مێژووەوە و سەرەداوەكانی مێژووی هەردووكیانی بۆ دۆزیوینەتەوە.
من لێرەدا تەنیا ڕانانی بەشی یەكەمی كتێبەكەی دەكەم، كە تایبەتە بە (ئەهلی هەق) كاكەییەكان.
لەم بەشەدا سەبارەت بە كاكەكەییەكان لێكۆڵینەوەكەی دابەشكردووە بۆ سەر دوو بەش. هەربەشێكیش چەند لقێكی خۆی هەیە.
بەشی یەكەمی لەژێر ئەم ناونیشانەدا داناوە: كاكەیی - ئەهلی هەق لەسەرهەڵدانەوە تا سوڵتان سەهاك:
**لە پێشەكی لێكۆڵینەوەكەیدا بەمشێوەیە ئامانجی كۆڵینەوەیمان بۆ دەخاتە ڕوو:**
كاكەیی ـ ئەهلی هەق، كۆمەڵە خەڵكێكی خاوەند بیروباوەڕێكی ئایینیی تایبەت و تەواو جیاوازن و دۆنادۆن، یان كراس گۆڕین بنەمایەكی جەوهەریی ئایینەكەیانە و بە هەر ئەندامێكی خۆیان دەڵێن (یار) و زۆربەی هەرە زۆربەیان كوردن و زیاتر لە گوند و شارۆچكە و شەهرستانەكانی هەردوو ئوستانی كرماشان و لوڕستان نیشتەجێن وەك: كەرند، صەحنە، دینەوەر، سەرپولی زەهاب،

قەسری شیرین، شاهئاباد، هەرسین، ناوەندی کرماشان، کوهدەشت، نورئاباد، دولفان و چەند گوند و شوێنێکی ئوستانەکانی هەمەدان، زنجان، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و تاران. سەرەڕای ئەمانەی کوردستانی باشوور کە بە کاکەیی دەناسرێن و دانیشتووی ژمارەیەك گوندی سەر بە داقوق ـ کەرکوك و چەند گوندێکی سەر زێی مەزن و گوندی هاواری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە و چەند گوند و شوێنی دیکەی کوردستانی باشوورن.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بەردەوام تێکستە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق چاپ و بڵاودەکرێنەوە هاوکات چ لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەهلی حەقەوە و چ لەلایەن توێژەرانی کورد و فارس و ڕۆژهەڵاتناسانەوە دەیان و سەدان کتێب و لێکۆڵینەوە و گوتار سەبارەت بە ئەهلی هەق نووسراون و تەرخانکراون بۆ ئاخافتن و ڕاوەستان لەسەر کەلتوور و ڕێوڕەسمی ئایینی و مۆزیك و دابونەریتی جڤاکی و دەقە پیرۆزەکانیان و کاراکتەرە باڵاکانیان، وەلێ چۆنیەتی و دەستپێکی سەرهەڵدانیان و ڕەوتی مێژوویی گەشەکردنی بیروباوەڕیان کەمتر سۆراخکراوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، پتر لە ڕووی دیرۆکیی بابەتەکە دەکۆڵینەوە و زیاتر هەوڵدەدەین لە سەرچاوەکان سەرەداوێکی سەرهەڵدان و ناسنامەی کەسایەتیە بنەڕەتیەکانی کاکەیی بدۆزینەوە و پابەندییەکی وامان نابێت بە دەقەکانەوە وەك کەرەستەیەکی مێژوویی و خۆمانیش نادەین لە پرسەکانی میتافیزیکا و بیروباوەڕی ئایینی وفەلسەفی و بنیادی کۆمەڵایەتی و خووڕەوشتی میللیی ئەم گرووپە و کاریگەربوونی بە مەسیحیەت و بە زەرادەشتی و فەرهەنگ و شارستانییەت و کەلتووری دێرینی ئێران کە لە مێژەوە ورووژێنراون.

نووسەر بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەی دەکاتە دوو تەوەری سەرەکی، لە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا بە چوار بەش هەڵسەنگاندن بۆ سەرچاوەکانی کاکەیی، یاخود بڵێین ئەهلی هەق دەکات.

یەکەم:

**هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان و دەرکەوتنی کاکەیی ـ ئەهلی هەق:**

**١ ـ هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و دەقەکانی ئەهلی هەق:**

دیارە ئەهلی هەق گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و هەمەچەشنەی دەستنووسیان هەیە کە دەیان دەفتەر و کەلام و دیوان و یاداشتنامە و کەشکۆڵ لەخۆدەگرێت و دەکرێت بکرێنە کەرستە و سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوە و دیڤچوونی زانستی دەربارەی هزر و بیروباوەڕ و فەلسەفەیان.

بەڵام ئەم دەقانە ئەوەند کۆن نین و لە سەدەی یازدەهەم و دوازدەهەمی کۆچی دێرینتر نین. کۆنترین و پڕبەهاترین سەرمایەی ئەهلی هەق کە کتێبی (سەرئەنجام)ـە و بە کتێبی (چوار مەلیك)یش ناسراوە، لەوە ناچێت هەندە زوو یاداشت کرابێت و ئەو دانەیەی دەست مینۆڕسکی کەوتووە لە ساڵی ١٨٤٣ز نووسراوەتەوە، ناشێت وەك دەقێکی ڕەسەن و ئۆرگیناڵ سەرەدەریی لەتەك بکرێت.

خەوش و کەلێنێکی زل و هاوبەشی سەرلەبەری ئەم دەقانەش: (سەرئەنجام - کلام خزانە)، (شاهنامە حقیقت)، (سرودها دینی یارسان)، (تذکرە أعلی)، (آثار الحق) و (دفتر رموز یارسان)، (گنجینە سلطان صهاك)...هتد ئەوەیە، نووسەرەکانیان کەسیان ئاگای لەوانەی دی نەبووە و هەریەکەو بە شێوازی خۆی و بە گوێرەی ئەو سەرچاوە زارەکییانەی بەدەستی گەیشتووە، شیعر و دەقەکانی یاداشتکردووە و لە ڕێبەر و پێشەواکانیان دواوە و هیچ گوێ بەساڵ و سەردەم نەداوە، وەك بڵێی زەمەن بۆ ئەوان گرینگی و بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت.

تەنانەت لەنێو نووسەرانی دەقەکاندا کەسانی وا هەبووە بەدەگمەن قەڵەمی لەسەر کاغەز گێڕاوە و خۆیشی لە بەیتە شیعرەکان تێنەگەیشووە، هەر بۆیەش حیکایەت و دەقەکانی ئەهلی حەق دەبنە مایەی قووڵکردنەوەی سەرلێشێواوی، نیعمەتوڵای جەیحونئابادی (١٨٧١ - ١٩٢٠) یەکێك لە ڕێبەرە هەرە ناسراوەکانی ئەهلی حەق و نووسەری کتێبی (فرقان الاخبار) لەوە نیگەرانە کە چۆن ناکۆکی و دژبەیەکی دزەی کردووەتە ناو دەفتەر و یاساکانی ئەهلی حەقەوە.

لێکۆڵەری ئەم کتێبە ڕەخنەی قووڵ و ورد ئاڕاستەی نووسەرانی کاکەیی دەکات لەبەرئەوەی سەرچاوەکانیان جێگەی گومانن. لەوبارەیەوە دەڵێت:

ئەوەی مایەی سەرنجە لەم دەقانەدا، ناوی هۆز و شوێنی وا لە ناساندنی کارەکتەرە پێکهێنەرەکان ـ دۆنەکان بەرچاو دەکەوێت، زۆر نوێن و زادەی سەردەمی عوسمانین و لە ڕۆژگاری خەمڵێنراوی ئەواندا، ئەم شوێن و هۆزانە هەر بوونیان نەبووە یان بەو ناوانە نەناسراون، وەك: قەرەداغ، خورماڵ، عەربەت، زاخۆ، هۆزی جاف. هەروەها لە کتێبی سەرئەنجام و لە ڕیزی پیرانی یاوەری سوڵتان سەهاکدا، ناوی زۆر نامۆ و سەیر و سەمەرەی تێدایە کە لە هەموو مێژووی ئیسلامیدا لە چەشنیان بەدی ناکرێت، وەك: عینوانی کەعبەیی، قانونی شامی، قابیلی سەمەرقەندی، ڕاستگۆی قەرەداغی، قەمەر سوار قماشی، تەیاری خوراسانی، مەیتون عەقراوی، نادری قەرەپاپاقی، ڕەحمەتی بۆمبایی، تەهماسپی کرمانی، سەفەری قەلاجی، نالی مۆردێنی، ئیبراهیمی جاف و... تد. هەیانە خەڵکی وڵاتی وان کە ئەو دەمانە و چەند سەدەیەکیش پاشتر نەکەوتبووە چوارچێوەی ئیسلام و حوکمی ئیسلامی، وەك ئەستانبوڵ: حوسێنی ئەستەمبولی. یان بولغار: سیراجەدینی بولغاری.

ئەرێ ئەم پیرانە، کە هەر یەکەیان لە میللەتێکە و خەڵکی وڵاتێکە، چۆن و بۆچی لە یەك کاتدا گشتیان بڕیاریاندا لە پەردیوەر گردببنەوە و چ وا زوو فێری زمانی کوردی بوون تا ئەو ئاستەی بشێن شیعری پێ بهۆننەوە؟ بۆچی کێش و فۆرم وشێوەزاری زمانی شیعریی هەموشیان چوونیەکە؟

نووسەر لەخاڵی دووەمدا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە کاکەیی لە ڕابردوودا هۆز بووە، نەك لقێکی ئایین و ڕێبازێکی دینی.

## ٢ـ بنەچەی ناوی کاکەیی ـ ئەهلی حەق:

کاکایی یان کاە کاهی بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەهەمی زایینی و پێش ئەوەی لە شێوەی کۆمەڵێکی ئایینی بناسرێت و سەرهەڵبدات، هۆزێکی کوردی دانیشتووی ناوچەیەکی سەر بە هەرێمی لوڕستانی بچووك بووە.

لە سەدەی شازدەهەمەوە، بەشێکیان ئاوەدیوی شارەزوور بوون و ئەوەش دەزانین کە عەلی بەگی کاکەیی ماوەیەك قەڵای سرۆچکی بەدەستەوە بووە. کاکەییەکان پاشتر چەند دێهاتێکیان لە دەوروبەری داقوقی سەر بە کەرکووك ئاوەدانکردووە و هەرچەند لەمێژەوە لە ئەهلی حەقن، بەڵام تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر ناوی هۆزەکەیان بەسەردا زاڵە و پتر وەك هۆزێك و هەر بەکاکەیی دەناسرێن و ئەهلی هەقەکانی شوێنەکانی دی بە کاکەیی ناناسرێن، وەك لە یاداشتەکانی زێوەری شاعیر(١٨٧٥ - ١٩٤٨) و ئەم شیعرەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣١ - ١٩١٠) ڕووندەبێتەوە:

چوار عەشیرەت: کاکەیی و وەند و جەباری و داوودە

ئیتیفاقیان کرد و هاتن چوارسەد و پەنجا سوار.

بۆیە لەم بارەیەوە نووسەر ڕای خۆی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:
ئەوەندی من بزانم، بەر لە سەدەی حەڤدەهەم، شتێکی وا لەبارەی کاکەییەوە نەنووسراوە و نە شەرەفخانی بەدلیسی و نە هیچ مێژوونوس و گەڕۆکێکی دی بە ڕاشکاوی باسی هەبوونیانی نەکردووە. سۆفی نەجمەدینی مەحمودی ئەسپەهانی لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچیدا و بۆ دەیان ساڵ و تا مردنی لە دەوروبەری ساڵی ٧٤٠ك/١٣٤٠ز، لە دەڤەری پاوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات ماوەتەوە و هەر لەوێ نێژراوە، درێغیی نەکردووە لە سەرزەنشتکردنی کورد و ڕەخنەی زبری لە هەڵسوکەوتی ناپەسند و بێدینیی خەڵکی چیاکانی کوردستان گرتووە و گازندە لە پابەند نەبوونیان دەکات بە فەرز و ڕوکنەکانی ئیسلامەوە، وەك زەکاتنەدان و ڕیباخواردن و نوێژکردنی ساختە و سەرڕووتی و بێ پەچەیی ژنانیان، وا پێدەچێت ئەم کۆمەڵە خەڵکە نامۆ و پێنەگیر بە ئیسلامە هەر ئەندامانی ئەهلی هەق بن، ئەوەتا گەڕۆکی فەرەنسی جوزیف ئەرتور گۆبینو درکی بەو ڕاستیە کردووە کە ئەهلی هەق بە ڕواڵەت موسڵمانن، دەنا پێغەمبەریان لەکن قبوڵ نییە و پێ ناکەن بە مزگەوتەکاندا.
لە خاڵی سێیەمدا نووسەر ئەوەمان پێدەڵێت کە کاکەیی لە شیعەگەراییەوە سەرچاوەی گرتووە و هەڵتۆقیون، هەرچەندە لەکۆتاییدا وەك گرووپێکی سەربەخۆ دەیانناسێنێت و لە شیعەکانیان دادەڕنێت.

## ٣ـ سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی لە کوردستان:

هەرچەند یارانی ئەهلی هەق، سەرەتای دەرکەتنی خوداوەند (مظاهر إلاهی) لە نێوانیاندا دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمانی یەکەمین خەلیفەی عەباسی، وەلێ زۆر ئاستەمە بە وردی بزانرێت کەنگێ یەکەم دەستەی ئەو گرووپە شیعەگەرایانەیەی کەوا لە ئێستادا ناوی کاکەیی ـ ئەهلی هەق کۆیان دەکاتەوە، لە لوڕستان و کرماشان سەریهەڵدا و چۆن ڕەگی خۆی داکوتا؟
وەلێ ئەوەی تا هەنووکە ساخبۆتەوە، یەکەم ناوهێنانی ڕاستەوخۆی کاکەیی (الکاکائیە) وەك گروپێکی شیعیی پەڕگیر، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم و لەو بڕوایەدام پێشتر باسی هەبوونیان بەم ناوە لە ئارادا نەبووە، لە ڕاستیدا تا سەدەی نۆزدەهەم هەندە نەناسرابوون و شتێکی وایان لەبارەوە نەنوسرابوو، تا ئەو دەمەی دەنگوباسیان کەوتە نێو یاداشت و سەرنجی دیبلۆمات و گەڕۆکە ئەوروپیەکانەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە لەم یەکەم دەقەی دەرهەق کاکەیی، هیچ باس و خواسێکی سوڵتان سەهاك ـ ئیسحاق لە گۆڕێدا نیە، بەڵکو شیعەیەکی هەرە توندڕەون و ئیمامی (عەلی)یان لەکن هاوئاستی خودایە، محەمەدی کوڕی باباڕەسوڵ کە بۆ خوێندن لە بەرزنجەوە ڕوویکردبووە هەمەدان، دیارە لە نزیکەوە ئاشنایی لەگەڵ پەیداکردوون و لەبارەیانەوە دەڵێت : ئەمانە بە سیامەنصوری و شاه بابایی و صارولیش دەناسرێن، بەلای ئەمانەوە خودا چووەتە ناو جەستەی عەلییەوە، پاشان چووەتە ناو جەستەی یەك لەدووی یەکی کوڕ و نەوەکانیەوە، ئەوجا چووەتە ناو شێخەکەی سەردەمی خۆیانەوە.
هەربەهۆی ئەو باسەی خاڵی سێیەمەوە نووسەر بەراوردی هاوبیریی نێوان کاکەییەکان و ئیسماعیلییە شیعەکان دەکات و تاڕادەیەك لێکیان نزیك دەکاتەوە.
٤ ـ لەنێوان ئەهلی هەق و شیعەی ئیسماعیلیدا:
لە ڕاستیدا ناکرێت ئەهلی حەق بە پاشکۆ یان لق یان درێژەپێدەری هیچ دەستە و تاقمێکی شیعی دابنرێن، بەڵکو کۆمەڵەیەکی سەربەخۆن.

**كرۆكی بیروباوەڕی ئیسماعیلی لەسەر دەركەوتنی حەوت جاری خوداوەندە لە شێوەی مرۆڤ بنیادنراوە و ئەمە پوختەكەیەتی:**

خوداوەند حەوت جار لەسەر گۆی زەوی دەردەكەوێت چونكە ژمارە حەوت تایبەتمەندی و پیرۆزیی خۆی هەیە و ئەوەتا حەوت ئاسمان و حەوت زەوی و حەوت هەسارەی گەڕۆك هەیە و ڕۆژەكانی حەوتەش هەر حەوتن، بۆیە خوداوەندەش لە ئەزەلەوە تا ڕۆژی دوایی تەنها حەوت جار دەردەكەوێت، هەر جارێكیش لە شێوەی پێغەمبەرێك و ئەم پێغەمبەرانە لە قورئاندا بە (أولو العزم) دانراون (فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُوالْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ) كە بریتین لە ئادەم و نوح و ئیبراهیم وعیسا و موسا و محەممەد، ئیمام محەممەدی كوڕی ئیسماعیلیش دەبێتە حەوتەم و كۆتایی.

كەلامخوانان و دەفتەردارانی ئەهلی حەق، بۆ پڕكردنەوەی شوێنی كارەكتەرە بنەڕەتی و پێكهێنەرەكانی ئایینەكەیان و تەواوكردنی پەیكەر و سیناریۆی لێكدانەوەی ئایینەكەیان لەسەر بنەمای دید و ئایدیای شیعەی ئیسماعیلی، پێویستیان بەداتاشین یان خواستنی كەسایەتی هەبووە، ئەوجا یان خەیاڵیان بەگەڕخستووە و كەسایەتیی ڕەمزییان داهێناوە وەك پیربنیامین و پیرداود و كاكەڕەدا و بابا فەقێ وەدیانی دی، یان دامەزرێنەران و ڕێبەرانی حیزبە شیعیەكانیان هێناوە و بەكوردییان كردوون و پایەی (شاە) و (بابا)یان پێبەخشیون وەك : الامام المبارك ـ موبارەكشاە و ناووس ـ بابا ناووس.

تەوەری دووەمی بەشی یەكەمیش تەرخان كراوە بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕابەر و پێشەواكانی ئەهلی هەق و كاكەیی و بە پێنج خاڵ لێكۆڵینەوەكەی دەگەیەنێتە كۆتا.

هەواڵنامەی ...



**دووەم: كۆششێك بۆ ناسینەوەی پێشەواكانی ئەهلی هەق:**

**١ـ شاخۆشین موبارەكشاە و قەومی خۆشینان:**

لەبارەی زیندەگیی شاخۆشینەوە، ئاستەنگ لەوەدایە، ئەمیش وەك زۆربەی دۆنەكان لە كتێبەكانی

(سەرئەنجام) و (شاهنامە حقیقت) و (سرودهای دینی یارسان) و دەقەکانی دیدا، کەسێکی نامۆیە و ژیانی تەمومژاوییە و بەسەرهاتی ئاڵۆزە و ناکۆکییەکی فرە لەسەر ناسنامەی بەدیدەکرێت و زیاتر وەك کەسایەتیەکی نائاسایی بگرە ئەفسانەیی وێناکراوە، ئەوەتا بە موعجیزە و بەبێ باوك لە دایك بووە و دایکی مامە جەلالەیە کە کچە تاقانەی میرزا ئەمانەی سەرداری دەستڕۆیشتووی کورد بووە لە لوڕستان، یان کچی سەرداری هۆزی جاف (؟) بووە لە شێروانەی شارەزور، مامە جەلالە کیژۆڵەیەکی پاکیزەی نازدار بووە و لە دەمێکدا بەیانیانێك لە تیشکی هەتاو ڕادەمێنێت، گەردێك لە نوری خۆر شۆڕبۆتەوە و لەلای چەپیەوە چووەتە ناو زگییەوە و ئاووس بووە.

## ٢ـ بابا ناووس ـ الناووسیە:

ناووسی ـ الناووسیە حیزبێکی دیکەی شیعیە و ڕاستەوخۆ پاش مردنی جەعفەری سادق سەری هەڵدا و هەڵسوڕاوە دڵسۆز و سەرسەختەکانی ئیمامی مردووی لەخۆدەگرت، کە بەلای هەواڵزانان و مەرجەعەکانی شیعەی دوازدە ئیمامیەوە، کەسانی گومڕا و سەرلێشێواون و فەرموودەی ساختە و ئاخافتنی درۆ لە زاری ئیمام جەعفەری سادقەوە دەگێڕنەوە.

بە گوێرەی دەقەکان، باباناووس ناوی سەید ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەدە و بە بلە یان بلە شێت - کورتکراوەی ئیبراهیم ـ ناسراوە و گوایە خۆی لە شیعرێکدا ئەم ڕاستییەی درکاندووە و لە سەدەی ٥ك/١١ز بەموعجیزە و بەبێ باوك و لە دایکێك بە ناوی (دایە خەزان) لە گوندی سەرگەتی هەورامان هاتووەتە دونیاوە و ژیاوە و سەر بە هۆزی جافە و بە باباناووسی جافیش ناسراوە، هەر لە سەرگەتیش مردووە و نێژراوە، لەگەڵ ئەوەی لەو دەمانە و تا ناوەڕاستی سەردەمی عوسمانییش نە هۆزی جاف ناو و بوونی هەیە و نە خەڵکی گوندی سەرگەت و سەرجەم گوندەکانی هەورامانی ئەمدیویش پەیوەندییان بە ئەهلی هەقەوە هەیە. کەچی بەگوێرەی سۆراخکردنی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەم سەید ئیبراهیمە هەمان ئەو کەسەیە کە بە کابلە ـ کاکە بلە ـ دەناسرا و نەوەی سەید عیسای بەرزنجی بووە، لە کاتێکدا سەید عیسا لە سەدەی ٨ك/ ١٤ز ژیاوە، لێرە بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت کە چ ئاڵۆزی و ناکۆکییەك لە ئارادایە.

## ٣ـ سوڵتان سەهاك:

وەك ڕوونە سوڵتان سەهاك ـ ئیسحاق بە دامەزرێنەر و بناغەدارێژی بنەڕەتیی ئەهلی هەقە دادەنرێت و لەکن یاراندا بە کەسی یەکەم و ستوونی سەرەکی دەژمێردرێت و لای هەموو دەستە و بنەماڵەکانیان شکۆدار و پایەبەرز و دانپێدانراوە، کەچی ئەوەی مایەی سەرنجە، نە لە یاداشتی ئەوروپییەکان و نە لە سەرچاوە ناوخۆییەکانی وەك نووسینەکانی زین العابدینی گۆرانی و محەمەدی کوڕی بابا ڕەسوڵی بەرزنجی و نە لە شیعرەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە ناوی سێ چوار کەسایەتی پیرۆزی کاکەیی هێناوە، باسوخواسی لە ئارادا نیە، تەنانەت جۆزێف گۆبینو کە یەکەم کەسە لە ساڵانی ١٨٥٥ـ١٨٥٨ تێکەڵی خەڵکانی ئەهلی هەق بووە و ڕاستەوخۆ بە دابونەریت و هەڵسوکەوتیان ئاشنابووە و زانیاریی ورد و نوێی لەسەر یاداشتکردوون و چەندین جار لە پیر و ڕێبەرە سەرەکییەکانیان دەدوێت، وەك: شاه خۆشین و پیر بنیامین و پیر ڕزق بار- ڕەزبار - و پیر داود و پیر موسا، کەچی ناوی سوڵتان سەهاك ناهێنێت.

بەوپێیەی زۆربەی ڕێبەران و مەزنانی ئەهلی حەق بەبێ باوك یان بەبێ باوك ودایك پەیدابوون، سوڵتان

سەهاکیش هەرچەند بە ڕواڵەت بە کوڕی عیسای بەرزنجیی بەساڵاچووە دانراوە و گوایە لە تەمەنی دووسەد ساڵیدا (؟) ئەم کوڕەی بووە، بەڵام ئەویش هەر بەم ڕێسایە هاتووەتە دنیاوە و لە شێوەی باڵندەیەکی سپی بەدامێنی دایراك خاتوون ـ خاتوو ڕەزبارەوە نیشتووەتەوە.
لە خاڵی چوارەمدا نووسەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سوڵتان ئیسحاق کە گۆڕەکەی لە هەورامانی لهۆنە و کاکەییەکان بە ڕێبەری خۆیانی دەزانن، پەیوەندیی بەوانەوە نییە و سەهاکەی ئەوان جێگەی گومانە و خاوەنی ئەم گۆڕە نییە و تەنانەت گومانیش هەیە کە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجە بێت.

## ٤ـ لە نێوان سوڵتان سەهاك و سوڵتان ئیسحاقی هەوراماندا:

ئەوەی تا ئێستا من زانیومە، یەکەم ناوهێنانی ئاشکرا و ڕەوانی سوڵتان ئیسحاقی هەورامان لە دەقێکی مێژوویی باوەڕپێکراو و جێگەی متمانە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاهی سەدەی حەڤدەهەم، سەید عەبدولسەمەدی تودار لە کتێبی (نور الأنوار) کە لە ساڵی ١٠٩٩ك/١٦٨٨ز دایناوە، زانیاریی وردی دەربارەی ساداتی بەرزنجە و بنەماڵە بەناو ساداتەکانی دیکەی هەورامان و شارەزوور و سنە یاداشتکردووە، لە ناساندنی کوڕەکانی جەعفەری سادقدا دێتەسەر (ابومحمد إسحاق مؤتمن) و دەڵێت ڕۆیشتووە بۆ ولایەتی هەورامانی کوردان و بە سوڵتان ئیسحاق بەناووبانگە و لە دامێنی ئاوایی نەوسوود و لهۆن نێژراوە و وەچەی لێکەوتۆتەوە.
لەگەڵ ئەوەی بەدووری دەزانین ئەم سوڵتان ئیسحاقە، هەمان ئیسحاقی کوڕی جەعفەری سادق بێت، بەڵام لێرە ئەو ڕاستییە ڕووندەبێتەوە کە سوڵتان ئیسحاقی هەورامان کێ بێت و کەنگێ ژیابێت، تا ئەو دەمانە هێشتا نە بە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی هەژمارکراوە و نە بە ڕێبەر و پێشەوایەکی ئەهلی حەقیش دانراوە.
ئەوەی لەمیانەی سەردانی مەزاری سوڵتان ئیسحاق سەرنجی ڕاکێشام و بووە مایەی پرسیار و ڕامان لەلام، کە پێشتر بە بیرمدا نەهاتبوو و باوەڕیش ناکەم کەسی دی سەرنجی دابێت، ئەوەیە کە ئایینی ئەهلی هەق سەرکەوتن و گەشەکردنێکی ئەوتۆی لە دەڤەری هەورامان و لەنێو هەورامیەکان بەدەست نەهێناوە و دانیشتوانی ئاواییەکانی هەر چوار دەوری مەزاری سوڵتان ئیسحاق بە خودی گوندی شێخانی بارەگا و ئارامگای سوڵتانەوە، بگرە دانیشتوانی شارۆچکەکانی پاوە و نەوسوود و نۆدشە و پاڵنگان و تەوێڵە و بیارە کە لە ڕووی زارەوە ماچۆ ـ هەورامی ـ ن و لە ڕووی مەزهەبیشەوە سوننەی شافعین، هیچ نزیکی وپەیوەندییەکیان بە شیعەگەری و بیروباوەڕی ئەهلی هەقەوە نیە و تاکە دوو گوندی ئەهلی هەق لە هەورامان کە لە شێخانەوە نزیك بێت هاوار و دەرەکوێیە لە بەشی ئەمدیو، ئەوانیش بە کرمانجیی خواروو دەدوێن نەك بە هەورامی.

## ٥ ـ بابا یادگار:

دیارە بابا یادگاریش ژیانی تەمومژاویە و هەواڵە میللییەکان زانیارییەکی وایان تێدا نییە جێگەی قەناعەت و متمانە بێت و سەرچاوەکان پشتڕاستی بکەنەوە، خورشید پاشا لە ساڵی ١٨٣٢ بەخۆی سەردانی گڵکۆی بابا یادگاری کردووە لەسەر چیای بانی زەرد لە گوندی سەیدانی نزیك سەرپۆلی زەهاو و دەڵێت: شوێنێکی یەکجار پیرۆزە و لە خەڵکەکەم بیستووە کە بابا یادگار ناوی سەید محەمەدی کوڕی سەید عەلیی کوڕی شێخ موسای بەرزنجییە، ئەمە لە کاتێکدا موسای بەرزنجی بەگەنجی کوژراوە و شێخ عیسای برای ژنەکەی خواستووەتەوە. کەچی بەپێی دەقەکانی ئەهلی حەق، دایکی بابا یادگار

کچێکی پاکیزە و بێگەرد بووە و هیچ پیاوێك توخنی نەکەوتووە و لە کاتی پاککردنەوەی جمەخانەکەی پەڕدیوەردا، دەنکە هەنارێکی بینیوە و یەکسەر زگی پڕ بووە.
بەدەر لەم ئاخافتنە ئەفسانە ئامێزانە، بابا یادگار حەقیقەتێکی هەیە و لە سەدەی ١٠ك/١٦ز ژیاوە و پەیوەندیی بە سوڵتان سەهاکەوە ناڕوونە.
نووسەر لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا بەم ئەنجامە کۆتایی بەم باسە ئاڵۆز و پڕ گوماناوەییە دەهێنێت.

**ئەنجام:**

کاکەیی ـ ئەهلی هەق کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن ئایینێکی تایبەتن و دۆنادۆنی بنەمایەکی جەوهەریی ئایینەکەیانە و زۆربەی هەرە زۆربەیان کوردی ڕەسەنن و یەکەم ئاماژە بۆ کاکەیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕستی سەدەی حەڤدەهەم و ڕەنگە ناویشیان لە وشەی کاکەوە وەرگیرابێت بە واتای برا گەورە و ئەوانەی ئەودیویش ـ ئوستانی کرماشان لە یاداشتی گەڕۆکە ئەوروپییەکانی سەدەی نۆزدە بە عەلی ئیلاهی ناودەبرێن.
گرفت و ئاستەنگی سەرەکیی توێژەر لە مێژوو و سەربوردەی ئەهلی حەق لەوەدایە کە نە لە سەرچاوە تۆمارکراوەکاندا دەنگوباسی بوونیان هەیە تا بیکاتە کەرەستەی تۆژینەوە و نە دەقە پیرۆزەکانی خۆیانیش کەڵك و بەهاییێکی مێژوویی وەهایان هەیە.
ڕەنگە سەرەتا وەك چەند شانەیەکی کپ و خامۆش بووبێتن و لە گوندگەلێکی لاڕێی ناوجەرگەی چیاکان گیرسابێتنەوە و ناکرێت بە پاشکۆ یان لق یان درێژەپێدەری کوتومتی هیچ دەستە و گرووپ و تاقمێکی شیعی دابنرێن، بەڵکو کۆمەڵەیەکی سەربەخۆن و پاشماوەی بیروباوەڕی مەزدەکی و خورەمیان تیا بەدیدەکرێت، بەڵام دواتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تەواوی ئایدیا و بەرنامە و دنیابینیی شیعەی ئیسماعیلیەوە، کە لەسەر بنەمای حەوت جار دەرکەوتنی خوداوەندە لە شێوەی مرۆڤ، سەرەڕای کاریگەربوون بە ئایینەکانی دی و سەدەکانی ٨ـ٩ك/١٤ـ١٥ز بە سەردەمی دەرکەوتنیان دەخەملێندرێت.
کەلامخوانان و دەفتەردارانی ئەهلی حەق، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی کارەکتەرە بنەڕەتی و پێکهێنەرەکانی ئایینەکەیان، پێویستییان بەداتاشین، یان خواستنی کەسایەتی هەبووە، ئەوجا یان خەیاڵیان بەگەڕخستووە و کەسایەتیی وەهمیان داهێناوە، یان دامەزرێنەران و ڕێبەرانی گرووپە شیعیەکانیان هێناوە و بەکوردیان کردوون و پایەی (شاە) و (بابا) یان پێبەخشیون وەك شاخۆشین و بابا ناووس و...
شاخۆشین سێهەم بەرجەستەبوونی خوداوەندە و یەکەمیانە لە کوردستان و شوێنکەوتووانی بە خۆشینان دەناسران، باباناووس و سوڵتان ئیسحاقیش چوارەم و پێنجەمن و هەر یەك لەم دۆنانە وەك ئیسماعیلیە، پێنج یاوەریان هەیە و چواریان ڕۆڵی فریشتەکان دەگێڕن و پێنجەمیشیان ژنە و دایکی دۆنەکەیە، یان ڕۆڵی فاتیمەی کچی پێغەمبەر دەگێڕێت و ئەم کەسایەتییانە بە موعجیزە و بەبێ باوك لەدایك بوون.
سوڵتان سەهاك کەسی یەکەمی ئاینی کاکەیی ـ ئەهلی حەقە و تەجەلای خوداوەندە لە کوردستان و لای هەموو دەستە و لقەکانی ئەهلی حەق شکۆدار و پایەرز و دانپێنراوە، کەچی ژیانی هەتا بڵێی ئاڵۆز و تەمومژاوییە و بەدروستی نازاندرێت لە چ سەردەمێك ژیاوە تا ئەو ڕادەیەی گومان لە هەبوونی بکرێت و لەنێو دەقەکاندا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی لە چ سەردەمێکدا ژیاوە، لێرەوە بۆمان ساخ بووەوە کە لە سەدەی ٨ك/١٤ز ژیاوە و گومانیش هەیە کە ئەو سوڵتان ئیسحاقە بێت ئەوەی گۆڕەکەی لە گوندی شێخانی هەورامانە.

# خوێندنەوەیەک بۆ نامیلکەی فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ وکۆمەڵگەی کوردەواریەکەی دکتۆر جەمال نەبەزدا






عەبدولقادر شکاک - سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب

شانازی وشەرەفێکی گەورەیە کە بتوانم لێرەدا هەندێک راو بۆچوون لەسەر نامیلکەی ( فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ وکۆمەڵگەی کوردەواریدا ) بخەمە روو کە مامۆستای گەورە و بەهەشتی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز لەم نامیلکە پڕ بایەخەدا زۆر بە وردی لە دەرکەوتنی ئایین لە کوردستاندا دەڕوانێ کە ئەو سەردەمە کۆمەڵگەی کوردەواری بە پەرۆشەوە وەریانگرتووە و بە بڕوای تەواوەوە پەیڕەویان کردووە و پاراستویانە ئەوەش بە سەرەتای دەرکەوتنی ئاین دێتە ئەژمارکردن، ئەوسەردەمە کاریگەری بەهێزی لە سەر فەرهەنگی نەتەوەیمان هەبووە، بە بڕوای مامۆستا جەمال هەموو ئاینێک لە بنچینەدا باوەڕکردنە بە ڕووداوێکی پشت خۆرسک وکرداری پەرجوو ( موعجیزە ) و سەرئاسایی ( خارق العادە) کە لە دەسەڵاتی مرۆڤ دا نییە، باوەڕ شتێکی میناکییە لەهەست و دەروونی مرۆڤ دا لەشێوەی خۆشەویستیەکی بێئەندازەدا بەرامبەر بەو خۆشەویستە دروست دەبێ، باوەڕ ئەوەیە کە پێوانە ناکرێ و ڕاستی و ناڕاستیشی بە بەڵگەو تاقیکردنەوە ساخناکرێتەوە و وتو و وێژی بابەتانەشی لەسەر ناکرێ. بە پێچەوانەوە زانست شتێکی ماکی یە و مرۆڤ دەرئەنجامی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە پێیگەیشتووە، ڕاستی و ناڕاستیش مرۆڤ بە بیرو ئەزموونی خۆی ساخدەکاتەوە، لەم ڕوانگەیەوە باوەڕ و زانست لێک جیادەکرێتەوە، بەو پێیەی باوەڕهێنان بۆ خودی خاوەنەکەی ڕاستە و هیچ درۆیەکی تێدا نیە ئیتر بەلای کەسێکی ترەوە چۆنە ئەوە ڕای خۆیەتی لە گرینگی خاوەن باوەڕ کەمناکاتەوە، مامۆستا جەمال لێرەوە دەیەوێت بە هەموو دنیا بڵێت ئێمە وەک نەتەوەی کورد بەشدارین لە سەرەتای شارستانێتیدا و پشکمان تێیدا هەیە و دەیەوێت بڵێت ئەوە نیە یەکەمین ئاین لە کوردستاندا سەریهەڵداوە و میترایزم بووە بە پێشەنگ و خوای ڕوناکی زەوی لە پیسی پاککردەوە و یاساو ڕێسای بە مرۆڤایەتی بەخشیووە، پاشان ئاینی زێرڤانیزم لە کوردستانەوە سەری هەڵدا، بەو پێیەی زەمان بێسنوورە و نەسەرەتای هەیە و نە کۆتایی لە ساڵانی ٦٦٠ پ. ز یاخود لە سەدەی حەوتەمی پ. ز زەردەشتی مەزن و فەیلەسوفی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە

دەوروبەری دەریاچەی ورمێ لە دایک بووە ناوچەکەش بۆتە ناوەندی بڵاو بوونەوەی ئاینی زەردەشتی و لەوێوە تیشکی زێڕینی بۆ ناوچەکانی تر هاویشتووە، ڕیزبەندکردنی ئاینەکانیش هەرلە میترایزم، زرڤانیزم، مەزدایزم و مانیزم، شەمانیزم ،بابەکیزم ،بە بەشێک لە لانکەی شارستانیەتی جیهانی بە نێوبانگە و کورد خاوەنداریێتی لێکردووە، هەرچەندە بودایزم مێژووەکەی بە ١٠٠ ساڵ دوای ئاینی زەردەشت دێت بەڵام لە بنچینەدا ئەم ئاینە لە ئاینی زەردەشتی مەزنەوە سەرچاوەی گرتووە و هەندێک گۆڕانکاری تێدا کراوە کە لەگەڵ بیروڕای زەردەشتی مەزن دا یەکناگرێتەوە ،لەم ڕوانگەیەوە مامۆستا نەبەز هێدی هێدی هەنگاو بۆ نیشتیمانی ئەم ئاینانە هەڵدەگرێ و بەرە و مەبەستە پیرۆزەکەی کە دیاریکردنی سنووری ڕاستەقینەی کوردستانە. کە سنوورەکەی لە چیاکانی قەوقاسەوە تا دەریای سپی ناوەڕاست و لەوێشەوە هەتا کەنداوی فارس و کورد و عەرەب درێژ دەبێتەوە، لێرەدا مامۆستا نەبەز،کوردیش بە بەشدار دەزانێ لە کەنداو دا هێماش بۆ شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی دەکات، کە دەڵێ سنووری کوردستان لە تەنگەی هورمزەوە دەستپێدەکات و کوردە لوڕەکانیش هەتا ئەمڕۆش لەو شوێنانە نیشتەجێن. هەروەها هەوڵەکانی مامۆستا بۆدیاری کردنی ئەو شوێنانەیە کە کوردی بۆ چووە لە دەرەوەی کوردستان ئەوانەی لە سەدەکانی پێشووتردا ڕاگوێزراون بۆ خۆراسان کە لە ناوچەیەکی گەورەدا نیشتەجێ کراوون و ئێستا پێی دەوترێ ( کوردستانی خۆراسان ) کە بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو قسە دەکەن، ئەمە جگە لەو کوردانەی لە ناوچەی ئۆراڵی ڕوسیای فیدراڵ دا نیشتەجێن بەو ناوچەیەش دەوترێ ( باش کوردستان ) هەوڵی مامۆستا جەمال لێرەدا بەوەوە نەوەستاوە و بەڵکو ئاوڕیشی لە کوردەکانی بلوچستانی پاکستان داوەتەوە و بە گوێرەی ئەوسەرچاوانەی کە لای خۆی پاراستوونی وەک نووسینەکانی ابو اسحاقی آلاصطخری لە کتێبی ( المسالك والممالك ) و نووسینەکانی المقدسی لە کتێبی ( احسن التقاسیم فی معرفه الاقالیم ) دا باس لە گەلێک هۆزی کورد دەکەن لە ناوچەکانی شیراز و وڵاتی فارس دا جگە لەوەش باسی کتێبی کودگال نامەکی ئاخوند ساڵح دەکات کە باسی مێژووی کوردەکان دەکات لە بلوچستان مێژووی نووسینەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٦٥٩ ز کە دەڵێ بلوجەکان لە کوردستانەوە چوونەتە ئەو ناوچەیە کە ئێستا بە بلوچستان ناسراوە و شێوە زاری قسەکردنیان کوردیە و لە تیرەی براخۆیین. لەم نامیلکەیەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە مامۆستا جەمال زیاتر باسەکەی لە چوارچێوەی ئاین دا چڕکردۆتەوە بەتایبەت ئاینی یارسان بەو پێیەی تا ئێستاش شوێنکەوتەی زۆری هەیە بە تایبەتی لە کوردستاندا مێژووی ئەم ئاینەی گەڕاندۆتەوە بۆ سەدەی دووی کۆچی بە واتای( ١٢٠٠ ) ساڵ بەر لە ئێستا لە لایەن فەیلەسوفی کورد، بالوولی زاناوە بەنهێنی دامەزراوە کە هەندێک جاریش بە بالوولی ماهی ناوی هاتووە، بالوولی زانا لای ئیمامی شیعەکان ئیمام جەعفەری سادق خوێندویەتی ،ساڵی ٢١٩ کۆچی کۆچیدوای کردووە و زادەی بیری خۆیان بە کوردی لە پەڕتوکێکدا بۆ شوێنکەوتەو یارانی جێهێشتووە بەناوی ( دەورەی بالوول )، دوای ئەویش یەکێک لە یارانی بەناوی ( باوە سەرهەنگی دەودانی ) هاتوە و درێژەی بەهەمان ڕێباز داوە و ساڵی ٣٢٤ کۆچی لە چیای شاهۆ کۆچی دوایی کردووە، دوای ئەوانیش باوە خۆشێن یان ( شا خۆشێن ) و ( باوە ناووسی جاف ) و (سان سەهاکی بەرزنجی ) وەک دیاردەی یەزدانی دەرکەوتوون، سەرچاوەی ئاینی یارسانی کۆکراوەتەوە لە پەڕتوکێکدا بەناوی ( سەرەنجام ) یان ( کەلامی خەزانە )

کە ئەمەش فەرموودەکانی سان سەهاکی بەرزنجی و باوە ناوسی جاف و باوە سەرهەنگی دەودانی و باوە خۆشینن ،کە لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاون، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە بەهەشتی پرۆفیسۆر جەمال هێندە لە فەلسەفەی ئاینی یارساندا ڕۆ چووە و هێندە شیکاری ووردی بۆ کردووە لەم نامیلکە بەنرخەدا کە ڕەنگبێ هیچی بۆ کەسی تر نەهێشتبێتەوە، ئەمەش جێگەی ستایش و ڕێز لێنانە. درووود بۆ گیانی پاک و بێگەردی ڕێبەری بیری نەتەوەیی دکتۆرجەمال نەبەز.



# جەژن خەوەنکار

سارۆ خسرەوی - کرماشان

وە پای نویسراوەیل قەدیمی یارسان و شیبەوکردن رۆیداوەیل ئایین یاری و هەرلێوا ڕووژمار کوردی، سوڵتان سەهاک لە ساڵ ٦٢٢ی کووچی خوەری وەرانوەر وە ٦٤٠ مانگی و ١٢٢٠ زایینی لە داڵگ بییە.

**یارەیل سوڵتان وە پای باڵدەستی و ئەولەویەت وەیجوورە دابەش کریەن:**

هەفتەن، هەفتەوانە، هەفت خەلیفە، هەفت سازچی، هەفت ئاخێوەر، هەفت گۆزەچی، هەفت سەقا، هەفت پێشکار، هەفت فەرمان، هەفت هەفت، هەفت یار قەوەڵتاس، هەفت سەردار، بیستویەک پیر بەرزنجە، هەفتاودوو پیر، نەوەدونوو پیر، شەستوشەش غواڵم، چلتەن، چلتەنان، هەزارویەک مێرد، هەزاروشەست مێرد و بێوەن بێەنەگان.

لە ناو یارسان وەڕیوەبەری زاتی، وە دویر لە ناوچەگەری و ناوەندگەرایی دەسنیشان کریەد و هاز و دەسات وە تاک یا ناوەندیگ نایریەد. لە ڕاسیا هویچ کەسێگ لەکوومەڵگە نییە کە سەر وە گرووپ یان خانەدانیگ نەود و تەنانەت پاشای خالقیش پابەندە وە ئی چوارچووە.

ناوەند یان قەڵەمڕەو ژیان و جوگرافیای ئنسانی یارسان لە وەرین باشوور زاگرۆس «لوڕستان، هەورامان، کرماشان و شارە زوور» بییە، لە شوونی وە ناوچەیل ترەک کوردستان و ئێرانا باو بیەسەو. بەشێگ لە یارسانیەگان لە ژێر ناو «کاکەیی» لە شار و ناوچەیل باشوور کوردستان لە وێنەی، خانەقین، کەرکووک، سلێمانی و هەولێر زنەیی کەن. جێ وەتنە کە لە مووسڵ و بەغدا و شارەیل ترەک عەراق یارسانی ژیان کەن. یارسانی لە شارەیل باکوور کوردستانیش لە وێنەی، دێرسیم و سێواس هەن.

بڕێ ترەک لە ڕووسیا و ئەلیزابت پول، لە دەورووەر قارس نیشتەجێن و لەورە زنەیی کەن. وە گەرد زاهر بین «قوشچی ئۆغڵوو» لە ناوچەی ئازەربایجان و هەروەیجوورە وە مدوو وجوود شاوەیسقولی و ڕەچەڵ ئەو لە تورکستان و گەشەسەندن ئی ئایینە لەو ناوچە، بڕێگ لە یارەیل تورک مەیلەوار بینە و پەیوەست بینەسە ئایین یاری.

یەکمین بابەت نۆسریاگ وە شێوەی هەڵبەست لە زوان کوردی، تایبەتە وە یارسان کە وە شێوەزار گورانی یا هەورامی نویرسیاس.یاراسانی هەرگز، لە چوارچوو قانوونێگ قەرار نەگردییە کە ئازادی خوەی لە دەس بیەید و لە بار فکریەو یەخسیر بوود. ئستفادە لە قانوون وە شێواز ئەخالقی لە ئایین یاری، هەنگاو هێزدانە ئەڕا ڕەسین وە ئامانج ئنسانی.

وەلـێ ئەخـاق وە شـێواز ئەوەڵیـەی وە مانـای ڕیفـوورم تاکیەتییـە کـە جـوور هەوەجەیـگ لـە ژیـان ئنسـان و ئنسـانیەت خـوەی زاهـر کـەی. هـەر ئـی بابەتـە بـوودە بایـس قەیرزانـی لـە جـەم وکوومەڵگـە وە گشـتی و قەبـوڵ نەکـردن خـراوە و خراویـی لـە تاکـەکان کوومەڵگـەی یـاری. ئـی باوەتـە جـوور هەوەجەیـگ لـە ڕاسـای دورسـکردن پەیوەنـدی و نزیکایەتـی وە گـەرد یەک خـوەی دەرخـەی و ئاشـکار بـوود. بنـەوای بـاوەڕ یـاری، قەیرزانییـە لـە بەشـەریەت، ئیمـە تویەنیـم حەقیقـەت ئـی بـاوەڕە لـە بابـەت «خوەیناسـی» و «ئنسـان خودایـی» دسنیشـان بکەیـم کـە پایـەی فکـری ئـی ئایینەسـە.یارسـان وە پـای فەلسـەفەی «دوونایـدوون» بـاوەڕ وە گشـت جـوورە مەوجـوود دێـرێ و گشـتیان وە بەشـیگ لـە خـوەی زانیـد.
لـە یارسـانا مەسـەلەی ئنسـانخودایی وەختـای وە سـەر نووڕیـن کەسـێگا زاڵ بـوو، وە ئـەو قووناخـە ڕەسنێدەی ک لـە پەیوەندیەیـل کوومەاڵیەتـی وە مینـەی خـودا بگـەردی.ئەنجـام دڵنەرمـی و مەیلەواربیـن وە یەکـر لـە یارسـانا، بـوودە بایس بەرپابیـن سـمبولیک «جـەم». جـەم وە مانـای منـاد ئایینیـە کـە هـۆر و ویـر یەکدەسـتی لـە نـاو یـار و یارەیـل ڕێـگ تێـرێ، تـا جاێـگ ک سـیامی یـار لە ڕوخسـاریارەیـل وە دی بکریـەد.

**خاونکار:**

خاونـکار یانـێ سـایۆکار ک لـە ئەدەبیـات کـوردی خـاون وە مانـای سـایۆ تیـەد و مەنـزوور لـە کاریـش خالـق سیسـتم - مەنـدی جەهـان هەسـتیە. ئـی وشـە هاومانـاس وەڵ وشـەیل« خـودا، یەهـوە و روح مبـارک« و لـە کەاڵمەیـل یارسـان وە مانـاێ جووراپجـوور تـر لـە وێنـەی «سـایوکرەم»، «پاشا»«سـوڵتان حەقیقـەت»، و «شـای هەورامـان» نـاو وەلـێ بریـاس. وە خاتـر ئەوەیگـە »مەڕنـۆ« جـوور شـوون ڕۆداو یـاد وەلـێ کریـەد، ئـی جەژنـە جـوور جـەژن مەڕنۆیـش بـاس وەلـێ کریـەد.ئـی جەژنـە وە خاتـر هـوزوور سـوڵتان سـەهاک و یارەیلـی لـە شـوون ڕۆداوەگـە و سـەرکفنت نـۆر وە سـەر تاریکـی و ئسـپات وجـوود ڕەسـمی یارسـان لـە فـورم بەشـەر جـوور خـاڵ گووڕان و بنەوایـی هویـر و ئەندیشـەی یـاری، یـاد وەلـێ کریـەد و گشـت سـاڵی لەکوومەڵگـەی یارسـان مبـارک کریـەد.
**مەڕنۆ**: مەڕنـۆ وشـەیگ تەرکیبیـە لـە «مـهڕ» یانـی ئەشـکفت و «نـۆ» یانـی نـەو. وشـەی مەڕنـۆ لـە ئەدەبیـات باوەڕیـی یارسـان وە مانـای سـەرهێزدان تـازەس لـە جەهـان هەسـتی.ئی بابەتە دابەش بوود وە سەر چەن بەش جوور: شـییەوکردن ڕواڵەتیـی حکایـەت مەڕنـۆ، ئاشـکرابین چوارچـوو و قانوونەیـل فکـری یـاری و ڕووژژمـار کـوردی.

**بە شی یەکم**

شییەو کردن ڕواڵەتیی حکایەت مەڕنۆسـوڵتان سـەهاک بەرزنجەیـی کـوڕ «شـێخ عیسـا» ک یەکـی بییـە لـە گەورایەیـل ناوچەگـە، لـە سـاڵ ٢٦٠ کووچـی خـوەری لە بەرزنجـەی سـەر وە «عەربـەت» لـە ئوسـتان سـلێمانی چەو وە ژیـان ڕووشـن کردێـە.سـوڵتان سـەهاک، وە مـدوو ئەوەیگـە خـاون ویـر جیـاواز بییـە، لـە زەمـان منـاڵی، براگانـی و مەردم ناوچەگـە لـە وەرانـوەری کـەم لوتفـی نیشـان دانـە و وەگـەردی کەفتنەسـە جەربـەس کـردن.لە شـوونی وە خاتـر زوڵـم و زوور هێزەیـل دەسـەاڵتخواز و تونـڕەو، لـە ناوچـەی بەرزنجـەی سـلێمانیەو کـووچ کردێـە وەرەو

هەورامان.لە ناو ڕێ، لە نزیک هەورامان و لە کۆیەی «شروێ» ئیسە، هێزێگ دوژمن کفتنەسە شوونیان و پەالمار خوەی و یارەیل هاوسەفەری دانە.
سوپایگ لە ژێر ناو «چیچەک» ک لە دوژمنەیل وتاریکپەرەستەیل ناوچەگە بینە وە هاوکاری هێزێگ پشتیوان ک ئەڕا پیالنگەری بەدرەقەی ناوچەگە کریاوین، وە گەرد سوڵتان و یارەیلی ڕووەڕۆ بینەسەو.سوڵتان سەهاک و یارەیلی پەنا بردنەسە مەڕێگ (ئەشکفتێگ)، ک ئەڕایان جەدید و نەو بییە. ئەوان لە ئەورا ماوەی سێ شەو و سێ ڕووژە مانەسەو. ئەو مەڕە دۆیاجار وە پێ وەتنە مەڕنۆ یا مەڕنەو.لە ئەنجام هاتن وای زەلان و گەردەچۆچان، سوپای چیچەک لە شوون سێ ڕووژ تەفرتونا بینە و وە مدوو ڕۆداو و باڵی رسووشتی، لە ڕوی ناچاری ناوچەگە وەجێ هیشتنە.
سوڵتان سەهاک وە خاتر ئەوەیگە سوپای چیچەک نیەتوینستێە وە ئامانج خوەی بڕەسێ و نەخشەگەیان سەر نەگردێە، لە شوون ڕووژ سێیەم دەستوور بەرپابین جەژنێگ داس وە ناو جەژن «خاونکار» ک وە ئەنوان جەژن «مەڕنو» یش ناو وەلێ بردنە.
لە شوون بەرپا بین جەژنەگە سوڵتان و یارەیلی بنەوای باوەڕ یاری، قەیرزانییە لە بەشەریەت،ئیمە تویەنیم حەقیقەت ئی باوەڕە لە بابەت «خوەیناسی» و «ئنسان خودایی» دسنیشان بکەیم کە پایەی فکری ئی ئایینەسە.یارسان وە پای فەلسەفەی »دوونایدوون« باوەڕ وە گشت جوورە مەوجوود دێری و گشتیان وە بەشیگ لە خوەی زانید.
لە یارسانا مەسەلەی ئنسانخودایی وەختای وە سەر نووڕین کەسێگا زاڵ بوو، وە ئەو قووناخە ڕەسنێدەی ک لە پەیوەندیەیل کۆمەڵایەتی وە مینەی خودا بگەردی. ئەنجام دڵنەرمی و مەیلەواربین وە یەکر لە یارسانا، بووده بایس بەرپابین سمبولیک «جەم». جەم وە مانای مناد ئایینیە کە هۆر و ویر یەکدەستی لە ناو یار و یارەیل ڕێگ تێرێ، تا جایگ ک سیامی یار لە ڕوخسار یارەیل وە دی بکریەد. ئدامە دانەسە سەفەرەگەیان و ڕەسینەسە هەورامان.

**بەشی دوێیم**

ئاشکاربین چوارچوو و قانوونەیل فکری یاری لە ڕاسیا «مەڕنۆ» خاڵ وەرچەرخیان هویر وئەندیشەی یارییە ک هەر وە مدوو ئی ڕۆداوە وجوود یارسان وە ئسپات ڕەسییە.مەسەلەی یارسان وەرجە «مەڕنۆ» تەنیا جوور یەی ئەدەبیات باوەڕی چەو وەلێ کریاس، ئەوەیش وە دەر لە چوارچوو مەدەنی، دەستووری و سیستم ئایینی، وەلێ لە شوون ڕۆداو »مەڕنۆ«کوومەڵگەی یارسان بیەسە خاون سیستم کوومەڵایەتی و ئایینی تایبەت وە خوەی.
مەڕنۆ تەنیا وە مانای وە جێ هاوردن فەرز ڕووژە، ڕەنج و تاقەت، پەیام ئشق، دویرگیری لە خودپەسەنی، پابەند بین وە نیستی و هەڵگر ڕاز نییە، بەڵکو هاوەخت هەڵگر پەیام و ڕاز نەهان و نادیارە لە سیستمێگ، لە ڕاسای وە دەس هاوردن مەوجوودیەت ئەڕا ئەوەیگە بتوەنێ لە پاوەگەزدان دژ وە تاریکی و ڕەسین وە حەقیقەت، ئرادەی زاڵ وە سەر بێ هێزیا لە خوەتا بەرجەستە بکەی. سوڵتان سەهاک لە گام یەکم ئەوەڵین دەستوور ئایینی و باوەڕی خوەی لە ڕێ ئی چەن خەت کەلیمە ئاشکارکرد:

**ڕۆکەن وە دەفتەر، ڕۆکەن وە دەفتەر**
**ڕۆکەن ئی تاریخ بنویس وەدەفتەر**
**نەی چلەی تاوسان یەرێ ڕۆ سەبت کەر**
**مانگ و دڵی ڕاس دوازدەی سفید پەڕ**

**یەرێ ڕۆی یاران چیگام بی وە فەڕ عەید و پادشاهیم دووهەم داش ئەسەر**

یانی: وە پای ئەرکان دەفتەر، پایە و ئەرکانەیل ئی تاریخە لە دەفتەر بنویسن، لە چلەی تاوسانا سێ ڕووژ توومار بکە، لە ناومانگ، یانی لە چلەیا کە دنیا سفید بوود، لە دوانزەیم ڕووژیا، یاران سێ ڕووژ لەیرە بنیشنە ناو فەڕ، یانی ڕووژێ بگرن، دوێیم جەژن پادشاییم زاهر بوود.

ئی کەڵام سوڵتان سەهاکە دۆیاجار لە لایەن پیرەیل ترەک، جوور سەرچەوە، لە سەرێ ئستفادە کریا وشیکردنەوە ئەڕای ئەنجام دریا.داب و دەستوور بەرپا کردن ئی جەژنە وە پای کەڵامەکان یاری وەیجوورەسە ک یارسانیەگان لە وەخت و سائەت دیاریکریایێ ئەڕا ماوەی سێ ڕووژ لە تاریک و سوو پاشام کەن و تا دەم خوەرئاوابین و هەڵاتن هەسارەگان وە ئاسانەو وە ڕووژێ بوون.

لە شوون ئی سێ ڕووژە جەژن خاونکار یان جەژن «پادشایی» وەڕێوە چوود. لە داب و نەریت بەرپا بین ئی جەژنە، هەر بنەماڵێگ یارسانی فەرزە کەڵەشێرێگ تەندروست ک بتۆیەنێ بقۆلنێ وە گەرد مەنێگ، «سێ کیلۆ»، برنج ک وە ڕۆن دان ئامادە کریاوی، بووەیدە خزمەت جەم و جەمخانە تا لەورە لە لایین سەی دوعا بدریەی و لە شوونی وە شێوەی یەکسان لە ناوین مەردم بەش بکریەد.

بێجگە لەو چشتەیلە ک لە بانەو ئشارە وەپێیان کردیم، «نیاز»یش جوور هەنار، هەنجیر، سێف باخی قرمز و چەن چشت تر بوود لە جەم ئامادە بکریەد.جەم بەشکردن هێز و دەسەڵات، جەم بەشکردن نەزر و نیاز، جەم هاوکاری و یەکیەتی پێک تیەید و جەمنشینەیل شەم ڕووشن کەن و کاڵم خوەنن.

لە ڕووژ جەژن، یارەیل یاری خوەیان ئەڕا جەژن مبارکی ئامادە کەن و ئەندامەیل جەمخانەگان وە ئەو مەیزووره سەردان یەکر کەن. مبارک کردن جەژن خاونکار لە ئلی گشت ئەندامەیل کوومەڵگای یارسان خاون شوون و لوون تایوەتە.


سەرچاوەکان:

١ - ئەیوب روستەم،یارسان(لیکولینە وەیەیك میژووی دینییە سەبا رەت کاکەیی،سلیمانیە،مەلبەندی ڕۆشنبرییەهەورامان،٢٠٠٦م/٢٠٠٧کوردی،چ دووم.) ایوب رستم،یارسان)پژوهیش تاریخی دربارهی کاکەییها،سلیمانیە،انتشارمرکزروشننفکری هورامان؛٢٠٠٦ م

٢ - خدابندە،عبدالله)٨٤)شناخت فرقە اهل حق ،تهران،امریکبری.

٣- مکری،محمد)٨٧) خوابهای باطنی و گزارش شان نزد کردان اهل حق،هویت می و هویت فرهنگی،جال ستاری،تهران،مرکز.

٤ - حاج نعمت اللە)٤٥) شاهنامە حقیقت،بە کوشش محمد مکری،تهران،

٥ - سلطاین،محمد عی)٨٢) قیام و نهضت علویان زاگرس،دو ج،تهران،سها.چ دوم.

٦ - صفی زادە،صدیق)٦١) دورە هفتوانە،نامە رسانجام،تهران.طهوری.

٧( - - - - - - - - - - ٥٢) بزرگان یارسان،تهران،؟.

٨- دهودانی، بابا جەلیل و بابا ناوس سەرگەتی،سەرنجام )کالمەکان یارسان(، نوسین تەیب تاهیری، ٢٠٠٧ ، سلێمانی، ئەنستیتۆی فەرهەنگی کورد.

٩-مێژوو و فەلسەفەی سەرنجام )شرۆڤەی فیکری و باوەڕیی یارسان(، هەمان نویسەر، ٢٠٠٩ ،هەولێر دەزگای موکریانی.

١٠-ڕووژژمار ئاریایی کوردی، ٢٠١٠ ،هەمان نویسەر، هەولێر دەزگای موکریانی.

١١- بانگ سەرحەدان، ٢٠١٣ ،هەولێر دەزگای موکریانی.

# بێساران

فەرزین پیرە - بێساران - سەوڵاوا



**بێساران (Bêsaran)**

زاگرۆس دیواخانی سەرهەڵدانی مرۆڤی نوێ بووە، گەر لاپەڕەکانی مێژووی ونبووی ئەم دەڤەرە بدۆزییێتەوە و چالاکی مێژووناسی لەسەر بکرێت ڕەنگە لەسەدا زۆرینەی بڕوا مێژوویەکان بگۆڕێن. بەداخەوە بە بۆنەی بڕێ کێشەکە گشتمان لێی تێگەیشتوین مێژوو، کەڵتوور، دابو نەریت و دەها فەکتۆری تر لە بناری زاگرۆسدا پەراوێز و پشگوێ خراون.

بێساران گوندێکە لە گوندەکانی ژاوەرۆ و بەشی ناوەڕاستی شاری سەوڵاوا لە پارێزگای کوردستان. خەڵکی بێساران بە زمانی کوردی هەورامی قسە دەکەن. ژمارەی دانیشتووانی لە سەرژمێریی ساڵی ٢٠١١دا ٣٨٠٠ کەس لە ١١٠٨ بنەماڵەدا بووە.

گوندی بێساران نزیکەی ٢٤ کم لە جادەی سنە - مەریوان «دوئاب» دوورە. گوندی بێساران بە دووری ١٠٠ کیلومێتر لە باشووری ڕۆژئاوای شاری سنە و ٧٥ کیلومێتر لە شاری مەریوان، لەسەر درێژایی ٣٩/٤٦ و پانی ١١/٣٥ و لە بەرزی ١٨٥١ مەتر لە ئاستی زەریاوە هەڵکەوتووە. گوندی بێساران لە باشوورەوە لەگەڵ گوندەکانی ژان و پایگەلان، لە باکوورەوە لەگەڵ گوندەکانی خۆواشت، ساڵیان، نجێ و سپێبن، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ گوندەکانی هوویە، سە رهوویە، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ

گوندەکانی نەسە نار، هەرسین و بۆریدەر هاوسنوورە.

## دێرینەکانی گوندی بێساران

قەڵای دەسیران ٢ کیلۆمەتر لە بەشی ڕۆژئاوای گوندەکەوە دوورە، کە لە ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن ڕێکخراوی میراتی کەلتووری ڕەزامەندی لەسەر دراوە.
قورئانی بابا یعقوب کە لە سەدەی شەشی کۆچی نووسراوە و بە دەست نووسراوە.
مزگەوتی بابەشێخ لە بێساران

## دارستانی کۆن

لە گوندی بێساران هەندێک دار گوێزی کۆن هەن، کە پێیان دەوترێت «وەزی(گوێزی) خواچکە» و «وەزی حەیاتێ»، گوێزی کوێر، گوێزی خەیارە، گوێزی داخان، ژمارە ١ و ٢ بە ژمارە ٥٨٥ و ٥٨٦ لە ٢٧ی گوڵانی ١٣٩٨ وەک میراتە سروشتییە بەنرخەکان لە لیستی بەرهەمە نەتەوەییەکانی ئێراندا تۆمار کراون.
مێژووی کشتوکاڵ لە ناوچەی ژاوەرۆ و گوندی بێساران دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش زایین.بە دۆزینەوەی شوێنەواری هەڵکەندنی بێ مۆڵەت لە ناوچە کۆنەکانی بێساران، ئەوە ڕوونە کە لە هەزارەکانی ڕابردوودا خەڵکی ئەم ناوچەیە خەریکی کشتوکاڵ بوون و کەرەستەی سەرەتایی کشتوکاڵیش لە بەرد و ئاسن دروستکراون.
ئێستا ناوچەی هەورامان، ژاوەرۆ و بێساران سەرنجی گەشتیاران و خۆشەویستانی سروشت ڕادەکێشن. ئەم گوندە یەکێکە لە شوێنە پاکەکان کە دەکەوێتە دڵی شاخەکەوە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئەوانەی ئارەزووی ناوچە گوندنشینە پاکەکان دەکەن گرینگییەکی تایبەتی پێدەدەن. کانییە سروشتییەکان یەکێکە لە گرینگترین شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی گوندی بێساران، ئەو کانیانەی کە لە کۆتایی چیای شاە نشین دروست دەبن و سەرچاوەیەکی لەڕادەبەدەر باشن بۆ دابینکردنی ئاوی پێویستی دانیشتوانی گوندەکە.
لە هەندێک لە وەرزە گرینگەکانی ساڵدا، لەوانە بەهار، ئەم گوندە شوێنێکە بۆ کات بەسەربردن و گەشتیاری بۆ دانیشتوانی کوردستان. جۆرەکانی ڕووەک(گیا) لە بێساران گەشە دەکەن، کە چەندین بەکارهێنان و بەکارهێنانیان هەیە، لەوانەش گرینگترین بەکارهێنانی ئەم ڕووەکانە بە دڵنیاییەوە دەرمانسازییە، بێگومان گەشەی ئەم جۆرە ڕووەکییە تایبەتانە وایکردووە بێساران ببێتە ناوچەیەکی دڵخۆش و سەرسوڕهێنەر.
کانییەکانی بێساران نەریتە کۆنەکان پیشان دەدەن. زۆربەی کانیاوەکانی ناو گوندەکە ناوی تایبەتیان هەیە کە ڕەگ و ڕیشەی لە بیروباوەڕی کۆنی خەڵکی ناوچەکەدا هەیە. لە نێویاندا کانیاوی کیسەڵان (کەڵیسلان) کە شوێنی مەعمودیەت بووە بۆ دانیشتوانی مەسیحی گوندەکە.
هەروەها لە دیوی ڕۆژهەڵاتی بێساران دۆڵێکی وەرزی هەیە کە بە دۆڵی داسەیران ناسراوە. دانیشتوانی ئەم دۆڵ و قەڵا دێرینە، شوێنکەوتووی باوەڕی مانیچییەتی بوون، کە بە داسنی یان داسیرانی ناسراون. بەداخەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکاندا دانیشتوانی ئەم قەڵایە لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی تێکهەڵچوون و قەڵای یەکتریان وێران کرد.
بە گوتەی پیاوماقوڵانی گوندەکە، دەوترێت قەڵای داسەیران پێش ئەوەی بگۆڕێت بۆ مانەوی، ڕەنگە

پەیڕەوی کاکەیی و ڕێوڕەسمی یارسان کردبێت و خەڵکی یارسان کە بوونەتە مانەوی، ڕوویان لەم قەڵا دێرینە کردووە.
مێژووی زارەکی باس لەوە دەکات کە ململانێیەکی قورس لە نێوان دانیشتوانی گۆڕاوی قەڵاکە و هێزەکانی حکومەتی ساسانی لە بێساران ڕوویداوە. ئەو هێزە حکومیانەی کە شوێنکەوتووی زەردەشت بوون دانیشتووی ئەم دەڤەرە بوون و ئاشنای زمانی یەکتر بوون و زۆر جار پەیامی تەسلیمبوون و گەڕانەوە بۆ ئایینی کۆنیان دەنارد. مێژوو باس لەوە دەکات کە لە کۆتایی دەسەڵاتی ساسانیەکاندا، کۆمەڵگا بە هۆی ئاژاوەگێڕی و دەسەڵاتی بێکۆتایی قەشە زەردەشتیەکان و ڕووکردنیان بۆ ژیانێکی گرانبەها، ئەرستۆکراسی، کەڵەکەکردنی سامان، ستەم و نادادپەروەری، تووشی یاخیبوون و نافەرمانی بوون. بەهۆی سەختی هەڵکەوتەی جوگرافیای بێساران، ئەم ناوچەیە شوێنێکی ئارام بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی هێزی شەڕکەری نەیارانی حکومەت بووە.
نەعمەتوڵڵا پیرە(١٣١١ - ١٣٩٦) کە کەسێکی زانا بوو و مێژووی زارەکیی بێسارانی دەزانی، ئەم بابەتەی بە گێڕانەوەی قسەی باپیرە و پیاوماقوڵانی گوندەکە گێڕاوەتەوە، کە شەڕ و ململانێیەکی توند لە قەڵای داسەیران ڕوویداوە و هۆکاری ئەمەش ئەوە بووە شەڕ ڕووبەڕووبوونەوەی مۆدێرنیزمی مانیخیی بوو و زەردەشتی حکومەتێک بووە.
پیرە ئاماژەی بەوەشکردووە، بەهۆی شوێنی سروشتی و قەڵا لوتکەی داسەیران، هێرشبەرەکان نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دانیشتوانی قەڵاکە ببنەوە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش قەڵاکەیان گەمارۆداوە. کانی و سەرچاوەی ئاویان بڕی. هێزەکانیان لە ناوچەی ڕۆرۆقی قەڵاکە جێگیر کرد کە ئەمڕۆ بە کوتەک و چادرگە ناسراوە. شەڕەکە بە تیر و کەوان دەست پێدەکات و ژیانی دانیشتوانی قەڵاکە مەترسییەکی جددی لەسەر بووە. دەوترێت ئەم ململانێ و گەمارۆیە زیاتر لە مانگێک دەخایەنێت و سەرچاوەی ئاو و خۆراکی قەڵاکە لە ڕادەبەدەر کەم دەبێتەوە و شەڕێکی دەست بە یەخە لە ناوچەی داسەیران و چادرگە ڕوودەدات و لە ئەنجامی ئەم ململانێیە قەڵای داسەیران بە توندی تێکدەچێت و هەموو پیاوەکان دەخرێنە بەر شمشێر و ژنەکان بە دیل دەگیرێن. بێگومان هەندێک دەگێڕنەوە کە بەشێک لە دانیشتوانی قەڵاکە لە گەرمەی شەڕدا خۆیان ڕادەستی هێزەکانی حکومەت کرد و پەشیمانییان دەربڕی و لێدوانی شوێنکەوتنی زەردەشتیان دووبارە کردەوە. بەم فێڵە توانیان گەرەنتی نیشتەجێبوونیان لە قەڵاکەدا بکەن. بەڵام دوای ئەم شەڕە ڕزگاربووانی قەڵاکە،قەڵایان لە ژێر داروپەردوودا شاردەوە و هەموو پاشماوەکانیان لە قەڵاکەدا بەجێهێشت و هەموو دەروازە و دەرچوونەکان بە سارۆجەوە گیرا و کەس نازانێت ڕزگاربووان چییان بەسەر هاتووە. بەڵام لەوانەیە ڕوویان لە شوێنێکی نادیار کردبێت. بەڵام زۆربەی دانیشتوانی بێساران هەستی هاوئاهەنگی و هاوسۆزییان لەگەڵ دانیشتوانی قەڵاکەدا هەیە و پێیان وایە ستەملێکراو بوون.
قەڵای دارسەیران زۆر کۆنترە بەهۆی ئەو گۆڕستانە کۆنەی کە لەم ناوچەیەدا دۆزراوەتەوە. نیشانەکانی نیشتەجێبوون لە سەردەمی هەژموونی مەقدۆنیا بەسەر زاگرۆسدا نیشان دەدات. لە قۆناغێکی مێژوودا دانیشتوانی قەڵاکە پەیرەوی لە ئایینی هێلینیزمیان کردوە.
دەکرێ بێساران ناوی بنێین خاکی ئەفسانە. هەموو دۆڵێک، شاخێک، دەشتێک، ئەشکەوتێک پڕە لە ئەفسانە کە شوێنەواری واقیع و مێژوویکی ڕاستە قینە یان هەیە.
ناوچەی بێساران مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە. نیشانەکانی ڕێوڕەسمە کۆنەکانی ئیبراهیمی، مەسیحیەت، جوولەکە، یارسانی، ئایینی زەردەشتی و هێلینیزم و ئیسلامی بینیوە.

هەڵکەندنی نایاسایی ناوچە دێرینەکان بووەتە هۆی لەناوبردنی زۆرێک لە شوێنە مێژوویەکان. گۆڕستانە کۆنەکانی خواچکە، تەپە لێژ، داسەیران و گردە دێرینەکەی دەگا (دەرەو دەگای)،کەشی ڤەلاس، بەردی پاڵنگ، سەرقەڵا، گۆڕستانی قەڵاگا و دلێڕەزان، شاخی پڕشکۆی شانشین(لە ڕاستیدا شاخۆشین)، چۆمی پڕڕەمز و ڕازی مووشییەر و مەتلیەر و....

بێساران ماوەیەکی زۆرە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ بووە و تا ئێستاش هەمان ڕەوت لەم گوندەدا زاڵە، بە سەیرکردنی ئەشکەوتە جوان و سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم گوندە، لەوانەش ئەشکەوتی مەری جەهۆڵ و مەری هۆزەزە(عەزیزە)، دەتوانن لە مێژووی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەم گوندەدا تێبگەن.



## ئاسانکاری گوندی بێساران

گوندی بێساران، هاوشێوەی گوندەکانی دیکەی کوردستان، کۆمەڵێک ئیمکاناتی سەرەتایی هەیە، وەک قوتابخانە، کتێبخانە، کاری دەستی(صنایع دستی)، نوسینگەی پزیشک، بنکەی تەندروستی، سەنتەری پەیوەندی، سەنتەری فێربوون، گەشەپێدانی گوندەکان و فرۆشگای تەعاوەن.

مزگەوتەکان تایبەتمەندییەکی تری گوندی بێسارانن، ئەو مزگەوتانەی نەک تەنها شوێنی عیبادەتن بەڵکو وەک شوێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵک ناسراون.

لە ڕابردوودا خەڵکی بیساران هەموویان پەیڕەویان لە ئایینە جیاوازەکان کردووە و پێکەوە ئاشتیانە بازرگانییان لەگەڵ یەکتر کردووە.لە ناوچەی چۆمی مۆشییەر کە پێشتر شوێنی نیشتەجێبوونی جولەکەکان بووە، شوێنەواری کورەی توانەوەی کانزاکان دۆزراوەتەوە. هەروە وا باس دەکرێت لە ((تەپە لێژ)) کە شوێنێکی پەرستن هەبوویێت کە پەیوەندی بەو کەسانەوە هەبووە.

کەمینەیەکی جولەکەکان کە نزیکەی دە خێزان بوون تا ساڵی ١٣٥٤ لە بیساران بەردەوام بوون. زۆربەی جولەکەکانی بیساران خەریکی بازرگانی زێڕ و کانزای بەنرخ بوون و کورەی توانەوەی کانزاکانی خۆیان هەبوو و وەستایەکی زۆر لێهاتوو بوون لە زێڕینگەریدا.

جولەکەکانی بیساران جگە لە زمانی کوردی هەورامی بە زمانی عیبری قسەیان دەکرد بەبێ گوێدان بە ئایین پەیوەندی بنەماڵەییان لەگەڵ خەڵکی بیساراندا هەبوو.

لە ئێستادا گۆڕستانێکی کۆنی جوولەکەکان لە دیوی باکووری ڕۆژهەڵاتی بیساران هەیە.
لە ڕابردوودا بەشێک لە دانیشتوانی بیسارانیش ئایینی مەسیحییان هەبووە. شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کەسانە لە ناوچەی گرێەر و زووریسان و بابۆلە بووە. بوونی کانیاوی کیسەلان (کەلیسان) کە یەکێک بوو لە کانییە پیرۆزەکانیان، هەروەها مەڕی(ئەشکەوت) عەزیزە دەکەوێتە ئەم شوێنە.
هیچ بەڵگەیەکی قبوڵکراو بۆ ئەم ئیدیعایە نییە، نووسەر تەنیا پشتی بە لێدوانی گەورەکان و دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی ناوی شوێنەکان بەستووە.

## پیاوانی مێژوو ساز و مێژووی پەروەردەی بێساران

سەرەتای دروستکردنی قوتابخانە لە بێساران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٠١، کە ئاغا باقر شێخول ئیسلامی بوو بە یەکەم مامۆستای گوندەکە. گوندی بێساران هەمیشە یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی پەروەردەی دەڤەری هەورامان بووە. پێش کردنەوەی قوتابخانە حکومییەکان، ژوورەکانی مزگەوتەکانی بێساران هەمیشە پڕ بوون لە مامۆستا و قوتابی فێری زانست. مەلا شەمسەدین بێسارانی، باپیرەی شاعیری ناوداری کورد، یەکێک بوو لە باشترین شرۆڤەکار و مامۆستای ئەدەبی کوردی ؛ هەورامی و عەرەبی، جگە لەوەش یەکێک بووە لەو حاکمە ناوخۆییانەی کە لەلایەن میرەکانی ئەردەڵانەوە حکومەتی ناوچەی مەریوان ،هەورامان، شامیان و ژاوەرۆی هەبوو.، لە مزگەوتی سووار لە مەریوان ماوەیەکی زۆر مامۆستا بووە.
مەلا قوتبەدین بێسارانی باوکی مەلا مستەفا بێسارانی، یەکێک بوو لە گەورەترین زانایانی سەردەمی خۆی، وە شارەزا بووە لە ڕێزمان و ڕێساکانی زمانی عەرەبی بە جۆرێک کە بە مەلا قوتبەدین عەرەب ناسراوە. چەند بەرگ و پەرتووکی نووسیوە کە بەداخەوە لەدەستچوون.
مەلا قاسم بێسارانی لە دایک بوی ١٠٠٠ ک .م، یەکێکی دیکە لە زانا و شاعیرەکانی بێسارانی بوو. وەها باسکراوە ڕەنگە کوڕە گەورەکەی مەلا مستەفا بێسارانی بوویێت و بۆ ماوەیەکی زۆر لە شاری جەوانرۆ ڕێنوێنی خەڵکی کردووە و پێدەچێت لەوێ بە خاک سپێردرابێت. یەکێک لە نووسەرانی دەرباری شازادەکانی ئەردەڵان بووە.
مەلا حامێد بێسارانی ناسراو بە کاتیبی ئەسرار یەکێکە لە شاعیرانی سەدەی ١٣. ساڵی ١٢٣٠ی کۆچی مانگی لە گوندی بێساران لە دایک بووە و لە زێدی خۆی بێساران خوێندوویەتی.دوای تەواوکردنی ئامادەکارییەکان، سەفەری شاری سنە دەکات. لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا عارفێکی خواپەرست بە ناوی حاج محەممەد سدیق سنەیی کە یەکێک بوو لە موریدەکانی مەولانا خالید شارەزوری ئاشنا دەبێت و تەریقەی نەقشبەندی لێ فێر بووە. نووسەری ئاماژەپێکراو خاوەنی چەندین کتێب و نوسەراوە و وەرگێڕانە، کە دەکرێت ئاماژە بە دیوانی شیعر و لێکدانەوەکانی مەسنەوی مەعنەوی مەولەوی و یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی مەلا حامێد بێسارانی «ڕیاز المشتاقینە» کە لە پێشەکی و سێ ئایەت و کۆتایی پێکدێت. پێشەکییەکە گوزارشت لە ئامادەبوونی ڕاهێنەر و بەدەستهێنانی تەریقەت دەکات. لە نێو بەرهەمەکانی تری مەلا حامێد، شرۆڤەیەکی فارسی بۆ شیعری گۆڵشەن ڕاز شەبەستری، شرۆڤەیەک بۆ شیعری ئیبن ئەرەسلان بە زمانی فارسی و شیعرێکی کوردی بۆ عەقیدە هەیە.
ژیاننامەی شاعێری پلە بەرزی کوردستان مامۆستا مستەفای بێسارانی
مەلا مستەفا کوڕی مەلا قوتبەدین کوڕی مەلا شەمسەدینی بێسارانیە لە ساڵی٩٥٠ی ک.م لە

بنەماڵەیکی نیشتمان پەروەر و ئەدەب دۆس و شارەزا لە دایک بوە. پاش چەن ساڵێک لە حوجرەکەی باوکی دا دەستی بە خوێندن کردوە و سەرەتا خوێندن و نوسین بە زمانی عەرەبی و کتێبە ئایینیەکان و پاش گوڵستان و بوستانی سەعدی شیرازی و دیوانی حافیزی بە فارسی خوێندوە.

شیعری مەلا مستەفا بێسارانی یەکێک بووە لە شیعرە بەنرخەکانی وێژەی کوردی کە ناوەڕۆکێکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی تایبەتی شیعرەکانی، شاعیران پێیان وایە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی یەکسانە لەگەڵ شاعیرە باڵاکانی ئەوروپی لە شێوازی ڕۆمانتیزمدا.

بێسارانی هەستێکی بەرزی نەتەوەیی بوە و هیچ کات بە زمانی بێگانە هیچ بابەتێکی نەنوسیوە. بێسارانی لە حۆجرەکانا وەکو ئەستێرەیێکی ڕوناکبیر و ژیر خۆی نیشان ئەدات و سەرنجی باوک و مامۆستاکان بۆ لای خۆی ئەکێشێ و یەکم شێعری لە تەمەنی کەمتر لە دەساڵ دا ئەنوسێ:

ئاخ پەیْ مناڵی ئاخ پەیْ مناڵی
گۆشەی خاترم جە غەم بێ خاڵی



بێسارانی سەراسەری دیوانەکەی باسی هێجری یار و غوربەت و دوری دەکا و هەموو کات لە دەستی مرۆڤە نەیارەکان و ڕەقیبە بێ سەوادەکاندا ناڵێوە

ڕەقیب سیا بۆ ڕەقیب سیا بۆ
ڕووت بە وێنەی زوڵف قیبلەم سیا بۆ....

دیوانی بێسارانی بێ شک ئەو پەڕی عێشق و خۆشەویستیە و ناسکترین خەیاڵ و ژیرانەترین مۆعادڵاتی ئەدەبی تێدایە.

بیری بێسارانی بیریکی ڕۆمانتیک بوە و ئێمە ئەتوانین بڵێین بێ شک داهێنەری فۆرمی ڕۆمانتیسم لە وێژەی کوردی دا بوە و بەر لە بێسارانی ئێمە هیچ نوسراوەێک وەها ئەدەبیمان لە بەر دەست نییە.

ئەدەب دۆسان و زاناکانی کورد تا ئیستا جێگەی بێسارانیان لە مێژوا دەرک نەکردوە بویە وەها گۆم ناو ماوەتەوە و دەبێ زۆر تر لە زانستگاکان و ناوەندە لێکۆڵینەوەکاندا کاری لە سەر بکرێت.

بەر لە بێسارانی جگە لە چەن بەرگێک لە پەرتووکی ئایینی یارسان کە بە شێوازی کوردی گۆرانی یان هەورامی نوسراوە هیچ دەقێک لە بەر دەس نییە و تەواوی نوسەران و شاعێرانی پاش بێسارانی، بێسارانییان بە مەولا و سەروەری خۆیان داناوە وەکۆ مەولەوی کوردکە بە سەودایی کامڵ ناوی لێ بردوە.حاجی تۆفێق پیرەمێرد ئەرکی سۆرانی کردنی دیوانی بێسارانی وە ئەستۆ گرتوە بە ڵام بە داخەوە چەن پارچە هەڵبەستێک کە ئیستا بە ناوی پیرە مێردەوە بڵاو بونەتەوە هین بێسارانین و بەڵگەم لە

دەستە.ناساندنی ڕەنج دەرانی ئەدەبی کوردی ئەرکی هەر تاکێکە و دەبێ بە شانازیەوە بە کۆمەڵگا بناسێنن.

بێسارانی پیاوێکی گەورە و ڕێز دار بوە و جەماوەری ئە وسای نیشتمان متمانەیکی گەورەیان پێ کردوە، بێسارانی سەردەمێک قازی ناوچەکە بوە و هیچ کەس لە سەر قسەی ئەۆ قسەی نەکردوە و قەبووڵی بوە.

لە ڕوانگەی منەوە بە لێکۆڵینە وە ی دیوای بێسارانی و تاو توی شێعرەکانی دەردەکەوێت کە بێسارانی لە عێشقدا ناکام بوە و بە مۆرادی دڵی خۆی نەگیشتوە و بەو بۆنوە سەفەرێکی دوری دەست پێ کردوە و زۆر لە وەڵات دور بوەتەوە.

قیبلە م دیم نە دیم..... خاڵت خاوێ بی، جارێ دیم نە دیم
بە ئێخلاس نە ڕای عیشقت، شیم نە شیم پە شتانی باڵات جاری بیم نە بیم
شوکرانە ی وە سلت، وانام نە وانام تۆم بە دۆستی وێم، زانام نە زانام

بێسارانی زۆربەی شێعرەکانی عێشقێکی مەجازی تێدایە و هیچ ئاسەوارێک لە شێعری مەزهەبی و... ێدانییە و نیشان دەدات کە بێسارانی وەکۆ خەڵکی ئەو زەمانە نەژیاوە و سەدان ساڵ پێش لە خۆی بوە.ڕەنگی زەرد و پاییز نمونەیەکی زۆری لە بێسارای دا هەیە و جوانترین ڕەنگی لای زەرد و ڕەنگی خەزان بوە و زۆربەی شێعرەکانی بە ڕەنگی زەرد نەقشیون تەنانەت بەهاریچی بە زەڕگوون ناو بردوە زەڕگون کەردەوە...

نەووەهار زەمین زەڕگون کەردەوە
سۆزەی دار کێشا سەر جە پەردەوە
شەو بە شەونم، خاو دیدەش بەردەوە.

مەزاری بێسارانی





# ئایینی یارسان و تایبەتمەندی تەنبوور

کۆچەر وەیسی . کرماشان

ئایینی یارسان ئایینێکی عرفانیەو پەیڕەوانی زیاتربەپێی ژمارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن بە تایبەت پارێزگای کرماشان و گەرمیانی باشور.
ئەم ئایینە بە درێژای مێژوو ڕەنگە هەندێک گۆڕانکاری لە خۆی دیبێ بەڵام ئەوەی هەموان لە سەری یەک ڕان ئەوەیە کە لە سەرەتادا ئەم ئایینە لە هەورامان و شارەزوور و لوڕستان گەشەی کردووە بە گوێرەی دەفتەری یارسان و کەلام یارسان لە دوو وشەی یار+سان پێک هاتووە یار واتە خودای یەکتا و سان بە مانای پیران و ڕێبەرانی و یا شاو سوڵتانی ئەم ئایینەسە مەبەست لە شاوسوڵتانیش ڕووی ڕاستی و ئاوێنەی خودایە لە ئێستادا ئەم ئایینە زۆربەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لەم شارانە دا دەژین.
قەسری شیرین ـ سەرپێڵی ـ کەنگاوەر ـ زەهاو ـ دەورووبەری بێوەنیژ ـ مایەشت ـ هەلیلان ـ ناوچەکانی دلڤان ـ پشت کۆولوڕستان ـ ئاگرپارێزان و دەورووبەری ماکۆ ـ میاندواو ـ هەمەدان ـ تاران ـ کەرەج ـ بناری کێوی ئەلبوورز ـ شەهریاروچەن ناوچەییکی دیکە.
ئایینی یارسان لە کۆمەڵە باوەڕێکی تایبەت مەعنەوی پێک هاتووە.کە دوای هاتنی ئیسلام لە گەڵ هەندێک باوەڕی ئایینی ئیسلامیش تێکەڵ بووە.بە پێی بەڵگە ئەم ئایینە کە دوای هاتنی ئیسلام لاواز ئەبێتوو خەڵک فەرامۆشی دەکەن لە سەدەی دووهەمی کۆچی بە دەست و بیری بالوولی دانا زیندوو دەبێتەوە ـ بالوول کە پیاوێکی هەرە زانا بووە خۆی دەدا بە شێتی و بەو شێوەو بە گاڵتەجاڕی کاری خۆی دەکا.بالوول ئەم ئایینەی لە بەشی لوڕستان و کرماشان و خانقین پەرە پێ ئەدا.هەربۆیە بالوول کە پیاوێکی هەرە دانابوو خۆی دا بە شێتی چونکە ئەو سەردەمە هاوکات بووە بە دەسەڵاتداری بەنی عەباس و ئومەویەکان.
حکومەتێکی پڕ لە زۆر و زوڵم و زۆرداری بەڵام بالوول بەو حاڵە توانی لە قاڵبی شێعردا ئەندێشەومەرام ومەسڵەکی خۆی ڕابگێنێت و تووشی کێشە نەبێ و حوکوومەتیش زەفەری لێ نەبا ـ دوا مردنی ئەو پیاوە گەورە تەرمەکەیان لە تەنگەی گوڵ ئاوایی کانی سپی سەربەشاری ئیسلام ئاباد ناشت.
لە سەدەی سێ تا هەشتی کۆچی ئەندێشەو باوەڕی جۆراوجۆر تێکەڵ بە ئایینی یارسان بوو بەڵام زیاترین ئەندێشەو ژیانەوەی یارسان دوای بالوول لە دەورانی سوڵتان ئیسحاقی بەرزەنجی ڕوو ئەدا.
سوڵتان ئیسحاق بەرزەنجی لە ساڵی٦٧٥کۆچی لە ئاوایی بەرزەنجە سەربە شاری حەڵەبجە لە دایک ئەبێ و ئایینی یارسان نوێوە دەکا.
سوڵتان ئیسحاق لە ساڵی٧٩٨ لە دێی شێخانی هەورامان بە خاک دەسپێدرێ. کۆمەڵێک کتێب و ڕساڵە و نووسینی یارسان لە سەدەی حەفت و هەشت دەنووسرێت کە بە ناوی خەزانە یا دەفتەری

سەرئەنجام ناو نراوە.ئایینی یاری لە دوازدە بەش یا دوازدە لق پێکهاتووە.یادگاری و شائیبرایمی وخامووشی.سەی دەروێشی. ئاتەش بەگی. میری. موستەفایی. حاجی باوەیسی.بەکتاشی. زوونووری. باباحەیدەری چەن بەش لەم دوازدە بەشە لە تورکیاوعێراق و هیندووستانن.

## یارسان و تەنبوور

تەنبوور ئامێرێکی موسیقایە کە لە کاسەییک گەورەی باڵدرێژ پێک هاتووە کە چوار تاڵ ژێی بەسەردا تێدەپەڕێ.تەنبوور سازێکی تایبەتی ئایینی یارسانە کە زۆرتر لە کرماشان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیڕەوانی ئەو ناوچە ماوەتەوە ئەم سازە ئامێرێکی پیرۆزە کە لە بۆنە ئایینی و عیرفانیەکاندا کەڵکی لێ وەر ئەگرن و دووعا و پاڕانەوەکانیا تێکەڵ بە سۆزی تەنبوور دەکەن لە زمانی کوردی و لە ناو کورداندا تەنبوور بە چەن ئامێرێکی جیاواز دەوترێ لە باکووری کوردستان بە دیوان دەڵێن تەنبوورلە ناو یارسان بەڵام لە دیوان بچووکترەو چوار تاڵی پێوەیە لەپارێزگای خوراساندا بە دووتار دەڵێن تەنبوورمەقاماتی بە ناوبانگی ئەم سازە پیرۆزە بریتە لە :
شێخ ئامیری ـ سەحەری ـ عابدینی ـ باباکاوسی ـ سارۆخانی ـ چەپی ـ قەتار ـ شاخوەشێنی ـ جلەوشاهی ـ فەتاحپاشایی ـ هەڵپەڕکێ ـ گلەودەرە.
ڕۆڵی ئایینی یارسان لە پاراستنی تەنبوور و مۆسیقای کوردی و پێگەی موزیکی کورد زۆر گرینگە. تەنبوور بەو ئەندازە کە لای یارسان پیرۆزە کە بەسەرهاتی زۆریشی بۆ گوتراوە. پیرانی یارسان گوتوویانە کاتێ شاخوەشێن دەمرێت. وەسیەت دەکا وەڵێت: ئەوتەنبوورەم ببەن و لە هەموو کوردستاندا بیگەڕێنن لە هەر شوێنە تەنبوورەکە کۆک بوو لەوێدا من بە خاک بسپێرن. شاخوەشێن یەکێک لە پیران و ڕێبەرانی ئەفسانەیی یارسان و مەسلەکی یاری بووە. تەنبوور بە گشتی نزیک بە هەشتا مەقامی هەیە ئەو مەقاماتە مەقامە باڵاکانن. مەقامە مەجلیسی و مەقامە مەجازیەکانیش مێژوویان ئەگەڕێتۆ بۆ هەزارساڵ لەمەوبەر.مەقامە باڵاکان بۆ کاتی زیکرکردن بە کاردێن.
دووهەمیان مەقامە مەجلیسیەکان یان مەقامە کۆنەکانن کە بە شێوەی دەنگە و پییان دەگوترێ دەنگ بێژ کە دەتوانرێ ئەو مەقامە لە دەرەوەی یارسانیش بە کاربێنن وەک قەتار و هیجرانی و پاوەمووری مەقامە مەجازیەکانیش ئەومەقامانەن کە مێژوییکی کۆنیان نیەو نوێن ـ عەلی ئەکبەری مورادی کە بە باوکی تەنبووردەناسرێت لە جیهانداو ناوی لە لیستی پەنجا ژەنیاری ئەوەڵی جیهان هاتووە تا ئیستە حەفتاو دوو مەقامی مەجازی لە فەرنسا تۆمار کردووە.
شارەزایان پێیان وایە سەرەتای نەشونووما و سەرهەڵدانی موسیقای کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشتیەکان.دەڵێن دەکرێ سرووودی گاتاویەشت کە لە کتێبی پیرۆزی ئاوێستا دا هاتووە بە سەرەتای گۆرانی وموزیکی کوردی دابنرێت.ئەو سروودانە کە جۆرە گۆرانییێکی ئەو سەردەمە بوون لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئایینیەوە گرینگی زۆریان پێدراوە پێشکەوتنی زۆریان بە خۆیانەوە بینیوە
نەک تەنیا لە ناو یارسانەوە بەڵکوو لە ناو کوردە عەلەویەکان و کوردە ئیزەدیەکانیش تەنبوور جۆرێک گرینگی تایبەتی هەیە
کوردە عەلەویەکان کە تەنبووریان دیوانە ڕێورەسمە ئایینەکانیان بەو ئامێرە دەگێڕن. لەبەر ئەوە ئەتوانیم بڵێیم تەنبوور ئامێرێکی ڕەسەنی کوردیە و لە لای هەموو کوردێک پیرۆزی خۆی هەیە.

# جێژنی بێڵن دانا



پەروانە ئەحمەدێن . مەهاباد



چەند ساڵ لەمەوبەر، بەقەولی پیرێژنی وەک خۆم چەندین ساڵ بەر لەکرۆنای شووم، کارتێکی بانگهێشتنم بەدەست گەیشت کە: ڕێزدارخاتوو پەروانە ئەحمەدێن تکایە کاتژمێر..... ڕۆژی..... ڕێکەوتی ١٥ ڕێبەندان لە گوندی شیلاناوێ جێژنی بێڵن دانا بەڕێوەدەچێ، خۆشحاڵ دەبین بەشداربن.دروٚبوٚ؟کارتەم زۆر سەروبن کرد و هێنام و بردم چم لێ حاڵی نەبوو! جێژنی بێڵن دانا ؟؟؟ بۆم زۆر نامۆ بوو. ئاخر بەدرێژایی تەمەنم کە کەم نێ و ساڵم لە خودای بڕیوە و لە بنەماڵێکی دێرینی سابلاغێ پەروەردە و گەورە بووم قەتم نێوی ئەو جێژنە نەبیستبوو. چون مرۆڤێکم کە تینووی فێربوونم کاڵە و پێتاوم هەڵکێشا وەپێ و شۆنی سەرچاوەی کارتی بانگهێشتن کەوتم. لە لاییکیش زۆرم پێ شەرم بوو دۆستێک، ئاشناییک پرسیارم لێبکات جێژنی بێڵندانا چێ ؟ نەتوانم وڵام بدەمەوە. هەربۆیە هەودای تەنافەکەم گرت و هەنگاو بە هەنگاو ڕۆیشتم تا سەرم لە دووکانی کاک موحسین ئەڵاوەیسی دەرهێنا. خوێنەرانی ئازیز و خۆشەویستم ئەوەی لێرە چاپی دەکەین دەقی نووسراوەی کاک موحسین ئەڵاوەیسیە کە زەحمەتی کێشاوە و بۆ منی ناردووە کە باسی چەند و چۆن و ڕابردووی ئەوجێژنە دێرینەی نەتەوەی کورددەکات. هەڵبەت لەوانەیە لە گۆڤارە کانی دیکەش باسی ئەوجێژنە کرابێ کە جێی ڕێزە و بەبڕوای من ئەرکی سەرشانی هەمووومانە کە دیسان باسی بکەین بۆوەی کە فەرامۆش نەکرێ و لە داهاتوودا باشتر لە ئێستا بەڕێوەبچێ و لەیادنەچێ.

**وەبەڵام دەقی نووسراوەی کاک موحسین ئەڵاوەیسی :**

پەروانەخانم گیان، ئەوە وتاری منە لەژێر سەرنێوی بێڵن دانا، کە لە دەمەتەقەی خەڵکدا بێڵندانە دەگوترێ. هەڵبەت جیاوازی ئەو دوو وشەیە زۆرتر لە نوسیندا وەبەرچاو دەکەوێ هەربۆیە حەولم داوە لەنوسیندا ئەو چوارچێوەی لەبەرچاو بگرم. با بۆ مێژوو و بۆ ئەوکەسانەی بۆیان پرسیارە کە چۆن بوو موحسین ئەڵاوەیسی بەشوێن ئەم جێژنە کۆن و ڕەسەنە عەودالی شار و گوندەکان و جەنگەڵ و ڕژد و ڕەوەزی کوردستان بوو تا جێژنی کۆن و مێژوویی بێڵن دانا ببوژێنێتەوە؟

ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ئەمە دەگەڕێتەوە ساڵی١٣٨٤,٥ لە مەهاباد.ناوەڕاستی زستان بوو ئوستاد عوبەیدوڵا ئەیوبیان مەرکەزی بەبۆنەی جێژنێک بانگێشتی کردبووم کەتا ئەو ڕۆژە ناویم نەبیستبوو و نەدمدەزانی جێژنێکی هێندە گەورە بوونی هەیە.لەماڵەخۆی بەخزمەتی جەنابیان گەیشتم و جێژنێکی دووکەسیمان بەڕێوەبرد و لەم ناوەشدا لەبارەی چۆنێتی هەڵکەوتی دیتنەوەی ئەم جەژنە مەزنەی بۆ گێڕامەوە.

**ئوستاد عوبەیدوڵا ئەیوبیان مەرکەزی ئاوهای بۆ گێڕامەوە:**

ئەو سەردەمی کە وەدووای ناو و نیشان و لێکۆڵینەوەی مەتەڵۆک و چریکە و بەیت و باو و داستانی کوردی و داب و نەریت و کەلتوور و ئەدەبیاتی کوردیدابووم بەهەڵکەوت ڕۆژێکیان لەقاوەخانەی عەولاکوردەی بەیتاسی سەربە شاری مەهاباد تووشی کاک حەسەنی بایزی هاتم کە بەڕێزیان ساڵیانی پێش لەشەڕی قڕاوڵەکان پارێزەری ماڵی باوکم بوو بیستم کە دەیگووت: کاکە ئەوقسانە کۆن بوون، تازە کەس سورانە و بێڵن دانا و میر میرێن بەڕێوە ناباتن، هەرکەس لەبارەی ئەو جێژنە بدوێ ناو نرکە و نەقڵ و نەزیلەی بۆ سازدەکەن.

ئەمن کە هەستم کرد ئەوە باسی جێژنێکی مەزن و نایاب دەکا لێی چوومە پێش و وورد بوومەوە و پرسیارم لێکرد مام حەسەن بێڵندانا یانی چی؟

گوتی ئاغا عەرزم کردی، بێڵندانا جێژنێکی کۆن و دێرینی ئێمەیە، ئێستا کەس بەڕێوەی ناباتن، مادام لەناوچەی مەنگوڕایەتی و بەشێک لە عیل و عەشیرەتەکانی دیکەی دەوروبەریان. پرسیارم کرد کاک حەسەن ئێستا لێرە و لەم ئاواییە کەس هەیە جێژنی بێڵندانا بناسێ و بەڕێوەی بباتن؟

کاک حەسەن گوتی: بەڵێ زۆرینە دەیناسن بەڵام زستانی ئەوساڵ خەڵکی بەیتاس ئەم جێژنەیان بەڕێوە نەبرد و ڕێوڕەسمەکەیان بەجێ نەگەیاند، ئەمن چونکێ ئەو جێژنەم زۆر خۆش دەویست ئەوساڵ لەگەڵ هاوڕێیەکم چوینە باستامبەگ، چونکێ یەکێک لە خزمەکانم ئێستاش بە هەستێکی پاک و خۆشەویستێکی لەرادەبەدەر ئەوجێژنەی بەڕێوە دەباتن.

بەڵێ ئێمە بۆ ماوەی حەوتوویەک میوانی ئەم خزمەم بووین و لە م جێژنەدا زۆر خۆشمان ڕابووارد،... بەم شێوەیە توانیم بۆ لێکۆڵینەوە و ناسین و ناساندنی ئەم جێژنە مەزنە حەول بدەم و ئێستاش تا ئێرەم هێناوە، لەم کاتەدا ئوستاد عوبەیدوڵا ئەیوبیان مەرکەزی دەستی بۆلای من درێژ کرد و فەرمووی: موحسین گیان ئێستا تەمەن و هێز و توانا ئیزنم پێنادا لەوە زۆرتر کار لەسەر جێژنی بێڵندانا بکەم، ئەگەر ئەو ئەوین و تواناییە لەخۆت ڕادەبینی وەرە بەڵێنم پێ بدە کە ئەو جێژنە لە فەوتان ڕزگار بکەی منیش پڕبەدڵ شانازیم بەم فەخرە کرد کە بەمشێوەیە خەڵات کرام. هەرچەند دەمزانی سەخت و ناهەموارە ئەو ڕێیە بەڵام وامدەزانی گەیشتوومە ترۆپکی ئارەزوو، دەشممزانی( لەپێشمدایە زەرد و ماە و سەخت و ئەستەمێکی تر ) دەبێ ئاماژە بکەم بۆ چەند ساڵان ئێمە ئەو جێژنەمان لەماڵە ئوستاد عوبەیدوڵا بەڕێوەبرد و بانگێشتنی کەسانی دڵسۆز و هاوڕێ و هاوڵانمان کرد کە بێن و لەم جەژنەدا بەشدار بن، دەهاتن و ئوستاد عوبەیدوڵا ئەوپەڕی میوانداری بەجێ دەگەیاند و لەگەڵ خواردن و گۆرانی و خوێندنەوەی شێعر، باس و خواس و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەم جەژنەمان دەکرد. زۆر کەمی خایاند ئوستاد عوبەیدوڵا عەمری درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشت من مامەوە و بەڵێنی من بە ئوستاد و جەژنی بێڵندانای کوردی.

بۆیە بریارم بە ئوستاد عوبەیدوڵا دا و تا ئێستاش دەستم لەو ڕێیە بەرنەداوە و ئەم جێژنە مەزنەم بەناوی ئەرک و ئەمەگ بۆ دڵسۆزی دوکتۆر سەید عوبەیدوڵا ئەیوبیان مەرکەزی دەستبەکاربووم.

لە چەندین گوند و ئاوایی وەک کەرێزەی شێخانی مەهاباد، شیلاناوێی مەهاباد، قزڵقۆپی مەهاباد دیارە ئەم ئیشە نەیدەتووانی سەرکەوتوو بێ مادام پشتگیری و بەشداری هاوڕێیانی زێدەبەڕێز و دڵسۆزم و سەرجەم خەڵکانی دڵپاک و میوانگری ئەم ئاواییانەی ئەم جەژنەم لێ بەڕێوەبردوون لەگەڵ نەبێ، دەبێ ئاماژە بەئەمەش بکەم بەڕێوەبردنی ئەم جێژنانە کەمکەم بووبەهۆی وەبیرهێنانەوە و پەرەگرتنی لە شار و گوند و ئاواییێکانی دوور و نیزیک وەک شاری بۆکان و پیرانشار و نەغەدە و سەقز و سەردەشت،هەڵوێ ڕەبەت،

قەڵەڕەشە، بێوران، دیواڵان، نەستان و مەهاباد، دەیان و سەدان ئاوایی شارەکانی کوردستان.چەندین بەرنامەی وتوو ویژ و دیمانە لە کاناڵەکان و ڕۆژنامەکان کرد. بەوەش دڵشادم بەڵێنی خۆم تا ئەوپەڕی ڕادەی تووانا بردەسەر و بەلای خۆم و نەتەوەم و ڕووحی پاکی ئوستاد عوبەیدوڵا ئەیوبیان مەرکەزی سەربەرزم.

## جێژنی بێڵن دانا

«بێڵن دانا» یەکێک لە کەوناراترین جێژن و کۆنەئاییینەکانی گەلی کوردە. لە ڕاستی‌دا «بێڵن دانا» چەشنی زۆربەی جێژن و ئایینە کەوناراکان، میراتی باب و باپیرانە. لەو نێوەدا «بێڵن دانا» یەکێکە لەو دابونەریتە کە لانی‌کەم مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ چوارهەزار ساڵ بەر لە ئێستا. تایبەتمەندێکانی ئەو جێژنە زۆر گرینگ، زیندوو و بە ڕێژەی ئەو سەردەم و ئێستاشی لەگەڵ بێ پێشکەوتووانە بووە. بێڵن دانا لە چاو زۆربەی جێژنە نەتەوەیی و ئایینێ کانی تر ڕەگاژۆی کردووەتە نێو هەناوی تایبەتمەندێکانی میللی کوردەوە. ئەو جێژنە ئێوارەی سێسەد و بیست‌ویەکەمین ڕۆژی ساڵ یان چل‌وپێنجەمین ڕۆژی وەرزی زستان (۱۵ی ڕێبەندان) بەڕێوە دەچێ.

بەم تێبینییانەوە بەڕوانینێکی نوێ بۆ «بێڵن دانا» بەش بە حاڵی خۆم هەموو هەوڵم ئەوەیە ئەو جێژنە جوانە دیسان بەو شێوەی کە لە ڕابردوودا لەم ناوچە و هەرێمەدا باو بووە و بەڕێوە چووە زیندوو بێتەوە و لەو ڕێیەوە بەشێکی دیار و بەرچاوی کەلتوور و دابونەریتە ڕەسەنەکانمان مەترسی فەوتانی لەسەر بڕەوێتەوە. دیارە سامانی سەرەکی هەر نەتەوەیەک کەلتوور و ڕەسەنایەتی و هەموو ئەو دابونەریت و ڕێ‌وڕەسمانەن کە لە هەناوی مێژوو هەڵقوڵیون و لە ڕاستی‌دا و بە پێی ژیانی هاوبەشی و بەکۆمەڵی مرۆڤ فەوتانی هەر بەشێکی بەگشتی فەوتان و تێداچوونی بەشێک لە کەلتووری مرۆڤ و هەموو کۆمەڵگاکانی ئینسانییە. کە وابوو لە بنەڕەتەوە پاراستنی هەر بەشێکی، پارێزگارییە لە کەلتووری جیهانی.

جێی ئاماژەیە کە مرۆڤ لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی «بێڵن دانا» ڕاستەوخۆ پێوەندی بە سروشت دەگرێ و ئەو خاڵە دەکرێ وەکوو جیاوازی و تایبەتمەندێکی «بێڵن دانا» بێتە ئەژمار. لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی «بێڵن دانا»، وەکوو بیروباوەڕێکی کەونارا کە ئاوێتەی ئەوین، شادومانی، خێر و بەرەکەت و... ، لە خوای مەزن داوا دەکرێ جەماوەرەکە لە پاڵ یەکتر و وێکڕا بە خۆشی و شادی بژین. سەردەمێک ئەم ڕۆژە لە ڕوانگەی خەڵکەوە گەلێک پیرۆز بووە و زۆر جار کە نیازی هەوڵێکی خێرخوازانەیان هەبووە تێکۆشاون تا ئەو هەوڵە خێرخوازانەیان ڕاست لەو ڕۆژە تایبەتەدا بەڕێوە بچێ. بە واتایەک ئەو ڕۆژە بۆ خەڵک ڕۆژی هاتی و پێگەیشتن هاتووەتە ئەژمار.

«بێڵن دانا» سەروبەندی ئەو ڕۆژانەی وەرزی زستان بەڕێوە دەچێ کە زەخت و گوشاری سەرماوسۆڵ خەریکە پاشگەز دەبێتەوە و بەرەو کزی دەڕوا. «بێڵن دانا» دوو وشە لە خۆ دەگرێ: بێڵ + دانا=(دانان) و ئەو کاتە و سەردەمە بەڕێوە دەچێ کە بە ڕواڵەت وەکوو کورد دەڵێ: «شەختە و سەرمای زستان تەشقی شکاوە و زەوی بەرەو گەرمبوون چووە؛ هەر چەندی بەفر بباریَ تازە خۆ ناگرێ و پێویست بە ماشتن ناکا. بێڵ و وەروەرەی بەفر ماڵین دەبێ بچنەوە کەلێن و سووچ و قوژبنان و تاقەت بکرێن هەتا ساڵی داهاتوو نەیەنەوە دەرێ».

«بێڵن دانا» بە پێی تایبەتمەندێکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ناوی گۆڕاوە و تووشی ئاڵ‌وگۆڕ بووە. لە موکریان ناوی «بێڵن دانا»ی بە سەردا بڕاوە، لە باشوری کوردستان لای گۆران و کەڵهورەکان لە کرماشان ناوی بۆتە «وەهاری کورد» و لە شوێنەکانی تری کوردستان وەکوو بۆکان و سەقز بە «سۆرانەی سەتەی مەڕی» ناودێر کراوە یان لە هەندێک شوێنی تر ناوی بووەتە «سەتانە سەتانە» واتە سەدەی کوردی یان بە «سووره سەتەی کوردی» دەناسرێ.

مامۆستا هێمن لە کتێبی ”چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگیز»دا دەڵێ: (بەڵام زۆر دوور نییە هەر بە بیری

من، مەردار لە ئاخر و ئۆخری مانگی «مێهر» بەرانیان دە مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریانگرتووە. بە زمانی خۆیان پێی دەڵێن میهرەجان و بە هەموو ڕۆژی خۆش دەڵێن «میهرەجان».

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەردێ و مەترسی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی «سەدە» کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن «بێڵن دانا» پێوەندیی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕدێ و جێژنی هەرەگەورەی مەرداره.پێم وانییە پێویستیی بە ڕوون کردنەوە بێ بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ، ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان).

مامۆستا هێمن هەر لەم پێوەندییەدا دەڵێ: «ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەو جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات پێوەندی بە ئابورییەوە هەیە. بە هاتنی بەهار لە ناوچەی موکریان تا دە ڕۆژان مەڕومالاتیان نەدەبردە دەرێ چونکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ساڵێکی تایفەیەکی شکاک مەڕومالاتەکەیان لە هەوەڵ ڕۆژی بەهار بردە دەرێ بەفر و سەرما پاکی مەڕومالاتەکەی لە بەین بردن و تێکڕا قڕیان هات هەر بۆیەش بەو دە ڕۆژەی دەڵێن، دە ڕۆژەی شقاقی.»

هەر وەکی ئاماژە کرا کاتی بەڕێوەبردنی «بێڵن دانا» دەکەوێتە ئاخری چلەی گەورە، یانی پازدەی ڕێبەندان. چەند ڕۆژێکی دەمێنێ بۆ بەڕێوەبردنی «بێڵن دانا» جمە وجۆڵێک دەکەوێتە نێو خەڵکەوە تا خۆیان بۆ «بێڵن دانا» ئامادە بکەن و ئەو کەل‌وپەلەی پێویستە وەلای نێن. شەوی ١٤ی ڕێبەندان خەڵکی گەڕەکەکان لە مزگەوت یان ماڵی کاکانکۆ (پیری ژێر) کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی لە بارەی چۆنیتی بەڕێوەبردنی جێژنەکە کەل‌وپەلی پێویست، ئەو ماڵانەی نیازیان بە یارمەتییە، ئاشت کردنەوەی ئەو بنەماڵانەی نێوانیان نییە، سەردانی ئەو بنەماڵانەی نەخۆشیان هەیە و داوای شیفا و چاوونەوەیان بۆ بکەن و زۆر کاروباری تایبەت بەم جێژنە و وێڕای هەموو ئەم باس‌وخواسانە.

شەوچەرە دەخۆن و قسەی خۆش دەکەن و غەم و خەفەت لە دڵ دەرداوێن. جا ئەو جار کاکانکۆ (پیری ژێر) بۆ دەسپێکی ئەو شەوە خۆشە ئەمر بە بەڕێوەبردنی کایەکانی تایبەت بەم شەوە دەکا. کایەکانی تایبەت بەم شەوە یەکجار زۆرن و لێرە تەنیا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم: «گۆڕێن یا جۆرابێن، پشکیلان، وزوزێن، دامە، میرمیرێن یان پاشا و وەزیرێن، جگێن، بازەڵێن، ئەسکەملە، تاقمانەجووت، قوماری مەزرەق، تەرکی بن بەرە، حەلۆ حەلۆی بە شەقان، زۆرەبانی، چاڵەهەرزن، شەیتانۆکە، شێعر شێعرێن، قسەی خۆش و مەتەڵۆکە، حەکایەت، گەڕەلاوژە و کەڵەمستێنە.

زۆربەی کایە و یارییەکان بە بەشداری سەرجەم حازربووان بەڕێوە دەچێ. جاری وایە هەتا زەردەی بەیانی پەیدا دەبێ ئەم بەزم و خۆشییە هەروا بەردەوامە. بەیانی زوو جەموجۆڵێک کە ماوەیێک بوو بە هۆی سەرما و سەخڵەتی بەدی نەدەکرا، دەکەوێتە نێو خەڵکەکە. هەندێک بە دووی دار و چرپی‌وچاڵ دەکەونە بەندەنان و و ئەوەندەی توانیان کۆی دەکەنەوە و لە کۆڵی دەدەن و دیهێننەوە یان ماڵ‌ودار دەکەن و هەر کەس لە ماڵە خۆیڕا بەشداری خۆی دێنێ و هەموویان دەیبەنە ئەو شوێنەی کە بۆ جێژنی «بێڵن دانا» تەرخان کراوە. بەو شێوە کۆما دار کۆ دەبێتەوە وەکوو قۆری گیا. ئینجا دارێک لە نێوەڕاستی ئەو کۆما و چوار داریش لە چوارگۆشەی دەچەقێنن، هەرکام لە دارەکان شتێکی پێ‌هەڵداوەسن کە هەر کام نیشانە و سیمبول و هێمای بابەتێکە:

١ـ خیگەئاو: بە نیشانەی تەڕەساڵی. یانی: (ئەو ساڵ ئاو زۆر دەبێ).
٢ـ گۆشت: بە مەبەستی زۆر بوونی ئاژەڵ. یانی: (ئەو ساڵ ئاژەڵمان زۆر دەبێ).
٣ـ نان: بە نیشانەی زۆر بوونی ڕزق‌وڕۆزی. یانی: (نان و دەغڵ‌ودانمان زۆر دەبێ).
٤ـ مازوو: بە نیشانەی بەروبۆی جەنگەڵ. یانی: (بەرهەمی چیا و جەنگەڵ زۆر دەبێ).

ئەوجار ئاگرەکە دادەگیرسێنن و پاش ئەوەی گڕی ئاگرەکە خۆش بوو، دارە چەقیوەکەی نێوەڕاست کۆمادارەکە دەسووتێ و هێورهێور بە لایەکدا دەکەوێ. خەڵکەکە تەواو چاوەڕوانن تا بزانن دارەکە بە کام لادا و بە سەر کام داردا دەکەوێ کە شتەکانی پێهەڵاوەسراوە. بەم شێوە دارە سووتاوەکە بە هەر لایەکدا بکەوێ و بەرەو هەر هێما و سیمبولێکدا بشکێتەوە، دەڵێن ئەم ساڵ ئەو شتە زۆر دەبێ. بۆ وێنە ئەگەرکوو دارە سووتاوەکە بەرەو نانە هەڵواسراوەکەدا بکەوێ، دەڵێن ئەم ساڵ رزق‌ورۆزی و دەغڵ‌ودان زۆر دەبێ. [ئەوەندەی لە بەتەمەن و بەساڵاچووانم پرسیوە گوتوویانە زۆر جار تاقیمان کردووەتەوە و دارە سووتاوەکە بە هەر لایەکدا کەوتووە و لە هەر نیشانە و سیمبوولێک نزیکتر بووە، ئەوێ ساڵێ ئەو شتە زۆر بووە.] لاوەکان و خەڵکەکە بەگشتی وێڕای چنینی دارەکان، کۆ دەبنەوە و لە پاشان بە پێکەنین و خۆشی وە سەربانی ماڵان دەکەون و لە خاوەن‌ماڵیان دەوێ چێژنانەیان بداتێ.

کوردەکانی کرماشان و لوڕستان ناوی ئەم جێژنەیان بە «بەهارا کورد» ناودێر کردووە و لەو ڕۆژەدا ئەم هەڵبەستە دەڵێنەوە: «ئوساخویی و چە گوژی، خودا کوری نەکوژی، ئیمشەو سەرەو وەهارە، شادی وە ماڵتان بوارە.»

عێلات و کوردەکانی ئیلام دەڵێن: «هیلی مەلی دەستی کەیوانووە زیر و پلی، تیمشەو سەرەو وەهارە، ئیییەوە هونەت بوارد. یانی ئەی کوڕان و کچانی کابانی دەست‌وپەنجە زێرین، ئەم شەو سەرەو بەهارە، خێر لە ماڵتان بباریٚ. لاوەکان کە وە سەربانی کەوتن، خاوەن‌ماڵ بە ئەرکی خۆی دەزانێ هەرچی بۆی بووز دەخوا و لە دەستی دێ بیدا بەو لاوانە. ئەو شتانەی خاوەن‌ماڵ دەیدا بەو لاوانە ڕەنگە بریتی بن لە: پووڵ، گێوژ، مێوژ، بادام تەنانەت جاری وایە بەرخ، مریشک، نان و ڕۆنی خۆماڵی یان هەر چی هەیانبێ.

ئەوەیکە لێرە بە پیرشالیاری دووەم ناومان هێناوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە لای هەندێ لە توێژەران و مێژوونووسان سەردەمی هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان پیرشالیاری (یەکەم) مۆغێکی زەرتوشتی بووە و دواتر هاتووەتە سەر دینی ئیسلام. بەپێی گێڕانەوە و سەرچاوەکان سەردەمی ٢٠ جیاشا (٦٩٨ کۆچی) پیر موحەمەد مەردۆخ هاتووەتە هەورامان و سەردانی پیرشالیاری دووەم و شێخ شەهابی دزاوەری کردووە٢١.پیر شالیاری دووەم یا هەمان (پیش الله یار) ناوی سەید موستەفا بووە٢٢.گوایە وەچەی پیر شالیاری [دووەم] لەگەڵ ماڵباتی ڕوخزادیەکان و سەیدەکانی خانەگای پاوە هاوپشتن٢٣.کاتی خۆی [ژمارەیەک لەو] نەوەدونۆ کەسەی هەورامانی لە خوێندنی شەرع (علم ظاهر) و سۆفیگەریدا (علم باطن) پێ گەیاندووە. [کە ئێستەش بە نەوەدونۆ پیری هەورامان دەناسرێن.٢٤ ] پیرشالیاری [دووەم] مۆریدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە. [کاتی خۆی چووەتە بەغداد و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان.] کتێبێکی پڕ لە پەند و ئامۆژگاری بە ناوی «ماریفەتوو پیرشالیاری٢٥» بووە و خەڵک لەبەریان کردووە. کەسێکی پارێزکار و دیندار بووە٢٦.دوو کوڕی بە ناوی حەسەن و ڕاسم (هەمان ڕۆستەم) بووە. لە حەسەن وەچەی لێ نەکەوتووە. گوایە لە کاتی زەماوەندەکەیدا حەسەن بە سەر کۆڕی شایییەکەدا هەڵفڕیوە و بە هەورامی گوتوویە: هەم زەمانا هەم زەماوەندی / مەرتەبەم بەرزا ئەو سەروگەردی [واتا: هەم زاوام و هەم زەماوەندی منە، پێگەم لە هەموو ئەوانەی ئەو کۆڕە بەرزترە]. بە دەم هەڵفڕینەوە٢٧ ئەو شێعرەی دووپات کردووەتەوە. پیرشالیاریش [لێی تووڕە دەبێ بەو ئاکارەی] و دەڵێ: گوم بە [لەبەر چاوم] و بڕۆ نهێنی بیت. بەو شێوەیە حەسەن ون دەبێ و شایییەکە دەبێتە شیوەن. ئیتر حەسەن بێ سەروشوێن دەبێ. یادی ئەو زەماوەندە هەموو ساڵێک لە هەورامان دەکرێتەوە. پیرشالیار

لە پیر ڕۆستەم وەچەی لێ کەوتووەتەوە و بە سۆفی ناسراون. ٢٨
بۆچوونێکی دیکە هەیە لەسەر پیرشالیار کە دەماودەم خەڵک دەیگێڕنەوە و جیاوازە لەوەوی سەرەوە: پیرشالیاری کوڕی بابا خوداداتی زەردەشتی خەڵکی هەورامان بووە کە لە ئایینی زەردەوشتەوە هاتووەتە سەر ئیسلام.٢٩گوایە بابا خودادات بازرگانێکی نموونەی هەورامان بووە و سەردانی وڵاتانی کردووە. لە شاری بەغداد، حاکم بێ هۆ و بێ تاوان دەیگرێت و ماڵەکەی تاڵان و بۆخۆیشی زیندانی دەکات. پاش ماوەیەک کە دەرئەکەوێت بازرگانەکە تاوانی نییە و کەسێکی پارێزکار و خواسخوایە، ئازادی دەکەن و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەورامان. سەردانی پیاوی ناسراو و گەورەی موسڵمانە هەورامیەکان واتا «پیر سەروو» یا «موحەمەد دیکلە» ٣٠ دەکات. باباخودادات باسی زڵمی عەرەبەکانی بۆ دەکات کە لە بەغداد چی بەسەری هاتووە. دیارە بەینایەتی باباخوداداتی زەرتەشتی و پیر سەرووی موسڵمان خۆش بووە و وەک دوو پارێزکاری هاوڕێ بوون. جارێک باباخودادات لەگەڵ پیرسەروو قسە دەکات کە دۆعای بۆ بکا بۆ ئەوەی بەشکوو خودا کوڕێکی پێ ببەخشێت. پیر ڕایدەسپێرێ کە چل ڕۆژان دوور بکەوە لە خێزانەکەت و لە کونەمەغارێ دوورەپەرێز چلە بکێشە و دەروونی خۆت پاڵاوتە بکە. پاش بەجێ هێنانی ئەو ڕاسپاردەیە خێزانی بابا خودادات دووگیان دەبێ و لە وەرزی زستان شالیارە لەدایک دەبێت. کاتێ هەواڵی بەدنیا هاتنی شالیار بە پیر سەروو ئەدەن یەکسەر دەبێتە جەژن و شایی و هەڵپەڕکێ. ئەو ڕۆژە هەمان چوارشەمەی هەفتەی دووی ڕێبەندان بووە کە ئێستەش خەڵک بە ناوی زەماوەندەکەی پیرشالیار دەیناسن و ڕێوڕەسمی بۆ دەگرن٣١.جا گوایە پاش مردنی باوکی شالیار دەبێتە موسڵمان و ئەو شوێنەی باوکی چلەی تێدا کێشابوو دەبێتە چلەخانەی ئەویش و ساڵانە لەوێ جارێ و چەند جار خەڵوە و چلەی خۆی کێشاوە و کاری خۆسازی و ڕازونیازی خۆی لەگەڵ پەروەردگار ئەنجام داوە.
ناونیشان: ئەو چلەخانەیە دەکەوێتە خوار زیارەتانی پیرشالیار بەرەو دۆڵە قووڵەکە لە ئاوایی هەورامانی تەخت، دیوێکی چکوولەی وشکەچنە کە بە زۆر دوو کەس بەدانشتنەوە تێیدا جێ دەبێتەوە.

سێهەم: چلەخانەی عەبداڵسەمەدی

عەبداڵسەمەدی کوڕی [پیر] عبدالحمید کوڕی پیر ڕۆستەم (موحەمەد حسێن) کوڕی پیر خزری شاهۆ بووە. مەزاری پیر ڕۆستەم لە ئاوایی سەوڵاوایە٣٢.ئەو پیر ڕۆستەمە خوێندەوار نەبووە، بەڵام کەسێکی بەهێز و پڕوپتەو بووە. [هەر بۆیە نازناوی ڕۆستەمیان پێداوە. دەماودەم وا هاتووە عەواڵسەمە سەرەتا لە حوجرەی مەولانا ئەلیاسی کەڵاتێ خوێندوویە. جا یا لای خۆی یا لای کوڕەکانی. دواتر چووەتە کاکۆزەکریا و بووەتە مۆریدی شێخ زەکریا. پاش تێپەڕاندنی پلە و قۆناغەکانی خوێندن و تەریقەت شێخ ڕایدەسپێرێ و ڕێنوێنی دەکات لە دۆڵی قۆزلووی ساراڵ سلووک بکات [و خەڵوە بکێشێ. لەو دۆڵەی پشت ئاوایی عەواڵسەمە بەرەو کەلبای دۆزەغەرە کە ئێستا بە ناوباخ دەناسرێ و هێشتا باخات و گوێزەکانی ماوە،٣٣ ] حەوت ساڵان لەوێ ماوەتەوە. گوایە هەرچی دەعبا و دڕندەی کوێستانی ساراڵ بووە لە دەوری کۆ بوونەتەوە [و خوویان پێ گرتووە.] خەڵک لێی دەپرسن کە چۆن وەڕەز نەبوویی و ڕۆژگارت لێ گوزەراوە لەوەی کە هیچ ئینسانێکت لێ نزیک نەبووە. عەواڵسەمە بێدەنگ دەبێ و هیچ نایەژێ. شێخ زەکریا [پاش ئەوەی نیشانەی سالکی تێدا دەبینێ] و تاقی دەکاتەوە پلەی ئەبدالی پێ ئەدات و ئەینێرێ بۆ وڵاتی شام کە ئەوکاتە جێی ئەبداڵان بووە. پاشان کە گەڕاوەتەوە بە «ابدال صمد» ناسراوە. لە زمانی کوردی [ناوچەکە] لە جێی ئەبدال، عەبداڵ [/عەواڵ] بێژە دەکرێ. پاشان شێخ زەکریا دۆڵی قۆزلووی پێ ئەدات و عەواڵسەمەیی لەوێ دەست بە ژیانی خۆی دەکات و ئاوەدانی دەکاتەوە.

[هەتا ئێستا ئەو ئاواییە ماوە. گوایە سەردەمانی زوو هەمان ناوی قۆزلووی لەسەر بووە و دواتر ناوەکەی گۆڕدراوە بە عەواڵسەمەیی. وەک باسی دەکەن تا پێش ئینقلاب بەشێک لە شۆرەتی بنەماڵەکانی عەواڵسەمەیی پاشگری قۆزلووی پێوە بووە، وەکوو: حوسێنی قۆزلوو.] وەچەی٣٤ عەواڵسەمە ئێستە لە ئاواییەکانی عەواڵسەمەیی، گیزمل، کەمێز، ئاڵەولاغ و تازاوای قازی عەلیدا هەیە٣٥.

لە فەرهەنگی دێهخودای فارسی بەم جۆرە باسی ئەبداڵ کراوە: بەشێکی دیار لە پیاو ساڵحان و خاس خواکانە کە هەمیشە لە سەرزەویدا هەن و دنیا بەوانەوە ماوەتەوە. کاتێ یەکێ لەوان دەمرێ پەروەردگار یەکێ تر لە شوێنی دادەنێ. هەمیشە ژمارەیان حەوت و بە قسەیەک هەفتاد کەسن لەسەر زەوی. ئەوانە عارفی گەورەن و خاوەنی سیفاتی بەرزی خوداییں. یەکێ لە نیشانەکانی ئەوان ئەوەیە منداڵی نێرینەیان نییە. ئەوانەی باوڕیان بە ژمارەی هەفتا ئەبداڵ هەیە، ئێژن: هەمیشە چل ئەبداڵ لە شامە و سی دیکە لە شوێنەکانی دیکەی زەویدایە. خاڵێکی گرینگ لێرە دەبێ باس بکرێ کە باسی عەواڵسەمەیی قۆزلوو لەگەڵ ئەو باسەی دێهخودا یەک ناگرێتەوە. واتا عەواڵسەمەیی قۆزلوو کوڕێکی بە ناوی بەدرەدین بووە و لەو کوڕەی وەچەی لێ کەوتووەتەوە و تا ئێستەش درێژەی هەیە.

چەند شێعری کوردی لەسەر ئەبداڵان:

چراخ «ئەوداڵان» چراخ «ئەوداڵان» / پەیم کەردی تەواف بارگەی «ئەوداڵان»،

سەراسەر عومرم گرد شۆ بە تاڵان / جاگەم نە بەر بۆ نە پای «ئەوداڵان» (مامۆستا بێسارانی)

هەر «هەفت ئەوداڵان» قوتبی رووی زەمین / چون «اصحاب الکهف» دایم غارنشین،

«عەوداڵانی» بەرز بەرز بۆ پایەشان / هیممەت یار کەرە حەق دۆ وایەشان،

یا «عەوداڵ» «سەیدی» هاوار وە تۆشەن / دیدەش بە دیدار یار کەری رەوشەن،

ئارەزووی کەردەن چون قەدیم ساڵان / بشوون پەی تەواف بارگەی «عەوداڵان»،

تەماشای جەرگەی کۆڵاڵان وەشەن / سەیری سەربەرزان «عەوداڵان» وەشەن،

یا «ئەوداڵ» فەریاد نامت مەشهوورەن / هیممەت یار کەری کار بە زەروورەن. (سەیدی هەورامی)

وە ئەوداڵ نەکەم وە ئەوداڵ نەکەم / تاکەی چون قەیس خۆم وە ئەوداڵ نەکەم. (مەولانا خالیدی شارەزووری)

گەهێ سکووتی گەهێ ناڵانی / گا چون «ئەوداڵان» وێڵ ماڵانی. (سەید یاقۆی مایەشتی)

چەند شێعری فارسی لەسەر ئەبداڵان:

همچو ابدالان در صومعەها / کند از هر چە حرام است حذر،

در زاویە امروز بخندد لب زاهد / در صومعە امروز بجنبد دل ابدال. (فەڕوخی سیستانی)

عقل ابدالان چو پر جبرئیل / می پرد تا ظل سدره میل میل. (مەولەوی بەڵخی)

شنیدم کە در روزگار قدیم / شدی سنگ در دست ابدال سیم. (سەعدی شیرازی)

ناونیشان: ئەو چلەخانەیە دەکەوێتە دۆڵی ناوباخ لە پشت ئاوایی عەواڵسەمەیی. شوێنێکی دیار نییە کە بەدڵنیاییەوە بزانین کام کەلێن و کەلەبەری ئەو دۆڵە بووە. ئەوەندەی دیارە کە هەموو دۆڵی ناوباخ تا کەلبای دۆزەغەرە سەر بەو چلەخانە پیرۆزەیە.

چوارەم: چلەخانەی شا نەعمەتولای وەلی

لە نورالانوار سەبارەت بەم پیاوە ئاوا نووسراوە: شاهـ نەعمەتولای وەلی کوڕی شێخ زەکریای خالدی لە شاری کرمان لەدایک بووە. [دایکی ناوی بیبی ئەراک کچی حاکمی بەڵخ بووە.] لە تەمەنی ١٨

ساڵان خوێندنی تەواو کردووە. پاشان بە ڕاوێژی باوکی تا ٤٠ ساڵی لە کێوی کەندە خەریکی خەڵوەت و چلەکێشان بووە. ئەو شوێنە ئێستە بە چلەخانە دەناسرێتەوە و کێوەکە ناوی کەنەسوورەیە. پاش مردنی باوکی بەرەو بەغداد سەفەری کردووە و لەوێ لەگەڵ کچی شێخ شەرەفەدین نەوەزادەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی هاوسەرگیری کردووە. دواتر بەرەو شام و مەککە و یەمەن و میسر و هێندوستان چووە. لە وڵاتی هێند دوژمنی لێ پەیدا دەبێ و نزیک بووە لەگەڵ موحەمەد سادقی کوڕی بیکوژن. سەرنجام لە کرمان گیرساوەتەوە. لەوێ شێخ زەکریای موهاجر دێتە لای و سلووک دەکا و دەخوێنێت و ئیجازەی مەلایەتی و ئیرشادی لە شاهـ نەعمەتوڵا وەردەگرێ. پاشان نامەیەک دەنووسێ بۆ حاکمی ئەوکاتەی کوردستان و داوا دەکات کە ڕێگە و جێگەی ئاوەڵا بکات کە شێخ زەکریای موهاجر لە ئاوایی بستی [ناوچەی هەوەتوو] بمێنێتەوە. لەسەر ڕاوێژی خۆی کوڕەکانی بە وڵاتاندا دەنێرێ کە لەوێ ئیرشادی بکەن: موحەمەد سادق دەگەڕێتەوە بۆ کاکۆزەکریا، عەبدورەئووف بۆ بەغداد و عەبدولحەفیز بەرەو شیراز دەڕوات. شاهـ نەعمەتوڵا کۆمەڵێ هۆنراوەی بووە و بەشێکی ماوە.٣٦

لە وەسیەتنامەکەی شێخ زەکریادا هاتووە:.. قریه کاکوزکریا با قریه چابلکان نذر متبرر نمود بفرزند دلبند خود یعنی شیخ نعمت الله بعد از خودش متصرف شود و جانشین خودش باشد. گڵکۆی شاهـ نەعمەتوڵا کەوتووەتە زیارەتانی کاکۆزەکریا لای باوکی و براکانی (بابا عەلی و پیر موحەمەد).٣٧

ناونیشان: لە سنووری نێوان ئاوایی کاکۆزەکریا و دەرەهەرد کێوی کەنەسوورە هەیە کە لە بەرزاییەکانی ئەو کوێستانە دوو شوێنەواری پیرۆزی بنەماڵەی شێخ زەکریا هەیە (یەکەم: باخێکی ترێ ناسراو بە باخە مێوەکەی شێخ زەکریا، دووهەم: چلەخانەکەی شاهـ نەعمەتوڵا)، چلەخانەکە نزیکە لە لووتکەی کێوەکەیە و بریتیە لە زنجیرە تاشەبەرد و گابەردێکی سەخت، لەناو ئەو بەردانە کون و مەغار و ئەشکەوتی چکوولە هەیە کە گوایە شوێنی چلەکێشانەکەی شاهـ نەعمەتوڵا لەوێدا بووە.

پێنجەم: چلەخانەی پیر یۆنسی هەنجیران ٣٨

پیر یۆنس کوڕی شێخ زەکریای شازەلی بووە. وەک لە کتێبی نورالانواردا هاتووە (لاپەڕە ٦٢ - ٦٤) لەو مڵکانەی بووەتە میراتی بنەماڵەی شێخ زەکریا، جگە لە بێساران و هەنجیران، ئەوانی دیکە کڕدراوی خۆی بووە یا پێشکەشی مالکەکانی ناوچەکە بووە بە شێخ زەکریا. پیر یۆنس کاتی خۆی لە مزگەوتەسوورەی قەڵای مەریوان لە بەردەستی کابلەسوورە خوێندوویە. میر خالید کوڕی میر حەمزەی بابان٣٩ کچەکەی خۆی لە پیر یۆنس مارە دەکات. کاتێ پیر یۆنس بەرەو هەنجیران دەڕوات دوو مۆریدی بە ناوەکانی پیر داوود و پیر موحەمەد و دوو شوانی لەگەڵ بووە. مەزاری ئەو کەسایەتیانە لە گۆڕستانی هەنجیرانە. گۆڕی شوانەکان لە ڕاست و چەپی مەزاری پیر یۆنسە و چەند داری تایلە لە سەر گۆڕەکەیانە. هەنجیران ئاوەدانکراوی دەستی پیر یۆنس بووە. سێ کوڕی بووە: ئیبراهیم، عیسا و مووسا. مەزاری سەید ئیبراهیم کەوتووەتە لای سەرووی گۆڕستانی هەنجیران. واتا لە بەری پشتەوەی مەزاری پیر یۆنسە. کاتی خۆی هەنجیران بڕاوە بە سەید ئیبراهیم و وەچەی ئێستەی بنەماڵەی پیر یۆنس لەو ئاواییە هەموو بۆ ئەو پیاوە دەگەڕێتەوە. لە سنووری هەنجیران هەواری سۆڵەش بووە کە دواتر بووەتە ئاوایی و مڵکی سەید عیسا بووە. مەزاری ئەو پیاوە لە گۆڕستانی سۆڵەیە. پاش ئەوەی سۆڵە چۆڵ دەبێ خەڵکەکەی هەر لەو نزیکە ئاوایی هانەشێخان دروست دەکەن. سەبارەت بە شێخ مووسا دەگوترێ کە منداڵی نەبووە. مەزاری لە ئاوایی نچییە. بەگشتی وەچەی پیر یۆنس لە ئاواییەکانی هەنجیران، هانەشێخان، هەنگەچینە، سەردۆش و شاری سەید سادق هەیە.

نووسەری نورالانوار ئاماژەی بەوە کردووە لە کۆتایی قورئانێکی دەستنووس، پیر یۆنس بە خەتی خۆی سەبارەت بە مڵک و میراتی نووسیویە: وقفت قریە انجیران علی اولادی و احفادی لا مرتبا و لا مشوشا وقفا لا یباع و لا یوجر و لا یوهب و لا ینذر و هم یصرفون المنافع علی انفسهم و ورادهم و طلبتهم و فقرائهم الواقف الاثیم یونس بن زکریا الشاذلی الحسنی، ربنا تقبل منا انک سمیع الدعاء.

کاتێ قزڵباشەکانی سەفەوی ساڵی ١٠٤٦ کۆچی ئاواییەکانی تووار و کاکۆزەکریا تاڵان دەکەن و بەرەو ناوچەی مەریوان و هەنجیران ڕێ دەکەون. شێخ شەهابی کاکۆزەکریا لە خوا دەپاڕێتەوە کە لەبەر خۆشەویستی پیر یۆنس ئەو سپایە تا دەگەنە هەنجیران لەناو بچن. گوایە لە دوو هەزار سەربازی قزڵباش نیوەیان لە هەنجیران بە نەخۆشی زەحیری دەمرن و ئەوی تر لە گەڕانەوەدا دەفەوتن٤٠:

پیر یۆنس هانا پیر یۆنس هانا / مەزڵوومان دائیم لای تۆشەن هانا
نەبیرەی ئەکرەم شاهـ مەردانی / فەرزەند دڵبەند شێخ زەکریانی
پەی وایەمەندان عەجەب دەرمانی / چون شێر کەمین حازر مەیدانی
ئینتقام جاگەی بابای ئەکرەمت / بە شەپۆل کین قەلب قولزمت
بستان جە لەشکر دوژمن بێ ئەندێش / نەمازی یەکێ بشۆ وە جای وێش
«شەهاب» هەرچی هەن نەسڵ ڕەسووڵەن / زوڕڕیەی تاهێر عەلی و بەتوولەن

لە ملەی شێخەڕووتەی هەنجیران دۆڵێک هەیە بە «بەردی خەڵوە» دەناسرێ. لای بەردەڵان و ئەشکەوتەبەردەکانی بەردی خەڵوە شوێنی چلەکێشانی پیر یۆنس و شێخەکانی ئەو بنەماڵەیە بووە. دەگێڕنەوە جارێک سپایەک بەو ناوچەیەدا گوزەر دەکات فەرماندەی سپاکە بەرەو بەردی خەڵوە دەچێ و زیارەتی پیری خەڵوەتگە دەکات. پیر یۆنس زەمێڵکەیەک هەنجیری پێ بووە و بەشی هەموو سپاکەی داوە. ئینجا ڕەوانەی کردوون و دۆعای بەخێری بۆ سپاکە کردووە.

پیر یۆنس کەسایەتیەکی زانا و دانا و شاعیر بووە. ئەگەرچی ئێستا تەنیا پارچە شێعرێکی لە کتێبی نورالانواردا بەردەستە: ٤١

بنازید ای مسلمانان بە باب من کە سلطانم / بە لطف خود کنم اعطا چرا سلطان دورانم
نبارد قطرە باران کە خارج شد از امرم / تعالی اللە چە سان نافذ نمودە حکم و فرمانم
گهی با باد می آیم گهی با ابر می نالم / گهی من جوهر فردم گهی من مهر تابانم
زمان و هم مکان محکوم حکم شدە بی شک / پدر باش زکریا جد اهدل شاە دورانم
همە باشند فرع شاذلی کز سبط پیغمبر / امام مجتبی یعنی حسن آن شاە شاهانم
اگر پرسی ز من یونس منم سلطان این دورانم / کریم ابن اکریم ابن الکریم و خاص خاصانم

شەشەم: چلەخانەی مەلا ئەبووبەکری چۆڕ

ناوی حەسەن و نازناوی ئەبووبەکر و لای خەڵک لەبەر زۆری دانراوەکانی بە «مصنف» ناسراوە. کوڕی هەیداتوڵا و بە چەند پشت دەگاتەوە پیرخزری شاهۆ. ساڵی ٩٠٩ کۆچی [لە ئاوایی پیرخێران] لەدایک بووە و بۆ خوێندن گەلێک حوجرەی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر گەڕاوە. ساڵی ١٠١٤ کۆچی لە چۆڕ فەوتی کردووە و هەر لەوێ نێژراوە. سەردەمی ژیانی هاوکات بووە لەگەڵ شەڕی نێوان قزڵباشەکانی سەفەوی و سپای عوسمانی لە خاکی ئەردەڵانەکاندا. [ئەو پیاوە کاتێ لە مزگەوتی ئاوایی مووشڵە [وشکێنی ئێستە] مامۆستا بووە] هەڵۆخان داوای لی دەکات ببێتە مامۆستا مزگەوتەسوورەی قەڵای ئیمام، هەروەها مڵکی کوێستانی قەلەبەرد و کانی چۆڕیشی پێ ئەدات. ماوەی هەژدە ساڵان لە

مزگەوتەسووره بووه. ئینجا له دەوری کانی چۆڕ حەوز و مزگەوت و خانووبەره دەکاتەوه و ئاوایی چۆڕ بنیات دەنێت.٤٢بەپێی هۆنراوەیەک له کتێبی «ریاض الخلود»، مەلا ئەبووبەکر ساڵی ٩٨٩ کۆچی دووری گرتووه له پرینچکی شەڕی قزڵباش و عوسمانیەکان و ڕووی کردووەته کوێستانی قەڵەبەرد و له داوێنی ئەو کێوه لەگەڵ پەروەردگار ڕازونیازی کردووه و بەرهەمەکانی نووسیوه.٤٣

در آندم کین معانی روی بنمود / ز هجرت نهصد و هشتاد و نه بود
زمانی پر فتن دوری پر آشوب / نی دانش مطلب و نی علم مرغوب
تو گویی هر دم از چرخ مقوس / غم و اندوه باریدی به هر کس
خصوصا بنده را در کوهساری / دهی بود از ولایت برکناری
گهی از ظالمان اهل اسلام / به غارت می شدی در صبح و در شام
گهی از شر کفار قزلباش / شدی پنهان به هر شعب و به هر تاش

دیاره ئەو شەڕه ساڵانێکی زۆر وێرانی بەسەر کوردستاندا هێناوه و پاش ساڵی ٩٨٩ کۆچیش له ناوچەکه خەڵکی کوشتووه. بۆ نموونه له باسی کاول کردنی ئاوایی تووار و کوشتنی باوک و برای عەبدوسەمەدی تووداری و برینداربوونی خۆی و دواتر دەرچوونی بۆ لای شێخ شەهابی یەکەم له کاکۆزەکریایی و لەوێش تاڵان کردنی ئاواییەکه و بردنی میرات و زێڕه یادگاریەکانی شێخ زەکریا لای شێخ شەهاب، هەموو ئەوه دەر ئەخەن که چەندە شەڕی ئەو دوو سپایه وێرانی بەسەر کوردستاندا هێناوه.

ناونیشان: کوێستانی قەڵەبەرد هاوشانی کوڕەی میانه و پیازه و چلەخانەی پیرخێران هەڵکشاوه بەرەو ئاسمان، بەرزاییەکەی ٢٥٥٦ مەتره و به مڵکی چۆڕ دەناسرێ، له داوێنی قەڵەبەرد له خوار کانی پەڵەکان چلەخانەکه هەڵکەوتووه که شوێنێکه پڕ له داری بەڕوار و مازواری کۆن، شوێنەواری پارده و دیواری چلەخانەکه هێشتا ماوه.

**تێبینی:**

خاڵێک که جێی سەرنجه هۆی دانانی ئەو چلەخانه کوێستانیانەیه له کوردەواری. چونکا وەک بەشێوەی گشتی له سەرەوه ئاماژەی پێ کرا هۆکاری مانەوەی سۆفیەکان له کون و کەلێنی کێوەکان له سەردەمانی زوو، دەرچوون له دەست دژایەتی زانایانی ئەهلی فیقهـ و ئوسووڵ بووه، بەڵام ئەوەی لای خۆمان جیاوازه. بۆ نموونه پیرخزری شاهۆ که بۆخۆی کەسی ناسراو و قەبووڵکراوی ناوچەکه بووه به ویست و خوازی خۆی چووەته ئەو کوێستانه و لەوێ چلەی کێشاوه. تەنانەت کاتێ ورد دەبینەوه له شوێنی سەرەکی چلەخانەکه که هەمان کانی پیرخێره و بەردەڵانەکانی پشت کانیەکه، یەکێک له خۆش بەرژەوەندترین شوێنەکانی کوردستانه. خەڵک باس لەوه دەکەن پیر خزر جیا له چلەکێشان، لەوێ به سەیرکردنی ئەو بەرژەوەنده خۆشەی کوێستانەکه سلووکی «آفاق و انفس»ی زیاتر پێواوه. یا چلەخانەی پیرشالیار، گوایه به ڕاوێژ و ڕاسپاردەی پیر و پێشەوای ناوچەی هەورامان، موحەمەد دیکڵە، باباخوداداتی زەرتوشتی لەو شوێنه چلەی کێشاوه. یا چلەخانەی کاکۆزەکریا، وەک نورالانوار باسی دەکا شاهـ نەعمەتوڵا کاتێ چووەته کێوی کەندەسووره و له تەمەنی ١٨ تا ٤٠ ساڵی لەوێ چلەی کێشاوه به ئەمری باوکی بووه. وەک دەزانین هەڵقەی دەرس وتنەوه و پەروەردەی سۆفی شێخ زەکریای باوکی تایبەتی و ناسراو بووه و نابێ له ترسی ئەهلی فیقهـ چووبێته ئەو کوێستانه. هەروەها سەبارەت به مەلا ئەبووبەکری موسەنفی چۆڕی که هۆکاری چوونەکەی بۆ کوێستانی قەڵەبەرد و دانانی چلەخانه بەهۆی دانەبڕان له نووسینی بەرهەمەکانی و مەترسی گیانی له دەست شەڕی قزڵباشەکانی سەفەوی

و سپای عوسمانی بووە. ئەو بۆخۆی زانا و فەقیهێکی ناسراو بووە و کتێبەکانی تا ئێستەش زۆرترین خوێنەری بواری خۆی هەیە.

**سەرچاوەکان**

• تووداری عەبدوسەمەد، نورالانوار، پەخشانگای حوسەینی نەسەب، سنە، ١٣٦٨
• سەودایی (شێخ ئیسماعیلی دۆڵان کوڕی شێخ حەسەنی کەسنەزان)، دیوانی سەودایی، ئامادەکردن: عوسمان موحەمەد ساڵح هەورامی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دارالحریە، بەغداد، ١٩٩٥
• شەیدا (مەردۆخی) قازی عەبدوڵا، تاریخ سلاطین هورامان، ئامادەکردنی: ئەحمەد نەزیری، پەخشانگای پەرتۆبەیان، سنە، هاوینی ١٣٨٣
• عەزیمی کەیۆمەرس؛ موحەممەد عەلی چلونگەر و ئەسغەر مونتەزر ئەلقائم، طریقت های صوفیه عامل همگرایی کردها به تشیع در کردستان از سال ٩٠٧ تا ١٤٠٠ ق.، گۆڤاری پژوهش های تاریخی زانکۆی ئێسفەهان، ژمارە ٢٤، ١٣٩٣: لاپەڕە ١٧ - ٤٢
• قەیۆمی بیدهێندی مێهرداد و سینا سوڵتانی، معماری گم شده خانقاء در خراسان سده پنجم، گۆڤاری مطالعات معماری ئیران، ژمارە ٦، ١٣٩٣
• مودەڕس مەلا عەبدولکەریم، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئانا، سنە، ١٣٨٩
• مورادی ئیرەج، گۆشەیەک لە مێژووی ئاوایی باقلاوا و قورئانە دەستنووسەکەی، گۆڤاری کەشکۆڵ، ژمارە ٧، مەهاباد، ١٣٩٦
• مورادی ئیرەج، روایت سفر مولانا خالد شهرزوری به کلاترزان: روستاهای پلوره و باقلاوا، کونگرەی مەولانا خالیدی شارەزووری، زانکۆی کوردستان، پاییزی ١٣٩٧ [ئەو وتارە یەکێک لە شەش وتاری کۆنگرەکە هەڵبژێردرا.]
• مورادی ئیرەج، شاعێرانی کۆنی کەڵاتەرزان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ١٣٩٨
• موسەنفی چۆڕی مەلا ئەبووبەکر، ریاض الخلود، ئامادە کردن: مەلا عارف مودەڕسی و سەید موحەمەد موسەنفی چۆڕی، پەخشانگای سیروان، تاران، ١٣٨٧
• موسەنفی چۆڕی مەلا ئەبووبەکر، سراج الطریق، ئامادە کردن: میرزای هەورامی، پەخشانگای کوردستان، سنە، ١٣٧٨
• مەردۆخ ڕۆحانی بابەشێخ، مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێڕان: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی ١، ئاکادمیای کوردی هەولێر، ٢٠١١

وتووێژەکان:

• مامۆستا ئەحمەد موسەنفی، خەڵکی ئاوایی کانیسپیکەی مەریوان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی و وتوویژ لە هاوین و پاییزی ١٣٩٨
• سەید هادی حوسەینی، خەڵکی ئاوایی سۆفیبلە، دانیشتووی شاری مەریوان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی و وتوویژ لە بەهاری ١٣٩٧ و هاوین و پاییزی ١٣٩٨
• عەزیز قادری، خەڵکی ئاوایی کاکۆزەکریا: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە زستانی ١٣٩٧ و هاوین و پاییزی ١٣٩٨
• موحەمەد قادرپوور و نەسرین عەزیزی، خەڵکی ئاوایی پیرخێران، دانیشتووی شاری مەریوان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە هاوین ١٣٩٨
• شێخ زاهێدی بارخودا، خەڵکی ئاوایی هەنجیران: وتوویژ لە زستانی ١٣٩٨
• عەلی باخودا ناسراو بە شێخ عەلی هەنجیران، خەڵکی ئاوایی هەنجیران: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە هاوین و پاییزی ١٣٩٨
•هیوا خودامی، خەڵکی ئاوایی هەزارکانیان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە هاوین ١٣٩٨
•خالید حوسەینی، خەڵکی ئاوایی عەواڵسەمە، دانیشتووی مەریوان: چەند پیوەندی تەلەفۆنی لە هاوینی ١٣٩٨

هەواڵنامەی کتێب

١ - دامەزرێنەری تەریقەتی سۆهرەوەردی، شێخ شەهابەدین عومەر کوڕی موحەمەدی (مردن: ٦٣٢ کۆچی) سوورەوەردی بووە.
٢ - عەزیمی، لاپەڕە ٢٣
٣- تووداری، لاپەڕە ٥٠ - ٥٣
٤- شێخ ابی الحسن (٥٩٣ - ٦٥٦ کۆچی) باوکی شێخ حەسەن باوکی شێخ خالێد دامەزرێنەری تەریقەتی شازەلییە بووە لە مەراکش. [تووداری، ١٣٦٨: ٤٨ - ٥١؛ ویکیپدیای فارسی، وشەی شاذلیە]
٥- تووداری، لاپەڕە ٥٣ - ٥٥
٦-عەزیمی، لاپەڕە ٢٣
٧- تووداری، لاپەڕە ٧٦ - ٧٩
٨- موورادی، شاعیرانی کۆنی کەڵاتەرزان، لاپەڕە ٨٧ - ٩٢
٩- تووداری، لاپەڕە ٧٦ - ٧٩؛ موورادی، شاعیرانی کۆنی کەڵاتەرزان، لاپەڕە ٩٥ - ١١٠
١٠- عەزیمی، لاپەڕە ٢٤
١١- ئەو شوێنانە لای سۆفیەکان و خەڵکی تر بە «رباط» دەناسرا.
١٢- دویرە واتا دەیری بچووک کە دەبێتە هەمان خانووچکە
١٣- قەیۆمی بیدهێندی، لاپەڕەی ٥
١٤- خانەقای شێخ حسەینە سوور لە نێوان ساڵەکانی ١٢٢٦ تا ١٢٧٠ کۆچی بناغەی دانراوە. کاتێ مەولانا خالێدی شارەزووری لە سەفەرەکەی هێندووستان پاش سنە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، لەناو ڕێگە سەردانی ئاوایی پلوورە و باقلاوا دەکات. بەرهێوانەکە لە مزگەوتی ناودێ و حەوزەکۆنێ و ناوهەمرۆکان، یادگاری ئەو سەفەرەی مەولانا بووە لە باقلاوا. یەکەم کەس لە باقلاوا کە تەریقەتی لەسەر دەستی وەرگرتووە شێخ عەبدوڕەحمان و کوڕەکەی شێخ حسەینە سوور بووە. کاتێ مەولانا دێتە باقلاوا خەڵک خەریکی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە دەبن. گوایە مەولانا لەو سەفەرە ڕایسپاردووە بە شێخ عەبدوڕەحمان کە خانەقایەک بکاتەوە. تا سەردەمێک کە مەولانا لە سلێمانی بووە شێخ ڕەحمان و کوڕەکەی چەند جار چوونەتە سلێمانی و تەریقەتیان تازە کردووەتەوە. ئەو خانەقایە تا سەردەمی پەهلەوی دووەم یەکێک لە شوێنە گرینگەکانی ڕێبازی تەریقەتی نەقشبەندی بووە. زۆربەی شێخانی ئەو تەریقەتە لە بیارە و تەوێڵێ و دوورۆ کاتی خۆی سەردانی باقلاوایان کردووە. زیاتر لە سەد ساڵ، میوانخانەی ئەو خانەقایە هەمیشە سفرەی ئاوەڵا بووە و سۆفی و ڕێبوار و هەژاری لێ نەبڕاوە. [موورادی، ١٣٩٧ (وتاری روایت سفر مولانا خالد شهرزوری به پلوره و باقلاوا)؛ موورادی، ١٣٩٦ (وتاری: خانەقای شێخ حسەینە سووری باقلاوا، دووهەم خانەقای نەقشبەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) چاپ نەکراوە]
١٥- وتووێژ لەگەڵ کاک فەرشاد غەریبی، دانیشتووی تاران، کوڕی دەروێش حوسەینی غەیسوور، کارمەند، تەمەن ٣٥ ساڵ: ١٣٩٧/٠١/٢٥
١٦- وتووێژ لەگەڵ کاک بێلان هۆشیار ئەحمەد، دانیشتووی هەولێر، کارمەند، تەمەن ٣٠ ساڵ: ١٣٩٨/٠٦/١٩ سەودایی، ١٩٩٥
١٧ تووداری، لاپەڕە ٩٤ - ٩٥
١٨ موسەنفی چۆڕی، سراج الطریق، لاپەڕە ١١٨؛ تووداری، لاپەڕە ٩٥
١٩- شالیاری یەکەم کوڕی جاماسب یەکێک لە مۆغە زەرتوشتیەکانی هەورامان بووە لە سەدەی یەکەمی کۆچی. [مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی ١، لاپەڕە: ٢ - ٣]
٢٠- مەردۆخی شەیدا، لاپەڕە ١٢٤؛ مودەڕس، لاپەڕە ٨٧ - ٩١
٢٠- تووداری، لاپەڕە ٢٩
٢١- تووداری، لاپەڕە ١٠٠ [دەماودەم لەناو خەڵکدا وا هاتووە کە پیرشالیاری دووەم کوڕی بابیل کوڕی مەسوود کوڕی سلێمان کوڕی فەزڵوڵڵا کوڕی موحەمەد کوڕی ئیبراهیم کوڕی حوسێن کوڕی ئەحمەد کوڕی عەلی کوڕی ئیمام جەعفەری سادقە.]
٢٢- دەکرێ لەو نەوەد و نۆ پیرەی هەورامان ئاماژە بکەین بە: پیر ڕۆستەم، پیر تەیمووری هەورامی، پیر تەهماسبی کرمانی، پیر زەڕین، پیر هەجیج، پیر حەیات ماچینی و تاد. لە هۆنراوەیەکی سەیدی هەورامی هەم ناوی پیرێکی هەورامان و هەم کۆنترین دەربڕینی هەورامان هاتووە: ئەز ئەوروموون مەکانم بی وڵاتم / سەرووپیری خوای کەردەن خەڵاتم.
٢٣- نەوەد و نۆ پیری هەورامان بەشێکیان هی سەردەمی کۆن و بەشێ تریان تازەن. قسە و ئامۆژگاری ئەوانە لە ناو خەڵکدا بە هەورامیدا هەیە بە «معرفت پیران: ماریفەتوو پیران» دەناسرێ. لە خەتم و زیکرەکان ئەو ماریفەتانە دەخوێننەوە. ٢٤- [شەیدا مەلا عەبدوڵای مەردۆخی، لاپەڕە ٨٤ - ٨٥] وێدەچێ مێژوونووسانی دیکە وەکوو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس و ئایەتوڵا مەردۆخ کە باسی کتێبی ماریفەتوو پیرشالیاریان کردووە، مەبەستیان گشت ئامۆژگاریەکانی ئەو نەوەدونۆ پیرەی هەورامان بێ.

٢٥- مودەڕس، لاپەڕە ٨٧
٢٦- لە دەقی دەستنووسەکە بە (طیران و پرواز کرد) هاتووە. دیارە کە مەبەست لە خۆهەڵکێشان و خۆگێڤ کردنە. واتا کوڕی پیرشالیار لەخۆبایی بووە بە پێگەی زانست یا کۆمەڵایەتی و خۆی سەرتر زانیوە لە میوانەکانی خۆی و باوکی.
٢٧-تووداری، لاپەڕە ١٠٠ - ١٠١
٢٨ - ئەو گێڕانەوەیەی ناو خەڵک بە جۆرێکی تر لە کتێبەکەی مەلا عەبدوڵای شەیدادا هاتووە: بابا موستەفا ناسراو بە پیرشالیار کوڕی باباخودادا وەچەیی سەید (ابیض) بووە. کاتێ جەهان ئارا کچی شا عەباسی سەفەوی تووشی نەخۆشی شێتی دەبێ، دەیهێننە ئاوایی بلبەر لە هەورامان و پیرشالیار دەتوانێ چارەسەری بکات. هەر بۆیە شا کچەکەی لە پیرشالیار پێشەوای تەریقەتی قادریە لە هەورامان مارە دەکات. پیرشالیار ناوەکەی دەگۆڕێ بە شابارە خاتوون. چونکا کاتی خۆی لە سەردەمی ئەمیر جیاشا و بابا مەردۆخ، شابارەخاتوون ژیاوە. هەر بۆیە پیرشالیار زاوای شاعەباس ناوی خێزانەکەی گۆڕاوە و هاوناوی کردووە لەگەڵ پیرشالیاری سەردەمی ئەمیر جیاشا. هەروەها یەکێ لە مۆریدانی پیرشالیاری سەردەمی سەفەوی ناوی شالیارە سیاوە بووە کە یەکێک لە شازادەکانی هێندوستان بووە و هاتووەتە هەورامان. [شەیدا مەلا عەبدوڵای مەردۆخی، لاپەڕە ٩٠ - ٩٦] کەواتە دەبێ ناوی چوار پیرشالیار لە هەوراماندا هەبێ: پیرشالیاری زەردەشتی (سەردەمی هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان ژیاوە)، پیرشالیاری دووەم (سەردەمی جیاشا واتا سەدەی ٦ و ٧ کۆچی)، پیرشالیاری سێهەم (سەردەمی شا عەباسی سەفەویە ژیاوە) و شالیارە سیاوەی هێندوستان.
٢٩- واتا موحەمەدی دووهەم یا دیکە
٣٠ - هەندێک دەگێڕنەوە کە باسی ئەو زەماوەندەی پیر شالیار بەهۆی هاوسەرگیری لەگەڵ شاهـ بەهار خاتوون کچی حاکمی وڵاتی بوخارادا بووە. گوایە ئەو خانمە کچێکی کەڕ و لاڵ بووە. باوکی بۆ ئەوەی چاک بێتەوە بە حەکیمان و زانایانی وڵاتەکەی و دەوروبەر دەڵێ: هەرکەس بتوانێ شاهـ بەهار بهێنێتە قسە، لێی مارە دەکەم. سەرنجام کەس لەو تاقیکارییە سەرکەوتوو نابێ و پیرشالیاری هەورامان ودم و زانایەکەی کاری خۆی دەکات و دەبێتە زاوای حاکمی بوخارا. جا یادکردنەوەی ساڵانەی ئەو زەماوەندە پەیوەستە بەو داستانەوە. لە هەورامانی تەخت جیا لەو ڕێوڕەسمی زەماوەندە لە ناوەڕاستی وەرزی بەهار جەژنی کۆمسای دەگرن. گوایە کاتی خۆی کەسێک بە ناوی دەروێش گومار لە ئاوایی دەمەیۆ هاتووەتە لای دەروێش مووسا لە هەورامانی تەخت بۆ چارەسەرکردنی کەمبوونی شیری مەڕ وماڵەکەی. پیرشالیار هەواڵی مردنی دەروێشی پێ ئەدا و ڕێنوێنی دەکا کەلەو بەردەی لای گۆڕەکەی دەروێش ببە و بیدە لە گوان مانگاکان یا بیکەرە ناو شیرەکەیان. ئێتساکە لە یادی کۆمسای خەڵک پاش بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکە لە بەردی کۆمسای کە دەکەوێتە خوار مەزاری پیرشالیار لێ دەکەنەوە بۆ فەڕ و پیرۆزی ساڵەکەیان دەشکێنن و دەیبەن. [شەیدا مەلا عەبدوڵا مەردۆخی، لاپەڕە ٤٢ - ٤٣]
٣١-مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس لە بنەماڵەی زانیاران لاپەڕە ٣٧٦ نووسیویە مەزاری پیر ڕۆستەم لە ئاوایی چاولکان حاجی عەبدوڵایە. لە وتووێژێک لەگەڵ سەید خالیدی حوسەینی تەمەن ٧٠ ساڵ خەڵکی عەواڵسەمە کە بۆخۆیان لە بنەماڵەی عەواڵسەمەیین ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەو زانیاریەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس پەیوەستە بە سەید عەبدولسەمەد وەچەی عەواڵسەمەیی کە مەزاری لە چاولکانە. هەروەها فەرموویان بەشێک لە بنەماڵەی ساداتی ئەو ئاواییە و دەرەوشکە، جانەورە و سوورەوان لە نەتەوەی ئەو پیاوەن.
٣٢ -تا سەردەمی پەهلەوی ناوی ئاوایی عەواڵسەمە، قۆزلوو بووە. تەنانەت ئێستاش لە ناسنامەی خەڵکی ئەو ئاواییە قۆزلوو نووسراوە. لە سنووری ئەو ئاواییە چەند شوێن و کێوی گرینگ وەکوو ساقەچەرموو، سوورهاڵ، سەرهاڵ، هارەوڕ، کەلبا، هەیە.
٣٣- لە شەجەرەنامەی بنەماڵەی سەید خالیدی حوسەینی ئەواڵسەمە ئاوا هاتووە: سید ناصح کوڕی سید خالد کوڕی سید
٣٤-شمس الدین کوڕی سید مکائیل کوڕی سید عبدالوهاب کوڕی سید محمود کوڕی سید مکائیل کوڕی سید عبدالله کوڕی سید جبرئیل کوڕی سید بایزید کوڕی سید یاسین کوڕی سید بدرالدین کوڕی عبدالصمدی کوڕی سید پیر عبدالحمید کوڕی سید محمد حسین (پیر رستم) کوڕی پیر خضر شاهۆ
٣٥- تووداری، لاپەڕە ٩٨ - ٩٩
٣٦- تووداری، لاپەڕە ٦٧ - ٦٩
٣٧- موڕادی، لاپەڕە ٥٥
٣٨-سپاس بۆ شێخ زاهیدی بارخودا وەچەی پیر یۆنس و دانشتووی ئاوایی هەنجیران کە بەشێکی زۆر لە زانیاریەکانی ئەم بەشە لەو بەڕێزەم وەرگرتووە.
٣٩- ئەو کەسەی کە بناغەی قەڵای مەریوان و مزگەوتەسوورەی لە سەدەی ٨ کۆچیدا دامەزراندووە.
٤٠-تووداری، لاپەڕە ٧٨ - ٨١ / ٤١-تووداری، لاپەڕە ٦٣/ ٤٢- تووداری، لاپەڕە ٩٦ - ٩٧؛ مودەڕس، ٣٧٩ - ٣٨٤ /
٤٣-موسەنفی چۆڕی، ریاض الخلود، لاپەڕە ٢٦٦



# نەوروز لە ناوچەی پان وبەرین ئەردەڵانا

ئیبراهیم ئەحمەدی(شاراوەک)

زۆربەی خەڵک،نیوەی مانگی رەشەمەیان بە نەوروزمانگ ناوئەبرد لەبەر ئەوە،لەو نیمەی ئاخرەوە تایبەتمندیەکانیان دەس پێئەکرد،هەرئیوارەکاتی تاریکان پیاوان رویان لە مزگەوت ئەکرد جاحیلان هێلکە شکێنیان بەدەنگ و زڵەوکەنینەوە دەس پێ ئەکرد ئەیان وت قولە بەسەرە،سەرە بەقوڵە، قوڵەبەقوڵە...(دوو سەرهیلکە ناویان قوڵەو سەرە بوو)دیانیان(ددان)ئەنا بەیەکا،هیواش هێلکەیان لێ ئەدا تا بزانن شلە یا سفتە ئەمجا سەرەیان ئەدا لەقوڵە یان پێچەوانە، دوو سەرهیلکەی هەرکام بشکیا،ئەوە دای نابوو،جۆریگی تر قەتار بوو لەسەر زەویا ۱۰دانە یا زیاتر هێلکەیان دائەنا دووکەس، لەم سەرو ئەوسەرەوە، دەسیان پێ ئەکرد بەرەندە کەسیک بوو وازوورتری ئەشکاند، مەبەس لەتاریکان شەرم لەپیرەپیاوان بوو بە هەوای جوانی جاحێڵی گاڵتەئەکرا،چوون باختی تیابووبەحەرامیان ئەزانی ،تاهەواتاریک ئەبوو،کایەکەدەوامی بوو.

کاریکیتر شاڵکێشان بوو،گەنجەکان لەسەربانەوە، شاڵ(پشتوێنیان)لەبانجەی ماڵەوە ئەکیشاخوارەوە،ئەوانیش نۆقڵ ،دەسکیش یان دەستکردیکی تر خوەیان ئەنا ناویوو،گریان ئەدا،هەڵەکیش را،ڕەنگ کردن هێلکەی کۆڵاو لەهەمووی ناوچەکە باوبوو بۆ دڵ خۆش کردن منداڵان،لەناودەسماڵی هەوریشما ئەبراو پێشکەش ئەکرا بەکۆروکچی چکولە.

ژن وپیاوی قەوموکەس بەبردن، خەنە،لەچک و... ئەچوانە ماڵی کەس مردوو باسەر بەخەنەبگرن لباسی ڕەش لابەن لەچکی رەنگامە بەن بەسەریانا ،ڕیش پێتاشن،کەلەقەن نۆقلی ڕەنگ واڕەنگ خەڵاتی بوودەزوران،یاکچی تازەشۆکردو وئەبرا،ساڵ تازەموارەکیش باوبوو.

کۆڵەچوارشەممە لەبڕێ جێگە رەونەقی بوو،وەکووشەو نەورۆزلەسەربانەوە یان لەسەرلوتکەی کێوە ئاگرروشن ئەکرا،کۆزی ئاگرلەشارەکانا ڕەونەقی بوو،شایانی باسە ،دانەدانەیک لەڕەوشنبیران بە حیکمەتیکی باشەوە چەژنی نەورۆزیان ،چەژنی شکەست و تێکچۆنی حاکمیەتی ئاماژە،ئەکرد،ڕوو لەکێوکردن گۆرانی وتن بە،پۆت،دایرە،سازو ودەوڵ،چەپڵە لێدان،کارێکی ئامەخێڵی بوو،لەسنە ڕوویان لە ئاوایی فەرەجە،ئاویەر،گردی گەڕول و... ئەکرد،هەڵپەرکی،چەپی،گەڕیان،زەنگی،سێ جار،مەریوانی،باوو بوو،مەنع لەگەنم وجوو(تێکەڵاوبوون )ئەکرا،بەهۆی بیروباوەرەوە.

سەمەنووپەزان،سەمەنی دروس کردن،لەهەرناوچەیکا شکڵی تایبەتی خۆی هەس،یان برساق کردن بڵاوکردنەوەی،لەکێف ودەشت و دەرا سەمەنی فڕەدان لەژینگە،هەرکەسیک ۱۳کوچک وردیان بەدزیەوە یالەبەرچاوەو وبەپشتا فڕەیان ئەدا ئەیان وت ئیش ومەینەتیمان بەوبەردانەوە بروا(بەدزیوە لەبەرئەوە ئەوکارەیان بەخۆرافات ئەزانی)،سوارخاسانیش بەلفکە وسۆرانیەوە سواری چاروا ئەوان،سەیروسەفای خۆیان ئەکرد، دۆڵمە خواردن،ڕشتەوپلاو،حەڵواپلاۆکردنەوەیش،جێگای تایبەتی،میرنەوروزی ،کۆسەکۆسەیش ،ئەکرا ئیسەجێگای خۆیان بەتەرەقە تەقاندن ،سووتان ،چاو لەدەسدان داوە.لەچوارشەمەکۆڵە،نەوروز،لەناو کۆڵان،ئاگرِ رووشن ئەکەن لەکناریا ،فشفشە،تەرەقە،کووزی،مووشەک،بەکارئەبە ،تەرقەی دەس ساز ئەتەقنن(زووریک ئازاری خەڵکی ئەدا لە هەواڵەکانا دێ ،دەس وچاو لەدەس دان....)لەناو گەرەکەکانا سازوودەوڵ لێ ئەدەن هەڵەپەرن ئەمە،تایبەتی ناوچەکەنیە لەگوندو شاروچکەو،شارەکانا بەردەوامە،لەدوای تاریکان بەرەو ماڵ خەزوران رێ ئەکەون. لەوشەوە،چە ئەخۆرێ(کفتەوگۆشت،دۆڵمە،میوە،ئاجیل و...)سەفەر بەشارو،دێ،بە باکوورو باشووروە لەئاخرا بەیانی زوو تاشەو دڕەنگ،لەناو سروشتا بەدۆڵمە خواردن فڕەدان سەمەنی ،شپرزکردن وپیس کردن ژینگە لەناوتەرافیکا بەرەو ماڵ.

# ئاوڕێک لەسەر فولکلۆری پارێزگای کرماشان



پێداچوونەوە: ئاکۆ جەلیلیان ـ کرماشان

فولکلۆر وەکوو بەشی نادیاریی فەرهەنگی نەتەوەکان تم ودایم جێگەی باس و لێدوانە بووە و کۆمەڵێک نووسەر و لێکۆڵەر لەسەر ئەم باوەڕن کە بنەمای فەرهەنگ و زانستی هەر کۆمەڵگایەکە و چ لەبواری ئەدەبی و مێژوویی و چ لەبواری ئائینی و کۆمەڵایەتی ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە و بەڵگەنامەیکە بۆ رەنگدانەوەی فەرهەنگ و زانست و شارستانیەتی وڵاتەکەیان و بەشێوەیەکی زانستی و ئاکادمیک دەچنە سەری و دەیان بابەتی رەنگاوڕەنگ و جوان؛ لەسەر کاریگەریی فەرهەنگی فولکلۆر پێشکەش کراوە نموونەی ئەم کتێبگەلە - شاخەی زرین - ی (فریزر)ە کە لێکدانەوەیەکی زانستی و ئەوسانەییە لەسەر وڵاتی ئەمریکای باشووری کراوە یان کتێبەکانی مامۆستا(مێهرادیبەهار) لەسەر ئوستوورەناسیی ئێران یان کۆپلەی - تاریخ ایران - (ئێحسان یارشاتر)ە کە لەسەر ئەوسانەکانی ئێرانی کۆن کراوە. بەداخەوە لەنێو وڵاتانی چەند نەتەوەیی و ئەو وڵاتانەی کە روویان کردۆتە سیاسەتی - دەوڵەت/میللەت - بەناوی باوەڕ و خورافە پێناسە دەکرێت کە نەتەنیا هەڵەیە؛ بەڵکوو سیاسەتێکە بۆ پووچەڵ کردنی ژیار و شارستانیەتی نەتەوەکان. لە کوردەواری خۆماندا بابەتێکی ئەوتۆ و جێ‌متمانا لەسەر بابەتی فولکلۆر نەکراوە و هەر بەشێوەی نەریتی لەنێو خەڵکدا ماوەتەوە و سنگ‌بەسنگ گەیشتۆتە ئێمە و لەدرێژەی مێژووی ناڵەبارمان کۆمەڵێک لێ تێکچووە و ئەوەی کە لەبەر دەستماندایە سەقەت و ناتەواوە بەڵام لەسەر هەموو ئەوانەوە بنەمای زانستی و ئوستوورەیی و ئائینی‌یان دیاردەیە. هەوڵمداوە بێ‌لایەنە و تەنیا بۆ ڕوون کردنەوە لەهەر بابەتێک ئاماژە بەچەند خاڵی سەرەکی بکەم کە لە کتێبەکانی دیکەشدا بوونیان هەیە. جێ‌ئاماژەیە کە فولکلۆری بەشێک لێ هەڵئەگەڕێتەوە سەر راستیەکان و باوەڕەکانی ئایینی کە لەپێشوودا برەویان هەبووە.

**نموونەی ئوستوورەیی**

چیرۆکی مەڵگ‌جەمشێر

بەپێ مەتەڵی مەڵگ‌جەمشێر(کە پوختەکەی ئەگێڕمەوە) کەیوانوویەک بوو کە دوو کوڕ بەناوگەلی مەڵگ‌جەمشێر و مەڵگ‌مامەی بووە کە مەڵگ‌جەمشێر گەورەترە و لەشوێنێکی نادیاری دیل بووە کە برای گچکەتر؛ واتە مەڵگ‌مامەی لەدایکی دەپرسێت: ئایا ئەمن برام هەیە؟ کەیوانوو چیرۆکێک بۆ دەگێڕێتەوە کە مەڵگ‌مامەی هەست بەبوونی برادەرێک دەکا.

تێبینین:
لەکتیبی - پژوهشی در اساطیر ایران - زەردەشت لەهورمەزد دەپرسێت: ئەی هورمەزد؛ ئەی مینۆی فراوانی بەخش؛ ئەی داداری جیهانی مادی؛ ئەی پارێزگار؛ جگە لەمن کە زەردەشتم، یەکەم را لەگەڵ کامین کەس وەتوویژ کردی کە ئەتۆ هورمەزدی؟....١
وەڵام داوەتەوە: ئەی زەردەشتی خۆپارێز لەگوناح؛ بە"جەمی" خۆشدیمەن و خاوەن رانگەلی زۆر ئیبرازم کرد؛ یەکەم لەگەڵ ئەودا لەخەڵکان وەتوومە کە ئەمن هورمەزدم.
لەدریژەی مەتەڵەکە ڕوون دەبێتەوە کە دایکی مەڵگجەمشێر لەگەڵ دێوێک پەیوەندیی هەیە کە لەمەر مەترسی لە مەڵگجەمشێر ناتوانێت بەئاشکرا ببێتە ژنێ و لەلایکی دیکەدا مەڵگجەمشێر بە زۆرەملی قەبوڵ دەکا دایکی خۆی بخوازێت ٢ بۆیە دەلەسەیەک دەکەن و دایکی مەڵگجەمشێر شەوێک لێدەپرسێ: رازی قودرەت و زانایی تۆ چیە؟ و مەڵگجەمشێر دەڵێت: تارە موویەکە کە لەنێو پشتمدایە و دێو و ئەهریمەن پێی دەبەستمەوە. جا کەیوانوو لەخەودا بەهاریکاریی دێوەکە و هەر بەمووی خۆدی مەڵگ جەمشێر دەست و پێی دەبەستنەوە و لەچاڵێکدا دەخەن. لەکوتایی مەتەڵەکە هەر ئەم مەڵگمامەیە کە لەزەماوەندی کەیوانوو و دێوەکە بەدی هاتووە مەڵگجەمشێر لەو چاڵە رزگار دەکا و مەڵگجەمشێر سەر لەنوو دەبێتە گەورەی بنەماڵە.٣
ئەگەر سەرنجی چیرۆکی "یەمە" یان جەمشید لەئەساتیری کۆنی ئێرانی بکەین؛ رێک هەر لەسەر ئەم ئەساسەیە و جەمشید دوای ئەوەیکە فەڕەهی ئیزەدی لێدوور دەبێتەوە ماوەی ١٣ زستان لە بەندیخانەیەکە و وەکوو دێو و جن ژیان بەسەر دەبا. ٤

**نمونەی ئوستوورەیی و رەوانناسیانە**

ئاگرمەلۆچ agirmelüç

جۆرە رەشۆڵەیەکە بەڕەنگی بوور و بەلەکی بریقەونی؛ کەسك و ئەرخەوانیش هەیە و بە قەد سیروو دەبێ و دەمەلاسکەی مەلانیتر دەکاتەوە و پەل و پۆی لە زستاندا پڕ لە خاڵی سپی دەبێت، جووچکی گچك و باڵی نووك تیژ و دەندووکی درێژ و تیژە و بەکۆمەڵ و لە پۆلی گەورەدا هەڵدەفڕن وجۆری نێرینەی قەڵەوترە و کوللە دەخوات٥. لە زاراوەکانی دیکەی کوردی کۆمەڵێک ناوی جۆراوجۆری هەیە وەکوو: ئاگرمەلۆچ؛ ئاگرمەلووچ؛ ئاگرمەلیچ؛ ئاگرەمەلووچ؛ ئاگرەمەلیچ؛ ئایرەمەل؛ ئایلەمەن؛ ئودرمەلیچ؛ ئەیرەمەل؛ تۆخوەرگە؛ تەیتۆك؛ تیتك؛ تیتڵ؛ تیتی؛ خەزایی؛ رەشۆڵە؛ رەشۆڵی؛ ڕێشۆڵ؛ ڕێشۆڵە؛ ریشۆڵە؛ ڕێشۆڵی؛ رەشیلە؛ رەشێڵە؛ سوێروو؛ سیاکەرك؛ سێروو؛ سیروو؛ سیەکەرك؛ شارور؛ شالوور؛ شالوول؛ شاوو؛ شالوویل؛ شالیل؛ عالەمەن؛ عاینەمەن؛ عەینەمەل؛ غەزایی؛ قازڵاخ؛ قازڵاخی؛ قازەڵاخ؛ کەشوشکە؛ کەشۆیلە؛ گاوانی؛ مرچۆڵە؛ مرچیلە و لە فارسیدا سار sar پێ دەڵێن٦ ئەم مەلە دوژمنی کولەیە. لە فەرهەنگی کورد ئەفسانەیەك بۆ دروست بووە کە دەڵێن:
لە وەرزی کەم بارانی و بەتایبەت لە کوتائی مانگی گوڵان کولە زۆرترە و بە گەلەوە هێرش ئەبنە سەر کشتوکاڵ و دار و دەوەن و گژوگیا رووت ئەکەنەوە بۆیە خەڵك یەك کەس کە زاتدار و پڕتاقەت و هەروەها دەسودەم پاك بێت و چاوی هێز نەبێت و دروو نەکا هەڵدەبژێرن و پێ ئەڵێن کە:
ئەبێ وشیار بوویت و کەس نەزانێت بۆکوێ و بۆچێ دەچیت، ئەبێ بێ وچانەوە بچیت و سەر جەم لە ماوەی سێ رۆژ و تاقێك بچیت و سێ رۆژ و تاقێکیش بێتەوە کە ئەبێتە هەفت رۆژ و کاتی هاوردنی ئاوی ئاگرمەلۆچ؛ نابێ ئەم گۆزەیە کە ئاوی تێدایە بەزەوی دابنیت و ناشێ بەرەو دوای خۆت بنوارِیت. کە گەیشتە ئاوایی خۆی؛ لە چیایەك رووتی ئەکەن و بە توولی هەنار یان هەنجیر لێ دەدەن و ئەویش لە ئاوی گۆزەکە مشتێ پڕ دەکا و بەرەو ئاسمان فڕێ ئەدات و هاوار دەکا:
ئاگرمەلۆچ هاوار... تا ئاگرمەلۆچ بە گەلەو بێت و کولەکان بخوات٧. ئەوەی کە شایانە ئاماژەی پێ

بکەم ئەمەیە کە باڵندەی ئاگرمەلۆچ لە قەراخی چۆم و رووبارەکاندا دەژێت و لە پارێزگای کرماشان و مەڵبەندی - سراو سەحنە - ئەم مەلە زۆرە.
ئەم رەوایەتەی خوارەوە لە دەمی باوکم کە لەتەمەنی نەوەدوسێ ساڵان فەوتاوە وەرگرتوومە کە باسی ئەم رووداوە لە گوندی - قەڵای هەرەسەم - دەکات. ئاواکە ئەو بۆم دەرخست ئەو کاتە کە منداڵ بووە کولە بە فراوانی هێرش کردووتە سەر کشتوکاڵی ئەم ناوچەیە و پیاوێك بە ناوی "بوزرگ" هەڵبژێردراو بۆ هێنانی ئاو ئاگرمەلۆچ لەوکاتە کە بوزرگ لەرێ بووە کولە تەنانەت چیخ و دەوارەکان و رەشماڵەکانیانیش خواردبوو. لەگەڕانەوەی بوزرگ بۆ قەڵای هەرەسەم ئەویان بردە سەر قەڵاکە و رووتیان کرد و توولی لێ دەدان بەمجۆرە کە خوێن لە سەروپشتی بەرێ کەوت و ئەویش لە ئاوی گۆزەکە مشتی پڕ ئەکرد و بەرەو ئاسمان فڕی ئەدا و هاواری دەکرد: ئاگرمەلۆچ هاوار. دوای چەند خولێك ئاسمانی ئەم مەڵبەندە لە بەر ئاگرمەلۆچ تاریك بوو و کولەیان تێكدان. زۆربەیّ خەڵکی قەڵای هەرەسەم ئەم رووداوە لە بیریانە. ٨
تێبینین:
یەك بابەت لەم باوەڕە زەقترە لە ناوەڕۆکەکەیە ئەمەش ئەوەیە کە ئەبێ لە هەفت رۆژ کوتائی بێت و ژمارەی هەفت لە لای کوردان ژمارەیکی موقەدەسە وە هەروەها بە پێ زانیاریەکان تۆخمی کولە دوای هەفت رۆژ ئەگەییت و کولەی بچووکێ لێ دەر ئەکەوێت بۆیە کولە لە هەر مەڵبەندێك بدات زۆرتر و زۆرتر ئەبێتەوە. هەروەها ئەشێ بە توولی هەنار یان هەنجیر توولی بدەن کە سەرنج راکیشە ئەم دوو میوەیە لە فەرهەنگی کوردەواریدا تەقەدۆسیان هەیە بە تایبەت لە نێو یارستان.
هەروەها خوێنەر و بیسەری ئەم رێوایەتە دەکەوێتە یادی سەفەری سیاوەخش بۆوڵاتی ئەپاختەر بۆ پەیداکردنی کەیخەسرەو کە ئەوێ بنێرێتەوە ئێران بۆ ئەوەیکە ببێتە پاشا و قران و پەتای وڵات بچەڵکەن بکا، لەم سەفەرەدا کۆمەڵێک باڵندە رێنوێنی سیاوەخش دەکەن یان کەڵک وەرگرتنی رۆستەم لەکاتی تەنگانە و ناچاری کە پەڕێک لە باڵی سیمورغ دەسووتێنێ و سیمورغ بەفریای دەگا.
راستەکەی وایە کە ئاوی ئاگرمەلۆچ هیچ حکمەتیکی نییە و ئەم هەموو دابونەریت و دەستوورە هیچ پەیوەندییکی بە چۆنییەتی کارەکەوە نییە و هۆکاری زانستیی هەیە کە بەکورتی ئاماژەی پێ دەکەین.
ئاگرمەلۆچ لە راستیدا خولیاوی دەنگی ئاوە و بۆیە لە هەر شوێنێك ئاوی بە خوڕ بێت لەوێدا دەژێت و من لە سەر ئەم باوەڕەم کە ئەم مەلە بە دریژائی مێژوو فێری ئەم کارە بووە.
هەروا کە دەزانین لە هەر کوێ ئێنسانی وەرزێر و دامپەروەر دەژێت مەل‌ومورو و جانەوەریش زۆر ئەبێت و کاتێك کە مرۆڤ بۆ ئاو هێنان لەماڵ دەرچووە و چووەتە سەر کانی و ئاوی لە گۆزە یا کونەی کردووە و بەرەو ماڵ هاتووە، ئاوی سەر شانی ئەم کەسە شڵقە شڵقی کردووە و دەنگیکی مۆسیقائیی هەبووە کە ئەم دەنگە ئاگرمەلۆچ خولیاوی خۆی کردووە و لە پێ ئەم موزیکە هاتۆتە نێو گوندەکەی و دیوە کە لەم دەڤەرە پەخشە و مەل‌وموور زۆرە و لەوێ خۆراکی زۆری دەست کەوتووە و دوائیش گەڕاوەتە نێو هێلانەی خۆی کە لە ئاوائی دوور بووە و وردە وردە گەیشتووتە ئەم قۆناخە کە بە ئێمەی گەیشتووە.
نموونەیکی تر باڵندەیکە کە لە شاخی ئافریقا دەژێت و بە - هەسەڵخۆر - بەناوبانگە و تەنانەت کورتە فیلمێك لەسەری دروست بووە. ئەم مەلە هەسەڵی پێخۆشە و چۆنکە خۆی تەوانی بە گژداچوونەوەی مێشەنگوێنی نییە لە هەرکوێ ئینسانێك بینێ بە زیتەزیت و باڵەوازی بۆ خۆی رایدەکیشێت وبە وردی دەیباتە سەر کەندووی هەسەڵ و خۆی لە دوورا رادەوەستی و دوای ئەوەیکە ئێنسان کاری تەواو بوو و مێشەنگوێنەکانی هەڵترازان دەچێتە سەر کەندووەکان و بەشی خۆی لێ وەردەگرێ. هەم ئینسان بۆ ئەم باڵندە ناسراوەیە و هەم ئەم مەلە بۆ ئینسان. نازانم لە ئافریقا

دابونەریت سەبارەت بەم مەلە چۆنە بەڵام ئەوەیٚ کە دیاردەیە ئەمەیە کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوێن بەگشتی هەمووشتێك لە دەڵاقەیٚ ئائینی خۆیەوە سەیر دەکا بۆیە دەستوور و قانوونی بۆ هەموو شتێکی سرۆشتی داناوە کەجی سەرسوڕمانە.

**لە دایکبوونی منداڵ**

لە باشووری رۆژهەڵات هەندیك بیر و باوەڕی باش و خەراپ هەیە کە بەنیسبەتی کچ و کوڕ ئەگوردرێت بەڵام بەگشتی لەسەر یەك رێبازن. لەوانەیە کە کاتێك منداڵ لەدایك ئەبێت بەتایبەت ئەگەر لە رەشماڵ بێت؛ چێخێك لە چووار دەوری ژنی پابەمانگ دەکیشن و منداڵەکە لە تۆتۆی کۆڵپێچك kolpêçik دەپیچن و بەخەڵۆز هەنی منداڵەکە رەش دەکەن و هەروەها بەهەویر سەر لووت وگوێچکەی هەویری دەکەن و باوەڕیان لەم کارە وایە کە منداڵەکە تووشی رووڕەشی و ناکووکی نابێت و بۆ ئەوە هەویر لە لووت و گوێچکەی ئەدەن کە لەم دوو شوێنە مۆی شین نەبێت. هەروەها ئەو ژوورە کە منداڵ و دایك تێدا دەخەون بە خەڵۆز٩ خەتی چووار دیوارەکە دەکیشن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە - چاوی بەد - لێیان کاریگەر نەبێت١٠.پەندێك هەیە کە ئەڵێ:

- کوڕ رەشیٚ خاسە - کەوا دیارە ئەم نەریتە ئاماژە بەم پەندە دەکا. هەروەها بەسورمە چاو و بڕۆی منداڵەکە دەڕەژن و دوای یەك هەوتە کە نەینووکی منداڵەکە بەرز ئەبێت بە ددان ئەقرتێنن و باوەڕیان وایە کە ئەم منداڵە ئاوەها دڕندە و زاتدار ئەبێت. دوای ئەمە ئاشێك دروست ئەکرێت کە دانەکوڵانە danekwilaneی پیٚ دەڵێن و بریتیە لە گەنم و جویٚ و ماش و کەشك کە ئەیکوڵێنن و ئەیدەن بە خزم و دەراوسیٚ.

لانکوڵەی منداڵەکە لە هەندێك شوێن جیاوازە بەڵام بەگشتی لەسەر یەك رێبازە و ئەوەش بۆ لاواندنی منداڵە و بەس. بەڵام لە زۆربەی گوندەکان جۆرە بافەمەنییك کە پانائیی ئەگەئێتە دوو ئەنگۆست بە رەنگی رەش وسپیٚ دەچێنن ومۆرەیکی بەرەنگی کەو کە کوژەك kwijekی پیٚ دەڵێن لەگەڵ چووی داری بادام یان تاوی١١ tawî ئاڵقە دەکەن و لە سەر لانکۆلەیٚ منداڵەکە ئاوێزان دەکەن بۆ ئەوەیٚ کە چاوی بەد لە منداڵەکە کاریگەر نەبێت. منداڵ کە تەمەنی گەیشتە شەش مانگ مۆی دەتاشن و بە قەد وەزنی ئەم مۆوە پارەیٚ سەرفی خواردەمەنییك دەکرێت و ئەدەن بە خەڵکان. تەمەنی منداڵ گەیشتە یەك ساڵ و منداڵ پاپا کرد واتە لە سەر پیٚ راوستا؛ و وردەوردە فێری ریٚ کردن بوو، دەرزیلەیەك لە بەر پێی منداڵەکە دەشکێنن و لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئاوەها چاوی بەد دەرزیلەی لیٚ بچێت وئاشێك دروست ئەکرێت کە پاڕووکانەparûkane ی پیٚ ئەڵێن و بە خزم و دراوسیٚ ئەدەن. ١٢

تیٚبێنین:

پاڕووکانەش وەك دێیانڕووکانە بریتیە لە نۆك و نیسك و رشتە و کەشك و سەوزی. ئەوەیٚ کە شیاوە ئاماژەیٚ پیٚ بکەم ئەمەیە کە ئەم مەراسیمە تەنیا بۆ منداڵی کوڕ بەڕێوە دەچێت و بۆ کچ ئاوا کارگەلی ناکەن و هەروەها کە دەزانین کەرەستەی بنەڕەتیی ئەم خۆراکە لە سرۆشت وەردەگرێت کە سەرجەم بە خۆراکی میترایی بەناوبانگە و بیٚگومان پێشنەی دەگاتە سەردەمی میترائیسم.

ئەو کاتە کە منداڵ بەباشی فێری ریٚ کردن بوو کە لانیکەم دوو یان سیٚ ساڵانە لەپاڵ کێف و داری ئەنێن و خۆیان لیٚ دوور ئەکەنەوە و بانگی دەکەن کە بێتە ماڵ. ئەم کاتە هیچ کەسێك یارمەتی منداڵەکە نادێت تەنانەت ئەگەر بکەوێت و لەشی زامار بێت. پێویستە کە منداڵ خۆی لەسەر پێی خۆی لە کێف بێتەخوار و بێتە لای ئەوان کە نیشانەی زاتداری و تەوانایی منداڵەکەیە. بەڕێز کاك هاشم کاکەئی لە کتێبی - کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی - کە کتێبیکی زۆر بە نرخە لە لاپەرەی ١٧٤ ئەم کتیبە دەقیکی لە کتێبی - العراق قدیما و حدیث، نفس لمصدر - لاپەرەی ٢١٠ وا ئەگێڕێتەوە:

مامۆستای مێژوونووس(عبدالرزاق الحسنی) دەبارەی قەزای (علیغربی) کە ئەکەوێتە نێوان عمارە و کوت نووسیویە: لە عەلیغەربی دابونەریتێك هەیە لە هیچ کام شارۆچکەکانی عێراقدا نییە ئەویش ئەوەیە:
منداڵی ساوایان دەنێرنە شاخەکانی ئێران - کوردستان - ناسراو بە پشتکۆ؛ بۆ لای دایان، پاش ئەوەی تەمەنی گەورە بوو ئەیگێڕنەوە بۆ لای کەسوکاری و شوێنی لە دایك بوونی.١٣
ناوچەی پشتکۆ بریتیە لەمەڵبەندە شاخاوییەکانی ئیلام و لوڕستان و کوردەکانی نیشتەجی لە عەلیغەربی و عەلیشەرقی لە بنەڕەتەوە خەڵکی پارێزگای ئیلام و لوڕستانن.
بابەتیکیتر لە پەروەردە کردنی منداڵ چلەوڕ çilewir یان چلەبڕ çilebir کە ئاوەهایە:
خەڵك بەعام لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر دوو منداڵی دراوسێ کە هێشتا تەمەنیان بە چل ڕۆژ نەگەیشتووە دەنگی گریانی یەکتران ببیستن یان قسەی ناحەز لە لایەنی دایکان ببیستن؛ ئەوەیێ کە زووتر تەمەنی ئەگەیتە چل ڕۆژ ئەمرێت بۆیە باوگ و دایك ئەچنە لای دوعانووس و دوعای«چلەبڕ» دەکەن ئەگەر منداڵ لەم قەیرانە دەرچوو ئاشێگ دروست ئەکەن کە «چلەبڕانە»ی پێ ئەڵێن و بە خەڵکان ئەدەن.١٤
تێبینین:
سەبارەت بە چلەبڕ دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەڵێن چلە کاریگەریی لە سەر مەڕ و ماڵاتیش هەیە هەروەها لە سەر ئەم باوەڕەن کە نابێ هەتا چل ڕۆژ زارۆکەکە بە تەنیا جێبهێڵێن چۆنکە دێو زارۆکەکە ئەدزێت و منداڵی خۆی لە لانکۆڵە دائەنێت. ڕەنگە ئەم منداڵانە کە ئێستە بە ناوی مۆنگۆل لە جیهاندا بەناوبانگن؛ لەسەر ئەم باوەڕە بێت چۆنکە هەمووی ئەم مۆنگۆلانە یەك سرۆشت و یەك ڕۆمەتیان هەیە. هەروەها ئەگەر منداڵێك - نەوەکام - یان کەم ئەندام بێت بە باوەڕی خەڵك، دێو جێبەجیان کردووە١٥.هەروەها منداڵی - کەزاڵ - واتە ئەو منداڵە کە مۆی سپێی هەیە لە ڕەگەزەوە تۆخمارەی دێوە.١٦ئەژماری چل لەنێو نەتەوەکانی دیکەی دونیاشدا ئەژمارێکی موقەدەسە بەتایبەت کە ڕۆژهەڵاتناسانیش ئاماژەیان بەم ئەژمارە کردنە: چلەنشینی؛ عێلمی ریازەت؛ سووفی گەری... هتد. بۆ نمونە دەربارەی نەخۆشی هاری و ئاتەشە بەپێ زانستی سەردەم ڤایرۆسی ئەم نەخۆشیە دوای چل ڕۆژ کاریگەریی خۆی جێبەجێ دەکات.
سەبارەت بە نەخۆشیەکانی منداڵانی بچووك بەرچاوترینیان بووبڵێنی bû bilênî یە کە جۆرە بەلەفیرەی کاریگەرە١٧.ئەم نەخۆشی لە حەقیقەتدا لەبەر بۆنی جۆرە دارێکە کە سرێنجگ sirêncig ی پێ ئەڵێن. ئەم دارە لە وەرزەکانی ساڵ و لەنێو زستانیش بۆنیکی تۆندی لێ هەڵدەستی و ئەگەر لەم دەڤەرە زارۆکێك هەبێ؛ نەخۆشی دەکا بەڵام خەڵك بە عام ئەوە نازانن. شێوەی دەرمانی ئەم نەخۆشیە وایە کە ئەچنە لای مەلای دوعانووس و کەڵەشێرێك ئەدەنە مەلا و مەلا سەری کەڵەشێر ئەبڕێت و بە خۆێنی کەلەشێرەکە لە سەر قاغەز دوعا دەنووسێ و ئەبێ ئەم دوعایە لە قەبرستانێك دوور لە زێد و ماوای منداڵەکە چاڵ بکرێت. ١٨
تێبینین:
ئەوەیکە دیاریە کەڵەشێر نومادی ئائینی میترائیسمە و هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر مزگانی داوە و لە ئائینی مێهری؛ خۆر لەکاتی هەڵاتن هەموو نەخۆشی و ئافەتێك تێكداوە و کەڵەشێر وەکوو مزگێنی دەری ئەم ڕووداوە پێگەیەکی هەرە مەزنی هەیە و هەر ئەو (سرۆش) بووە کە لە فارسیدا بووەتە: خورووس. بۆیە کەڵەشێر لەفەرهەنگی کوردیدا جێگە و پێگەئیکی تایبەتی هەیە و تەنانەت لەئائینی یارسان بۆ سازکردنی خۆراکی نەواڵە کە بە خۆراکی میترایی ش بەناوبانگە کەڵەشێر قوربانی دەکرێت و دارۆچکەی سرێنجگ و ئەرجن لە ئائینی مێهری دژی ئەهوەرە یان هۆر یان خۆرە.
ڕەنگە ئەم نەریتە و چۆنیەتیی ئەنجامی دەرمانەکە ئاماژە بەم بابەتە ئائینیە بکات. نەتەنیا بۆ

دەرمانی بووبڵێنی کە بۆ دەرمانی چەند نەخۆشی دیکەشدا کە پەیوەندیی بە دارۆچکە و دەوەنەوە هەیە گۆشت و خوێنی کەڵەشێر کەرەستەی سەرەکیە وەکوو دەرمانی چەویشی؛ قرنقاز؛ شیربردێ.
کە سەیری نەخۆشیەکان دەکەین هەموویان پەیوەندیان بە سرۆشت و دار و دەوەنەوە هەیە کە ئەم دار و دارۆچکانە لە ئائینی میهری دژی ئەهوەر و لەڕێزی ئەهریمەنان.

**نمونەی مێژوویی - ئەدەبی**

سووسْگ sûsig
ئەم باڵندەیە لە کەوك دەچێ بەڵام رەنگی لە کەوك کاڵترە و جەسەیشی گەورەترە و دەنووك و پای ئەم باڵندەیە وەك کەوك سوور نییە و قاسپەقاسپ ناکا و لە فارسیدا "تەیهوو"ی پێ ئەڵێن.
لەڕاستیدا سووسگ و کەوك هەر لەسەر یەك رەگەزن بەڵام بە پێ کەشوهەوا و ئەردوژینگە، رەنگیان گۆڕاوە. دەتوانین بڵێن سووسگ؛ کەوکی گەرمیان و خۆرەتاوە و لەجیایی قاسپە، سووسوو ئەخوێنی.
باوەڕێك سەبارەت بە دەنگ و رەنگ و دەندووك و پێ ئەم باڵندەیە هەیە کە ئەڵێ :١٩
یەکێ لە شازایەکان - ئیمامەکان - بەدەستی دوژمن بریندار ئەبێ و لە بنی داری کەیکمkeykim خۆی هەشار دەکا. قەراوڵەکانی دوژمن لەقەراخی لێرەوارەکە لە دۆی ئەودا دەگەڕن و ئەویان دەست ناکەوی. لەم کاتە کەوکێك دێت و دەندووك و پێی خۆی بەخوێنی ئەم شازایە رەنگین دەکا و ئەچێتە سەر دارەکە و گارەگار٢٠ دەکا. هاوکات سووسگێ دێت و بەرزتر لە کەوکەکە سووسوو دەکا و ئەگێنێ کە سوو - بەیانی - بێنەوە.
بۆیە خەڵك کوشتن و کەباب کردنی کەوك بە کاری باش دەزانین و لە کورتە بەیتێك ئەڵێن :
- کەوك بگر کەواو کە سووسْگ وڵ کە سوواو کە -٢١
تێبینین:
لەچیرۆکە کۆنەکانی ناوچەی زەنگنە کورتە چیرۆکێک بەنێوی - موختارۆ - هەیە کە رەنگە هەر ئەو ( موختاری سەقەفی)ە بێت کە بەلایەنداریی ئیمام حوسەین(د.خ) سەری هەڵدا و زۆرینەی لەشکەری موختار لە مەوالیەکان(ئەو کوردانەی کە لەبنەڕەتەوە لەئێڵی زەنگنەی کەرکووکی بوون و بە "بەنی ئەسعەد" بەناوبانگ بوونە کە بەشێک لێیان لەشۆڕشی ئیمام حوسەینیش بەشدار بوونە) بوونە. لە بەشێک لە چیرۆکەکە ئاماژە بە شەڕێک دەکرێت کە لەوێدا موختارۆ بریندار دەبێت و لە بنی دارێک خۆی هەشار دەکا و رۆژانە سووسکێگ دێت و خۆی بەدەستەوە دەدا و موختارۆ کەبابی دەکا و ئاوایە کە نامرێت.
باوەڕێکتر بۆ دەرمانی بەردی گورچیلە «سنگ کلیە» و بەردی مێزڵدانە «سنگ مثانە»یە. سەنگدانی سووسگ یان کەوك دێنن و پێستەکەی ناوی کە وشك و بە رەنگی زەردە دەردێنن و وشکێ دەکەن و دوای ئەمە یان لە ئاودا ئەیکوڵێنن یان هەر وا ئەیخۆن و کاریگەری هەرە زۆریکی هەیە بۆ دەرمانی ئەم دەردە. بەو مەرجە کە لە ماوەێ سێ رۆژ؛ ئەویش بەیانان بەر لەوەێ نانی بەیانی بخوردرێت؛ بیخۆن. ٢٢
تێبینین:
هۆکاری زانستی ئەمجۆرە دەرمانە وایە کە پێستی سەنگدانی ئەم باڵندەیە زۆرتاڵە و ئاوەکەش تاڵ و زەرد ئەکاتەو. کاتی بەیانی، بەدەن هێشتا خۆراگر نییە و بە واتای زانستی «باڵانس» نییە، بۆیە کاتی خواردنەوەی ئەم دەرمانە؛ بۆ ئەوەێ کە کاریگەری خەراپەی لە سەر لەش نەبێت وهۆرمونەکانی بەدەن لێك نەداتەوە، زوو بە زوو لە گورچیلە و مێزڵداندا ئەڕوات وئەبێتە هۆی رۆخاندنی بەردی گورچیلە و مێزڵدان. پێستی ناوێنی سەنگدان کاری سەفرا دەکات و کاتێك کە لە بەیانی بخۆردرێت،

لـە گورچیلـە و مێزڵدانـدا ئـەڕوات و بـەردی گورچیلـە ومێزڵـدان ئەگـەر لەسـەر بنەمـای قڵس یـان ئاهـەك بێـت؛ ئـەم خۆراكـە وەكـوو تێـزاوە و بۆنیانـی لێـك ئەداتـەو وردە وردە لـە ئـەم ئەندامانـە دەر ئەچێـت.
- ئەبووعەلـی سـینا - پزیشـك وفەیلەسـووفی ئێرانـی لـە كتێبی(طـب) جـۆرە دەرمانێـك بـۆ بـەردی گورچیلـە نووسـیوە كـە لـە رووی رەواڵەتـەوە لـە باسـەكەی ئێمـە دەچـێ. دەسـتووری دەرمانـی ئەبووعەلـی سـینا بـە نـاو ئـاوی ئاسـن داخ - آب آهـن داغ - بـە ناوبانگـە و ئەڵـێ:
- ئـاردی بادامـی تـاڵ ئامێتـەی یـەك پەرداخ ئـاوی سـارد بكـە و شیشـی ئاسـنی لـە سـەر ئاگـر سـوور بكـە و هەفـت تـا دوانـزە جـار لـە ئامێتەكـە داینـە تابوونـی سـووتەمەنی لـێ هەڵدەسـتێ و خەسـت بێتـەوە كـە ئامێتەكـە حـازر بـوو پێویسـتە یـەك رۆژ پێش، دوای نانـی نیـوەڕۆ چشـتێك نەخـۆی هەتـا بەیانـی ئەمـڕۆ و ئـەم بەرنامەیـە بـۆ سـێ رۆژە و ئەشـێ بـەردەوام بێـت. دوای رۆژی سـێهەم، تەندروسـتی دەسـت كەوتـووە -٢٣.

بابەتهایـی فولكلـۆر بەشـێک لـە زانسـت دووپـات دەكەنـەوە كـە بەداخـەوە هێشـتایش وەكـوو بـاوەڕ و خورافـە چـاوی لـێ دەكەنـەوە لەحاڵێكـەوە ئەگـەر سرنجیـان بدەیـن رێـک لەسـەر رێبـازی زانسـتیە بـۆ نمونـە ئامـاژە بـە چەنـد بابـەت لەسـەر گیانلەبـەران دەكەیـن كـە جگـە لەوەیكـە زانسـتیە؛ بابـەتـی ئەدەبـی و مێژوویـی و ئائینیـش دەگرێتەوە:
سەگ seg
گیانلەبەرێكـی ماڵییـە و لـە مێـژەوە یاریـدەری مـرۆڤ بـووە. مێینـەی سـەگ دەڵ de⊠ و نێرینـەی گەمـاڵ gemal پـێ ئەڵێـن. بـە پـێ زانیاریـەكان؛ سـەگ بـە ئەمـەگ تریـن حەیوانـە. سـەبارەت بـە سـەگ باوەڕێـك هەیـە كـە ئەڵـێ:
ئەگـەر خـاوەن مـاڵ نەخـۆش بكـەوێ و سـەگی مـاڵ چـەن سـەگی تـر لـە دەوری خـۆی كـوو بكاتـەوە و پێكـەوە پـاس بكـەن، خـاوەن مـاڵ ئەمرێـت.٢٤
تێبینین:
راستییەكەی وایەكـە حەیوانـەكان - هەسـتی شەشـمیان - هەیـە و زووتـر لـە ئینسـان هەسـت بـە خەتـەر دەكـەن و رەنگـە ئـەم بـاوەڕە ئامـاژە بـەم تایبەتمەندیـە بـكا.
باوەڕێـك تـر هەیـە كـە ئەڵـێ: ئەگـەر سـەگ هـار ببێـت، هەندێـك خـوێ لـە سـەر نـان دەكـەن و لـە بـەری دائەنێـن و پـێ ئەڵێـن: بـە حەقـی ئـەم نـان و نمەكـە ئەگـەر هـار بوویتـە گەردەنمـان ئـازا كـە و بـڕۆ. ئەگـەر سـەگەكە هـار بێـت ئەچێـت.٢٥
ئەم بابەتە لە زاری خوالێخۆشبوو قودرەت دارابی ئەگێڕمەوە:
- گەماڵێكمـان هەبـوو كـە سـاڵەهای سـاڵ لـە ماڵـی ئێمـە بـوو، رۆژێـك بیسـتم كـە وەتیـان هـار بـووە خوالێخۆشـبوو دایكـم؛ هەندێـك خـوێ لـە سـەر نانـی كـرد و پـێ وەتـی بـە حەقـی ئـەم نـان و نمەكـە ئەگـەر هـار بوویتـە بـڕۆ. دوای چەنـد خولێـك گەماڵەكـە بـە رێ كـەوت و چـوو. چەنـد رۆژ پـێ چـوو كـە بیسـتمان لـە گونـدی خـوارووی ئێمـە خەڵـكان ئەویـان كوشـتووە. -
تێبینین:
راستیەكەی وایـە كـە خـۆدی سـەگ وە هەروەهـا گـورگ بـۆ ئـەوەی كـە هـار نەبـن، چەنـد رۆژێـك لـە وەرزی بەهـار گژوگیـا دەخـۆن و ئـەوەم بـە چـاوی خـۆم دیـوە. هەروەهـا دەڵێـن كـە ئەگـەر نانـی داخ بدەیتـە سـەگ هـار دەبێـت. خەڵـك بەعـام لەسـەر ئـەم بـاوەڕن كـە نەخۆشـی هـاری جۆرێـك هارووژاندنـی شـێتانەیە كـە دێـو و جـن لـە رێگـەی سـەگەوە بـە مـرۆڤ جێبەجـێ دەكـەن بـەو مەرجـە كـە سـەگ لـە گۆشـتی مردار خواردبـوو بێـت و دێـوەكان دەبنـە مێشـۆڵەیەک و ئـەم خسـڵەتە لـە رێ گەزتنـی لەشـی مـرۆڤ جێبەجـێ دەبێـت و مێشـۆڵەی سـەگ دەتوانێـت نەخۆشـی هـاری یـان هـەر ئـەو هارووژاندنـە جێبەجـێ بـكات بـەڵام



هەواڵنامەی کتێب

تووشی کەسانێک دەبێت کە فرتوفێڵ دەکەن و لەگەڵ خەڵک بەناڕاستی هەڵسوکەوت دەکەن٢٦.
ئەم باوەڕەش لەبەشێک لە ئەڤیستادا ئاماژەی پێکراوە. سەگ لە ئائینی زەردەشت بۆخۆی خاوەنی هەندێك تایبەتمەندییە. لە بەشی سێنزەهەم و چواردەهەم و پانزەهەمی کتیبی وەندیداد نووسراوە کە :
- سەگ حەیوانیکی مۆقەدەسە و ئازاری ئەم حەیوانە شایانی قەرەبوو کردنەوەیە. ئەهوورامەزدا ئەم گیانلەبەرە بە دژی گورگ و ئفریتە ودێو خوڵقاند تا شەوانە چاودێریکەری ماڵ ومنداڵی مرۆڤ بێت.
(دروج ناسوو) لە بەشی هەفتمی وەندیداد ئفریتیکی غەیبی و مەترسیدارە کە لە جنازەی مردووەکان دەچێت و ئەوانە ناپاك دەکا بۆ دوور کردنی ئەم ئفریتە ئەبێ سەگیکی سپی بە گوێ زەردەوە لە نزیکی جنازەکە بێت، هەرکات کە چاوی سەگ بە مردووەکە بکەوێت؛ دروج ناسوو ئەبێتە مێشۆڵەیك و لە جنازەکە دوور ئەبێت و بەرەو باکوور دەڕوات. ئەم رووداوە بە سەگدید بەناوبانگە -. ٢٧
یان خەڵك بەگشتی لە سەر ئەم باوەڕن کە سەگ هەفت گیانی هەیە. لە راستیدا وانییە بەڵکوو سەگ بۆ خۆی هەفت خسڵەتی هەیە کە لە فەسڵی سێنزەهەمی ئەم کتیبە - وەندیداد - بەندەکانی چل و چوار وچل وهەفت ئەڵێ:
- سەگ هەفت خسڵەتی هەیە یەکەم؛ وەك پێشەوای ئائینی بنەمای سفرە ئەخوات، دووهەم؛ وەك پیاوی جەنگکەر لە بەری هەموانە، سێهەم؛ وەك وەرزێر ژێر و وریایە چوارم؛ وەك هۆزانڤان ئاواز دەخوێنێت، پێنجم وەك دز هۆگری تاریکیە، شەشم وەك منداڵ بە نەینۆکی خۆی زەمین ئەدڕێت و هەوتم وەك شەوگەرد شەوانە دەگەڕێت -. ٢٨
گورگ gwirg
گیانلەبەرێکی گۆشتخۆرە وماڵی نابێت و لە رەگەزەو لە سەگ دەچێ یان باشتر بڵێم سەگ گیانلەبەرێکە لە رەگەزی گورگ کە ماڵی بووەتەوە. ژینگەی گورگ کێف ودەر ودەشت بەتایبەت قەراخی گوندەکانە. سەبارەت بە گورگ؛ بیر و باوەڕ زۆرە لەوانەیە کە:
خەڵکی باشووری رۆژهەڵات بە هیچ شێوەیەك گورگی مێینە ئازار نادەن ونایکوژن چۆنکە ئەم کارە بە گوناح دەزانن. هەروەها گورگ لای ئێمە حەیوانیکی تەماکار و دڕندە ومزێرە٢٩ و مەترسیان لە تاکە گورگ زۆرترە تاکوو گەلەگورگ، چۆنکە گورگ حەیوانیکی تەماکارە و لە ئەنجامی کاری خۆی دڵسەرد نابێت و بەردەوامە، ئەگەر بە گەلەو بێن هیچ کارێك ناکەن لە بەر ئەوەێ کە بە تەمای یەکتران ئەمێنن و خۆیان نادەنە بەر خەتەر، بەڵام ئەگەر تاکە گورگێك بێتە سەر رانێك تەنانەت ئەگەر شووان و چەند سەگیش چاودێری رانەکە بکەن، هێرش ئەباتە سەریان و بە ناچار هەر چەندەکە لە پەز وئاژەڵ بکەوێتە بەر ددانی ئەدڕێ و زامی کاری ئەخاتە پێیان و دڵنیایە کە لانی کەم دوو یان سێ لەوانە ئەتووپن و لاشەکەیان ئەیخەن دووری ئاوائی و دوائی ئەتوانێ لێیان بخوات. لە نێو خەڵکان باوەڕگەلێك هەیە کە ئەڵێ :
ئەگەر سیپەلاکی گورگ بەو مەرجە کە لە کاتی دەر هێنانی ئاو لێ نەخواتەوە، یان بە ئاو شۆتۆشوی نەدەن بە ئافرەتان بخوردرێت ئەم ئافرەتە ئاوەشوو٣٠ دەبێت٣١.بۆیە لەشیعرێکی فولکلۆردا دەڵێن:
- کافر هەێ کافر؛ بێدین هەێ بێدین شەرتوو بەمە پێد سۆیەێ گورگ لە قین -. ٣٢
جگە لەوە ئەگەر کەسێك کە سیپەلاکی گورگی هەبێت و گمێزی خۆی ئامێتەی بکا وبداتە ژنێك؛ ئەم ژنە تەنیا لەگەڵ ئەو کەسە پەیوەندی و دەس لەملان دەکا. هەروەها خەڵك زۆیەڵە٣٣züyele ی گورگ بۆ کاری دەرمان بە باش دەزانن و ئەمەیش ئاوەهایە کە زۆیەڵەی گورگ وشکێ دەکەن ودوائی بە دەسهاڕ٣٤ ئارد دەکرێت و لەگەڵ وەسمە٣٥ ئامێتەی ئەکەن و لەسەر سەری دەگرن و سەرئێشە و سەرانسیە٣٦ باش ئەکاتەوە و هەروەها بۆ بڕشت و سوومای چاو بە باشێ دەزانن. ئەگەر سرنجی جووتبوونەوەی گورگ و سەگ بدەین؛ سەگ لەکاتی دەسان هاوکات لەگەڵ چەند گەماڵ

جووت دەبێت بەڵام گورگ تەنیا لەگەڵ یەک نێرینە جووت دەبێت.
جگە لەوانە؛ خەڵك بەعام لە سەر ئەم باوەڕەن کە قاپی ٣٧ گورگ بۆ شەونەخونی و وریایکەری باشە.
هەر بۆیە شووانەکان و ئەوانەی کە چاودێری مەڕومالات دەکەن بایخی هەرە زۆرێك ئەدەنە ئەم بابەتە و قاپی گورگ لە تۆتۆی ساقوەنەکەیان دەبەستن. ٣٨
تێبینین:
شوانەکان و کۆمەڵێک لەخەڵک بەعام کڵاش وگیوە لە پێستی گورگ دروست ئەکەن و لەسەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر پێلاوێك لە پێستی گورگ لە پێ بکەن و لە دوێ کارێك بچن، تا نەگەیننە ئاکامیکی باش؛ دەس‌هەڵگیر نیین، بۆ ئەوەیکە گورگ لە ئەنجامی کاری خۆی زۆر تاقەتی هەیە و پشت سەرد نابێت، رەنگە ئەم بەیتی فولکلۆرە ئاماژە بەم تایبەتمەندیە بکات کە دەڵێت:
کڵاشێ لە پووسْ گورگ کەم وە گیوە   شار وە شار گەردم لە شوونْ بیوە ٣٩
یان بیستوومە کە هەرکەس مۆی گورگی لە لا بێت، بچێتە هەر کۆڕێك دابنیشی ئەو کۆڕە تەفراو توونا ئەبێت. ٤٠ رەنگە ئەم شێعرە فولکلۆرە ئاماژە بەم باوەرە بکا کە دەڵێت:
(ئی بەخت منە چۆ بەخت گورگە   وە هەر لاێگ مەچم هەر برنگاێ‌برنگە ) - ٤١ - ٤٢

مانگا man⌧a
ئاژەڵێکی شیری و قەڵەوە و خەڵکان جگە لە کەڵك وەرگرتن لە شیر و گۆشتی، بۆکاری جۆتیاری و کیشە وکوتەی خەرمان بەکاری دێنن.
جگە لەوانە سپڵی مانگا بۆ دەرمانی کەم خوێنی و بەرگیری لە گمێزکردنی منداڵی ساوا کەبابی دەکەن و پێ ئەدەن.
تێبینین:
لە سپڵی مانگا و هەر ئاژەڵێکی‌تر - گۆلۆکۆز و هۆرمونی دیورتیك - بەرفراوانە و ئەبێتە هۆی بەرگیری لە گمێز کردن و خەست بوونی خوێن. هەروەها باوەڕێك تر ئەڵێ:
ئەگەر نەخۆشی«زووە»٤٣ لە ئەنگۆستی دەست روو بدات؛ لە کونی لووتی مانگا یان گووری بکەیت باش ئەبێتەوە. ٤٤
تێبینین:
رەنگە لە کونی لووتی مانگا و گوور و لە چڵمەکەیدا جۆرە ئانزیمێك بێت کە ئەبێتە هۆی تێکچوونی میکرۆبی ساز کەری نەخۆشی «زووە».
بابەتیتر سەبارەت بە مانگا ئەوەیە کە ئەگەر مانگا لە کاتی کەڵ گرتنی بچێت وجۆتخواز نەبێت؛ خەڵك لە سەر ئەم باوەڕەن کە ئەگەر گیای «مانگاوەکەڵ» لە مێینەی مانگا دابنێن، مانگا کەڵ ئەگرێت. هەر وەها کڵك وەرگرتن لە «گۆئەسارە» کە لە فارسیدا «کرمی شەبتاب»ی پێ ئەڵێن و لە لای خەڵکان کاریکی زۆر بابە و باوەڕیان وایە کە ئەگەر ئەم مەلە لە مێینەی مانگا دابنێن، مانگا کەڵ ئەگرێت. گیای مانگاوەکەڵ وەك گیای چەویرە و رەنگی سووری تۆزکاڵە. ٤٥
تێبینین:
راستیەکەی وایە کە ئەم کارگەلە هیچ پەیوەندییکی بە گیای (مانگاوەکەڵ) یان مەلی (گۆئەسارە) وە نییە بەڵکوو تەنیا رەوڵی هاندەرییان هەیە. رەنگە لە گیای مانگاوەکەڵ جۆرە مادەیەك ببێت کە ئەبێتە هۆی خوریکی مێینەی مانگا وهان بدرێت بۆ ئەوەی کە جۆتخواز ببێت. هەروەها مەلی گ⌧وئەسارە کە ئەویش بە بۆنەی جم وجولی خۆی ئەبێتە هاندەری مانگا کە جۆتخواز ببێت.
بابەتیتر کڵك وەرگرتن لە گمێزی مانگا بۆکاری رەنگرەزی و رەنگکاریە بەتایبەت بۆ مافۆرە ومەوج.

هەواڵنامەی کتێب

شـێوەی کارەکـە ئاوەهایـە کـە ئـاو لـە سـەر قەزانیکـی گـەورە ئەکوڵێنـن وئـەم رەنگانـە کـە لـە سرۆشـتدا هەیـە وەکـوو ڕوونیـاس، تێکـەڵاوێ دەکـەن ورەنگـڕەزی دەسـت پـێ ئەکرێـت. ئەگـەر گمێـزی مانـگا بـە تەنـی تەنیـا بکوڵێنـن رەنگـی پرتەقاڵـی یـان نارنجـی دەسـت ئەکـەوێ و ئەگـەر ئـاو تیـا بکـەن رەنگـی زەردی کاڵ دەسـت ئەکـەوێت. بـۆ ئـەوەی کـە رەنگەکـە کاڵـتر و ڕوونـتر ببێتەوە«سیازاخ» کـە بـە جەوهەرلیمووویش بـە ناوبانگـە و بەرگـی داری وەن تێکـەڵاوێ ئەکـەن ورەنگـی کەسـك بـە دەسـت دینـن. ٤٦

تێبینین:

راسـتیەکەی وایـە کـە لـە گمێـزی هـەر ئاژەڵێـگ رەنگدانەیـك هەیـە و لـە گمێـزی مانـگا لەبـەر فراوانـی گمێزەکـەی ئـەم رەنگدانەیـەش زۆرە و کاتـی کوڵانـدن و خەسـت بوونـەوە رەنگـی لـە زەرد و نارنجـی دەچێـت. هەروەهـا لـە بـەر هەبوونـی «ئامۆونیـاك» لـە گمێـز، رەنگـە کـە هەمگیـر نەبێـت بۆیـە «سـیازاخ» تێکـەڵاوی دەکـەن کـە جـۆرە تێزاویکـی کاڵـە و ئەسـەری ئامۆونیـاك کـە «بازێـك»ە تێـك ئـەدات و رەنگـە کـە واڵـتر و شـین‌تر ئەبێـت و ئـەم رەنگـە قـەت بـە شـۆشـتن ناگـۆڕدرێـت و بەردەوامـە. ئەگـەر هەندێـك گـەڵای داری «وەن» کـە بەنیشـك لـێ دەگـرن تێکـەڵاوی ئـەم رەنگـە بێـت؛ رەنگەکـە ئەگـۆڕێتـە سـەر رەنگـی شـین و ئەگـەر ڕوونیاسـی تێـدا بکـەن ئەبێتـە رەنگـی سـووری شـین.

ئـەوەی کـە شـایانە باسـی بکـەم ئەمەیـە کـە ئـەم مافـۆر و مەوجانـە کـە بـەم شـێوەیە کفتـکاری دەبێـت؛ جگـە لـەوەی کـە رەنگەکەیـان قـەت ناگـۆڕدرێـت، پووتاریش نابێـت چۆنکـە لـە گمێـزی مانـگا ئامۆونیـاك زۆرە و هـەر مـەل و مـوورێـك ناتوانێـت لـە نـاوی ئـەم مـەوج و مافـۆڕەدا بژێـت و ئەبێتـە هـۆی تێکچوونـی ئەسـپێ و مـوور کـە لـە ژیانـی کۆچـەری، بەرفراوانـە. ئاواکـە کۆنینەناسـان ئەڵێـن؛ کۆنتەریـن مافـۆری جێهـان مافـۆری «هەرسـین»ە کـە زیاتـر لـە ٢٠٠٠ سـاڵ پێشـنەی هەیـە و هێشـتا بـە سـاقی ماوەتـەوە. رەنگـە هەمـوو ئەوانـە پەیوەنـدی پتـەوی لەگـەڵ بابەتـە مێژووئیەکانـی سـەردەمی زەردەشـتەوە بێـت.

(ڤیلیـام جۆنـز) سـەبارەت بـە بەنـدی یەکـەم هەتـا چـل وشەشـمی کتیبـی «وەندیـداد» ئەڵـێ:

(زەردەشـت لـە ئەهـوورا مـەزدا ئەپرسـێت: ئەگـەر مرۆڤێـك دەسـتی بخواتـە جنـازەی مرۆڤـێ مـردوو و ناپـاك بێـت، چـۆن ئەتوانێـت خـۆی خاوێـن بـکا؟

وەڵام ئەدرێتـە پـێ کـە: ئـەم مرۆڤـە ئەبـێ لەشـوێنیکی تایبـەت و دوور لەمەزداپەرەسـتان بمینێـت و ناتوانێـت بـە ئاگـر و ئـاو و خـاك و مانـگا و دار و پیـاوی خواپەرەسـت نزیـك ببێتـەوە هەتـا نـوو شـەو لـە سـەرێ تێپـەڕ ببێـت. دوای نـوو شـەو؛ ئەبـێ لەشـی خـۆی بەگمێـزی مانـگا بشـوورێت.) ٤٧

یـان لەبەنـدی هەوتمـی ئـەم کتیبـە سـەبارەت بـە ژنێـك کـە زارۆکـی مـردووی هێناوەتـە سـەر دونیـا دەنووسـێت:

(مـەزدا پەرەسـتان ئەبـێ هەوشـەیەک لـە نێـو خانووەکـە سـاز بـدەن و ژنەکـە لەگـەڵ هەندێـك خواردەمەنـی تێـدا دابنـەن. یەکـەم خۆراکـی ئـەم ژنـە گمێـزی مانـگا تێکـەڵ بـە خۆڵەمێشـە، ئـەم ژنـە دوای سـێ شـەو ئەبـێ لەشـی خـۆی لـە گمێـزی مانـگا بگرێـت و دوایـی بـە ئاوخـۆی بشـوورێت.)٤٨

لە بەشێکتر لەم کتیبە سەبارەت بە پاقژکەرەکان «مۆتەهەرات» ئەڵێ:

(لـەش بـە چـووار شـت پـاك ئەبێتـەوە، یەکـەم؛ شـۆشـتنی لـەش بـە گمێـزی مانـگا و پـەز دووهـەم؛ شۆشـتن بـە ئـاو و گمێـزی مانـگا سێهەم؛ خوەندنـی کەلامـی ئیـزەد، چـووارم؛ لێـدان بـە شـەلاخ) ٤٩

سـەبارەت بـە مانـگا وگمێـزی مانـگا لـە ئەڤیسـتا بـاس زۆرە و هـەر ئەوەنـدە بێـژم کـە بـە پـێ کتیبـی وەندیـداد هەشـتا لـە سـەدی بوونـەوەرەکان لـە رەگـەزی مانگایـە. ٥٠

ئاڵ a

ئاڵ یان - هاڵ - لە نێو فەرهەنگی کوردەواری باوەڕێکی زۆر بەقەوەتە. خەڵك بەگشتی ئەڵێن:

ئـاڵ بوونەوەرێکـی نادیارییـە کـە دوژمنـی ژنـی زاورانـە و لـە کاتـی زایمـان دێتـە سـەر زاوران و دڵ و جەگـەری ژنەکـە ئەخـوات وئەبێتـە هـۆی تێکچوونـەوەی ژنەکـە. خەڵـك بەعـام لـە سـەرئەم بـاوەڕن کـە

ژنـی پابەمانـگ دوودڵ و جەگـەری هەیـە و لـە هـەر زایمانێـك ئـەوەی کـە پێـس بـووە لەگـەڵ منداڵەکـە دێتـە دەر.

تێبینین:

ئـاڵ لـە راسـتیدا بوونەوەریکـی خەیاڵییـە و هـەر وجـوودی نییـە. ئـەوەی کـە شـایانی باسـە ئەمەیـە کـە ئەڵێـن «ئـاڵ» کچـی پەیغەمبەرێـك بـووە کـە تووشـی غەزەبـی باوکـێ بـووە و لـە بنەماڵـە دەریـان کـردووە و هـەر ئێسـتەش بـە کچـی ماوەتـەوە و سـوێندی خـواردووە کـە تۆڵـەی خـۆی لـە ژنـی پابەمانـگ و زارۆکەکـەی بکێشـێت. بۆیـە لـە ئاسـمانەوە خـول ئەخـوات و لـە هـەر کـوێ کـە ژنێـك پابەمانـگ بێـت و کاتـی زایمانییـە، دێتـە دەرگای ماڵەکـەی و رائەوەسـتێ وکاتێـك کـە منداڵەکـە هاتـە سـەر دۆنیـا بـە جارێـك دڵ و جەگـەری ژنەکـە ئەیباتـە ئاسـمان وئەخـوات. بۆیـە ئەوانـەی کـە چاودێـری زاورانەکـە دەکـەن، خنجۆکێـك لـە ژێـری جلوبەرگـی خۆیـان هەشـار دەکـەن و دوای پەیـدا بوونـی منداڵەکـە زووبـەزوو دڵ و جەگـەری پێـس بـووی ژنەکـە لـە ژێـری خـاك هەشـار دەکـەن و لـە سـەر ئـەم باوەڕەن کـە ئـاڵ نەیتوانیـوە دڵ وجەگـەری زاورانەکـە بباتـە ئاسـمان. راسـتیەکەی وایـە کـە ئـەوەی کـە ئەڵێـن دڵ و جەگـەری پێـس بـووە؛ «جـۆت» یان«کیسـەی ئامینـۆن»ە کـە پێـزە لـە تـۆی ئـەم کیسـەیە پـەروەردە ئەبێـت وهیـچ پەیوەندییکـی بـە دڵ و جەگـەری زاورانـەوە نییـە و هیـچ گیانلەبەرێـك دوودڵ و جەگـەری نییـە. ٥١

لە نێو لورەکاندا باوەڕێك هەیە کە ئەڵێ:

بـۆ ئـەوەی کـە ئـاڵ سـەر لـێ شـێواو بێـت و نەتوانـێ دڵ و جەگـەری زاورانەکـە بببات؛ بزنێـك بـە رەنگـی سـوور و زەرد کـە ملـەوی milewî پـێ ئەڵێـن سـەر ببـڕن ودڵ وجەگـەرە کـەی لـە سەرسـتۆنی رەشماڵێك و لاشـەکەی لـە بەرزاییـك دابنـەن تـا ئـاڵ بـە راسـتی تێنەگـەی کـە کام دڵ وجەگـەری زاورانـە.

باوەڕیـك تـر ئەڵـێ کـە بـۆ ئـەوەی کـە ئـاڵ بـە زاوران و زارۆك نزیـك نەبێـت؛ یـەك بسـت چـووی داری تـاوی و یـەک کەوچکـە خـوێ و دانەیـك پێـوازی سـوور لـە کیسـەیەك بکـەن ولـە بـەر دەرگای رەشـماڵ بـۆ مـاوەی چـل رۆژ ئاوێـزان بکـەن تـا ئـاڵ پەلامـاری زاوران و زارۆك نەبـا.

باوەڕیکیـتر ئەڵـێ: بـۆ ئـەوەێ ئـاڵ لـە زاوران دوور ببێتـەوە، رەسـەنێك کـە رەنگـی رەش و سـپێ تێـدا بێـت و چاکڵـی لـە سـەر بێـت یـان کەشـی کـە جـۆرە رەسـەنیکی پانـە لـە چـووار دەوری زاورانـدا ببەسـتن و سـۆژنێك لـە سـەر سـەروێنەکەی زاوران بـدەن و باوەڕیـان وایـە کـە ئـاڵ لـەوە دەترسـێت.

هەروەهـا لـە کاتـی زایـمان کەسـەك کـە بەشـی ئاڵـی هەیـە دێـت و لەچکەکـەی خـۆی ئەبەسـتێتە سـەری زاوران و باوەڕیـان وایـە کـە دی ئـاڵ دوور ئەبێتـەوە. ٥٢

**نمونەی باری ڕەوان‌ناسی - ئەدەبی**

چەمەری درەو çemerîdirew

چەمـەری درەو یەکێـك لـە نەریتەکانـی سرنـج راکیشـی کوردەوارییـە کـە بەداخـەوە نەناسـیار ماوەتـەوە. ئـەم نەریتـە بریتـی لەوەیـە کـە ئەگـەر وەرزێرێـك زاروزەوی فراوانێـك بکاڵێـت و دوایـی نەتوانێـت درەوێ بـکا تووشـی داڵغـە ئەبێـت و نەخـۆش ئەکەوێـت. خەڵـکان بۆچارەسـەر کردنـی ئـەم نەخۆشـییە بـە گەڵـەوە ئەچنـە سـەر زەویەکـەی و بـۆی دروێنـەی دەکـەن و دوایـی نەخۆشـەکە لـە نـاو زەویەکەیـەوە ئەچەرخێنـن و نەخـۆش بـە چـاوی خـۆی ئەبینێـت کـە مەزراکـەی درەو بـووە و بـاش ئەبێتـەوە. هـاوکات لەگـەڵ دروێنـە کـردن دەهـۆڵ و زوڕنـای لـێ ئـەدەن وبەیت ئەخوێنـن بـەڵام شـێوەی بەیتـەکان قـەت لـە چەمـەری ناچێـت و خەڵـکان خۆیـان لـە قـوڕ ناگـرن.

زڵف zi[illegible]f

بەگشـتی مـۆی سـەری نەچینـراوە زڵفـی پـێ ئەڵێـن و ئـەوەی کـە چینراوەیـە گیـس پـێ ئەڵێـن. ئـەوەی کـە ئەکەوێتـە بـەری سـەروێن یـان لەچکـە؛ قـاوی پـێ ئەڵێـن و ئەوەیکـە چینـراوە و ئەکەوێتـە پشـتی

سـەروێن؛ پەلگـی پـێ ئەڵێـن. لـە فەرهەنگـی کـوردەواری گیـس؛ بەتایبـەت گیسـی دایـك پیـرۆزە و سـوێندی پـێ ئەخـۆن. خەڵـك بەعـام لـە سـەر ئـەم بـاوەڕەن کـە ئەگـەر کچـی ئـازەو لـە کاتـی سـەر شـانەکردن زڵفـی بکەوێتـە گـرێ؛ دەزگیرانـێ بـۆ دێـت. هـەر بۆیـە لـە دێـڕە شـێعرێك دەڵێـن:

- تاڵێ لە زڵفت کەفتێیەسە گریە وە گولاو بشوورەێ، بگرەێ لە خنیە - ٥٣

گووش زڕیان gû□ zi□yan

خەڵـك بەگشـتی لـە سـەر ئـەم بـاوەڕەن کـە ئەگـەر گـوێ کەسـێك بزرنگێـت، نـاوی ئەبـەن. ئەگـەر گـوێ ڕاسـت بێـت؛ نـاوی بەباشـی ئەبـەن٥٤ و ئەگـەر گـوێ چـەپ بێـت؛ بەخەراپـە نـاوی ئەبەن.هـەر لەسـەر ئـەم بـاوەڕە، پەندیکـی پێشـنان ئەڵێـت:

- خەیـر ئـ□ـوش خەیـر وە ڕێـد باێـد٥٥ - واتـە ئەگەرنـاوم بەباشـی ئەبەیـت، تووشـی خێروخۆشـی ببوویـت.

مانگ گیریان man□ gîryan

خەڵـك بەگشـتی لەسـەر ئـەم بـاوەڕەن کـە ئـەو کاتـە کـە مانـگ ئەکەوێتـە تاریکـی؛ دژمنـان مانگیـان گەمـارۆ داوە، بۆیـە لـە تەنکەکـوت و دەهـۆڵ ئـەدەن تـا دژمنـان ببیسـتن و مانـگ بەربـدەن. ئەگـەر مانـگ دێـر ئـازاد بکرێـت، حاکمێـك ئەمرێـت.

تێبێنین:

ڕاستیەکەی وایـە کـە ئەمـە ڕووداویکـی سرۆشـتییە و کۆسـووف و خۆسـووفی نـاوە و هیـچ پەیوەندیکـی بـە دژمنـەوە نییـە. ڕەنگـە ئـەم بـاوەڕە لـە سـەردەمی - ئەبووڕەیحانـی بیروونـی - دەسـت پێکرابێـت. زانـای بلیمـەت «ئەبووڕەیحانـی بیروونـی» ئەسـتێرەناس و حیسـاب زانـی سـەردەمی سـەلجۆقیەکان بـووە و پێشـبینیی کـردووە کـە مانـگ ئەچێتـە خۆسـووف و وایـش دەبێـت. شـای سـەلجۆقی کـە ئـەم ڕووداوەی نەدیـووە تـووڕە ئەبێـت کـە بۆچـی منتـان ئـاگادار نەکـردووە؟

ئەبووڕەیحـان ئەڵـێ: بەڵێنـت پـێ ئـەدەم کـە بـە چـاوی خـۆت ئـەم ڕووداوە ببینـی. چەنـد سـاڵێك پـێ ئەچێـت و کـوڕی شـا ئەمرێـت و شـا ئازیەتبـاری کوڕەکەیـە کـە سـەر لـە نـوو خۆسـووفە و شـا لـە شـیرین خـەو دایـە و کـەس ناپرمێـت لـە خـەو هەڵیدەسـتێنێت. بۆیـە ئەبووڕەیحـان دەسـتوور ئـەدا بـە خەڵـکان کـە لـە سـاز و دەهـۆڵ بـدەن تاکـوو شـا لـە خـەو هەڵدەسـتێ. کاتێـك کـە شـا بـە تووڕەیـی لـە خـەو هەڵدەسـتێ و پرسـیار دەکا کـە چ لێقەومانێکـە؟ پـێ ئەڵێـن کـە دژمنـان مانگیـان گەمـارۆ دانـە و ئەمانـە ویستیانە کـە مانـگ ئـازاد کـەن.

وەفر wefr

وەفـر یـان بەفـر لای کـوردان بایخـی زۆرە. هـەر وا کـە دەزانیـن یەکـەم بەفـر ناخوردرێـت چۆنکـە ئەبێتـە هـۆی نەخۆشـی - قڕنقـاز - بـەڵام بەفـری ئێلاخـان لای کـوردان بەقیمەتـە و لـە زۆرینـەی شـێعری فولکلـۆر ئامـاژەی پـێ دەکـەن. ڕاستییەکەی وایـە بەفـری ئێلاخـان ئسـتعارەیە.

خەڵـك بەگشـتی لەسـەر ئـەم بـاوەڕەن کـە بەفـر خاڵـۆی سـەگە بۆیـە لـە کاتـی بەفـر باریـن خۆراکـی گـەرم بـە سـەگەکان ئـەدەن. هەروەهـا لـە سـەر ئـەم بـاوەڕەن کـە دوایـن بەفـر؛ بەفـری دەرمانگـەرە. لـە دێڕیکـی شـێعری فولکلـۆردا ئەڵێـن:

سەونزە، سەونزێگە لە سەر نساران سفێد وەفرێگە شەفایێ بیماران

یان: هەم خوداڕەیشتە، هەم شویەڵەێ نۆری هەم وەفرْ کاوان لە بیمار دۆری

یان: باڵاد لە وێنەێ چنارْ باخان ناو مەمانەگەد، وەفرْ ئێلاخان ٥٦

ئاغووڵ ax□û□

جـۆرە دڕکێکـە کـە لـە چەمەنـزارەکان شـین ئەبێـت و بـە - شـترخار - یـش بەناوبانگـە. خەڵـك بەگشـتی

ئاغوول بە باشی ئەیکوڵێنن و وەك ئارەق لە شوشە ئەکەن و بۆ دەرمانی بەردی مێزڵدان کەڵکی لێ وەرئەگرن. هەروەها ئاغوول لەگەڵ خیاتەی گەنمەشامی تێکەڵاو دەکەن بۆ دەرمانی بەردی گورچیلە. خەڵکی شارەزوور بۆدەرمانی ئازاری گورچیلە، ئازاری مێزڵدان، بۆرییەکانیمێز، لە گیاکانی بەرِەزا، قەیتەران، ریشاڵی گەنمەشامی، بەشێوەی چالێنان کڵك وەر دەگرن.٥٧

پزێ pizê

نەخۆشیکە کە تووشی ران ومێگەل و بەتایبەت پەز دەبێت. پەز بۆ ئەوەیٚ کە لە کاتی رێ کردن و ملۆچە کردن سەری لە زەوییە و قچی خوێ لە سەر زەوی ئەگێرێنێت و تووز و خاکی زەوی ئەچێتە قۆرِگیٚ؛ تووشی ئەم نەخۆشییە ئەبێت و بەباشی ناتوانێت نەفەس بکیشێت و تووشی خنکان دەبێت و دەمادەم قفە دەکا.

خەڵك بەگشتی بۆدەرمانی ئەم نەخۆشییە تیکە چێویك کە - چوو پزێ - پیٚ ئەڵێن و لە راستیدا ساقەی وشك بووی گیای پاقازەیە لە ملیان دەکەن وباش ئەبنەوە.٥٨

تێبینین:

هۆکاری زانستی ئەم دەرمانە ئەوەیە کە گیای پاقازە گازی ئتیلین و بۆتانی هەیە و وەك ئامۆونیاك تۆندە و دەبێتە هۆیٚ ئەوەیکە خڵت و خاك لە سێپەلاکی پەز بێتە دەرەوە.

پەرکام perkam

پەرکام یان«صرع» لەبەر نەبوون یان کەمبوونی کانزای سۆدیۆم و پۆتاسیۆم لە مێشك روو ئەدات و چۆنکە ئەم دوو کانزایە خۆراکی سەرەکی مێشکە، مێشك تووشی هەلومەرج دەبێت و مرۆڤ دەکەوێتە سەر ئەرد و کەف لە دەمێدا بەخورِ دێتەخوار. خەڵك بەعام لەسەر ئەم باوەرِەن کە پەرکامدار تووشی جن و مەلاکەت بووە بۆیە بە چەقۆ لە چووار دەورێدا کرِێك دەکیشن و وا ئەڵێن کە جن و مەلاکەت لێ دوور ئەبێتەوە.٥٩

شێوەیەکاتر بۆ دەرمانی پەرکامدار هەیە کە دەقاودەق لەسەر رێبازی زانستییە. ئەوەش بریتییە لەوەی کە ئەوەی کە تووشی پەرکام بووە رووت ئەکەن و لە خۆڵەمێشی بەرِۆ دائەنێن.

تێبینین:

خەڵك بەعام وا بیر دەکەن کە جن و مەلاکەت لە ئاگر دەترسن و بەری دەدەن بەلام لە راستیدا وا نییە و ئەم کارە بۆ خۆی دەرمانیکی زانستییە. هەروا کە وەتمان نەخۆشی - صرع - لەمەر نەبوون یان کەمبوونی کانزای سۆدیۆم و پۆتاسیۆم لە مێشك روو ئەدا و خۆڵەمێشی بەرِۆ یان هەر سووتەمەنییکیتر کە لە چێو بێت؛ پۆتاسیۆمی بێ‌خەوشە و لەشی پەرکامدار لەبەر ئارەقێك کە لە کۆنی پێستی دێتە دەر لەگەڵ ئەم کانزایە ئامێتە دەبێت و سەر لەنوو جەزبی لەش دەبێت و نۆقسانی ئەم کانزایە لە لەش جۆبران دەبێت و پەرکامدار وەك پێشوو باش ئەبێتەوە. ٦٠

## کتێبناسی


١ - زەرِینەوسیمینە/بەرگی یەکەم ئاکۆجەلیلیان/ ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩
٢ - زەرِینەوسیمینە/بەرگی دووهەم ئاکۆجەلیلیان/ ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩
٣ - زەرِینەوسیمینە/بەرگی سێهەم ئاکۆجەلیلیان/ ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩
٤ - زەرِینەوسیمینە/بەرگی چوارم ئاکۆجەلیلیان/ ئەنستیتیوتی کەلەپووری کوردی، سلێمانی ٢٠٠٩
٥ - هەگبەوهەوارگە ئەیوب رۆستەم/ چاپی یەکەم. سلێمانی ٢٠٠٣
٦ - تفسیر اوستا ج. د.دارمستتر، ترجمه د.موساجوان.چاپ دوم.انتشارات دنیای کتاب
٧ - کورد وچەند بابەتێکی مێژوویی هاشم عاسی کاکەیی/چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك ٢٠٠٦
٨ - تاریخ ایران/جلدسوم، قسمت اول احسان یارشاتر/ ترجمه حسن انوشه. انتشارات امیرکبیر ١٣٨٩
٩ - پژوهشی در اساتیر ایران مهردادبهار/چاپ پنجم. انتشارات آگاه ١٣٨٤

١- پژوهشی در اساتیر ایران/مهرداد بهار. لاپەڕەی ٢١٦
٢- لەوکاتە ژن هێنان لەنێو بنەماڵەدا باب بووە و بە گوناح لە قەڵەم نەدراوە. لەسەرچاوەی سەرو لاپەڕەی ٢٣٠ وانووسیوە: لە یەسنای ٣٢ بەندی ٨ گوناهی جەمشید ئەوەتە کە گۆشتی گا بۆ خۆراکی خەڵک هێنا بەڵام شانامە و دەقی ڕێوایەتی پەهڵەوی و ئەودوایی سەرچاوە مێژوویەکانی فارسی و ئەرەوی دەڵێن: گوناحی جەمشید ئەوە بوو کە داوای خوایی کرد و لە وودا نووسیوە کە رەنگە گوناحی جەمشید ئەوە بوو کە لەگەڵ خوشکی خۆی زەماوەندی کرد. لە ریگوودا نووسیوە کە خوشکی جەمشید لێ داوا دەکەی کە لەگەڵ ئەودا دەسلەملان بێت تا تۆرەمەی مرۆڤ تێک نەچێت بەڵام جەمشید قەبوڵ ناکەی و دوایی بەهۆکارێکی نادیاری ئەوکارە ئەنجام دەدا.
لە کتیبی تاریخ ایران،جلد سوم قسمت اول لاپەڕەی ٥٣٣ نووسیوە:... دەڵێن کە جەمشید خەڵکان بە ئعتداڵ رێنوێنی کرد. لەبەر هەبوونی فەڕهەی ئیزەدی لە وجوودی ئەودا توانی کە مەرگ و نەبوون لە وڵات و گەلی خۆی دوور بخاتەوە بەڵام لەکوتایی داوای خوایی کرد و هەر بەمبۆنەوە فەڕهەی ئیزدی لێدوور بوو.
٣- هەر لێرەدایە کە فەڕهەی خوایی لە جەمشید دوور دەبێتەوە و هەروەها دەتوانین رووبەڕوو بوونی ئائینی زەردەشتی و مێهری هەڵسنگێنین چونکە لە ئائینی زەردەشت زەماوەند لەگەڵ مەحارم حەڵاڵ بووە بەڵام ئاوا دەستوورێک لە ئائینی مێهری و زڕوانی باب نییە.
٤- هەمان سەرچاوە - لاپە ٢٨٠
٥- فەرهەنگی زانستگای کوردستان/ بەسەرپەرەستی مامۆستا ماجد روحانی.
٦- دانشنامەی کوردیکا/ئاکۆ جەلیلیان.
٧- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
٨- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان
٩- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
١٠- زەڕینەوسیمینە/بەرگی یەکەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
١١- تاوی یان تاۆ جۆرەداریکی زۆر گەورەیە و بەرەکەی وەك بەلاڵوکە و بە نێسبەت چەورە و تامی تاڕادەیەك گەسە ولای کوردان داریکی موقەدەسە و زیاتر لە پێنجسەد ساڵ ئەمێنێت. رەنگە هەر ئەو داری ساج بووبێت بەڵام لە فارسیدا داغداغانی پێ دەڵێن.
١٢- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
١٣- کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی - هاشم عاسی کاکەیی - چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك ٢٠٠٦
١٤- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
١٥- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
١٦- لە کتیبی ئەساتیری ئێرانی کۆن وانووسراوە کە سام دوای چل شەو و چل رۆژ سکاڵا و پاڕانەوە لە ئەهوورامەزدا داوای کوڕێک لێ دەکا و ئەهوورامەزدا کوڕێکی پێ ئەبەخشێت. کە سام بۆ سپاسگوزاری دەچێتە سەرشاخ و دێتەوە دەبینێ کۆڕێکی کەزاڵ و مۆ سپیە و لەداخا بەجێی دەهیلێ و سیمورغ ئەوی پەروەردە دەکا.
١٧- فەرهەنگی باشوور/ ئاکۆ جەلیلیان.
١٨- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
١٩- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
٢٠- گارەگار: قاسپە قاسپ.کاتێك کەوك گارەگار دەکا، لە دوورا وا دێتە گوێ کە گوایە ئەڵێ ئێرە ئێرە.
٢١- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم/ ئاکۆ جەلیلیان.
٢٢- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
٢٣- کتیبی «طب» ئەبوو عەلی سینا
٢٤- زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.

٢٥ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
٢٦ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٢٧ - تەفسیری ئەوستا، جیم د.دارمستتر، وەرگێرانی د.مووساجەوان، لاپەڕەی ١١٢.
٢٨ - هەمان سەر چاوە، لاپەڕەی ١١٣.
٢٩ - مزێڕ: مضر
٣٠ - ئاوەشوو: جندە، گەنەکار.
٣١ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
٣٢ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی سێهەم - ئاکۆ.
٣٣ - زۆیەڵە : کیسەی سەفرا.
٣٤ - دەسهاڕ : ئاسەك، ئاسیاو دەستی.
٣٥ - وەسمە: پێستی گوێزەکە هاڕیاوە و وەك خەنە لە مۆی ئەگرن.
٣٦ - سەرانسیە: نەخۆشی میگرن.
٣٧ - قاپ: ئیسقانی قاپی پێ.
٣٨ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٣٩ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی سێهەم - ئاکۆ.
٤٠ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٤١ - برنگاێبرنگ = تەفراوتووناوی.
٤٢ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی سێهەم - ئاکۆ.
٤٣ - زووە: نەخۆشیکە وەك کەوڵە کە ئەنگۆستی دەست و ژێری نەینۆك پەیدا ئەبێت و ئەبێتە هۆی سوور بوونی ئەنگۆست.
٤٤ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٤٥ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٤٦ - زەڕینەوسیمینە/بەرگی دووهەم. ئاکۆ جەلیلیان.
٤٧ - تەفسیری ئەوستا - جیم د.مستتر - وەرگێرانی - د. مووسا جەوان/ لاپەڕەی ٧٦ چاپی دووهەم - دنیای کتاب.
٤٨ - هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ٧٧.
٤٩ - هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ٧٨
٥٠ - هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ٧٨
٥١ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٥٢ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٥٣ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی سێهەم - ئاکۆ.
٥٤ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٥٥ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی یەکەم - ئاکۆ.
٥٦ - وەفر ئێڵاخان : ئستعارەیە وەکوو بای شەماڵ. هەروەها خەڵك بەگشتی لە سەر ئەم باوەڕەن کە دوایین بەفری ئێڵاخان وەکوو ئاوی ژنیان یان حەیاتە و شەفا بەخشە.
٥٧ - هەگبەوهەوارگە، نووسینی ئەیووب ڕۆستەم - چاپی یەکەم - سلێمانی ٢٠٠٣ لاپەڕەی ٣٣.
٥٨ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٥٩ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی دووهەم - ئاکۆ.
٦٠ - زەڕینەوسیمینە - بەرگی دووهەم - ئاکۆ.

هەواڵنامەی کتێب



# کورتەیەک لە سەر ئاوایی بەردەڕەشانی مەهاباد

ئەمیر ئاقابرا - مەهاباد



### نێوی دێیەکەو هەڵکەوتەی جۆغرافیایی

لە سەر ساڵی دروست بوونی ئەو ئاواییە مێژوویەک لە بەر دەست نییە بەڵام بە پێ فەرموودەی بە ساڵاچووان بەڕدەڕەشان پێکهاتەی سێ ئاوایی حاجی عەزیز لە باشووری ڕۆژئاواوە مامە کۆڵە لە سەر ڕێگای میاندواو - مەهاباد و ئاوایی کانێ قادر لە باکووری ئێستای ئەو دێیە یەکتریان گرتۆتەوە و ئاوایی بەردەڕەشان بە پێی تێپەڕی زەمان ساز بووە، نێو دێی بەردەڕەشان دە ژێر کێوێکی نزمدا کە بەردەکانی ڕەشن و ئەو نێوە لەوێرا بۆی ماوەتەوە. پانتای نێو دێ ٢٣ هێکتارە و نیزیک بە ١٢٠ماڵەو دانیشتوانی ٥٢٠ کەسن. ١٧٠٠هێکتار لەوڕگەو نیزیک بە ١٨٠٠هێکتار دێمەکار و ١١٠ هێکتاری بەراو هەیە کۆی هەرێمی ئەو دێیە نیزیک بە ٣٧٠٠هێکتارە.

### هەڵکەوتەی نێو دێ

ئەشکەوتێک لە بەرقەدی کێوەکەدایە کە بە ئەشکەوتی پیرێژن ناسراوە، لە هەوەڵی ئاوایی ئەگەر لە جادەی سەرەکی مەهابادە و بەرەو میاندواو بێین دوای نیزیک بە ٢ کیلۆمیتر دەگەین بە گۆڕستانێکی کۆن کە کێلەکانی بەرز و نەوین و هی سەردەمێکی کۆنترن، لە ڕۆژهەڵاتی دێیەکە تەپکێک دێتە بەرچاو کە بە تەپکی قەبران دەناسرێت و ساڵانێکە لە ژێر چاوەدێری میراسی فەرهەنگی دایە ئەو

تەپکە ئاسەواری مێژوویی سەدەکانی کۆن دەخۆ دەگرێ، کانییەک لە ڕۆژهەڵاتی ئاواییەکە هەیە کە دەوسالانەی دواییدا ئاوێکی بەو شێوەی لێ نەماوەتەوە ،لە نێو دێی بەردەڕەشان ڕا ڕێگایەک بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵدەکشێ کە دەچێتەوە مەزرای مێردەکان و لە وێشەوە بەرەو میاندواو، لە باکوورەو کە ڕێگای سەرەکی دێیە دێتەوە بەرەو قۆپێ و جادەی سەرەکی مەهاباد میاندواو ڕێگایەکی دی بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەچێ کە ڕێگای کۆنی بادام بووە و هێشتاش کەڵکی لێ وەردەگیرێ، لە باشووری ڕۆژئاواوە بەرەو مەزراکانی سەید مینە و خرە سیران و ڕێگای حەوڵاباد ڕێگا هەیە
ئەگەر لە کۆتایی ئەو ڕێیە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات بگەڕێینەوە دێتەوە حاجی عەزیز و کێوی کۆلکەڕەش و هەتا سنووری گۆکتەپە و شارەکی پیشەسازی لە ڕۆژئاواوە بەرەو شاخە سوور و مووچەی مامە کۆڵە و تا دێتەوە سنووری گردەگرۆێ

### کەسایەتیەکانی ئاوایی

یەکێک لە کەسایەتێ هەرە گەورەکانی سەردەمی نوێی مەهاباد و ناوچەی موکریان بە گشتی کە لە ئاوایی بەردەڕەشان لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە دایک بووە بەڕێز مامۆستا ناسر ئاغابرا (ژاکاو)کە هەتا ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی ماڵیان هەر لەوێ بۆوە، دواتر نیشتەجێ مەهاباد بوون، کەسایەتیەکی خاوەن ورە و نیشتمانپەروەر کە نەبوونی بینایی ڕێگر نەبوو لە گەشەو بەرەو پێش چوونی.شاعیرێکی خاوەن هەست و ڕووناکبیرێکی کەم وێنە کە ساڵی ١٣٩٩ هەتاوی لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد ڕۆحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار
کتێبە چاپکراوەکانی:
١ - کەژاوەی دڵ
٢ - تریفەی ئاوات
دوو بەرهەمی چاپ نەکراوی ماون
٣ - (کۆلارە) تایبەت بە منداڵان
٤ - قافڵەی ئەوین

هەواڵنامەی کتێب

### دەنگ خۆشانی ئاوایی

کاک مەولوود عیسازادە و کاک مەولوود ئەحمەدی



مەولوود ئەحمەدی

## چیرۆک بێژان

خوالێخۆشبوو محەییدین خزری،کاک محەییدین نەقڵی ڕۆستەم و سۆهراب و ئەمیر ئەرسەلانی ڕۆمیّ و دەیان بابەتی دی لە بەر بوو، هەر شەوەی هێندێکی باس دەکرد و ئەگەر تەواوی دەکرد دە جێگای ئاستەمدا دەبەریدا شل و کوت بای هەتا سبەی شەو نەیدەگێڕاوە

## قسە خۆشان

خاڵە محەییدین دڵشاد و خاڵە وسووی (یۆسف)برای کە بە داخەوە خاڵە وسوو لە ژیاندا نەماوە بەڵام بە خۆشێوە خاڵە محەییدین دوای تەمەنی نیزیک بە سەد ساڵیش وریا و بە گوڕدە و یارمەتیەکی باشی دەگەڵ کاک سەدیق هەمزەپوور و کاک ڕەحیم ئاغابرا بە مندا بۆ نووسینەوەی ئەم بابەتە، دەستیان خۆش و تەمەن درێژ بن ئیشڵڵا

داوای نەقڵێکم لە خاڵە مەحییدین کرد (کە لە خۆشەویستیان هەموو خەڵکی دێی پێیان دەڵێن خاڵە)فەرمووی: ئەو کاتی زوو ڕادیۆ و تلێزوون و شتی وا نەبوو بەزمی دیوەخانان هەر حەکایەت و نەقڵی خۆش بوو، زستان بۆ مەڕ لە سەرماڵان، ئەمن و وسووی برام لاو بوین، کارداریّکمان هەبوو خەڵکی حەجەمستانێ نێوی بەهمەن بوو، ئێوارەیەکی کوتی دەڕۆمەوە سەری ماڵێ دەدەم، بابیشم ئیزنی دا، نانخورانێ بە چەق و لووری سەگان دەرپەڕیم بزانم چ باسە، ڕەشاییەک دەهات دەنگمدا، تەمەشا دەکەم بەهمەن، کوتم بەهمەن ئەوە بۆ گەڕایەوە، کوتی لێمگەڕێ نەقڵم دوورە، دەگەڵ وسووی مەڕمان تاقەت کردو خۆمان سازکرد بۆ نەقڵی بەهمەنی ئەوشۆی پێ تێپەڕێنین، هاتە بەرە کورسی و کوتم دەی بەهمەن نەقڵەکەی باسکە، کوتی ماشێنم وەگیر نەکەوت، یەگڕا لە پڕمەی پێکەنینێماندا بەو نەقڵە دوورەی بەهمەن

لە ڕاستەوە ١ - ڕەسووڵ فەتحوڵڵاهی ٢ - سەدیق هەمزە پوور٣ - خاڵە محەییدین دڵشاد ٤ - ڕەحیم ئاغابرا ٥ - کاوە دڵشاد



هەڵکەوتەی جۆغرافیای بەردەڕەشان لە ڕۆژهەڵاتەوە ئاوایی بادام لە ڕۆژئاواوە ترشەکان و گردەگڕوێ لە باکوورە قۆپێ بابە عەلی لە باشووری ڕۆژئاواوە حەوڵاباد.

بەردەڕەشان لە بیست و حەوت کیلۆمتری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد لە سەر جادەی میاندواو مەهاباد هەڵکەوتۆو سەر بە ناوچەی شارویرانە.بەردەڕەشان لە ڕوویی پانتایی زەوی و زار دووهەم گەورەترین ئاوایی ناوچەی مەهابادە پاش کۆسەکەریز کە ئەو یەکەمە ،بە هۆی بەربڵاوی مەزرا و مووچەی بەردەڕەشان ناچارین سەفەرەکەمان بە شێوازێک دست پێبکەین کە هەموو مەزراکانی بتوانین بناسێنین.

لە سەر زینوێی مامەند کوژراوە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای بەردەڕەشان واتە سنووری گردەگڕوێ ڕا بە رەو ئاوایی دەڕۆین کە هەردوو بەری جادەی مەهاباد میاندواو بگرێتەوە (بەپێ زانیاریەکانی خەڵکی بە تەمەنی گوند مامەند کابرایەکی بازرگان بووە لەو زینوێیە چەتە پێشی پێ دەگرن و دەیکوژن، زۆر ڕوون نییە کە ئەو کارەساتە دەگەڕێتەوە چەند ساڵ لەمەوبەر بەڵام بەپێ فەرموودەی کەیخوداکان سەدەیەک زیاتر بەسەریدا تێپەڕیوە) لە زینوێی مامەند کوژراو کە هاتێ خوار بە دەستی چەپی جادەوە دەبێتە شاخی کانێ هەنجیران و کانیەکەی دەنێو دڵی شاخەکە دایە کە زۆر ئاستەم و چڕ نییە ،ئەو شاخە هەنجیری کێوی هەبووە ،بە دەستی ڕاستی جادەوە کە بڕوانی ئەو بەرە مەزرایە پێی کوتراوە کاڵە شینە (کاڵە شینە جۆرە گیایەک بۆ کە هەموو وەرزێکی ساڵ شین بووە و باڵای بە قەدرا گەسکی بڵیند بووە و مەڕ و ماڵات لێی لەوەڕاون)لە بەرەوەی کاڵە شینە مووچەیەکی چکۆلە هەبووە کە مووچەی مامە کۆڵەی پێ کوتراوە دەکەوێتە گۆڕایەکەی دوای زینوێ و لە سەری پێچەکەی پێش ڕێگای ئاواییە(مامە کۆڵە لە پێش کانییەک بە نێو کانی حاجی عەزیز کە هەردووک ئاوایی حەوت هەشت ماڵی بوونە، واتە مامە کۆڵە و حاجی عەزیز ئاوایی بوونە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دوور کە کاولەکانیان هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر مابوون)دەستی چەپی جادەی ڕووبەڕووی مووچە دەبێتە چارداغی گوڵاوی ئاغا کە وا وێدەچێ کەسێک بە نێوی گوڵاوی ئاغا پێشتر خاوەنی ئەو بەرە مەزرایە بووە کە هەتا نیزیک ماڵی قۆپی بابە عەلی دەچێ

ڕووبەڕووی چارداغی گوڵاوی ئاغا بە بەری بەردەڕەشانێوە ڕاست بێهداری ئێستا تاڵاوی پێکوتراوە (تاڵو جورە گیایەک بووە کە بە قەدرا کەلەمێک گەڵای پانی دەکرد)کانییەکیشی هەبووە بەنێوی کانێ کوێرە، لە سەر ڕێگای بەردەڕەشان قاوەخانەیەکی لێ بوو کە تا ئەو ساڵانەش بەردەوام بوو کە دەگەڕێتەوە بۆ سەد و بیست ساڵ پێش، پاسگای بەردەڕشان لە کۆنەوە لەو شوێنە هەبووە، ڕووبەڕوو پاسگا بە دەستی قۆپێ دەبێتە کانێ قادر کە بەنێو کانییەکەی کراوە کە ئاواییەکی چووکە بووە، لە بەری کانێ قادر جۆرە گیایەک هەبۆ بە نێو گەورکە بنی وەک کۆلکە بووە و خەڵک بۆ سووتەمەنی کەڵکیان لێ وەرگرتووە، ڕووبەڕووی کانێ قادر بە دەستی ئاواییەوە کێویک دیارە بە نێو کێوی مێردەکان کە ڕوون نییە بۆ ئەو نێوەی لە سەرە، دوڵانێک ڕوو بە جادە دە کێوەکە دایە کە قووڵە بەفری پێ کوتراوە بەبیری بەساڵا چۆکان لەو شوێنە ئەمباری بەفریان لێ سازکردووە و خوێیان پێدا کردوە بۆ هاوین کەڵکیان لێ وەرگرتووە،

لە سەرجادەی مەهاباد - میاندواو دوای هەورازی پاش پاسگا بەرەو میاندواو بە دەستی چەپەوە کێوی پۆڵالو دەبینین کە بەو بەرە مەزرایەی وێ تا بازاری ئەمیر ئاباد دەڵێن بەری سیسێرگ (لەو بەرە مەزرایە سیسێرگ ژیاوە کە باڵندەیەکە بە قەد لەگ لەگە)ڕووبەڕووی بازاری ئەمیر ئاباد قاوەخانەیەک لە سەر ڕێگای بادام هەیە کە تا ئەو قاوەخانەیە مڵکی بەردەڕەشانە، لەو شوێنە هەوەڵ

بەرە مەزرا تەواو دەبێ و بە تەنیشت ڕێگای بادام و ڕوو بە ئاوایی کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی دەگەڕێنەوە بەرەو دێ ئەو بەرە مەزرایە کە پێی دەکوتری مێردەکان و کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاخی مێردەکان پێشتر هەتا ساڵی حەفتا و پێنج و شەش هەتاوی خاوەنی ئاو و زەوییەکانی بەراو بوون کە لە کانی و کەڕێزەی مێردەکان ڕا دەهاتە نێو گۆلی مێردەکان، ڕۆژ هەڵاتی ئاوایی کۆنە ڕێگایەکی لێیە (جادەکۆنە یا شەقام)کە سەرێکی ئەو ڕێگایە لە سەر گۆلی مێردەکان ڕا بەرەو میاندواو دەڕوا ،سەری دیکە لە شارەکی پیشەسازی مەهاباد و شاخی کۆلکە ڕەش دێتەوە دەر، ئەو ڕێگایە قەدیم واتە سەد و پەنجا ساڵ پێش ڕێگەی سەرەکی میاندواو مەهاباد بووە و کاروانچی و باری وشتر بەو ڕیگایەدا هاتوون بە شەقامیدا کە بێینە سەر ئاوایی دەکەوێتە دەستی ڕاست و ئێمە دەکەوینە بەینی کێوی قزڵداغ و بەردەڕەشان، قزڵداغ لە باشوورەوە ئاوایی ئازادی لێ نیزیکە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئاوایی بادام لە باکوورەوە بەردەڕەشان، لە ڕۆژئاواوە حەوڵاباد کێوێکی بڵیند و چڕە و بەرزترین کێوی ناوچەکەیە، هەروا کە بە جادە کۆنەدا ئاوایی بە جێ دێڵین دەگەین بە سەید مینە، کە بە پێی زانیاریەکان کەسێک لە وێ ژیاوە بە نێوی سەید مینە و کانی و ئاوی لێ بووە لە سەید مینەی کە تێپەڕین لە باکووری ڕۆژئاواوە دەگەینە سنووری حەوڵاباد و مەزرای خڕە سیران کە سیری کێوی هەبووە لە ڕۆژ ئاواوە دەگاتە کانی هەباس ئاغا (ئاغایەک بووە بە نێو هەباس ماڵی لە سەر کانیەکە بووە )پاشان دەگەینە قۆقمیش و کانی قۆقمیش کە ئاوێکی تایبەتی هەیە و لەو کانیەی ڕا ئاوی خواردنی دێ پاشەکەوت دەکرێ و پاشماوەکەی دەڕوا بۆ مەزرای بەردێ و سەرەوەی پاسگایە، لە ڕۆژئاوای بەردەڕەشان واتە لای لوولە گاز دەگەین بە شاخە سورو و کەنداڵە سور و پاشان بەردە کەپر کە شێوازی بەردەکانی وەک کەپر بنیان هلۆڵە، بە رەو پێشتر بێین دەگەین بە کاولی مووچەی مامە کۆڵەو لە باشووری ڕۆژ ئاواش کانی حاجی عەزیز



## ناسۆرەکان

ئەگەر دەمزانی تەنیایی
تەوژمی وا بە لێشاوە
هەتا مردن بنەوبارم
دەخست و نەمدەپێچاوە

خەیاڵی قوڵە بەفرو و
مێردەکو و ئەشکەوتی پیرێژن
تلاوتل رامدەژێنێت و
دڵ و مێشکم تیا گێژن

خەیاڵی تەپکەکەی سەر دێ
خەیاڵی تاقەکەی بەردێ
خەیاڵی ماتەیی کۆڵان و
ئەو کاتی کە ئەسمەر دێ

خەیاڵی خۆشی دەورانی
قوتابیم و غەزەل خانی
بە زاهیر دەرسی ئوستاد و
بەدڵ بۆ عەشقی پەنهانی

خەیاڵی کۆڕی هاواڵان و
بەستە و باسی دڵداری
دەمێکی سەرخۆشی بادەو
دەمێکی دەردی هوشیاری

هەموو ناسۆری ڕۆژانی
جودایم و غەریبیمن
هەموو ئازاری شەوگاری
نەخۆشی و بێ تەبیبیمن

ناسر ئاغابرا (ژاکــــاو)

## بیری ئاوایی

بیری ئاوایی دەکەم
بیری ئەم خاکە کە هەریەک نمەبارانی بێ
لە هەناوی گوڵی عەشقێ دەڕوێ
کە لە بانی مەلی یادێ دەدوێ
هەموو ڕێبازی ئەوین، خەت بە خەتی
یادگارێکە لە جێپێی یارێ
کە حەدیسێکە لە لەنجە و لارێ
لەوەتا لەو ڕەزە هەڵکەنراوم
ڕەشە با بێبەزەیی لەم کەلە تووڕی داوم
وەکوو ماسێکی لە نێو وشکارۆ
هەموو شابەیتی قەسیدەم ئەوەیە
جۆگەلە گیان ،چەند دووری!
پێیەکانم شەکەتی ڕەنجی ژیان
وێڵ و وێلانی کەوی ئاواتن
کە لەسەر دوندی چیان
بیری ئاوایی دەکەم، وەرە توخوا دەروێش!
لە خوڕەی جۆگەلەکان و
لە ڕەوەی بەرغەلەکان
لە کەروێشکەی گوڵەزێرینی گەنم بۆم بدوێ
بەتەمام قاوت و بۆدراوێ بخۆم
لە بەرهەیوان و لە پای دیزگڵەی دایە ڕەزێ

ناسر ئاغابرا (ژاکــــاو)

# جوولەکەکانی کوردستان

محەمەد ئەدیبی - بۆکان





بە درێژایی مێژوو، کوردستان وەک جۆغرافیایەکی ناوچەی میزۆپۆتامیا و کورد وەک نەتەوەیێک، شوێنی حەوانەوەی فرە ڕەنگی و فرە دەنگیی بووە. ئەم وتەیە خۆویژی و بە خۆدا هەڵکوتن نییە و مێژوو خۆی شاهێدە و شەرمیش لەکەس ناکات.

ئەگەر فلاش بەگێک لێدەین و بچینە ناو ڕەهەندە قووڵ و کەوناراکانی مێژووەوە تەنیا نموونەی «هەزەبانی»یەکان باس بکەین بۆمان دەردەکەوێ کورد هەر لە دێرزەمانەوە لەگەڵ زۆر نەتەوەدا توانیویەتی لەگەڵیاندا هەڵبکا، جوولەکەش یەکێ لەو نەتەوانەیە.

وەک دەزانین نەتەوەی کورد هەر لە دێرزەمانەوە خاوەن چەندین تایفەی دیار بوون و هەر کامەیان بە پێی دەسەڵات و ئۆتۆریتەی خۆیان حوکمڕانیەتی خۆیان هەبووە. وەک : مید یان ماد. مانی. لۆڤی. هیتی. هۆری. ئوراتوویی. خالیدی و هەزەبانی و..... دیارە لە سەردەمی خۆیدا مادەکان لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زاییندا بە هاوکاری بابلیەکان شکستی یەکجارەکی بە ئاشووریەکان دێنن. ئیدی لەوە بەدوا هەموو عێل و تایفە و ڕەچەڵەکییەکانی کورد کۆ دەبنەوە و توانیان دەسەڵاتێکی گەورە و سانتراڵ وەک ئەمپراتۆرییەتێکی بەرین و بە دەسەڵاتی ماد پێک بێنن. ئەوە گەورەترین دەسەڵاتی یەکپارچە و تۆکمەی کوردیی بووە.

هەزەبانیەکان، لە سەدەی یەکەمی پێش زایینەدا دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەبووە و بە پایتەختی هەولێرەوە، لە کەنداوە هەتا قووڵایی سووریەی ئێستایان لە ژێر دەسەڵاتدا بووە. ئەو دەسەڵاتە بە تایبەتی لە سەردەمی (مانۆباز شادا) و (هێلێنیای) شاژندا زۆر بەرچاو و بە دەسەڵات بووە.
هێلێنیا و مانۆباز و دواتر ئیزەد یان ئیزەتاس کوڕیان ئۆگرییەکی زۆریان بۆ ئایینی جوو دەبێ و دینی مووسایی وەک ئایینی سەرەکی خۆیان هەڵدەبژێرن و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا برەوی پێ دەدەن و بەو پێیەش هاتوو چۆیێکی زۆریان لەگەڵ جووەکاندا دەبێ. هۆکاری چوونە سەر ئایینی جوو و پاڵپشتی کردنی جووەکان لە لایەن پاشای هەزەبانیەوە دەتوانین دوو ئەگەر و هۆکاری بۆ دەست نیشان بکەین:
١. چونکە ئەشکانییەکان دەسەڵاتدارەتییێکی بە هێز و شوێن دانەری ناوچەی میزۆپۆتامیا بوون، هەزەبانیەکان بەو کارەیان ویستیان سەربەخۆیی خۆیان نیشان بدەن و ئۆتۆریتەی دەسەڵات و سنووردارییەتی خۆیان لەگەڵ ئەشکانییەکان جیا بکەنەوە.
٢. جیا لە سنووردارییەتی و سەربەخۆیی دەسەڵات، ویستان بە شێوەی کەلتووری/ئایینیش خۆیان لە ئەشکانیەکان جیا بکەنەوە تاکوو لە ڕێگای ئایین و ئەگەری هێزەوە باندۆری ئەوانیان بە سەرەوە نەبێ. بەگشتی پەرچەکردارێک بووە بۆ بەرپەرچدانەوەی کەلتوور و ئایینی ئەشکانیەکان.
دوای مردنی هێلێنا و ئیزەدی کوڕی لە ژێر وەسیەتی خۆیان لە شاری ئاورسەلیم(ئورسەلیم)دەنێژرێن و هەر لەوێ بینایێکی تایبەتییان بۆ ساز دەکەن. لەم سەردەمەدا، دێرینە ناسان توانیان تابووتی تایبەتی هێلێنا لەو شوێنە بدۆزنەوە و ئێستا لە مووزەخانەی لوڤێری پاریس پارێزراوە. ئێستاش گۆڕستانی هێلێنای شاژن و کوڕەکانی لە ئورسەلیم شوێنێکی دیارە و کەونینە ناسان لێکۆڵینی لەسەر دەکەن.
هۆی نزیکایەتی جوو و کورد لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە کاتێ ئەمپراتۆری ماد توانی ئاشووریەکان وەها شکست بدات کە هەتا هەتایە فکری دەسەڵات و میرایەتییان لە زەینیدا نەمێنێ. ئەو تێک شکانەی ئاشوور بوو بە هۆی خۆشحاڵی هەموو ڕەگەز و نەتەوەکانی میزۆپۆتامیا، وەک بابل. جوو. پارس و.... چونکە جووەکان تەواو کۆیلەی ئاشووریەکان بوون. ئیدی لە کاتی دەسەڵاتی ماد بەولاوە جووەکان لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەمپراتۆری مادا بە ئازادی دەژیان. لە شوێنەوارە دیارەکانی جووکان لە لای هەولێر و دهۆک و بە تایبەت لای مووسڵ مەزارەگەی ناحوومی لێیە. بە پێی باوڕی جووەکان ناحووم وەک پێغەمبەر و پەیامهێنەر ناوی هاتووە و لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینەدا ژیاوە.
دواتر لە سەردەمی خاچ و خاچ پەرەستیدا بەرەو سووریە و بابل و کوردستان کۆچ دەکەن وەک باس دەکرێ تەنانەت لە مووسڵ دەسەڵاتێکی شێوە ئۆتۆنۆمییان هەبووە.
ئەوە نموونەییێکە کە ئێسترابۆ یان سترابۆن(٦٤بۆ٦٣ پ.ز ٢٣ دوای زایین)مێژوونووسی یۆنانی بە جوانی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی تێدا تۆمار کردوە.
چونکە بە درێژایی مێژووی دێرین، کورد و جوو و هەروەها کورد و ئەرمەن، هەمیشە نێوانیان خۆش بووە و بە تەباو ڕەبابیەوە ژیاون. ئەو کردارە ئینساندۆستانەیە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باگراوەندەی بە درێژایی زەمەن کورد بە ئەزموون دەستەبەری کردوە، بە واتایەکی ڕوونتر چونکە هەمیشە گەلی کورد کەوتوتە بەر تەوژمی هێرشی دراوسێکانی و هەڕەشە و زوڵم و قەڵاچۆی سەرخۆی قەت فەرامۆش نەکردوە و هەر لە سەردەمانی ئاشوورەوە هەتا ئێستێ هەر هێرشی دەسەڵاتە ئاگۆئیسمەکان پاسیف

دەکات و بـە درێژایـی چەرخـی گـەردوون کار و پیشـەی بووەتـە بەربەرەکانـی و خۆراگـری، هـەر بۆیـە دالدەدانـی لێقەومـاوان و بێئەنواکانـی بـە کارێکـی پیـرۆز زانیـوە و هەمیشـە لـە مانیفێسـتی بوونیـی خۆیـدا جێگایەکـی تایبەتـی بـۆ دانـاوە. بـە گشـتی نەتـەوەی کـورد هەمیشـە توانیویەتـی لەگـەڵ گـەل و نەتەوەکانـی دیکـەدا حاوانـەوەی هەبـێ و ڕەفتـار و کردارێکـی شارسـتانیانەی لەخـۆی نیشـان داوە. هـەر بۆیـە دەگوتـرێ گەلـی کـورد میوانگـرە و مـاڵ و حاڵـی شـوێنی حاوانـەوەی غەریبـە و غەوارەکانە. بـە داخەوە کـەم نیـن ئـەو گـەل و دراوسـێیانەی ئـەو هەلەیـان بـە زۆڵیەتـی قۆزتوەتـەوە و لەپشتەسـەرەوە خەنجـەری ناپاکییـان لـێ وەشـاندووین و لێمان بیستوون و دەبیسـتین کـە سـنگ فراوانـی کـورد نیشـانەی سـادەیی و سـاویلکەیی بوونـی کـوردە، بـەڵام لـە ئەساسـدا نیشـاندەری دەروون پاکـی و بـێ گـرێ و گـۆڵ بوونـە. دەرخـەری مـرۆڤ بـوون و هەسـتی مـرۆڤ دۆستییە. ئـەوان چونکـە خۆیـان دەروون چڵکـن و بۆکـرووزی گەندەڵییـان لـە ئەندێشـەی ڕاسیزم بوونیـان هەڵدەسـتێ، بۆیـە ناتوانـن هەسـت بـەو لۆژیکـە ڕاسیۆنالیزمە بکـەن.

بـە درێژایـی ڕەوتـی مێـژوو ناوچـە کوردسـتانییەکان کـەم و زۆر جوولەکـەی لـێ بـووە. تەنانـەت گەڕیـدە و توریسـتی جـوو (بنیامیـن تۆدیلا) لـە سـاڵی ۱۱۷۰ زاییـن دەسـت دەکات بـە گەشـت و گـوزار و ئەوروپـا و ئاسـیا و بـە تایبـەت میزۆپوتامیـا بـە تەواوەتـی دەگـەڕێ. گەشـتەکەی ئـەو سـەدەیەک پێـش مارکـۆ پۆلـۆ بـووە. سـەبارەت بـە گـوزەران و بـە تایبەتـی وەزعـی ژنانـی جـوو و کـورد لـە کوردسـتاندا تۆدێلا دەڵێت: ژن و ئافرەتـە کـوردە جـووەکان وەک ژنانـی کـورد لەچـاو ئافرەتانـی فـارس و عـەرەب و.... زۆر ئازاتـر و ئازادتـرن. هەروەهـا دەڵێـت ژنانـی جـوو لـە کوردسـتاندا بـە ئازادیـەوە شـان بـە شـانی پیاوانیـان لـە مووچـە و مەزراکانـدا کار دەکـەن و لـە بوارەکانـی دیکـەی ژیانـدا چالاکـن.

تەنانـەت کەلتـووری کـوردی هێنـدە کارتێکـەری لـە سـەر جـوو بـووە. کـە بـۆ یەکەمیـن جـار ئافرەتێکـی کـوردی جـوو دەبێتـە خاخـام لـە ناوچـەی ئامێدیـدا (ئاسـینیان بارزانی ۱۵۹۰ـــــ ۱٦۷۰ پـاش زاییـن) دەبێتـە یەکـەم ژنـی پێشـڕەوی ئایینـی و نێـو نێوبانگێکـی زۆر دەردەکات.

جێـی خۆیەتـی ئامـاژە بـەو خاڵـەش بکـرێ. لەبـەر ئـەوەی جوولەکـە هەمیشـە بـە هـۆی پەرتـەوازە بوونـەوە خـاوەن وڵات و کیانێکـی سـەربەخۆی نەبـووە و زۆرجـار ئاییـن و ڕەوشـتی دینداریەتـی خۆیـان بـە تەواوەتـی ئاشـکرا نەدەکـرد. هـەر بـەو پێیـە جووەکانـی نیشـتە جێـی کوردسـتان و ناوچـە بـە گشـتی لـە سـەر ئایینزایـی دینمەییـەکان بـوون. بـە واتایەکـی ڕوونتر(بـە نهێنـی).

لـە زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتاندا جوولەکـەی لـێ بـووە. بـەڵام بـە گشـتی جوولەکـە زۆرتـر لـە ناوچـەی بانـە و بۆکانـدا زۆر و بەرچـاو بـوون.

بەپێـی بەڵگـەکان هەبوونـی جوولەکـە لەناوچـەی بـۆکان و دەوروبـەری دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی قاجـارەکان. ئـەوکات کـە سـەردار عەزیزخانـی موکـری خاوندارێتـی بۆکانـی دەکـرد. سـەردار عەزیزخـان بـە هـۆی دەسـەڵاتێکی ناوچەیـی و حوکمـی کـە هەیبـووە داڵـدەی جوولەکەکانـی داوە و پشـتیوانی کـردوون و پاراسـتوونی.

لـە سـەردەمی دەسـەڵاتداریەتی حەمـە حوسـێن خانـی موکریـدا و بـە پێـی سـەرژمێریاری سـاڵی ۱۲۸۰ هەتـاوی بـە موسـوڵمان و جوولەکـە و باقـی دانیشـتووانی دیکەوە سـەرجەم بۆکان ٤۰۰کەسـی حەشـیمەت بووە.چەنـد سـاڵ دواتـر بـە پێـی سـەرژمێریاری ئـەوکات دەگوتـرێ لـە بـڕی ٤۰۰ بنەماڵـەی بـۆکان ۸۰ بنەماڵەیـان جوولەکـە بـوون. ئیـدی ئـەو ئامـارە جیـا لـە جوولەکەکانـی دانیشـتووی دێهاتەکانـن.

جـووەکان کەمـتر خەریکـی کشـت و کاڵـی و وەرزێـری بـوون و زۆرتـر بـە دووکانداریەتـی و بازرگانـی و

پێشەییەوە سەرقاڵ بوون. هەر بەو پێیە جوولەکەکانی بۆکان زۆربەیان خەریکی خەڕازی(وردەوەڵە فرۆشی) و بەزازی و کاری پیشەیی وەک خومچییەتی و بازرگانی بوون. بە هۆی ئەوەی کە دەست پاک و ڕاستگۆ و هەرزان فرۆش و ڕووخۆش بوون خەڵکی گوند و ناوچە زۆرتر سەودایان لەوان کردوە. هەتا ئەم دووایانەش چەند دووکانێک لە گوندی وەتەمیش مابوو کە هی جوولەکەکان بووە.
بە گشتی ئەو جۆرەی باس دەکرێ کەم گوند هەبووە جووی لێ نەبووبێ. ئەو گوندانەی کە جووی زۆر تێدا نیشتەجێ بووە. بریەتین لە : یەنگی کەند. تیکان تەپە. قەڵەندەر. ئارەبەغلوو. یەکشەوە. بەردەزەرد. سەردەراباد. تورجان. ئێنگیجە.جامەرد. ئەرمەنی بلاغی. هەروەها شاریکەند. داربەسەر و زۆر گوندی دیکە.
ئەوەی کە دەگوترێ لە سەردەمی قاجارەکاندا جوولەکە هاتبێتنە بۆکان و ناوچە تۆزێ جێگای شک و گومانە. ئەویش بە چەند هۆکارێک:
١. یەکەم بە پێی بەڵگە مێژوویە دێرینەکان هەر لەسەردەمی ئاشووریەکانەوە لەدوای کۆمەڵکوژی یەکەمی جوولەکەکان بە دەستی پادشای ئاشوور(شەڵمانسەری سێهەم) بەولاوە، دوای قەڵاچۆ کرانیان، ئەوی دەمێنێ بە بابل و کوردستاندا بڵاوەیان پێ دەکرێ.
٢. وەک لە پیرە پیاوان و پیرەژنانی یەنگیکەندم بیستوە و لێکۆڵینەوەم لەسەر کردوە. جووەکانی یەنگیکەند و دەوروبەر، زمانی کوردیان بە باشی زانیوە و هیچ کێشەیان لەهجەیەکی کوردیان نەبووە. جیا لە زمان، لیباس و جل و بەرگیشیان هەر کوردی بووە چ ژن چ پیاویان هیچ جیاوازییەکی پۆشاکیان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی نەبووە.
٣. جوولەکەکان لە کردار و هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتیدا بێجگە لە ئاکار و ئەرکی ئایینی خۆیان، هەموو شتێکیان لەگەڵ کوردانی دیکە یەک ڕەنگ و هاوئاهەنگ بوون و جیاوازی نەبووە. تەنانەت گۆرانی کوتن و شایی گێڕانی ناوچە زۆرتر لە ئەستۆی جوولەکەکان بووە.
لە ناوچەی بۆکاندا یەکێ لەو گوندانەی لە باری دانیشتوانی جوولەکەوە بە نێوبانگە گوندی یەنگیکەندە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری بۆکان.
بە پێی توێژینە و لێکۆڵینەی مەیدانی، لە ئاوایی یەنگیکەند دە بنە ماڵە جوولەکەی لێ بووە. :
١. شێرەجوو خومگەر بووە. منداڵەکانی شێرەجوو: میکاییل و مریەمیان ناو بووە.
٢. بلەجوو دمەک ژەن و تەپڵ چی بووە. کچێکی بووە ناوی زێڕوەشان بووە و بووەتە بووکی نەسیرەجووی قەڵەندەر.
٣. عەزیزەجوو زوڕناژەن بووە و دەڵێن سەحەری سەیر خۆش لێداوە. لەگەڵ بلەجوو دێهاتەو دێهات دەگەڕان و شایی و داوەتیان دەگێڕا.
٤. خلە قەرەچی چەرچی بووە و کوتاڵ فرۆشی کردوە.
٥.سمایلەجوو. باوکی عەزیزەجووی زوڕناژەن بووە.
٦. ئەلەجوو پینەچی بووە و وردواڵە فرۆشی کردوە. کوڕە گەورەکەی ناوی کاکەجوو بووە. کچەکانی ناویان خاسێ و پشانە بووە.
٧. وەستا خدر یان خلەجوو یان خلە ڕیش بڕاویان پێ کوتووە. خلە جوو باوکی بلەجوو بووە. گوایا لە ڕێگا دز و جەردە ڕێگایان پێ گرتووە و ڕیشیان بڕیوە و ئیدی لەو کاتەوە بە خلە ڕیش بڕاو ناسراوە. دوو کچیی هەبووە ناویان سێحێ و ماکولێ بووە. دەگێڕنەوە کە جوانی سێحێ دەنگی دابووەوە.

خلەجوو دەمڕاست و گەورەی هەموویان بووە.
٨. ڕافائیلەجوو.
٩. سڵێمانەجوو.سڵێمانە جوو کوڕی ڕافائیل بووە بەڵام دوو بنەماڵەی جیا بوون.
١٠.سیمانەجوو.
لەو جوولەکانەی گوندی یەنگیکەند تەنیا ئافرەتێکیان بە بێوەژنی موسوڵمان دەبێ. بەوجۆرەی باس دەکرێ سەرەتا ناوی سمحە بووە و کچی خلە قەرەچی دەبێ و ژنی سیمانەجوو. دوای موسوڵمان بوونی ناوی فاتمی لەسەر دادەنرێ.
بە وتەی بە ساڵاچووانی گوندی یەنگیکەند و گوندەکانی دەورووبەر جوولەکەکان لە بارەی داب و نەریت و هەڵس وکەوتی کۆمەڵایەتی جیا لە دەستووری ئایینی خۆیان هیچ جیاوازییێکیان لە گەڵ باقی خەڵک نەبووە. ژن و پیاویان لە داوەت و شینی یەکتریدا بەشداریان کردوە و ئەو جۆرەی باس دەکرێ بۆ یەکجاریش کێشە و شەڕ و هەڵلا لە نێوان موسوڵمان و جووەکاندا نەبووە.
عەزیزەجووی زوڕناژەن، لەگەڵ بلەجووی تەپڵچی و لەگەڵ شەنگەجووی دەنگ خۆش و گۆرانی بێژی داربەسەردا یەک دەکەوتن و داوەتیان دەگێڕا. تەنانەت زۆرجار سەحی باوەی خەڵکی یەنگیکەند لەگەڵیان کەوتووە و شاییان گێڕاوە. یەکێ لە بەندەکانی کە عەزیزەجوو بە گۆرانی کوتوویەتی:
نە کەلبەیە و نە دێوەیە دەسگیرەی کاکە ئەلەیە
گۆڕخانە و قەبرستانی جووەکان لە تیکانتەپە بووە. بەڵام گۆڕخانەی منداڵەکانیان هەر لەیەنگیکەند بووە.
بۆ قوربانی کردن و سەربڕینی مەڕ و ماڵات وئاژەڵ، کەسێک لە بۆکانەوە هاتووە کە پێیان کوتووە مالم، مالم ئەرکی سەربڕینی ئاژەڵەکەی لە ئەستۆ بووە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە، ئەو کارد و چەقۆیەی کە قوربانییان پێ کردوە هیچ کارێکی دیکەیان پێ نەکردوە.
وەک باس دەکەن ڕۆژانی شەممە کە ڕۆژی پشوودانیانە دەستیان بۆ شقارتە و شەمچە نەدەبرد و دەبوو یەکێ لە جیرانەکانیان ( موسوڵمان ) چرایان بۆ هەڵکردابایە.
بۆنە تایبەتیەکانی جووەکان:
١. کەپرینە شینە.(یان جێژنە فەریکە).ئەم جێژنە لە هاویندا بەڕێوە دەچوو. شتەیێکیان وەک ڕەشکەی کاو وێنجە هێناوە و وەک کەپرێک هەڵیانواسیوە. دواتر هەموو میوەیەکی کە لەبەر دەستیاندا بوویێت پێیاندا کردووە و بە دەووریدا دانیشتوون و کۆزیلکەیان بەستووە و ڕاز و نیازیان کردوە. ڕوو بە عاسمان دەپاڕانەوە تاکوو باران ببارێ. هەتا بارانی بەسەردا نەبارایە نەیاندەخوارد. ئێستاش لەو ناوچەی فەیزوڵابەگی میوەی کەپرە شینە بە نێوبانگە. کاتێ لە هاویندا باران دەبارێ خەڵکی دەڵێن: « بارانی کەپرە شینەیە.»
٢. جێژنێکی دیکەی جوولەکەکان. قوربانی کردن بووە. دوای ئەوەی مالم یان شالم دەهات و ئاژەڵەکەی بۆ سەردەبڕین، ئەوانیش گۆشتەکەیان بە سەر خۆیاندا دەبخشیەوە وپێیان دەگووت: «گۆشتە تریفە.»
جوولەکەکان لەگەڵ خەڵکی دیکەی گونددا زۆر مرتاح و بێ کێشە بوون. فەقێ ساڵەی ڕەحمەتی دەیگێڕاوە : کاکەجووی کوڕی ئەلەجوو لەگەڵ ئێمەدا دەهات قورئانی دەخوێند و تەنانەت نێوە جزمێکیشی خەتم کرد بێ ئەوەی دینی خۆی گۆڕی بێ.
هەروەها وا باس دەکرێ. خەڵکی لەگەڵ جوولەکەکاندا زۆر باش بوون و چەند بنەماڵەیەکیان کە

دەست تەنگ بوون. وەک ئەلەجوو و بلە جوو، خەڵکی هەمیشە گەنم و ڕسق و ڕۆزی پێداویستی ژیانیان بۆ دابین کردوون.
تەنیا لە ناوشاری بۆکان جوولەکەکان کەنیسەیان بووە. هەرچەندە دەڵێن لە تورجانیش کەنیسەی لێبووە. وەلی بە فەرمی و بە ئەسێحی باسی لێوە نەکراوە.
مانگانە تەواوی جووەکان ئەرکی سەر شانیان بووە بە پێی دەست ڕۆیشتوویی خۆیان پارە دابنێن وبینێرن بۆ ئیسرائیل بۆ بنیادنانی دەوڵەتی خۆیان. ئەگەریش پارە نەبوایەت کووپە پەنیر یان ڕۆن یان گۆشتیان دەکردە قاورمە و لە گۆزە و کووپەدا سەربەستیان دەکرد و لەگەڵ شت و مەکی دیکە ئامادەیان دەکرد و بە تێکڕایی بەڕێیان دەکردن بۆ ئیسرائیل.
حاجی عوسمانی کوڕی حاجی مەلا ئەحمەدی کۆسە لەو پێوەندییەدا بەسەرهاتێکی جێگای سەرنجی بۆ گێڕامەوە: کابرایەکی جوولەکە لە بۆکان دەبێ ناوی «شێرەکوور» بووە و لە قەپان خەریکی حەماڵی و بارکردنی گەنم و جۆ و دەخڵ و دان دەبێ و جلک و لیباسێکی زۆر کۆن و لە سەد جێگا پینەکراوی لەبەردا دەبێ. دەڵێ پێمان کوت باشە تۆ بۆ کەوایەکی بڕێک باش ناکڕی خۆ تاقە قرانێکی زیاتر ناوێ؟ لە وڵامدا کوتی: خۆ دەزانم دەبێ کەوایەکی بڕێک ماقووڵ بکڕم و دەشتوانم بیکڕم، بەڵام من ئەرکی سەر شانمە هەموو مانگی قرانێک یان دوو قران بنێرم بۆ ئیسرائیل، هەر بۆیە ناردنی ئەو پارەیەم لەلا پێویستترە هەتا کڕینی کەواییەکی بڕێک تازە.
بەجۆرەی لێکۆڵینەوەکان ئەو شوێنانەی جوولەکەی لێ بووە لە دوو بوواری ئابووری و بە تایبەتی هونەریدا کارتێکەری ئەرێنییان هەبووە. ئێستاش زۆر بەند و گۆرانی بە نێوبانگ هەن و دەکوترێنەوە کە هەر لەسەر دەمی جووەکانەوە کوتراونەتەوە. وەک باس کرا هونەرمەندانی جوو هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی دەنگخۆش و گۆرانی بێژ لە یەنگیکەند و گوندەکانی دەورووبەردا زۆر و بەرچاوبن.
لە گوندی یەنگیکەند و دەورووبەر هەر بە شوێن جووەکاندا وەچەیەکی هونەری و دەنگخۆش سەریان هەڵدا کە ئێستاش نێو و نێوبانگیان هەر ماوە. وەک: باوەقایەر(خاڵە قایەر پەریزاد). سۆی حەمەمرادی باوکی حەمە ئامانی هونەرمەند. خاڵە فەقێ ساڵە. عەلی ڕەحمان باوکی هونەرمەند بلە نازدار. فەرەج کوێخا ئەحمەد. عەبەی مەلا حەسەن. مەجی کاسەلیم. حاجی کەریم باپیرەی کاک حەمەساڵەی هونەرمەند و دەنگخۆش. سەحی باوە. هەروەها لە بەردەزەرد حەسەن کەرە. لە ساروقامیش کاکەوڕەحمان و زۆر کەسایەتی دیکە.
سەحی باوە یەکی لەو دەنگخۆشانەی گوندی یەنگیکەند بووە کە سەردەمی خۆی جیا لە بەند بێژی و شایەرەتی شاعیریش بووە. بەڵام بە داخەوە چونکە سەردەمی خۆی تۆمار نەکراون هیچ بەرهەمێکی لێ بەجێ نەماوە. سەحی باوە لەگەڵ شەنگەجوودا زۆری گۆرانی کوتووە وپێکەوە شەڕەبەندیشیان کردوە. تەنانەت لە شوێنێک بە گۆرانی کوتوویەتی: ( دیوتە چیم کرد لەشەنگە لە شایی دەروێشاڵی.)کەم شایی و داوەتی دەوروبەر بووە ئەگەر سەحی باوە بە هاوشانی شەنگەجوو و بە نایە و زوڕنای عەزیزەجوو و بە تەپڵی بلەجوودا گۆرانی نەکوتبێ و شایی و داوەتی گەرم نەکردبێ.
سەحی باوە لە بارەی لەحن و شێواز و کەلیمەوە تایبەتیی بووەوە و نیزام نیزامەکەی لە گەڵ هەواکەی ماموستا عەلی کەرداری هونەرمەنددا زۆر جیاواز بووە.
**سەبارەت بە ژیان و بە سەرهاتی حەمەئامانی هونەرمەند لە وتارێکی تایبەتیدا بە باشی باس لە کەسایەتی و هونەرەکەی کراوە و لە گۆڤاری بەیاندا چاپ و بڵاو کراوەتە.**
بەو جۆرەی خاڵە فەقێ ساڵە و کاک حەمە ساڵەی هونەرمەند باسیان کردوە چەند گۆرانییێکی تایبەت

لە جووەکان ماوەتەوە کە هێشتا نەگوتراونەتەوە: (سام سام) لەگەڵ(خاندەنالێ). سام سام گوایە بەیتێکی حەماسی بووە. ئەو جۆرەی خاڵە فەقێ ساڵە گێڕایەوە و تێکستی گۆرانی خاندەنالێی گوتەوە. لە نێو ئاخنی تێکستەکەدا چەند کۆپلەیێکی تێدابوو کە لەگەڵ تێکستی گۆرانی خاندەنالێ یەکی نەدەگرتەوە. چونکە بە هۆی پیری و بە ساڵاچوویی گوایە لە بیری چووەتەوە. بەڵام من ئەو دوو تێکستەم لێک جیا کردووەتەوە. چونکە تێکستی گۆرانی خاندەنالێ دڵدارییە، بەڵام تێکستی سام سام حەماسییە و دەکەوێتە بواری بەرخودانییەوە.

گۆرانی خاندەنالێ ڕاست وەک گۆرانی (ئەرمەنی) ناوچەی کرماشان دەچێ کە لەودا کوڕێکی موسوڵمان ئاشقی کیژێکی ئەرمەنی دەبێ و لە خاندەنالێدا کوڕێکی موسوڵمان ئاشقی کیژێکی جوولەکە دەبێ.

تێکستی گۆرانی (خاندەنالێ)م لە لایەن خاڵە فەقێ ساڵەی ڕەحمەتییەوە وەدەست کەوت و هەروەها دوو کۆپلەشیانم لە لایەن کاک حەمە ساڵە و کاک ناسر کەریمی هونەرمەندانی خۆشەویستەوە پێ گەیشت. تێکستی خاندانالێ بەو شێوەیە:



خاندەنالێ

خاندەنالێم کیژە جووە
سەر بە تۆپ و گردە ڕووە
لە سەر دینێ بۆم لاچووە
****

خاندەنالێ مەکرێ مەکە
ئەم ساڵەکە مێردێ مەکە
ساڵێکی کە بە دڵی خۆکە
****

خاندەنالێم مەچوە داران
لێت پەیدا دەبن ڕۆڵەی جاران
لێت دەپسێنن بەندی گواران
****

خاندەنالێ مەچوە ئاوێ
لێت پەیدا دەبن ڕۆڵەی لاوێ
لێت دەپسێنن بەند و باوێ
****

خاندەنالێم مەچوە ئاشی
لێت پەیدا دەبن ڕۆڵەی ناشی
لێت دەپسێنن بەندی قوماشی
****

بە بڕوای من ئەو تێکستەی خوارەوە دەبێ تێکستی(سام سام) بێت. چونکە تەواو بۆنی حەماسەی لێوە دێ و لە دڵدارییەوە زۆر دوورە.

شەڕە میران، شەڕە شـــەڕە
شـــەڕە لە سەر پردە بـــــازا
کۆستەی هەجیجی ئەترازا
شەڕی مامەیە و برازا
****



شەڕە میران، شەڕە شەڕە
شەڕە لەسەر مێرگە چووکەڵێ
شەش خانیان هێنا دووکەڵێ
ڕووی ڕەش بێ هەرکەسێک هەڵێ
****

چەنم پێ وتی خدرەی بەسێ
بە شەش خانەکەت مەڕەخسێ
دووت کوشتووە مەیکە بە سێ
****



تاج تورات، متعلق به یهودیان بوکان، نگهداری در موزه اسرائیل در اورشلیم

کانەبیم کوڕی کەڵباڵی
باسکی شەڕی هەر دەماڵی
سەد قەرەبینای ئەکرد خاڵی
****

بانگی دەکرد مامە مینە
ئەو قەرەبینەم لەبوو بینە
پێی قەدکەم پەپاق شینە
****

جوولەکەکانی بۆکان و کوردستان لە ساڵی ١٣٢٨ هەتاوی بە شێوەی ئاییی بەرەو ئێران کۆچ دەکەن و دواتر دوای یەک ساڵ واتا لە ساڵی ١٣٢٩ هەتاوی بە تێکڕا بەرەو ئیسڕائیل بەڕێ دەکرێن.
وڵاتی کوردستان، کورد گوتەنی، وەک گیرفانی قەبری کۆن وایە هەتا بیدەیتەوە زێڕی دێرینی لێ پەیدا دەبێ و سەدان چیرۆک و گەنجی پڕ بایخی مێژووی سەربەمۆری لە دڵی خۆیدا ڕاگرتووە و چاوەڕێی هەوڵ و دڵسۆزی پسپۆرانی لێکۆڵەر دەکات.
بە هیوای ئاسۆیێکی ڕوون و ڕۆژگارێکی دڵخواز.

**جێی خۆیەتی سپاسی ئەو خۆشەویستانە بکەم کە لەم بەدواداچوون و توێژینەوەیەدا یاریدەیان دام. خوالێخۆشبوو فەقێ ساڵەی یەنگیکەندی. عەبدولکەریمی ئەدیبی. ئامینە جانبلاغی. کاک حەمەساڵەی حاجی عەلی. کاک حسێنی ئەندان کوڕی خوالێخۆشبوو حەمەئامانی هونەرمەند**

هەواڵنامەی کتێب



# بارودۆخی کوردستان لە سەدەی دوازدە و سیزدە واتا لە سەردەمی «نالیی»دا

عەبدوالحەمید حوسێنی (سەپان) . ئاڵمان

**١ - بارو دۆخی کوردستان لە سەدەی دوازدە و، سیزدە دا:**

بە دوای تێکشکانی شائیسماعیلی سەفەویی لە شەڕی چالدیران لە ١٥١٤ زایینیدا، کوردستان بوو بە دوو کەرتەوە، کە کەرتەگەورەکەی کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و کەرتە بچووکەکەشی لە ژێر دەسەڵاتی پاتشاکانی سەفەوییدا مایەوە. سەفەوییەکان کە خۆیان بە رەگەز کورد بوون و بە مەزهەب سوننەی شافیعیی بوون،پاش ئەوەی کە شائیسماعیلی یەکەم بە یارمەتی خێڵاتەکانی تورك (کە بریتی بوون لە: شاملوو، ئوستاجلوو، قاجار، تەکەللوو،زولقەدر و ئەفشار) فەرمانرەوایی ئێرانی بەدەستەوە گرت و بە هۆی ئەوەیەوە کە ژنەکەی لە سەیدەکانی گێڵان (مەرعەشیی یا قەوامیی) و لە سەدەکانی سێ و چواری کۆچییەوە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە شیعە مەزهەب بوون؛ لە زەمانی شێخ حەیدەر باوکی شائیسماعیلەوە بە نیشانەی ڕێزگرتن لەو دوازدە ئیمام( عەلی کوڕی ئەبووتالیب و کوڕ و کوڕەزاکانی)ـەی، کە بە باوەڕی شیعەکان لە دوای پێغەمبەر جێنشینی بە حەقی پێغەمبەرن، تاجێکی دوازدە خانەییان لە سەر دەنا، مەزهەبی خۆیان گۆڕی و بوون بە شیعەیەکی زۆر توندوتیژ لە دژی سوننەکانەوە.شائیسماعیل مەزهەبی شیعەی کرد بە مەزهەبی رەسمیی لە ئێران و کەوتە قەڵاچۆ کردنی سوننەکانەوە. ناوچە کورد نشینەکان بوون بە گۆڕەپانی شەڕو پێکدادان، شائیسماعیل بە سەدان هەزار کوردی لە ناو برد، شار و گوندەکانی پێ چۆڵ کردن، خێڵاتە تورکەکانی لە شوێنی ئەوان دانا و بەو شێوەیە تەنگی بە کوردەکان هەڵچنی. میرنشینە کوردەکان بە زۆربەیی بۆ پەرە پێدان و بەرفراوانکردنی ناوچەی فەمانرەوایییەکەیان؛ خۆیان خستووتە بەر ڕکێفی دەسەڵاتدارانی ئێران و عوسمانییەوە. لە جیاتی ئەوەی کە ببنە پشتیوان و پاڵپشتی یەکتر، بە دنەدان و هاندانی شایەکانی ئێران یان سوڵتانەکانی عوسمانییەوە

لـە دژی یەکـتر ڕاسـتبوونەوە و بـووە بـە شـەڕ لـە نێوانیـان‌دا، کوشـتن و بڕیـن لـە ناویـان‌دا بـووە بـە دیاردەیەکـی بـاو و لـەو سـەردەمەدا هەژمارێکـی زۆریـان لـە یەکـتر کوشـتووە.
لـە ٩٢٠(١٥١٤)ی کۆچییـەوە تـا کۆتایـی پێهاتنـی میرنشـینەکانی کـورد لـە١٢٨٤(١٨٦٨)دا، تەنیـا هەڵۆخانـی ئـەردەڵان و خانەپاشای بابان دە بینیـن کـە بـە هیـوای پێکهێنانـی کوردسـتانێکی سـەر بەخـۆ بـوو بـن و بـە ئـەو ئامانجـەوە ناوچـەی فەرمانڕەوایـی خۆیـان پـەرە پێدابـێ.

## هەڵۆخانی ئەردەڵان:

هەڵۆخـان لـە نێوانـی سـاڵەکانی ٩٩٦ - ١٠١٤(١٥٨٨ - ١٦٠٥) لـە ناوچـەی ئـەردەڵان و هەورامـان دەسـەڵاتی بـە دەسـتەوە بـوو. بۆ پـەرە پێدانـی ناوچـەی دەسـەڵاتداریی‌یەکەی و بەرگریـی لـە هێرشـکرد نـی سـوڵتانی عوسـمانیی دۆسـتایەتی و هاوپەیمانیـی خـۆی پێراگەیانـدووە و بـە هـۆی لاواز بوونـی حکومەتـی سـەفەویی‌یەکان لـە قـەڵای زەڵـم و مەریوانـەوە، پێتەختـی خـۆی بـۆ قـەڵای پڵێنگانـێ گوازتووەتـەوە، دەسـتی کـردووە بـە ئـاوەدان کردنـەوەی ناوچەکانـی زەڵـم، مەریـوان، هەورامـان و پڵێنـگان؛ بـاری ئابـوری ناوچەکـەی بوژاندوتـەوە، شـورەیەیەکی زۆر بـاش و پتەویـی بـە دەوری قـەڵای پڵێنگانـێ‌دا کێشـاوە، لـە ماوەیەکـی کەمـدا توانیویەتـی ناوچەکانـی کوردسـتان لـە هەمەدانـەوە تـا کەرکـووک و موسـڵ بخاتـە ژێـر فەرمانـی خۆیـەوە. پەرەگرتوویـی فەرمانڕەوایـی هەڵۆخـان مەترسـییەکی گـەورەی بـۆ دەسـەڵاتدارانی سـەفەویی هێنایەکایـەوە. ئـەوە بـوو؛ شاعەباسـی سـەفەویی دوو جـاران لەشـکری نـاردە سـەر، جـاری یەکـەم لـە ١٠١٢(١٦٠٣) بـە سـەرۆکایەتی حوسـێن خانـی لـوڕ لەشـکرێکی دوازدە هـەزار کەسـی نـاردە سـەر، کـە هەڵۆخانـی لەشـکری شـای تێکشـکاند. هـەر لـە هەمـان سـاڵ‌دا بـۆ جـاری دووەم لەشـکری لێکـرا، کـە دیسـان پاشەکشـەی پێکـردن و لەشـکری شـای بـە سـەر شـۆری گـەڕاوە بـۆ ئیسـفەهانێ. سـاڵی دوایـی شـا عەبـاس ویسـتی، خـۆی بـە لەشـکرێکی زۆرەوە هێـرش بکاتـە سـەر هەڵۆخـان، کـە عەلیـی بەگـی زەنگەنـە شاعەباسـی گێڕایـەوە و پێـی ووت: ئەگـەر لـەو شـەڕەدا سـەرکەوی هیـچ شـانازیی‌یەکی پێـوە ناکـرێ، بـەڵام ئەگـەر تێـک بشـکێی لـە لایەکـەوە دەبێتـە هـۆی سەرشـۆڕێکی گـەورە بـۆ تـۆ، لـە لایەکـی دیکـەوە دەبێتـە هـۆی هاندانـی هەڵۆخـان تـا بـە پشـتیوانی سـوڵتانی عوسـمانیی‌یەوە هێـرش بکاتـە سـەر ئیسـفەهانێ و کۆتایـی بەدەسـەڵاتی ئێـوە بهێنـێ! بـاش وایـە بـە مەکـر و سیاسـەتەوە دەسـتی بـە سـەردا بگـرێ. ئـەوە بـوو، شـاعەباس دیـاری و خەڵاتێکـی زۆری بـۆ هەڵۆخـان نـارد و داوای لێکـرد، بـۆ پتەوکردنـی دۆسـتایەتیی خـۆی لـە گـەڵ بـارەگای پاشـایەتیی‌دا، ئەحمەدخانـی کـوڕی بنێرێتـە ئیسـفەهانێ؛ ئـەوە لـە لایـەك؛ لەلایەکـی تـرەوە ئەحمـەد خـان لـە بـارەگای شـایی دا چـاوی بـە شـێوەی فەرمانڕەوایـی و داب و نەریتـی حوکمڕەوایـی دەکرێتـەوە. هەڵۆخـان کەوتـە ڕاوێـژ پـێ کـردن لەگـەڵ پیـاو ماقوڵەکانـی خۆیـەوە، پـێ‌یان‌ئەسـپارد بـۆ بەرگـری لـە شـەڕ و ناکۆکـی زیاتـر پێشـنیارەکەی شـا عەبـاس بسـلەمێنێ. ئـەوە بـوو، کـە وێـڕای هێندێـك دیـاری ئەحمەدخانـی بـۆ ئیسـفەهانی نـارد.
کاتـێ ئەحمـەد خـان دەچێتـە دەربـاری شاعەباسـی سـەفەویی لـە سـەرەتادا ڕێـز و حورمەتێکـی زۆری لێدەگرن(شـا عەبـاس بۆتۆڵەسـەندنەوەی لـە هەڵۆخـان ) بـە نێـوی خزمایەتـی کـردن، زەریـن کولاهـ خانمـی خوشـکی لـە ئەحمەدخـان مـارە دەکا. ئینجـا بـە گوێـی ئەحمەدخـان دا دەخوێنـێ، کـە هەڵۆخانـی بابـت پییـر بـووە کاتـی ئـەوەی هاتـووە، کـە تـۆ لـە جێـی باوکـت دانیشـی، تـۆ بـەڵای منـەوە لـە وی پایـە بەرزتـری، تـۆ لـە وی پێگەییشـتووتری و... بـاش وایـە لـە هەڵۆخانـی باوکـت بـویێ، کـە تـۆ لـە جێـی خـۆی دابنـێ. ئەگـەر بەخۆشـیی نەیدایێـی، ئـەوە لەشـکری شـایی لـە پێناوتدایە!.ئەحمەدخـان دێتـەوە بـۆ سـەردانی

بنەماڵە، لە هەڵۆخان داوا دەکا، کە جێی خۆی بدا بە وی، هەڵۆخان لێی تورە دەبێ، شەڕ دەکەوێتە نێوانیانەوە، ئەحمەخان بە یارمەتی دایکی و خیانەتی مەلایەعقوب کە راوێژکاری هەڵۆخان دەبێ، پاسەوانەکانی هەڵۆخان فریو دەدەن، لە کاتی خەودا هەڵدەکەنە سەری، بە فەرمانی ئەحمەد خان، دەستی لە پشتەوە دەبەستن و دەینێرنە ئیسفەهانێ، پاش ماوەیەك لە داخان وەرهەم هەڵدێنێ و دەمرێ.

ئەحمەد خان پاشان بۆ سەرکوت کردنی میرنشینەکانی کورد لە موکریان و شارەزوور بوو بە پێشەنگی لەشکری شاعەباس و شای ئێرانێ بە یارمەتی ئەحمەدخانەوە توانی بەرهەڵستی کوردەکان لە موکریان و کەرکووك و موسڵ سەرکوت بکا.

کاتێ کە شاعەباس دەمرێ وە شا سەفیی لە جێی دادەنیشێ، بۆ سوپاس لە خزمەت گوزاریی و ئەمەگداریی ئەحمەد خان، دەستور دەدا تا هەر دوو چاوی( خوشکە زایەکەی خۆی) واتا سوهراب خان کوڕە گەورەی ئەحمەد خان لە قوڵکەوە دەربێنن. ئەحمەد خان کاتێ ئەو کارەساتە دەبینێ، لە تاوان شێت دەبێ و هیچ پزیشک و حەکیمێک ناتوانێ چارەی بکا.

**خانە پاشای بابان:**

کاتێ لە ساڵەکانی سەرەتایی سەدەی دوازدەدا، دەسەڵاتی سەفەویەکان لاواز دەبێ، خانە پاشای بابان کە فەرمانرەوایی ناوچەکانی شارەزوور و گەرمیانی بەدەستەوە دەبێ، لە ١١٣٢(١٧٢٠) هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی هەورامان و ئەردەڵان،تا دەوروبەری هەمەدانێ دەخاتە سەر ناوچەکانی خۆیەوە. بۆ قایم وقۆڵکردنی فەرمانرەواییەکەی، ناوەند و پێتەختی فەرمانرەواییەکەی لە کەرکووکەوە بۆ سنەی دەگوێزێتەوە و تا ساڵی ١١٣٦(١٧٢٠) بۆ خۆی لە سنەی دەمێنێتەوە. لەو ماوەیەدا مزگەوت و مەدرەسەیەکی گەورە و ڕێکوپێك بینادەکا؛ کە دەبێتە کانگای خوێندن بۆ مەلا و شێخ و فەقێیەکان لە کوردستاندا. شایانی باسە میرزا شوکروڵڵای سەنەندەجی، لە کتێبە مێژوویێەکەی خۆیدا«تحفەء ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان» لە مەڕ خانە پاشاوە دەنووسێ: «در سنەء یکهزار و یکصد و سی دو هجری خانە پاشا بدون جدال و قتال کردستان را متصرف شده، از سرحد کرکوك الی همدان را بە تحت تصرف و اقتدار خود آورده... پاشای مشارالیە با اختیار و اقتدار تامە بە امر حکومت پرداختە و مسجد و مدرسەای بسیار عالی در جنب دارالحکومەی سنندج بنا گذاشتە دو منارەء رفیع در آن مسجد برپای کرده. این مسجد و منارە قریب یکصد سال در نهایت استحکام باقی بوده، تا امان الله خان بزرگ کە بسیار مرد غیور و در عشیرتی متعصب بوده، در زمان حکومت خود آن مسجد و منارەء عالی را از پای در آورده، و جای آن را باغ و اشجار و بە فردوس مرسوم ساختە ...»

«واتا: لە ساڵی ١١٣٢کۆچی[١٧٢٠زایینی] خانە پاشا بەبێ کێشە و کوشتن و بڕین کوردستان ( ناوچەی ئەردەڵان)ی بەردەست کرد، لە سنووری کەرکووکەوە تا هەمەدانی خستە ژێر دەست و دەسەڵاتی خۆیەوە... پاشای گۆرپین بە هێز و توانایەکی تەواوەوە، کاروباری حکومەتەکەی بە ڕێوە دەبرد و مزگەوت و مەدرەسەیەکی زۆر باشی بە تەنیشتی بارەگای فەرمانرەوایی سنەوە ساز کرد. لە ناو مزگەوتەکەدا دوو منارەی بەرزی بەرزکردەوە، ئەو مزگەوت و منارەیە نزیکەی سەد ساڵان لە ئەوپەڕی قایمیی و پتەوییدا مابوونەوە، تا ئەوەی ئەمانوڵڵا خانی گەورە کە پیاوێکی زۆر بە وره و لە لایەنی عەشیرەتییەوە زۆر موتەعەسسیب [ واتا کەر ] بوو، لە کاتی حوکمڕەوایی خۆیدا، ئەو مزگەوت و منارەیەی لە بنەڕەتدا ڕووخاند و لە جێی وی باغ و دارستانی[ لێدا ]و کردی بە بەهەشت».

خانە پاشا لە ١١٣٦(١٧٢٤) عەلیخانی کوڕی لە سنەی دەکاتە جێنشینی خۆی و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بابان. لە ١١٤٢( ١٧٣٠) پاش کۆتایی پێهاتنی حکومەتی سەفەوییەکان، نادر شای ئەفشار دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ. دوای ئەوەی کە حکومەتەکەی سەقامگیردەبێ، بەرەو کوردستان دێ و هێرش دەکاتە سەر میرنشینەکان و عەلیخان بە بێ شەر و بەرگری ناوچەی ئەردەڵان و هەورامانی بۆ چۆڵ‌دەکا. عەباس قوڵیخانی ئەردەڵان کە لە ترسی خانەپاشای کوردستانی بە جێ هیشتبوو، بە یارمەتی تەهماسوبقوڵی خان، لە لایەن نادر شاوە دەکرێتە فەرمانرەوای کوردستان(ناوچەی ئەردەڵان) بەڵام بەر لەوەی بگاتە جێ، دەمرێ و سوبحان وێردیخانی کوڕی لە جێی دادەنیشێ و دەبێتە حاکم .

**خوسرەو خانی ئەردەڵان، نێودیر بە خوسرەوخانی گەورە:**

بەر لەوەی خوسرەوخانی گەورە لە ناوچەی ئەردەڵان و هەورامان لە ساڵی ١١٦٨ (١٧٥٦) ببێتە فەرمانڕەوا، حەوت هەشت کەسی گوێ لە مست و ملکەچ بۆ چەند ساڵێك کراونەتە حاکم. خوسرەوخانی گەورە بۆ ماوەی سی ساڵان فەرمانرەوایی ناوچەکەی بەدەستەوە بووە. پاش ئەوەی کە فەرمانڕەواییەکەی سەقام گیر دەبێ هێرش دەکاتە سەر ناوچەی موکریان، بڵباس و شارەزوور و لە کۆتایی فەرمانڕەوایی زەندییەکان لە ئێران؛ ناوچەکانی ئەراك، هەمەدان و دەورو بەری ئیسفەهان دەخاتە ژێرحوکمی خۆیەوە. حەمەخانی قاجار دوای ئەوەی لە زیندانی ڕادەکا؛ بە یارمەتیی کەسوکارەکانیەوە بەرەو تاران دەکەوێتە ڕێ، خوسرەوخانی ئەردەڵان لەو کاتەدا تارانیشی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خویەوە؛ پشت لە خان و کوڕە میرەکانی زەندییە ( کە پەنایان بۆ هێنا بوو و بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر حوکم و دەسەڵات داوای یارمەتییان لێدەکرد) دەکا، و ملکەچی خۆی بە حەمەخانی قاجار ڕادەگەیینێ، شاری تاران و ناوچەکانی دیکەی بۆ بەردەست و تەرخان دەکا. حەمە خانی قاجاریش بۆ ڕێز لێنان لەو هەمۆ ئەرکەی کە بۆی بە جێ هێناوە، دەڵێ لە لایەن خۆمەوە ئەوە تۆم کردە فەرمانڕەوا لە کوردستان!! حەمەخانی قاجار لە کارامەیی خوسرەو خان دەترسا، لەسەرەتاوە ئەمانوڵلاخانی کوڕی بە بارمتە لە لای خۆی ڕاگرت، ئینجا لە میوانداریی‌یەك‌دا، بە دەستووری شای قاجار خوسرەو خانیان دەرمانداو کرد، کە لە پێناوی ئەو دەرمانداوییەدا،خوسرەو خان لە سەرە تادا شێت بوو، نەخۆشکەوت و پاشی ماوەیەك مرد. شێخ موحەممەدی مەردۆخی کوردستانی لەم بارەوە دەڵێ:

نمی دانم چە در پیمانە کردند      بە یک پیمانەاش دیوانە کردند

«نازانم چ [شتێک]یان بۆ کردە ناو پەیمانەوە، بە پەیمانەیەک شێتیان کرد»

لە پاش ١٢٠٠ی کۆچیی(١٧٨٦ی ز.)ەوە میرنشینەکانی کوردستان بە تەواوی کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی شایەکانی قاجار و سوڵتانەکانی عوسمانییەوە. لە ناوچەی گەرمیان و شارەزوور تا ڕادەیەک عەبدولرەحمان پاشای بابان توانیویەتی لە بوونی ناکۆکیی لە نێوان ئێران و عوسمانیی‌دا کەڵک وەرگرێ، کە ئەویش بە هۆی ناکۆکی و دوو بەرەکی لە نێوانی میرەکانی بابان و سەرهەڵدانی ناکۆکیی لە نێوانی تەریقەتی قادریی و نەقشەبەندیی‌دا چی وای بۆ کورد لێ‌نەکەوتووەتەوە. کورد ووتەنی:

ووشتر نەبەسی بوو بارگرانی      وا زەنگوڵەشی خرا ملانی

هاتنـەوەی «مەولانـا خالیـد» بـۆ سـولەیمانیّ و دەسـتکردن بـە بـرەو پێدانـی بـە تەریقەتـی نەقشـبەندیی لـە نـاو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان‌دا، کۆسـپێك و قۆرتێکـی ترشـی خسـتە نـاو گۆرەپانـی ململانـی و ناکۆکییـە بەردەوامـەکان لـە ناوچەکانـی گەرمیـان و سـولەیمانی‌دا. زانـای بـە ناوبانـگ و مەزنـە شـێخی تەریقەتـی قادریی‌یـەکان، جەنابـی شـێخ مارفـی نۆدەیـی بـە هەمـوو هێـز و توانایـی خویـەوە شـەڕی بـە مەولانـا و مریدەکانـی دەفرۆشـت و بـە هـۆی ئـەم بەربەرەکانیی‌یـەوە، ئەوەندەیـتر بارودۆخـی کوردسـتان کەوتـە گرێژنـە و تەنگاسیی‌یەوە، کارتێکـەری ئـەم جـۆرە هەڵوێسـتە ئایینانـە بەسەدان‌سـاڵ دوای کۆچـی دوایـی شـێج مـارف و مەولانـا ش لـە نـاو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان‌دا هـەر مابـووە و بـۆ دژایەتـی کردنـی لـە گـەڵ یەکتر وەك کوتکـی نـاو هەمانـە ئـەدرا بەسـەرکۆمەڵانی کوێنلەبـەر و کـوول و کـۆت کـراوی کوردسـتانەوە. لـە ناوچـەی ئـەردەڵان و هەورامـان‌دا ئەمانوڵلاخانـی گـەورە دەبینییـن کـە زەبـرو زەنگێکـی هەبـووە. بـەڵام لـە بەرزەوەنـدی نەتـەوەی کـورد نـەك هـەر هیچـی نـە کـردووە، بەڵکـو بەپێچەوانـەوە ئەوەنـدەی بـۆی کرابـیّ بـۆ پشـتیوانی لـە حکومەتـی ناوەنـدی ئێـران، زۆر جـاران هێرشـی کردۆتـە سـەرناوچەکانی موکریـان و بلّبـاس نشـیین. وەك میرزاشـوکروڵلای سـەنەندەجیّ دەنووسـیّ بـۆ دەسـت بەسـەر داگرتنـی مولّـك و ماڵـی خەلـك لـە هیـچ کرەدوەیەکـی دزێـو و پیـاو کوژێـک نـە پرینگاوەتـەوە، بـە وێنـەی هەمـوو مرۆڤکوژانـی مێـژوو، ئەویـش بـۆ پاکانـە لـەو هەمـوو زوڵـم و زۆرەی کـە لـە خەڵکـی کـردووە؛ هاتـووە مزگەوتـی دارولئێحسانی لـە ١٢٢٧ - ١٢٢٨ کۆچیـدا بینـا کـردووە، کـە لـە شـەکراو خواردنـەوەی ئـەم مزگەوتـەدا شـێخ مارفـی نۆدەیی‌یـش بەشـدار دەبیّ و بـە « قەسـیدە» یەکـی عەرەبـی پیرۆزبایـی لـیّ دەکا.

لـە سـاڵی ١٢٦٤ ( ١٨٤٨ ) مییرنشـینی بابـان لـە شـارەزوور و لـە ١٢٨٦ ( ١٨٦٩ ) مییرنشـینی ئـەردەڵان لـە ناوچـەی هەورامـان و ئـەردەڵان بـە تـەواوی کۆتاییـان پێـدیّ. «نالیـی» غەزەلێکـی هەیـە، کـە بـەم شـێعرەوە دەسـت پێـدەکا:

فاتیحە! تەسخییرە شاری دڵ بە تابووری ئەلـەم
موددەتـێکی زۆرە پاتـە ختـە لە بۆ خاقانـی غـەم
حـوکمی قانونی سەفا ڕۆیی لە ڕەومی ڕۆمە دا
تا هووەیدا بوو لە ڕووما گەردی ئاشووبی عەجەم

کـە بـە ڕاشـکاوی گازەنـدە و سـکاڵایەتی لـە ئـەوەی کـە داگیرکـەران و نەیارانـی کوردسـتان بـە سـەر نەتەوەکـەی‌دا زاڵبـوون و بـە تـەواوی کەوتوونەتـە ژێـر ڕکێفـی ئەوانەوە.بـە تێداچوونـی مییرنشـینەکانی بابـان و ئـەردەڵان بـارو دۆخـی کوردسـتان بـە تەواوەتـی لـە گرێژنـە دەچـیّ و کاربەدەسـتانی عوسمانیی تـورك و فارسـی شـیعە لـە کوردسـتان‌دا دەبنـە فەرمانـڕەوا و لـە جێـی مییـرە کـوردەکان دادەمەزرێـن.

٢ - مامۆسـتاکانی «نالیـی» و ئـەو شـوێنانەی «نالیـی» لێـی خوێنـدووە و ئەوزانایانـەی کـە هاواڵـدەرس و هـاو چەرخـی بـوون:

«نالیـی» لەسـەرەتا دا هـەر لـە شـارەزوور(واتا لـە خاکوخـۆڵ و قـەرەداغ ) خوێندوویەتـی، پاشـان کـە چۆتـە نێـو فەقێیـان بـە هـۆی ئـەوەی کـە لەگـەڵ مەولانـا خالیـد دا ناسـیاویی و خزمایەتیی‌یـان هەبـووە [هـەر دووکیـان لـە تۆرەمـەی جـاف و پیرمیکایلیـی و دانیشـتووی قـەرەداغ بـوون )، کاتـیّ کـە مەولانـا بـۆ درێـژە

پێدان و کۆتایی هێنانی بە خوێندن دەچێتە سنەی، «نالیی» وەک سوختە لە گەڵ خۆی بۆ سنەی دەبا.پاش ئەوەی کە مەولانا خالید لە ١٢١٣(١٧٩٨) دا، دەبێتە مەلا و لە سەر دەستی شێخ موحەممەد قەسیمی مەردۆخیی(تەختەیی) ئیجازەی مەلایەتیی وەردەگرێ.«نالیی» دەگەڕێتەوە بۆ شارەزوور و لە شاری سولەیمانێ لە خزمەت مەلا عەبدوڵڵای ڕەش درێژە بە خوێندن دەدا. لە مەڕ ئەو مامۆستایەی «نالیی» هەر ئەوەندە دەزانیین، کە مەلایەکی زۆر زانا بووە، ئاڕەحمان پاشای بابان بۆ ڕێزلێگرتنی لە ئەو،مزگەوتێکی ( واتە ئەو مزگەوتەی لە سەر شەقامی سابوونەکەرانە، کە پاشان بە مزگەوتی سەید حەسەن ناونراوە و ئێستاش هەر ئاوەدانە) بۆ بینا دەکا.

«نالیی» پاش ماوەیەک سولەیمانی بەجێ دەهێڵێ؛ دەچێتە خەرپان، لە لای مەزنە مامۆستای کورد، مەلا عەبدوڵڵای خەرپانیی، کە یەکێک لە زاناترینی مەلاکان لە زانستەکانی بەلاغە، مەنطق، نەحو و سەرف لە زمانی عەرەبیی‌دا بووە، لە خەرپان درێژە بە خوێندنی مەلایەتی دەدا. دوای بەینێک دەچێتە سابڵاخێ لە مزگەوتی سوور لە لای مامۆستا مەلا محەممەد زەکی ئیبنولرەسوول کە لەو کاتەی دا نێودێرترین زانای کورد لە بوارەکانی عیلمولئەفلاک، هەیئەت، نجوم، مەنتق و فەلسەفە و ریازیات بووە درێژە بە خوێندن دەدا و لە سەر دەستی وی ئیجازەی مەلایەتێ وەردەگرێ. بەڵام بۆ حورمەت و ڕێز گرتن لە کەسایەیی مەلا عەبدوڵڵای ڕەش بۆ سولەیمانی دەگەڕێتەوە لە ویش ئیجازەی مەلایەتێ وەر دەگرێ. کە دەبێتە مەلا، بۆ نێو کەسوکارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، لە گوندی قەرەداغ دەبێتە مەلای ئاوەدانێ.

دڵ سیاسەنگ نەبێ، مائیلی خاکی وەتەنە

خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەن

دڵی «نالیی»کە ئەنیسی»قەرەداغ»ە، ئێستەش

داغی «سەرچاوە» وو « دێوانە»یی دار و دەوەنە

لە گەڵ ئەوەی کە مەلا عەبدوڵڵای ڕەش، مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی، شێخ موحەممەد قەسیمی تەختەیی مەردۆخی و مەلا محەممەد زەکی ئیبنولڕەسول لە مەلا مەزنەکانی سەردەمی خۆیان بوون، و بە گشتی زانایانی پێگەییشتووی کورد ( مەولانا خالید، موفتی زەهاویی، شێخ عومەر ئیبنولخەییات و...) لەو چاخەدا لە لای ئەومامۆستایانە خوێندوویانە، بەڵام لە مەڕ ژیننامەیان زانیارییەکی زۆر کەممان پێ گەیشتووە. بۆ نمونە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس لە « علماءنافی خدمە العلم والدین»دا، کاتێ دەگاتە سەر باسکردن لە ئەو زانایانە، کەمێک لە سەر پلە و پایەی زانستییەکەیان دەنووسێ و بە بۆ چوون و لێکدانەوەی خۆی ساڵی لە دایک بوون و مردنیان بەدەستەوە دەدا. تەنانەت لە مەڕ مامۆستایەکی بلیمەت و هەڵکەوتووی تەمەندرێژی وەک مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی دەنووسێ:

«لە دەوروبەری١١٥٩ی کۆچیی(ڕێکەوتی ١٧٨٢ی زایینی)دا لە گوندی خەرپان لە دایک بووە، لە مانگی ڕەجەبی ١٢٥٤ی کۆچیی (ڕێکەوتی ١٨٣٨ی زایینی) پاش ئەوەی کە نەوەد و پێنج ساڵان خزمەتی بە عیلم و دین کرد، کۆچی دوایی کردووە و گەلێک زانای بە نێوبانگی کورد وەکوو: مەولانا خالید، موحەممەد (موفتی) زەهاویی، مەلا یاسین تەوێڵەیی و ئەدیبی بە ناوبانگی کورد مەلا خزری «نالیی» بە لای ئەووەوە خوێندوویانە(١٦).

مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ لە «موفتی زەهاویی»دا، کاتی لە مامۆستاکانی «موفتی زەهاویی»

هەواڵنامەی کتێب

دەدوێ، لە مامۆستای خەرپانیی‌دا دەنووسێ: «لە ١١٩٠ لە دایک بووە، لە ١٢١٥ دا کۆچی دوایی کردووە» .
لە نێوان زانا بە نێو بانگەکانی کوردستان کە هاوچەرخ و بگرە هاواڵدەرسی « نالیی « بوون بێجگە لە « مەولانا خالید « دەکرێ ئاماژە بە ئەم کەسایەتیانە بکەین ( کە شوێنەوارێکی زۆریان لە پاش بە جێماوە بەڵام ژیننامەکەیان چی وا لە هی «نالیی» ڕوونتر نییە):
١ - موحەممەد فەیزی ئەفەندی( موفتیی زەهاویی)،کە لە ١٢٠٨ی کۆچی لە دایک بووە، لە ١٣٠٨ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. ماوەی ٣٨ ساڵان لە بەغدایە موفتی بووە، نزیکەی هەشتاساڵان دەرسی ووتووتەوە، گەلێک زانای بەناوبانگی وەک شێخ عەبدولرەحمانی قەرەداغی، مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب، مەلا عەلی قزلجی، مەلا موحەممەدی مەحویی و... بە لای ئەوەوە خوێندوویانە. زۆربەی شوێنەوارەکانی بە زمانی عەرەبی نووسییوە، هێندێکیشی بە فارسیێ لە پاش بە جێماوە، بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی شێعری ووتووە، تاکوتەراش بە کوردی شێعرێکی ووتووە. وا دەرکەوتووە کە لە گەڵ «نالیی»دا دەمەتەقەی فەلسەفییان بووبێ، «نالیی» بۆ بەرپەرچ دانەوەی « زەهاویی» لە مەڕ جەبرو ئیختیار، عیللەت و مەعلوول‌دا دەڵێ:

ئەحوەلی تەفرەقەی نەزەر، تەقوییەتی سەبەب دەکا

عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا

ئەم غەزەلەی «نالیی « پڕە لە زاراوەی زانستی فەلسەفە و کەلام، دەکرێ بەڵگە بێ بۆ ئەوەی کە «نالیی» نە وەک «موعتەزیلە: معتزلە» باوەڕێ بە « ئیختیار»ی موتڵەق بووە، نە وەک « ئەشعەریی: أشعری»یەکان باوەڕی بە «جەبر»ی موتڵەق بووە.
٢ - مەلا عومەر/شێخ مەلا موحەممەدی ئیبنولخەییات لە ١٢١٣ کۆچیی لە قەرەداغ لە دایک بووە، لە ١٢٨١ی کۆچیی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. شوێنەوارێکی زۆری لە پاش بەجێ ماوە کە هەمووی بە زمانی عەرەبییە. سەیر و سەمەرە ئەوەیە، کە مامۆستا عەلائەددینی سەججادی لە مێژووی ئەدەبی کوردی یەکەی خۆی دا دەنووسێ : «نالیی» لە قەرەداغ لە لای شێخ محەممەدی ئیبنولخەییات خوێندوویەتی. لە « تەکییەی» قەرەداغیش گەلێ ڕیازیاتی بە لای شێخ عەلی مەلاوە خوێندووە. ئەگەر مێژووی لە دایک بوونی «نالیی» لە ١٢١٥ش دا بووبێ، جێێ باوەڕی نییە کە « نالیی» بەلای کەسێکەوە خوێندبێتی کە تەنیا دوو ساڵ لە خۆی بە تەمەنتر بووە. زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم جۆرە بۆ چوونانە هەر لە پەردەی خەیاڵ‌دا جێ یان دەبێتەوە و ناکرێ بەڕاست بزاندرێن. مەلا عومەر/ شێخ محەممەدی ئیبنولخەییات بووە بە مریدی مەولانا خالید، پاش ئەوەی کە مەولانا کوردستانی بەجێ هێشتووە و میرنشینی بابان سەری ناوەتەوە، بۆ دەرس ووتنەوە چووە بۆ موسڵ و لە ساڵی ١٢٨١ی کۆچی لە وێ مردووە. (١٩).
٣ - ئەحمەد فائیز ئەفەندی: لە گەورە پیاوانی بەناوبانگی سەیدەکانی بەرزەنجەیە، دەچێتەوە سەر سەید حەسەنی گڵەزەردە. لە ساڵی ١٢٥٨(١٨٤٤) لە گڵەزەرد لە دایك بووە، لە ١٢٧٧(١٨٦١) ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە، لە شارو شارۆچکەکانی مەرگە، کۆیە، قەرەداغ و کۆت بووە بە قازیی. لە ١٣١٣(١٨٩٦) چووەتە موسڵێ، پاشی چەند ساڵان چووەتە ئەستەنبوڵێ لە «مەجلیسی

مەعاریفی عام « بە ئەندام وەرگیراوە، لە ١٣٣٦(١٩١٨) لە ئەستەنبوڵ مردووە. ئەم زانایە سێزدە(١٣) شوێنەواری بە زمانی عەرەبیی، پێنج(٥) بە تورکی وە یەك(١) بە فارسیی لە پاش بەجێ ماوە. بە نرخترین شوێنەواری فائیز ئەفەندی «کنز الألسنە المکنوز» ( گەنجینەی زمانەزێرینەکان)ـە، کە بە شێعر دایناوە، لەو دوازدە عیلمە دەدوێ کە مەلا دەیخوێنن. لەم کتێبەدا چەکامە (قەسیدە)یەکی بە تورکی و چەکامەکیشی بە فارسیی تێدایە ،بە زمانی فەرانسەوی و بە زمانی رووسی تاکە شێعرێکی ووتووە و بۆ نوشتەی چاوزاریش تاکە بەیتێکیشی بە کوردی نووسیوە، نەکا، کە نەتەوەی کورد توکی لێبکا! (٢٠).

٤ - بە کورتی دەکرێ پەنجە بۆشیخ مارفی نۆدەیی ڕابکێشین کە زۆر تەمەن‌درێژ بووە ( ١١٦٦ - ١٢٥٢= ١٧٥٣ - ١٨٣٦) زیاتر لە ٤٤ کتێبی لە پاش بە جێ ماوە کە هەمووی بە فارسی و عەرەبییە، « ئەحمەدیی» لێ دەرچێ کە بە شێوەی « نصاب الصبیان»ی ئەبو نەسری فەراهی یان « نەوبەهاری بچووکان»ی شێخ ئەحمەدی خانیی، بۆ ئەوەی کاك ئەحمەدی شێخ زمانی عەرەبیی فێر بێ،بەعەرەبیی - کوردیی بە شێعر دایناوە، دەنا ئەوەتا تاکە چەکامەیەکیشی بە کوردی لە پاش بە جێ نەماوە

٥ - لە هاوچەرخانی « نالیی» ئەوەی رووی لە کوردایەتی کردبێ، ئاوڕەحمان بەگی ساحیب قڕان «سالم» و موستەفابەگی ساحیب قڕان «کوردیی» دەبینین، کە ئامۆزای یەکتری بوون و بەرلە حەزرەتی « نالیی» کۆچی دواییان کردووە. لە نێوان ئەوانەی کە هاوچەرخی « نالیی» بوون، تەنیا حاجی قادری کۆیی دەبینین، کە لە شێعرەکانی خۆیدا باسێک لە «نالیی» دەکا ( کە لە جێی خۆیدا باسی لێ‌دەکەین). دەنا ئەوەتا زانا بە ناوبانگەکانی ئەو سەردەمە تەنانەت ئەو کەسانەی کە فەقێی خۆیشی بوون ( مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب و، مەلا عەلی قزڵجی ) لە مەڕ «نالیی»یەوە بێدەنگن. موفتی زەهاوی بۆ لاواندنەوەی مەلا سولەیمانی خضری کەرکوکی کە بۆ کورد و کوردستان هیچ خێرێکی لێ نەکەوتووەتەوە، چەکامەیەکی سیوسێ(٣٣) بەیتی بە زمانی عەرەبیی ووتووە کە ئەوە سەرەتاو بنەتاکەیەتی:

ألا أنما الدنیا سجیتها الغدر فلیس لمغرور بزخرفها عذر
ویشتاق أن لاتغرب الشمس صائما ویکره فی الاحیاء أ ن یطلع الفجر

ئێمە ئەوەش دەزانیین کە موفتی زەهاویی لە پاشی «نالیی» کۆچی دوایی کردووە، بەڵام نەی کردووە بە تاکە بەیتێکیش پەژارەی خۆی بۆ کۆچی دوایی «نالیی» دەرببڕێ.

٦ - مەلایاسین تەوێڵەیی و مەلا یووسف تەشاریی، هەرچەند بەتەمەن لە «نالیی» گەنجتر بوون، وەك «نالیی» و سەدان مەلای کورد بەلای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای خەرپانییەوە خوێندوویانە، ئەوکاتەی کە «نالیی» لە سنەی لەسەر مزگەوتی پیر عومەر لە نێوان ساڵەکانی ١٢٣٣ - ١٢٣٩ وەك ئیمام و مودەڕریسی ئەو مزگەوتە دانیشتووە، وەك موستەعید بەلای «نالیی»یەوە خوێندوویانە؛ پاشان بۆ کۆتایی خوێندن و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتیی لە مزگەوتی «دارالأحسان» بە لای شێخ محەممەد قەسیم مەردۆخییەوە خوێندیان تەواو کردووە و بۆ هەورامان گەڕاونەتەوە؛ بەڵام ژیننامەی ئەوانیش زۆر ڕووناکتر لە هی هاوچەرخەکانیان نییە.



# رادیو کوردی یا ئۆرمیێ

سەید جەلال نزامی - ئۆرمێ

کارێ بـەلاف کرنـا بەرنامەیـا کوردییەرادیـۆ ئۆرمیـێ ل سـالا ١٣٤٧ ک. ت (١٩٦٨ ز)پشـتی دامەزراندنـا بەرنامەییـن ئـازەری وئاشـووری ب مدەهـێ نیـڤ سـعەتێ دەسـت بـکار بوویـە.

ئەوچەنـدژی ب هممەتـا شـوکرو لا بابـان کـوردێ سـنە کـو وێ سـالێ وەک برێڤەبـەرێ گشـتییە رادیۆیـێ (مدیرمرکز)ژتەهرانـێ شـاندبوونە ئۆرمیـێ جـی هاتیـە.

دەسـتپێکێدا خانـم فوزییـە عەباسـی و بەهمـەن عەباسـی کـۆ ل رادیۆیـا کوردییـا کرمانشـاهێ هاتبوونـە وەگوهاسـتن بۆئورمیـێ کارێ بێـژەری وتومارکرنابەرنامـێ برێڤـە برنە.بەهمـەن عەباسـی و خوشـکا وی فوزییـە لسـالا ١٣٤٦ ک.ت لسـەر رادیۆیا کرمانشـایێ بوونـە و پاشـی چەنـد هەیڤـەکان ژبـۆ رێ ئێخسـتنا بەرنامەیـا کـوردی ( کورمانجـی) وەگەریاینـە ئۆرمیـێ.

جیـێ گۆتنێیـە کـۆ فوزییـە خانـم هـەم ل کرمانشـایێ و هـەم ل ئۆرمیـێ بێـژەر رادیۆیـا کـوردی بوویـە و یێکمیـن بێـژەرا ژن تێتـە حسابێ.هنگی جیـێ رادیۆیـێ ل کووچـە یـەک تەنشـتا نەخـۆش خانەیا شـێر خورشـیدا ئورمیـێ بوویـە و بەرنامـە پـێ بەلاڤکـەرەک پێنـج کیلۆواتـی دهاتنـە بـەلاڤ کـرن.

پاشـی مدەهـێ بەرنامەیـان دبیتـە سـعەت ونیـڤ و جیيـێ رادیۆیـێ بـۆ کووچەیـا دیلمەقانـی ل شـەقاما کاشـانی(زەنگەنەیا بـەرێ) تێتـە وەگوهاسـتن و بەرنامـە سـەر بەلاڤکـەرەک( فرسـتندە) ١٠ کیلۆواتـی بـەلاڤ دبـن.

لسـالا ١٣٤٨ ک.ت تـا ١٣٥٧ک.ت یانـی بـەری ئینقلابـێ لهەیامـێ رژیما پاشـاتییێ ڤـان برێزانە خەباتا خـوە یـا برێڤەبرنا بەرنامەییـن رادیۆیـا کـوردی دۆماندنـە: بلـی بەهمـەن و فوزییـە عەباسـی ،سـەید حاجـی عەلـەوی، سـەید ئەحمەدتاهـری و عەبدولا سراجـی.

ڤـێ ناڤـێ دا بەرنامەییـن جـورە جـورە تێنـە بـەلاڤ کـرن وەکـو : دەنـگ وبـاس، ئـە م و گوهداروسـترانێت داخـواز کـری،بەرنامەیـا گونـدی و وەرزگاران ( بـە رپرسـیارییا وێ سـوکرا سـەید حاجـی عەلـەوی و کارناسـێ بەرنامـێ ژی رەحمەتـی سـەید مەحمـوود تاهـری) بوو.گـوزارش و راپۆرت،کـێ برکـێ،شـاهنامە خوانـی و بەیـت بێژی(ژلایـێ کامـل میرزایـی) ،بەرنامەیا ئایینـی ژلایـێ مامۆسـتا (عبدالقـادر بیضـاوی) ،قەسـیدە و شـێعرێت مەزهەبـی ژلایـێ خەلیفـە (سراج الدیـن سراجـی). شـەوکەت لەهوونی،دەنـگ هەلگـر.

کۆمـا مۆسـیقایێ پێـک دهـات ژ: مسـتەفا عەلیزادە،محەمـەد خـۆش نـەزەر ،سـدیق عەلـەوی نیا،فـەزل

عەلـی و شـاهی.
دەنگ بێژ و ستران بێژێن وێ دەمێ ئەڤ هونەرمەندەنە بوون:
ئیبراهیم نەورۆزی ( برێ)،حەمید یوسفی،عەلی ڤێزنیا( عەلی حەوسەد)،
ئەحمـەد ئەحمـەدی وئێـران خانـم ( ایـران مجـرد) کـو دەنگـێ وان گوهدارێـت گەلـەک ل ناڤخـۆ و دەرڤـە دکێشانە ئالیـێ خوەڤـە.
ل ڕەشـەمەیا ١٣٥٧ک.ت (١٩٧٩ ز) پشـتی سـەر کەتنـا سـەرهلدان وئنقلابـێ و تێـک چۆنا رژیماشـاهی تێـێ هلگوهۆرینـەک ل بەرنامەیـان چێبوو،هنـدەک بەرنامـە وەک شـاهنامە خوانـی و بـەلاڤ کرنـا پرانیـا سـتران و لاوژان هاتنـە قەدەغـە کـرن وسرود و مووسـیقایا تایبەتـی شورشـێ و گۆتارێـن رۆژێ جهـێ وان گـرت.ژ کارمەندێـت نـوو سـێ کەسـێن دی زێـدە بـوون و عەبدولباقـی ( مامـەش) جهانگیـری، ئـەز و سـەید محەمـەد ئەمیـن دوعاگـو پاشـی راوەسـتانا رادیۆیا ئازەرئابـادگان ژ تەورێـزێ وەگەریاینـە ئۆرمیـێ.ل رادیۆیا ئۆرمیـێ مـن خێنجـی خواندنـا دەنـگ و باسـان،بەرنامەیا کاروانـێ هەلبەسـت وموسـیقایێ ژی پێشـکێش دکـر.
باشـە ئاماژەی دەسـت بـکار بوونـا تەلەڤیزیۆنـا کـوردی ژی بکـەم کـو دسـالا ١٣٥٩ ک.ت بـۆ یێکمیـن جـار ل ئۆرمیـێ دەسـت بـکار بوو.بەرنامەیا تەلەڤیزیۆنـی تنـێ پـازدە دەقیقـە نووچـە و دەنـگ و بـاس بـوو کـو ل سـعەت هەشـت ئێڤارێ بـەلاڤ دبـوو.کارێ مـن دانـا دەنـگ و باسـان ل رادیـۆ و تەلەڤیزیۆنـی بـوو.
هەلبـەت ل تەلەڤیزیۆنـێ مـە سـێ کەسـان بە شـیوەیا شـیفتی دەنـگ وبـاس دادان ،ئـەز بـووم و سـەید ئەحمـەد تاهـری و مامـەش جهانگیـری. پشـتی دو سـالان یانـی ل بهـارا ١٣٦٠ ک.ت ئـەز هاتمـە هنارتـن بـۆ تەهرانـێ وپتـر ژ بیسـت سـالان ل رادیۆیا کوردیـا تەهرانـی وەک نڤیسـەر،وەرگێرو بێـژەر خەبتیـم.
بـەلاڤ بوونـا بەرنامەیێـن رادیۆیـێ وێ دەمـێ را حەتـا ئیـرۆ رۆژێ(رەشـەمەیا هزاروچارسـەدوییێکێ کوچـی تـاوی) بـۆ مدەهـێ سـعەتەک و پـازدە دەقیقـان ل رادیۆیا ئۆرمیـێ دەوام هەیە.بجـی یـە ژ کەسـێن کـو پاشـی هاتنـە رادیۆیـێ وکەتنـە شـۆلێ بیرئینانـەک بێتـە کـرن.کارمەندێـن دایمـی کـو ڤـێ دەمـێ هەمـوو کەدکار(بازنشسته) بوونـە ئـەڤ بریزەنـە: (سـیدمحمدامین امینـی،سـید شـهاب برزنجی،قـادر حاتمـی،سـید ریاسـت الدیـن صالحـی،سـید حسـن صالحـی،محمدرضاصمـدی زادە).
ژ کارمەندێت ژن(خانم شهناز طولی،پاکیزه محمدی،مهریه ساربان،نشمیل نظامی و ماهرو علوی)
کەسـێن کـو مدەهـە کـێ کـورت د رادیـۆ یـا ئۆرمیـێ دا لبابەتێـن جـورە خەبتینـە ئـەو بریزەنـە بوونـە: سـەید کافـی علوی،سـەید رشـید صالحـی ،سـەید صدرالدیـن صالحـی فیروزحاتمـی،محمدخالدحاتمـی ،عصمـت حاتمـی و..
هێژایـی گۆتنـێ یـە بریـز (علـی سـهیلی(عصمـت) ومحمدرضـا صمـدزادە) وەک تۆمارکـەر و ئامادەکـەرێ بەرنامـان ل مێـژوە خەبتینـە و ڤـێ دەمـێ ژی بەرنامەیێـن تەلەڤیزیۆنـی وەک دیـار ب دیـار وپەنجـەرە بەرهـەڤ دکـەن.
بەرنامەیـا دینـی وئایینـی ژی پرانـی لایـێ رێـزدار مـەلا عبدالرحـمان محمـد پـور پێـک هاتییـە.ژ پشـکا خەبـەر و دەنـگ و باسـان بریـز (افشـار مزدگیـر و زکـی میـلان ) وەک پێشکێشـکارێ نووچەیێـت رۆژانـە دخەبتن.هـەر وەرەنـگ خانمـا ئەمیـری و دەمەکـێ جەعفـەر پاکنیـا وەک پیشکشـکار و پەیامنێرێـن ڤـێ دووماییکـێ یـە بەرنامەیـان ژ کارمەندێـن رادیـۆو تەلەڤیزیۆنـا ئۆرمیـێ پـارا کورمانجـی تێێنـە حەسـباندن.

عەوالنامەی کتێب

# بارستای(چگالی) شێعر لە ئاست مودێڕن و پۆست مودێڕندا



عەلی مەحموودی(ئاودێر) - بانە

باشتروایە بەر لە باسی تایبەتی دەقی مەبەست، ئاوڕێک بە گشتی لە چەند چەمکی تایبەتی شێعر بدەمەوە کە تێگەیشتنی با بەتەکەمان بۆ ساکار دەکات و بە ئامانجی سەرەکی دەقەکە نزیکترمان ئەخاتەوە. دیارە کە بە ڕادەیەکی زۆر لە هەموو سەردەم وتەمەنەکانی شێعردا تەعریف و پێناسەی بۆ کراوە و بێگومان لە داهاتووش دا پتر پێناسەی زانستیانە و ئەکادمیکی بۆ دەکرێ چوون بێوچان پلەکانی ترەقی و ئەنیفۆنی خۆی دەبڕی و وەک چەمکەکانی دیکەی ئەدەبیات بەرەو نوێ بوونەوە و داهێنان لە گەڕدایە، لە ڕابردووشدا هەر شاعیر و زانایەکی بواری شێعر لە ئاست خۆیەوە ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕیوە وشێعر و چەمکەکانی داوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە زۆریان کاڵ و کرچن و نەیان توانیوە ئاوێنەی باڵانوێنی شێعربن، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەر چاوبگرین کە تا ڕادەیەکی شیاو پێناسەی زانستیانە لە لایەن چەند کەسێکی شارەزاوە بۆ شێعر کراوە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند بابەت و کەسایەتی ناودار دەکەم.

ئاشکرایە ئەرێستوو پیتۆڵی ناوداری یۆنانی و شارەزا لە بواری فەلسەفە و ئەدەبیات کەمکەس بووە کە پێناسەی بۆ شێعر کردوە و ڕاو بۆچوونی خۆی بەم شێوە دەربڕیوە: شێعر گوتارێکی خەیاڵییە کە کێش و تەکووزی (وەزن و نەزم) هەیە. ئەگەر بە ئینسافەوە بڕوانینە پێناسەکەی ئەرێستوو بۆ ئەو سەردەمە پڕ بە پێستیەتی چوون سەبک و فۆڕمی شێعر لەو سەردەمەدا هەر وەها پێناسەیەکی هەڵگرتووە کە لە گەڵ شێعری ئەمڕۆیدا جیاوازیەکی ئەوتۆی هەیە بگرە بە هێنانی چەمکی خەیاڵ کە چەند سەناعەتی شێعر دەگرێتە خۆ ئاوڕدانەوەیەکی زانستیانەیە بۆ دەقی شێعری ئەو سەردەمە، بەڵام بەو ڕادەیە کە گۆڕانکاری بە سەر دەق و فۆڕم و شێواز و... شێعردا هاتووە بەو ڕادەیەش پێناسەی زانستیانە و پسپۆڕانەی بۆ کراوە، دکتۆر کەدکەنی دەڵێت: «شێعر حادسەیەکە، لە زماندا ڕوو ئەدا لە ڕاستیدا شاعیر بە کەڵک وەرگرتن لە ئەندێشە و شعووری خۆی ڕووداوێک لە زماندا دەخوڵقێنێ کە بەردەنگ و شێعرەکانی هەست بە گۆڕانکاریەکی زمانی دەکەن و لە نێوان زمانی شێعر و زمانی ڕۆژدا جیاوازی دەبینن». ئەگەر بە ڕوانینێکی

پسپۆڕانە سەرنج بدەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دکتۆر کەدکەنی پێناسەیەکی زانستیانە و بەڕۆژی بۆ شێعر کردووە دیارە کە شارەزا و ئاگای تکنیک و ناوەرۆکی شێعرە لە ڕاستیدا ئەوە شێعرە کە زمان بەڕۆژ ئەکاتەوە و پەرەی پێئەدا.

ڕەزابەراهانی نووسەر و ڕەخنەگری هاوچەرخ، هەرچەند لەو بڕوایەدایە کە شێعر تەنیا شتێکە کە هەڵنەگری پێناسە کردنە بەڵام بەوحاڵەش پێوایە شێعر ڕووداوێکی لە ناکاوە لە بێدەنگی هەڵدەقوڵێ و بۆ بێدەنگیش دەگەڕێتەوە، پێوایە شێعر لە گەڵ بوونی مرۆڤ لە دایک بووە و هەتا ئێستاش پێناسەیەکی زانستی و گشتگیری بۆ نەکراوە.

ویلیام باتلێرهیس دەڵێ: «شێعر وەک باخچەیەکی گوڵ لە ناو حەوشەی ماڵەکەتدایە کە جیران و هاوڕێ و ڕێبوار کەڵک لە بۆن و بەرامەی وەردەگرن»، ئەو بڕوایە ناچێتە چوارچێوەی زانستیانەی پێناسەی شێعرەوە بەڵام دەکرێ وەک ناساندنی سەرەتایی شێعر چاوی لێبکرێ، ئەو چوار چەمکی تایبەتمەندی شێعر کە شێعرییەت دەبەخشن بەمجۆرە دەناسێنێت: شاعیر، خوێنەر، بیچم و وێنا و زمان و خەیاڵ، پێوایە شێعر کاتێک شێعرییەت پەیدادەکا کە بڵاو بکرێتەوە. هەر وەها بەڕێزیان شێعری شاعیرانی هاوچەرخ لە دوو چەمکی تایبەتدا دەستەبەندی دەکا «لەیریک و ئێپیک» لەیریک شێعری هەست و سۆز، عاشقانە، سرووشتی و... دەگرێتە خۆ بەڵام شێعری سیاسی و نەتەوایەتی دەچێتە چوارچێوەی «ئێپیک»وە کە شێعر و ئەدەبیاتی جەهانی ڕێبەرایەتی دەکات.

لە کۆی ئەو پێناسە و چەمکانەی کە بە کورتی ئاماژەم پێکردن بۆمان دەردەکەوێ کە شێعر دۆزینەوە و کەشفی تێدایە، بۆ تازە بوونەوە و کایەی زمانی شاعیر پێویستی بە کەشف و دۆزینەوە هەیە،شاعیر پێویستی بە ڕوانگە و هێڵێکی هیزری(خەتێکی فیکری) تایبەت هەیە کە بەرهەمەکانی خۆی پێداڕێژێ، شاعیر بۆ کەشفی تازە و شوناسی خۆی پێویستی بە ڕوانگەی نوێ و بەڕۆژ بوونەوە هەیە، شاعیر بیهەوێ خاوەن شوناسبێ ناتوانێ لە شێواز و سەبکەکانی پێش خۆی کەڵک وەرگرێ دەبێت سەبک و شێوازی خۆی بدۆزێتەوە چوون شاعیر ئافرێنەرە، خالقە نەک جێکەرەوە، شکاندنی زمان، شکاندنی شەرمی وشە، کایەی زمانی و کایەی تەسویری ئامراز گەلێکن لە ئیختییار شاعیردا بۆ ئەوەی مساوات ڕەعایەتکا و خۆی لە دووپاتکردنەوە بپارێزێ.

شاعیر دەبێت شارەزایی تەواوی لە سەر شێعری کەلاسیک هەبێت،چون دایکی هەموو شێعرەکانە پێموابێت نەغرۆم نەکردەبێت ئەگەر بڵێم دایکی ئەدەبیاتی کوردیشە لە ڕاستیدا شاعیر تا کەلاسیک بە شێوەیەکی زانستیانە و ئەکادمیک نەناسێت نابێت بڕوا بە دوای شێعری نوێدا،هەتا بە جوانی شارەزای شێعری کەلاسیک و نوێ نەبێت بۆی نییە بچێت بەلای شێعری سپیدا، شاعیرێک کەلاسیک، نوێ و شێعری سپی نەناسێت بچێت بە شوێن شێعری مەوجدا خۆی و خوێنەر ماندوو دەکا، بێگومان شاعیرێک هیچکام لەمانە نەزانێت و نەیان ناسێت بڕوا بە شوێن شێعری مودێرن و پۆست مودێرندا بە ئامانج ناگات و هەوڵ و تێکۆشانیشی دەبێتە خەسارە بۆ سەر ئەدەبیاتی گەلەکەی، بۆیە پێویستە شاعیرانی هاوچەرخ ئەو چەمکانەی باسم کردن ڕەچاو بگرن تاکوو ئەدەبی شێعری ئێمەش لە کاروانی جیهانی دوا نەکەوێ و خاوەن دەنگ و شوناسی خۆمان بین.

بێ ئاگای لەو چەمکانە و چەند بابەتێکی ڤایرۆساوی وەک درووشمی شێعری(شووعار)، نەغرۆی نابەجێ(ئیغراق)،درۆ و شێعری زاویەدار و...زەرووەرتی سەرهەڵدانی ڕوانگەیەک بە ناو چگالی یان بارستا پێویستە تاکوو پۆخڵەیی لە شێعر بسڕینەوە، دوا ئاماژە کردن بەو چەند بابەتە و شیکاری لە سەر ڤایرۆس بوونیان شێوەی کارگێڕی بارستا ئەخەمە بەر باس و لێدوان.

درووشم(شووعار): زۆریەک لە خاوەن بڕواکانی شێعر پێیان وایە کە شێعر دروشمی شاعیرە بەڵام هەموو دروشمێک شێعر نییە، لە واقیعدا دروشم کەوشەن یان مەحدوودیەتێکە کە بە شێعر تەزریق دەکرێ بە دوور لە شعووری شاعیر وەک ئەم کۆپلە شێعرەی بەڕێز جەلال مەلەکشاهی کە دەڵێ: «من قەقنەسم دەستم لێدەن لە دەنوکم ئاگر هەڵدەستێ» دیارە کە خوێنەر و بەردەنگ لە هەست و تێڕامان دادەبڕێ و پەیوەندی بۆ ناگیرێ.

نەغرۆ(ئیغراق): نەغرۆ بەیانی مەفهوم یان چەمکێکە باڵاتر یان کەمتر لەو شتەی کە دەمان هەوێت لە دەقی شێعرە کەماندا بیهێنین، نەغرۆ بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی شێعر دێت کە هەستی مرۆڤ ئەبزوێنێ، ئەو نەغرۆیەی کە شاعیر لە دەقەکەیدا ئەی هێنێت ئەگەر لە گەڵ فەهم و شعووری بەردەنگ بگونجێت و بتوانێ بە ئاسانی پەیوەندی لە گەڵ بگرێت دەبێتە هۆکاری جوانی و باڵانسی دەقە شێعریەکەی بەڵام ئەگەر بەردەنگ نەیتوانی پەیوەندی لەگەڵ بگرێ و بۆی هەزم نەکرا ئەوە نەغرۆیەکی نابەجێیە و لەتمە لە شێعرەکەی ئەدا و ئەبێتە هۆکاری پۆخڵە بوونی وەک « گورزی دەستی ڕۆستەم» کە تاریخ مەسرەفی بەسەر چوە.

درۆ: کەم شاعیر لە دنیادا هەن کە وشەی درۆیان بەکار نەبردبێت بەڵام وەک بابەت و ناوەرۆک بەکار هێنانی نەگونجاوە و زات و جەوهەری شێعر ئەسڕێتەوە و ئەگەری ڤندالیسمی زمانی زەق ئەکاتەوە، کاتێک درۆ لە شێعردا ڕەزای گران دەبێت کە باس لە مێژووی گەلێک دەکات یان ڕێکەوتەکان جێگۆڕکە پێدەکا زۆریەک لە شاعیرە ئایدۆلۆژیستەکان بۆ بە هەست هێنانی بەردەنگ لە بابەتی درۆ کەڵکیان وەرگرتووە.

شێعری زاویەدار: لەم جۆرە شێعرەدا شاعیر دێت بەر ئەساسی فیکر و ئەندێشە بەر دەنگ و خوێنەر بەرەو مەکتەبێک یان ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت ڕادەکێشێ وەکوو شێعری چەپگەراکان یان ڕاکێشانی بەردەنگ بەرەو مەزهەبێکی تایبەت، ئەمجۆرە شێعرە پێویستی بە موهەندیسی مەعکووس هەیە کە شێعر لە پۆخڵەیی پاک دەکاتەوە.

لە مودێرن و پۆست مودێرندا شاعیر بە جێگای نەغرۆ، دروشم، درۆ و شێعری زاویەدار لە چگالی یان بارستا کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوە بزانین بارستا چییە و چۆن ئەو بابەتانە کارگەردانی دەکا؟ بە کورتی ئاوڕێکی لێئەدەمەوە و کەمێک شرۆڤەی دەکەم.

بارستا: خوڵقاندنی مەودا و فەزایەکی سالم، بێ غەل و غەش بەدوور لەو ئامڕازگەلانەی کە دەبنە هۆکاری ئاڵوودەگی و پۆخڵە بوونی شێعر، لە واقیعدا لە هێڵەکدانی وشە،ڕستە، موتیڤ و وێنای شێعرییە کە لە شوێن و جێگای خۆیاندا کەڵکیان لێوەرنەگیرابێ و دەبنە هۆکاری لاوازبوونی شێعر، بارستا ئەو هاواهەنگی و هاوسەنگییە درووست دەکا و ناهێڵێت ئاستی شێعر دابەزێت درووست وەک ڕاوستانی کەشتی لەسەر ئاو لە ئامێرگەلێک کەڵک وەردەگیرێ کە ناهێڵێت نوقم ببێت.

ئەو شاعیرانەی کە لە بارستا کەڵک وەردەگرن و شارەزای ئەو ڕوانگەیەن لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا ئێجگار زۆرن بەڵام لە کوردا بەڕێز شێرکۆ بێکەس و لە ناو فارسەکانیشدا هێژا ئەحمەدی شاملوو ڕچەشکێنی ئەو ڕوانگەیەن شێرکۆ بێکەس کۆپلەیەکی هەیە کە دەفەرمێ: «دووشت بێ هاوتان خودا و کورد» بە سەرنجدان و چوونە ناخی ئەو کۆپلەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەمە هێنانی ڕوومانێک ڕاستییە لە کۆپلەیەکی بچوکدا، لێرەدا ئەمن ڕوانین و تێفکرینی ئەو بابەتە بۆ خوێنەرانی بەڕێز جێ دەهێڵم، هەر وەها بەڕێز جەلال مەلەکشاهی بە شێوەیەکی دیکە بارستا دینێت و دەڵێ: «هەتا لووتکە چەندی ماوە زۆربەی ڕێگام لێبڕیوە» دیارە بەڕێزیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی تەمەنی دەکا، بە بەکار هێنانی ئیجاز و موتیڤی سەربەخۆ و بەڕۆژ کردنەوەی زمان بەرەو بارستای شێعری هەنگاوی ناوە و وەک شاعیرێکی خاوەن شوناس

و ئیدئالگەرا خۆی ناساندەوە.
بە شرۆڤە و ئاماژە پێکردنی ئەو چەند بابەتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ شاعیرێک کە دەچێت بەرەو خوڵقاندنی بارستا ئیدە و ئەندیشەی پێیە کە بە هۆکاری کانسێپتەکانی شێعری دەبنە واقیع و ڕاستی.
کانسێپت چییە و چ دەورێک لە شێعردا ئەبینێت؟ کانسێپت سناریۆ یان هاواهەنگیکە کە پێکهێنانی فۆرم و ناوەرۆکی شێعر کارگەردانی دەکاو بە هۆکاری ئەو کەرەستانەی لەبەر دەستیایەتی تابلۆیەکی تازەی شێعر دەخوڵقێنێ.
لەم دەقەدا بە چەند کانسێپتێکی گرینک کە ڕۆلێکی باشیان لە بارستادا هەیە ئاماژە دەکەم کە بریتین لە:
ئیستعارە(خوازە): خوازە بەرچاوترین بیچمی شێعرە کە دەتوانێ هەست و سۆزی شاعیر دەربڕێ و زەین و فکری ئینسان ڕووبەڕووی سەرسوورمان، خۆڕاگری و هەوڵ و تەقەلا بکاتەوە، ئیستعارە زۆریەک لە بەشە هونەریەکانی دیکەی شێعر وەکوو نەغرۆ، جەغت، کورتبێژی، ئیحساس و ئابژێکتیڤ دەگرێتەخۆ هەر بۆیە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا وەک بەرچاوترین بەشی هونەری شێعر ئەژمار دەکرێ.
جەوهەر یەکێکە لە سێ بنەما و کۆڵەکەی تایبەتی شێعر کە بریتین لە: «بەیان»، «ئەندیشە» و «جەوهەر»
جەوهەر: ئەو وشانەی لە شێعردا بەکار دێن وەکوو بەشی بەهێزی سیستمێک کار دەکەن، کاریگەری ئەو وشانە دەبنە جەوهەری ئەو شێعرە. بۆیە پێویستە شاعیر لە بە کارهێنانی وشە و واتا داکۆکی تەواو بکات، شێعر جیاواز لە عونسوڕ و توخمی زمانی، دەبێت خاوەنی جەوهەرێکی بە هێزی وشە و چەمک بێت، شاعیر دەبێت لە ڕواڵەتی زمانەوە بەرەو ناخی زمان بچێت ئەوکاتەیە کە هەست بە زمانی شاعیرانە لە شێعردا ئەکرێت.
بەراورد(قیاس): شاعیر دەبێت زۆر وەخوێنێت، پێویستە شێعری شاعیرانی پێش خۆی وەخوێنێ و شارەزای سەبک و شێوازی نووسینیان بێ تاکوو لە دووپاتکردنەوە و حەشووخۆی بپارێزێ، بەخوێندنەوە و بەراوردکردن ئاستی زانیاری خۆی بەرێتەسەر و سەبک و شێوازی خۆی جیا بکاتەوە.
فانتزی: فانتزیا دوو چەمکی تایبەتی شێعر وەکوو «فۆرم و ساختار» کارگەردانی دەکا لە ساختاری شێعردا پەیوەندی نێوان زمان و وشە و خەیاڵ چاودێری دەکا بەڵام لە فۆڕمدا وێنەی دەرەوەی شێعر دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە بۆیە فانتزیا ئەتوانێ گۆزم و جەهشێکی مەکانیش بێ.
ئیدئالگەرا: بەشی کۆتایی کانسێپتەکانە کە هەموو بەشەکانی دیکە دەگرێتەوە چوونکا بنەمای خوڵقاندن لەم چەمکەدا عەقڵ و مەنتقە.
لە کۆی دەقەکەماندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بنچاخ و سەرچاوەی شێعری مودێرن و پۆست مودێرن شێعری کەلاسیکە کە بە بارستای خۆی گەیشتووە، ئەدەبیاتی کەکلاسیک پۆلەکانی ترەقی خۆی یەک لە دووای یەک بریوە و بە داهێنانی نوێ و بەڕۆژ کردنەوەی زمان بە تێپەڕکردنی بارستا خۆی بە مودێرن و پۆست مودێرن گەیاندوە.

سەرچاوەکان: کاناڵی شاعیرانی کورد، تەلا دەر مس ڕەزا بەڕاهانی و دەقە ئەدەبییەکانی گۆگڵ

# قوربانیی کۆمەڵگا، خۆ بەقوربانی کۆمەڵگا دەکا



د. ئیسماعیل مستەفازادە . مەهاباد

بیسـتبووم کتێبـی «کوردبـوون» بەشـێک لـە بیرەوەرییەکانـی «کاپیتـان حەمـەدی مەولـوودی» بـە ماندووبوون و بەڵگەمەندکردنـی کاک «وریـا ماملـێ» چـاپ بـووە. چوومـە پیرەهەولێـر و بەهەڵکـەوت لـە ماڵـە «مـەلا ئـاوات» کتێبەکـەم وەدەسـت کـەوت؛ بـەڵام چ وەدەسـت کەوتنێـک؟

مەلا ئاوات لە فەیسبووکەکەی بەم جۆرە باسی کتێبپێدانەکە دەکا:

«دکتـۆر سـمایل مسـتەفازادەم میـوان بـوو، کتابێکـی دەگمەنـی دانسـقەی لەنـاو پەڕتوکخانەکەمـی بەرچـاو کـەوت. دڕناگـەی لـێ گـرت و گۆتـی نابـێ و دەبـێ ئـەو کتابـە هـەر ببـەم. منیـش بـۆ کتێببەخشـینەوە ڕەزیلـم. گۆتـم دەکـرێ کتـاب لـە پەڕتوکخانەکـەم ببـەن و پـاش خوێندنـەوە بیهێننـەوە، بـەڵام بردنـی کتێـب و نەگەڕانـدەوەی نابـێ و ناکـرێ. دوو ڕۆژ بـوو کردبوویە بنێشتە خۆشـکە، هـەر بـۆی نەهاتمـە ڕایـێ. شـەوی ئاخیـری بەیەکـەوە بـۆ سـەردانی «د. قارەمـان» لـە «تـەق تـەق»ی دەچووین، دڵـم نـەرم بـوو کتابەکـەی بدەمـێ. زۆری پـێ خۆشـحاڵ بـوو، هـەر لـە خۆشـییان دەیگـۆت و دەیگۆتـەوە. دکتـۆر قارەمانیـش گۆتـی، ئـەوە تـۆ کتێبێکـت بەخشـیوەتەوە بـە دکتـۆر سـمایل و ئـەوە مـن لـە قەرەبـووی پێنـج کتێبـت دەدەمـێ. منیـش هـەر گۆتـم زەرەر لـە نیـوەی بگەڕێتـەوە بـە قازانـج دەژمێردرێـت، بۆیـە دەسـتخۆشـی و سوپاسـم کـرد.»

٢٤ی١ی٢٠٢٣هەولێر - مەلا ئاوات

دەسـتم کـرد بـە خوێندنـەوەی کتێبەکـە. لاپـەڕە لـەدوای لاپـەڕە شـیرینتر و سەرنجڕاکێشـتر دەبـوو. بەپەلـە خوێندمـەوە و دیتـم نـووسراوە نییـە بەڵکـوو فیلمێکـە لـە کۆمەڵگاکەمـان و ژیانـی قارەمانـی چیرۆکەکـە لـە کاتـی منداڵـی، مێرمنداڵـی، سـەردەمی لاوی و کاتـی پیاوەتـی دەگـەڵ شـەڕی هەوەڵـی جیهانـی، لەناوچوونـی قاجـار، هاتنەسـەرکاری پەهلـەوی، شـەڕی دووهەمـی جیهانـی، دامەزرانـی «ژ.ک» و کۆمـار هاوکاتـە. ئـەم ڕووداوانـەش بـە کامێـرای کەسـێك گیـراوە کـە بـە منداڵـی برسـی بـووە، بـە لاوی قاچاغچـی (قاچاغچـی بـە مانـای ئەمڕۆی نەبـوو. قاچاغچـی کەسـێکی نەتـرس و ئـازا بـووە و کەل‌وپەلـی پێویسـتی وەک چایـی، سـیغار و کوتـاڵ و... ئاودیـوی دەکـرد و زۆر لـە پێکهێنانـی بیـری نەتەوەیـی و هێنانـی گۆڤـار و کتێـب هـاوکار بـوون) و لـە کاتـی پیـاوی ،پێشـمەرگە بـووە و کتێـب و نـووسراوەی کەسـێکی بـن ئاگردانـی بەروپشـت ئەتڵەسـی خۆهەڵکێـش نییـە.

ئەم کتێبە لە ڕاستیدا دوو کتێبە:

١ - بیرەوەرییەکانـی «کاپیتـان حەمـەدی مەولوودی»یـە کـە بـە دەسـتوخەتێکی زۆر ناخـۆش نـووسراوە و ئەوەنـدە نووسـینەش لـە تەمەنـی ٣٩ - ٣٨ سـاڵیدا و لـە زیندانـی ڕەوانـدز فێـر بـووە و شـێعرەکەی قانعـی نەمرمـان بیـر دەخاتـەوە:

| | |
|---|---|
| ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە | ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە |
| گەرچی دوژمن وا ئەزانێت من بە دیلی لاڵ ئەبم | باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە |

بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێت قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە

٢ - پەراوێز، ئیندێکس، بەڵگەمەندکردن، هەڵەچنی، ژێروەرەقنووسی و... کە بە ماندووبوونی کاک وریا ماملێ کراوە، بەحەق دەوڵەمەندی کردووە و کردوویەتی بە کتێبێکی ئەمڕۆیی و چوارچێوەدار. نووسراوەی کاپیتان بزوێنیان نییە، وەک ڕێنووسی ٧٠ ساڵ پێش نووسراوە، جا کوردییەکی کە بە ڕێنووسی ئەوکات بێ و تازەخوێندەوارێکی بەتەمەن بینووسێ، دەبێ چۆن بخوێندرێتەوە؟ زەحمەتی ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی ئەم کتێبە، کاک وریا ماملێ وەئەستۆی گرتووە و ڕۆژ و مانگ و ساڵی پێ چووە.

خوێندنەوەی ژیاننامەی کەسانی دیکە ئەزموونت زیاد دەکات و بۆت دەبنە پەند و شارەزای ڕێگات دەکا و لە سیاسەت، ژیان، کار و هتد. پێت دەڵێ کوێ هەڵدێرە و کوێ ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە. نووسین و تۆمارکردن و گێڕانەوەی ژیانی خود بۆ ئێمەی کوردی چەوساوەی نەحەساوەی بێبەری لە دەفتەر و دیوانی خۆماڵی زۆر پێویستترە لە گەلانی خوداپێداو و وەک سەرچاوەیەکە بۆمان تا بزانین چ هات و چ ڕابرد.

بە بیروڕا و هەڵێنجانی من، ئەم کتێبە جگە لەم تایبەتمەندییانەی ژوورەوە، تایبەتمەندیی تریشی هەیە:

١ - یەکێ لەو کتێبانەیە بەشێک لە مێژووی کورد لە کاتی کۆمار نیشان دەدا و بەڵگەمەندی دەکا. کامێرا نەدیتراوەکەی بە ساینقەڵا، سەردەشت، بانە، شنۆ و نەغەدەدا دەگێڕێ و ڕووداوەکان تۆمار دەکا و سنوورەکانی کۆمار لە ساینقەڵا، سەقز، شنۆ، میاندواو، سەردەشت و ورمێ دەچێ.

٢ - یەکێ لەو کتێبانەیە وا کۆمەڵگای کوردی لە ١٢٨٦ تاکوو١٣٣٠ بە هەموو جوانی و ناحەزییەکانی نیشان دەدات و بەڵگەمەندی دەکا. دیمەنی وا دەخاتە بەرچاو کە لە سایەی بێبەزەیی مرۆڤ، منداڵی ساوا دەگەڵ بێچووەسەگ وەک یەک دەلیسترێنەوە و هەمان مرۆڤی بێبەزە دەچێتە خەزا و کچە فەلە وەک غەنیمەت دێنێتەوە و موسوڵمانی دەکا و لە کوڕەکەی مارە دەکا و دەیان دیمەنی جەرگبڕی تر. ئەم کۆمەڵگایە قوربانیت لێ ساز دەکا، لێرە دەبێ لە ناخی مەرگدا شوێنێک بۆ ژیان بدۆزییەوە، نانێک بۆ زگ و تیتۆڵێک قوماش بۆ پۆشینی جەستە بدزی؛ جا جیاوازی نییە هی قازیی شار بدزی یان هی کاسبکارێک.

٣ - ئەم کتێبە دەسەڵاتی ڕەهای شێخ و بە دز لەقەڵەمدانی بێگوناحێک، ئاغا و چاوسوورکردنەوەی لە هەژارێ و ملخوارکردن بۆ ئافرینی پیاوی دەوڵەت، عەشیرەت و ڕوانگەی بەرتەسک و ململانێی نابەجێی دەگەڵ عەشیرەتی تر و قوربانیکردنی بەرژوەندیی گشتیی نیشتمان و گۆڕینەوەی دەگەڵ لەقەبی درۆیینی «... الدولە» و «... السلطنە» و دەیان ناو و پاشناوی پڕ لە فرۆفیشالی تر دەکات و هاوکات دەوڵەت و خۆداسەپاندنی نیشان دەدات.

٤ - ئەم کتێبە بە پێچەوانەی بیرەوەرییەکانی ترە کە هی چینی خوێندەوار و ناودار و باڵادەستی کۆمەڵگا بوون، بەڵام ئەم بیرەوەرییە هی کەسێکی نەخوێندەوار و هەژارە کە هەموو ڕووداوەکانی ئەزموون کردووە و بەوپەڕی ڕاستگۆیی نووسیونییەوە، تەنانەت ئەگەر «لەبەر بێبەزەیی کۆمەڵگا و لە برسان» دزیشی کردبێ.

٥ - بیرەوەریگەلێکی زۆرم خوێندوونەوە بەڵام ئەم کتێبە تام و چێژی تایبەتی هەیە. ئەم کتێبە چەندڕەهەندییە و دەکرێ بڵێین چێشتی مجێورێکی ترە. باسی مێژوویە (هاتنی ڕووسەکان و کوشتاری هەزاران کەسی دانیشتووی شار و دێهاتی دەوروبەری، ساڵانی قڕوقاتیی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی، باسی ڕووداوەکانی هاتنی سمکۆ و لەشکرەکەی بۆ سابڵاغێ، باسی تێکچوونی دامودەزگاکانی

دەوڵەتـی ناوەنـدی، دامەزرانـدن و دەسـەڵاتی «ژ.ک» و پاراسـتنی خەڵـک، بـازاڕ و شـار، هەوڵەکانـی قـازی بـۆ پاراسـتن و ئاسایشـی شـار، باسـی بەرەکانـی شـەڕێ، باسـی چۆنیەتیـی ڕۆیشـتنی بارزانییـەکان، باسـی جوغرافیایـە (باسـی شـاخ، گونـد، چـۆم، شـارەکان و سـنوورەکانی دەسـەڵاتی کۆمـار دەکات)، باسـی ئابوورییـە (باسـی قرۆقاتیـی دەوری شـەڕی هـەوەڵ و دەستفرۆشـی لەنێـو ئـوردووی ڕووسـەکان و هێنانـەوەی بەرمـاوی چێشـتی ڕووسـەکان، دووکانـداری، قاچاغچێتـی و هێنانـی کەلوپـەل، کرێـکاری، شـوانی و وەرزێـڕی دەکا)، باسـی خەڵکناسـی (Anthropology)، (باسـی زڕدایـک، شـێخ، قاوەچـی، چێـودار، دز و دایکـە دزە، بەرپرسـانی دەوڵەتـی، فەلـەی موسـوڵمانکراو، چالاکانی سیاسـی، بـازرگان، سـەرۆک عەشـیرەکان و... کردووە)، کۆمەڵناسـییە (باسـی لادێ و شـار، دابونەریتـەکان، پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی شـار، دینـداری، پێوەندیـی دراوسـێیەتی، مامەڵـەی وەسـتا و کرێـکار، وەسـتای قاوەچـی و بەردەسـتی، پێوەندیـی ئاغـا و ڕەعیـەت و...) کـردووە.

٦ - ڕاسـتگۆیی لـەم کتێبـەدا شـەپۆلان دەدا هـەم نووسـەر غیرەتـی کـردووە بینووسـێ، هـەم سـاختەڕەوە و بڵاوکـەرەوەی کتێبەکـە سـەروبەری نەقرتانـدووە و دزی و کوشـتن وەک خـۆی ماوەتـەوە. کاپیتـان لـە زۆرتـری ئـەو قۆناغانـەدا چەکـدار و سـەرکردەی نیزامـی بـووە و دیـارە وەک سیاسـییەکان ئـاگاداری هەمـوو کایـە و پێوەندییەکانـی سیاسـی نەبـووە، جـا بۆیـە زۆر جـار سـەرەڕۆ کاری کـردووە و تەنانـەت ڕەخنـە لـە پیـاوە سیاسییەکان دەگرێ و هەڵبـەت خـۆی ڕاستگۆیانە دەڵـێ فـڵان کارم کـردووە و سـەرووی خـۆم ئـاگادار نەبـووە.

٧ - زۆرتـری بیرەوەرییەکانـی تـا ئێسـتا بـڵاو بونـەوە لـە ١٣١٠ بـە دوواوە بـاس دەکـەن بـەڵام ئـەم بیرەوەرییـە لـە ١٢٨٦ بـە دوواوە بـاس دەکا کـە لـەم مەودایـەدا زۆر ڕووداوی گرینـگ هـەن.



# ڕووناکبیرانی موسوڵمان و مودێرنیتە لە ڕوانگەی «بەسام تەییبی»یەوە



فەسڵێ لە کتێبی:دین،سیاست، فلسفە
نووسینی:محەممەد حەساس
وەرگێڕ بۆ فارسی:مەیسەم بادامچی

وەرگێڕانی : **کەریم ڕەحمانی ـ بانە**

هەواڵنامەی کتێب

بەسام تەییبی کوڕی ماڵباتێکی ئوولی شامە کە ئەسڵ و بنەڕەتی خۆی دەباتەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام(د خ). ئەوخوێندنی فێرگە و زانستگای لە سووریا تەواوکرد و پاشان بۆ درێژەدان بەخوێندن چۆتە ئاڵمان و لە زانستگای فڕانکفۆڕت و لە نیوەندی بەناودەنگی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵایەتی کە تئودور ئادورنۆ (١٩٦٩ - ١٩٠٣ز) و مارکس هوکهایمێر (١٩٧٣ - ١٨٩٥ز) لە بۆ بروودان بە بیرۆکەی ڕەخنە دایانمەزراند، فەلسەفە فێر بوو.تەییبی بۆخۆی دەڵێ : بە هۆی دڵاوایی خوێندنی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێبازی فڕانکفۆڕت بوو کە توانیم بە سەربەخۆیی و بێ لایەنانە دەست بە خوێندنەوەی بێ پاساودانەوەی ئیسلام و دیتر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکەم.کاتێ کە تەییبی خوێندکاری دوکتورا بوو، یەکەمین کتێبی خۆی واتە "چەپی عەرەب"ی لە ساڵی ١٩٦٩ز نووسی؛ بەرهەمێ کە سرنجی ئیدوارد سەعید، بیرروونی چەپخوازی فەلەستینی - ئەمریکایی و نقیسکاری پەڕاوی بەنامیەی "ڕۆژهەڵات ناسی" ورووژاند. هەڵبەت زۆری پێ نەچوو کە هێڵی بیری تەییبی و ئیدوارد سەعید هەر یەک بەلایەکدا ڕۆیی.

تەییبی لە خوێندنەوەی ئیسلامدا بەو ئاکامە گەیشت کە جیهانی عەرەبی، خوێندنەوەیەکی عەرەبتەوەریان لە ئیسلام هەیە. واتا خوێندنەوەیەک لە هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵایەتی - کەلتووری و جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی ناویندا قەتیس ماوە. ئەو بە پێی سەیر کردن و ڕوانگەی خۆی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، خاسما نیوچە بەژی هیند و ئەفریقادا بەو ئاکامە گەیشت کە ئیسلام بە درێژایی مێژووی خۆی لە دەڤەرە جیاجیاکانی دنیادا، هێوهێور بیچمی خۆماڵیانەی ئەو ناوچانەی گرتووە.بە وتەیەکی تر دەشێ ئیسلام بە هەڵسوکەوتی سیستماتیکی کەلتووری موسوڵمانانێکدا بناسین کە لەو ناوچانەدا دەژین.ئاییناسی و مرۆڤناسیی تەییبی بە چڕی لە ژێر باندۆری بیرۆکەی کلیفۆرد گیرتێز، مرۆڤناسی بەناوبانگی ئەمریکاییدایە کە شوێنەوارگەلێکی لەمەڕ پێوەندی ئایین و کەلتوور، بە نیوەکانی ڕاڤەکردنی کەلتوورەکان و ئاڵوگۆڕە ئایینەکان لە مەراکیش و ئیندونێزیدا نووسیوە.

بەڕای تەییبی و گیرتێز، ئیسلام جۆرێ "سیستمی کەلتووری"یە. تەییبی خۆی بە موسوڵمانێکی

باوەڕمەند و لیبراڵ دەزانێ کە نکۆڵی لە ئولوهییەت/خودایەتی لە ئیسلامدا ناکا. ئەو دەبێژێ کە خودایەتی ئیسلام لە درێژایی مێژوو و جوغرافیای خۆیدا لە دنیادا، بە پێی شوێنەکان، جلکی کەلتووری جۆراوجۆری لەبەر کردووە. تەیبی جگە لە پێنج هێما ئیسلام لە ڕوانگەی سوننیەوە کە بریتین لە شادەوئیمان، نوێژ، زەکات، ڕۆژوو و حەج، نەیاری پێوەلکاندنی شتی دیکەیە. لەو بارەوە بیروڕاکانی زۆر لە بیروڕاکانی عەبدولکەریم سرووش و شەبستەری دەکا.

ئەوەی کە ئیسلام لە پلەی یەکەمدا، چەشنێ سیستمی کەلتوورییە بەو واتایە کە ئیسلام تەنێ لە کۆمەڵگادا چەمک و واتا پەیدا دەکا و خۆ دەنوێنێ. تەیبی دەنووسێ: ئایینەکان، دەرخەر و باڵانوێنی سیستمی کەلتوورین. واتا هەم کاریگەری لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا وەردەگرن هەمیش کاریگەرییان لەسەر دادەنێن.

لەلایەک بە ئیدئولۆژیی و فەرهەنگ و جوغرافیایی خۆماڵی بیچمی دینی دەدا و هەمیش بەپێی نیازی ئەو ناوچەیە، خۆی دەگۆڕێ. وەکی ئیسلامی مەراکێشی، تورکی، کوردی، ئێرانی، ئیندونێزی و.....

**لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا " دۆز و گرفتی سیاسەت لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا چییە؟" تەیبی پەنجە لەسەر کەلتوور دادەنێ. ئەو نەیاری ئەو بیرۆکەیە کە دۆخی مەترسیداری ئەوڕۆی کۆمەڵگای ئیسلامی تەنیا بەهۆی ئیستعماری ڕۆژاواوەیە. هەرچەند نکۆڵی لە ڕۆڵی ئیستعمار ناکا.**

تەیبی،سەرهەڵدانی ئیسلامخوازیی هاوچەرخ بە هۆی گیرخواردنی موسوڵمانان لەنێوان سوننەت و مودێرنیتەدا دەزانێ. ئەو پێی وایە: وڵاتانی موسوڵمان و عەرەب لەسەدەی چاردەی زایینی بەملاوە (واتا پاش مەرگی ئیبنی خەلدوون لە ساڵ ١٤٠٦ز) فەلسەفەیەکی سیاسی و نەریتی بەرۆژیان نەبووە هەتا یارمەتی بە باشتر بوونی دۆخی ژیانیان بدا.هۆکارێکی دیکەش باڵادەستی ئیستعمار بووە. لەسەدەی هەژدەی زایینی بەملاوە، عەرەبەکان، ئیستعمار و ئیمپریالیزمی ئورووپاییان ئازموون کرد.هەر وەکی لە سەدەکانی پێشووتردا زاڵ بوون و کەلەگایی مەغوول و تورکەکانیان تێپەڕاندبوو. لەوەها دۆخێکدا بەهۆی نەبوونی فەلسەفەی سیاسی ڕوون و سەردەمیانە، کەسی موسوڵمان لەبۆ پارێزگاری لە پێناسی خۆی لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا، دەستەوداوێنی ئایین دەبێ  و بەم چەشنە، وردەوردە ئیسلامخوازی سەرهەڵ دەدا.
تەیبی بە دەستەودامێن بوونی بیروڕای عەلی عەبدوڕڕەزاق، لێکۆڵەری ئەلئەزهەر ( لەساڵی ١٩٦٦ز بە هۆی بیروڕایەوە لە ئەزهەر دەرکرا) و بەتایبەتی پەڕاوی (الاسلام و اصول الحکم) بەڵگە دێنێتەوە. ئەو کتێبە لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٥ز هاوکات لەگەڵ هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی لەلایەن ئاتاتورکەوە، نووسرا. بەسسام تەیبی دەڵێ: ئیسلام سیستمێکی ڕامیاری نییە و پرۆگرامی ڕامیاری ڕوون و دیاریشی نییە، بەڵکوو سیستمێکی کەلتووری - کۆمەڵایەتییە کە لەودا مەزهەب و کۆمەڵگا، نەک - مەزهەب و ڕامیاری - پێکەوە ئاوێتەن.

تەیبی بە پێوشوێن گرتنی بیروڕاکانی ڕووناکبیران ئایینی خەڵکی سوودان وەکی محەممەد مەحموود تەها(١٩٩٠ - ١٩١٥ ز) و قوتابییەکەی واتا عەبدوڵڵا ئەحمەد نەعیم، ژیانی پێغەمبەری ئیسلام بە دوو قۆناغی مەککە و مەدینە دابەش دەکا. بە وتەی وی ئایەتگەلی مەککی دەگەڵ پێکهاتەی دەوڵەت و حکوومەت نامۆن و دەستوورێکیان لەمەڕ شەڕ و تەناهییەوە پێ نییە.ئایەتەکانی مەککی داگری پەیامی مرۆڤخوازانەن و لەواندا هەواڵێ لە پەیامی فێقیهی نییە.لە قۆناغی مەدینەدایە کە پێغەمبەر چەشنێک دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنێ کە دەگەڵ ناموسوڵمانان و خاسما لەگەڵ جوولەکاندا یەک دەکەوێ و پەیمانێ بەنێوی "پەیمانی مەدینە" واژۆ دەکا و بۆ خاوەنانی کتێب، یا زەممە لە بەرانبەر موشریکاندا

مافێکی بەرتەسکیان بە فەرمی بۆ لەبەر چاو دەگرێ.
بەڕای تەیببی حکوومەتی پێغەمبەری ئیسلام لە مەدینە لەسەر جۆرێ ڕێبەری "کاریزماتیک"ی تایبەت دامەزرابوو کە ئەو تایبەتمەندییە بۆ کەسانی دوای ئەو شیاوی گوێزتنەوە نییە.زاراوەی "دەوڵەت/ حکوومەتی ئیسلامی"یان "سیستمی ئیسلامی" کە ئیسلامخوازانی هاوچەرخ دەکاری دەکەن لە لایەن پێغەمبەر و قوڕعانەوە دەکار نەکراوە.زاراوەی "حکوومەتی ئیسلامی" چەمکێکی سازکراوی سەردەمی مودێرن و ئێستایە.
لەوەڵامی ئەو پرسەدا کە ئاریشەی سیاسەت لە وڵاتان ئیسلامیدا چییە؟ تەیببی قامک لەسەر کەلتوور دادەنێ. ئەو نەیاری ئەو بیرۆکەیە کە خراپی دۆخی کۆمەڵگای ئیسلامییەکانی هاوچەرخ تەنیا بەبۆیەری ئیستعماری ڕۆژاواوە گرێ دەدەن.هەرچەند نکۆلی لە پشکی ئیستعماریش ناکرێ.
تیژبینی تەیببی لەمەڕ پێوەندی ئیسلامی شیعە و سیاسەت جێگەی سەرنجە.ئەو شی دەکاتەوە کە هەتا بەر لەسەردەمی پاتشایانی سەفەوی (١٥٠١ - ١٧٢٢) و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لەسەر بناغەی وەلایەتی فەقێهیدا، موسوڵمانان بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەرگیری سیاسەت نەبوون.بە ڕای ئەو ئیسلامخوازانی هاوچەرخ، زاراوەگەلی وەک ئوممەت، دەعوەت، جیهاد، سیستمی ئیسلامی، دارولسەلام و دارولحێرب بەچەشنێکی ناڕاست بە دۆخی هەنووکەیی سیاسەت لە دنیای ئەوڕۆکەییدا پێوەند دەدەن و ئاکامی هەڵە و ترسناکیشی لێ دەکەوێتەوە.
چەمکی"ئوممەتی خەیاڵی" کە ئیسلامخوازان دڵیان پێی خۆشە وەل ڕاسەقینەکانی ئیمڕۆدا نایەتەوە، چونکێ موسوڵمانانی ئێستاکە لەباری کەلتوور و دەوڵەت و گەلەوە جیاجیان و سەر بەیەک "ئوممەت"نین.
تەیببی ئیسلامخوازان بە"فەرهەنگی بەرخودان" ناوانبار دەکا، بەجۆرێک کە چەشنێ"لەمپەڕی ڕەوانی"لە هەمبەر فێربوون لە دیتر کەلتوورەکان پێک دەهێنن.ئیسلامخوازانی ئیمڕۆیی خۆیان ڕاست لە خاڵی ڕووبەڕووی موسوڵمانە ئاوەزخوازەکانی سەدەکانی ناوین، خاسما سەردەمی زێرینی شارستانییەتی ئیسلامیدا داناوە.موسوڵمانانی سەدەکانی زێرینی ناوین، خۆیان بەڕووی فێربوون و فێرکردن لە کەلتوورەکانی تر وەکی کەلتووری یۆنانی، ئێرانی، عیبری، کوردی و ئارامی و... کردبۆوە.
تەیببی بەوپەڕی بوێرییەوە دەڵێ : وەدیهاتنی چەمکگەلی فێقیهی "جیهاد" و "دەعوەت"(لێگێرانەوە لە ناموسوڵمان بۆ هاتنە سەر ئایینی ئیسلام) لە درێژایی مێژووی ئیسلامدا بەپێچەوانەی پاساوکارانی ئەمڕۆکە، خاڵی لە توندوتیژی نەبووە.
لە مێژوودا شەڕ و جیهاد بێ توندوتیژی نەبووە. بە پێچەوانەی پێوەر و ریساکانی شەرعی ئیخلاق بەرزانەی کلاسیک کە ئیسلام دایناوە، هیچکات شەڕ و جیهادەکانی موسوڵمانان ،لەبۆ بەرینکردنەوەی ئیسلام بێ خوێن ڕشتن نەبووە. تەیببی دەڵێ: " بێژگە لە ئیسلامی سۆفیانە، سوننەتی ئیسلامی تەواو پیشتیوانی لە توندوتیژی دەکا."
هەڵبەت نووشتاندنەوەی ئیسلام بۆ ئایینی شمشیریش ڕاست نییە. ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەر و ئێستاکەدا ڕوو دەدا تەواو جوداوازە. بەباوەڕی تەیببی بەپێچەوانەی شێوەی باو، لەنێو موسوڵمانانی دەیەکانی دواتردا، جیهاد شێوەی باش و ئیدەئالی پێغەمبەر،لەبۆ هەراوکردنەوەی ئیسلام نەبووە. جگە لەوەش جیهاد لە شەریعەتدا خاوەنی ڕێوشوێنی مەدەنییە لە بواری ئێخلاقی شەڕدا. بۆوێنە: دانووساندنی بەر لە دەسپێکی شەڕ، حەول بۆ پاراستنی ژنان و منالان و ئاژەڵان، هەڵسوکەوتی بەجێ و ڕێزنان لە دیلەکان و...
گۆڕانکاری لە چەمکی جیهاد لە دەورانی مودێرندا:

هەورامانی کتێب

هەرچی لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بە چاخی مودێرن نێزیک دەبینەوە، جیهاد بیچم و ڕاڤەگەلی نوێ بەخۆیەوە دەگرێ.لەبەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئیستعماری مودێرندا، جیهاد لەکن هێندێ لە موسوڵمانان ئەبێ بە شەڕی دژ بە ئیستعمار و ڕزگاری لە ژێر نیری ئەودا.
بڕێ لەمەلایانی موسوڵمان لەپاش ئەوەی زانییان بەشێوەی سوننەتی ناتوانن دەگژ ئورووپای مودێرندا بچنەوە، حەولیان دا چاوخشاندن بە چەمکی جیهاددا بکەن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەتەقەلاکانی ئەحمەد بنی خالید ئەلنەسیری (مێژووزان و سۆفی مەراکێشی سەدەی نۆزدەهەم) بکەین. هەرچەند ئەلنەسیری بیرۆکەی جیهادی بەگشتی بە پووچ و بەتاڵ نەدەزانی، لێ لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بەپێی پێویست و "بەرژەوەندی" موسوڵمانان، دەشێ بەڕێوەبردنی جیهاد بۆ فراوانکردنی ئیسلام لە سەردەمی مودێرندا، هەڵپەسێرین.
تەیبی لەبەرهەمەکانیدا بە چڕی شی دەکاتەوە کە دەگەڵ تێکشکانی بزاوتی چاکسازیی ڕامیاری لە جیهانی ئیسلام و عەرەبیدا، لە بنەتای سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستی زایینیدا و لە ڕەوتی چێکرانی وڵاتانی سەربەخۆی عەرەبیدا، ئیسلامخوازی لە دایک دەبێ و جیهادیش، ئەمجارە دەبێ بە بەشێ لە وتاری ئیسلامخوازانی گرژ و بناژۆخواز. (دۆخێ کە هەنووکە درێژەی هەیە و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ئەفغانستان و زێدەخوازی تاڵەبان، تەنێ دوایین نموونەکانی جیهادین.)
لە ساڵی ١٩٢٨ز حەسەن ئەلبەنا (١٩٠٦ - ١٩٤٩ز) ئیخوانولموسلیمینی لە میسردا دامەزراند. پەڕاوی "ڕیسالەی جیهاد"ی ئەو بەم ڕستەیە دەست پێدەکا: "الجهاد فریضه علی کل مسلم"جیهاد لەبۆ گشت موسوڵمانێ واجیبە. هەر ئەوەش دەبێتە یەکێ لەسەرەکیترین دەقی ئیسلامی سیاسی. حەسەن ئەلبەنا وەکی ئیسلامخوازانی دواتر، چالاکی کۆمەڵایەتی دژ بە زایۆنیزم و کەڵەگایی ئیستعمار بوو. لەپاش حەسەن ئەلبەنا، سەید قوتب پێوەندی نێوان جیهاد و ئیسلامی سیاسی لە نێو ئیخواندا درێژە پێ دەدا. جیهادگەرانی دواتریش وەکوو ئوسامەبن لادن لە سعوودی، ئەنوەر ئەلعولقی لەیەمەن و ئیمەن ئەلزەواهێری لەمیسر، لەژێر باندۆری بیروباوەڕی سەید قوتبدا بوون.
کەسایەتییەکی گرینگی دیکە لە دنیای ئیسلامی سیاسی هاوچەرخدا کە تەیبی و حەسحاس ئاماژەی پێ دەکەن ئەبووعەلامەودوودییە لە پاکستان. مەودوودی پەسنی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران و ڕێبەرەکەی دەکا. گوایا مەودوودی یەکەم کەسە بەر لە سەید قوتب و ڕێبەری ئێران، نێوی "حکوومەتی ئیسلامی"یان "شۆڕشی ئیسلامی" یان "دەسەڵاتداریەتی خودا" لەهەمبەر "نەزانی"و "نەزانی مودێرن"دا دەبا و برەوی پێ دەدا. تەیبی دەڵێ "ئیسلامخوازان لەبری ئەوەی لەبیری ژیانەوەی شارستانییەتی ئیسلامدا بن لە بیری شۆڕش، دژ بە ڕۆژاوا و بایەخەکانی ئەون. - هەڵبەت موسوڵمانانی ئاسایی وەها بیر ناکەنەوە. -
ئیسلامخوازان، سیستمی نوێیی جیهانی بە "نەزان و موشریک" دەزانن و تێ دەکۆشن ئەوەی خۆیان بە "حاکمییەتی ئەڵلا"ی دەناسن جێنشینی مودێل و نموونەی ڕۆژاوای دێموکراسی بکەن.
بەسسام تەیبی لە بەرهەمەکانیدا، سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی جیهادی لە ڕاکێشانی بەردەنگ/بەربێژەکانیدا،بە ئاکامی تێکشکانی پڕۆسەی چاکسازیی کەلتووری لەنێو موسوڵماناندا دەزانێ. بەڕای تەیبی، قەیرانی ئێستای کۆمەڵگای موسوڵمانان، فەرهەنگییە و بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو قەیرانەدا، لە زاراوەی "مودێرنیتەی فەرهەنگی" کەڵک وەردەگرێ کە ئاماژەیە بە چاکسازی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی لە ڕوانگەی خۆیەوە و ئەم مودێرنیتەیە دەبێ جێی خوێندنەوەکانی سوننەتی و پیاوسالارانە لە ئیسلامدا بگرێتەوە. مودێرنیتەی کەلتووری، وەڵامی تەیبییە بەو کێشە و قۆرتانەی کە موسوڵمانان بە

مەترسی مودێڕنیتەی دەزانن. لەو بارەیەوە محەممەد حەسحاس لە پەڕاوی "ئیسلامی ئوروپایی"وەگەرد تەییبی هاوڕایە.

بێ هێزی کەلتووری موسوڵمانان لەوەرگرتنی مودێڕنیتەی کەلتووری، هاوکاتە لەگەڵ تێکشکانی بزاڤگەلی چاکسازیخوازانەی محەممەد عەلی پاشا (١٧٦٩ - ١٨٤٩ز) لە میسری دوای داگیرکردنی لەلایەن ناپلێۆنەویە. هۆکاری ئەو سەرنەکەوتنە ئەوە بوو کە بەجێی جەختکردن لەسەر چاکسازی قووڵ و بنەڕەتیی کەلتووری هانای بۆسازکردنی چەکوچۆڵ و قۆرخانە و ئەرتەش برد هەتا دەگڕ ئیستعماری ئوروپاییدا بێتەوە.بزاڤی مودێڕنی چاکسازیی دینی لە نێوان دەیەی ١٨٧٠ هەتا١٩٤٠/١٩٣٠ز بە پێشەنگی توێژەرانی وەکوو جەماڵەدین ئەفغانی و محەممەد عەبدوە و قاسم ئەمین بوو کە هەم سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و هەمیش بەڕادەی پێویست قووڵ و بنەڕەتی نەبوون هەتا وەڵامی پرس و پرسیارە بنەڕەتییەکانی شەرعی و مێژوویی و فیقیهی بداتەوە.

ناسیونالیسمی عەرەبی ئەفسەرانی ئازادی میسر، سکولاریسم و ئیسلامخوازی:

بێ هیوایی ڕووناکبیرانی عەرەب لە هەمبەر ڕۆشنبیرانی ئوروپایی، بزاڤە دژە ئیستعمارییەکان دەیەکانی ١٩٥ و ١٩٦٠ز میسری گەیاندە چلەپۆپە و ڕێگای لەبۆ ڕووناکبیرانی جیهانی سێهەمخواز و دژە ڕۆژاوا و لاینگرانی بەرخۆدان کردەوە.ناسیونالیسم یان نەتەوەخوازەکانی عەرەبی، ڕێبازێ بوو بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی ئیستعمار.

تەییبی لە بەرایی چاپ سێهەم پەڕاوی "نەتەوەخوازی عەرەبی: لەنێوان ئیسلام و دەوڵەت، نەتەوەدا کە تێزی دوکتوراکەیەتی، بەڵگە دێنێتەوە کە "ناسیونالیسمی عەرەبی بۆ پتر لە نیو سەدە لە داماڵینی سیاسەت لە ئیسلام و بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لەوڵاتی عەرەبیدا سەرکەوتووبوون. هاتنە سەرکاری ئەفسەرانی ئازاد لەمیسر لەساڵی ١٩٥٢ز وهاتنە سەر دەسەڵاتی جەماڵ عەبدوناسر، دوندی جووڵانەوەی ناسیونالیسم بوو لە جیهانی عەرەبیدا.بەوحاڵەشەوە، ناسیونالیسمی عەرەبی کە بۆ بەرخۆدان لە بەرانبەر ئیستعماری ئوروپایی و هەروەها کاردانەوە لە حاست زاڵبوونی تورکانی عوسمانی لە وڵاتانی عەرەبیدا،چێ ببوو، لەبیری چاکسازیی کەلتووریدا نەبوون.

هەرچەند ناسیونالیستەکانی سکولاری میسر و دیتر وڵاتان، نەیاری ئیسلامخوازیی نەبوون بەڵام تەواو ئیسلامیان نەدەخستە لاوە.ئەوان کێشەیان دەگەڵ ئیسلام وەک بەشێ لە کەلتووری نەتەوەیی گەلی عەرەبدا نەبوو.بە پێچەوانەی نەتەوەخوازانی ئوروپایی، ئازادییەکانی تاکەکەسی و دەسەڵاتداریەتی ویستی خەڵک(یان ویستی گشتی خەڵک - بەڕاوێژی ڕۆسوو) جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆی لەلایەن عەرەبە سکۆلارە نەتەوەخوازەکان ڕا نەبوو.

تێکشکانی حکوومەتە ناسیونالیستە عەرەبەکان لەشەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب - ئیسرائیل، لەساڵی ١٩٦٧ ز بەستێنی بۆ پێ هەڵگرتنی دووبارەی ئیسلامی سیاسی تەیار کردەوە.ئەم ڕایە ئیسلامی سیاسی خۆی بە ناوی ئیدئۆلۆژی بناژۆخوازی دنیاگر دەناساند و هەر ئەو ڕێگەیەشیان لە بەرانبەر شکست و ئابڕووچوون لە لایەن ئیسرائیلی داژداری ڕۆژاوا و ئەمریکاوە گرتەبەر.

بە بڕوای تەییبی لەپاش شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب - ئیسرائیل لەساڵی ١٩٦٧ز دۆخی ڕووناکبیرانی لیبراڵ - سکۆلاری جیهانی عەرەبی بەم جۆرە بووە: "گیرکردن لە دووڕێیانی ڕژیمە ملهوڕ و سەرەڕۆکانی [نەتەوەخواز - سکۆلار - بەعسی] لەلایەک و هەڕەشەی تروریسم وکوشتن لەلایەن بناژۆخوازانی موسوڵمان لە لایەکی دیکەوە بوو.دۆخێ کە زۆر لەحاڵوباڵی ڕووناکبیرانی لیبراڵی ئێران لەساڵ ١٣٥٧ە و ساڵی ١٤٠٠ دەچوو.

# هونەرمەند برایم فەتتاحی



عومەر عەلی بۆکانی - بۆکان

پاییزە هەر بەکزەی باوە خەزەڵ هەڵدەوەرێ
مەل لەهێلانە لە سەرمان سەری ناخاتەدەرێ
شەختە داپۆشیوە دار و دەوەن دەشت و زەوی
تۆزی سیخواری لەسەر نیشتووە هەوراز و نەوی
زەردە لێی داوە لە دوور دەترووسکێنێ سەهۆڵ
شەونم و سەوزەگیا بوونەتە فرمێسک و مژۆڵ
«هێدی»

بێگومان ناسنامەی هەر نەتەوەیەک هونەر و ئەدەب و زانیاریی ئەو نەتەوەیە.هەر نەتەوەیەک بیهەوێ زیندوو بمێنێتەوە دەبێ پەرە بە هونەر بدا و ڕێزی هونەرمەندانی زیندوو بگرێ و یادێ لە هونەرمەندانی کۆچکردووش بکاتەوە.
هونەر دەنگی زیندووی گەلە، سرووشت دەدوێنێ و بۆ هەڵوەرین گوڵ دەگری و بۆ مەرگی پەپوولەش شین دەگێڕێ. ئەوە نییە نەمر حەسەن زیرەک، یەک بە خۆی هاواری بێکەسیی و بێدۆستی و هاوڕێیی خۆی دەکا و دەڵێ:
جێم نییە تیا بسرەوم خاکم بەسەر، بێ لانە خۆم
بێ یار و هاودەم، بێ مەی و مەیخانە خۆم
ئەمە یانی ئەگەر کۆمەڵگای ئێمە ڕێز لە هونەرمەندانی خۆی بگرێ، هونەرمەند بەم دەردە ناچێ. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی هونەری خۆمان بدەینەوە، هونەری گوتن، وەک لاوک و حەیران و بەستە و... دەمانگێڕنەوە بۆ ڕابردوو. واتا پێمان دەڵێن کە لە ڕابردوودا و لە ئێستاشدا، چی بەسەر ئەم گەلە هاتووە و دێ.کەوایە هونەر مەزنترین پەیامی ڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوەی هەیە.
ئێستاش پاشی ئەم چەند دێڕە دەمانهەوێ یادی نەمر، خوالێخۆشبوو کاک برایم فەتاحی

بکەینـەوە و ڕێـزی بگریـن.
هونەرمەنـدی گۆرانیبێـژ کاک برایـم فەتاحـی یەکـی ڕەزبـەری ١٣١١ی هەتـاوی/٢٣ی سـیپتامبری١٩٣٢ز/ لـە ئاوایـی بوغدەکەنـدی نێـوان بـۆکان و سـەقز چـاوی بـۆ ژیـان هەڵێنا.پـاش ماوەیـەک بنەماڵەکـەی بـەرەو گوندسـتێنی تورجـان لـە باشـووری ڕۆژاوای بـۆکان کـۆچ دەکـەن و لـەوێ دەگیرسـێنەوە. هونەرمەنـد دەورانـی منداڵـی و مێرمنـداڵ و لاویەتـی هـەر لـە ئاوایـی تورجان کـە ناوەنـدی فێرگـەی ئایینـی و زانسـتی سـەردەمی خـۆی بـووە و زۆر کەسـانی؛ لـە پیـاو و ژن تێـدا پـەروەردە و سـەر کەوتـوون و ناوبانگـی زۆریشـیان پەیـدا کـردووە و خزمەتـی گەورەشـیان بـە گـەل و نیشـتمانەکەیان کـردووە.
کاک برایـم هـەر لـە سـەرەتای مێرمنداڵییـەوە خولیـا و هۆگـری ئـاوازی ڕەسـەنی کـوردی دەبـێ و بەرەبـەرە کـە تەمەنـی بـەرەو لاوەتـی هەڵدەکشـێ، هـاوکات لـە داوێنـی چیـای وەسـتا مسـتەفا و ئاسـمانبڵاغیدا دەنگـی نـەرم و بلاوێنـی ئاوێتـەی قاسـپەی کـەوی ئـەو بنارانـە دەبـێ و بـەردەوام لـە کـۆڕی شـادی و شـایی و خۆشـی خەڵکـی ئاواییدا بەشـدار دەبـێ و دەور دەگێـڕێ. سـەرەنجام لـە تەمەنـی ٢١سـاڵیدا، لەگـەڵ کەسـێک دڵخـوازی خـۆی ژیانـی هاوبـەش پێـک دێنـێ.
هـەر لـەو سـەرودەمەدا، شـنەبای دەنگـی نەمـر حەسـەن زیـرەک هەسـت و دەروونـی لاواندۆتـەوە و هەژاندوویـە. خولیـا و کەڵکەڵـەی چاوپێکەوتنـی لـە ناخیـدا، بڵێسـە دەسـتێنی و لـە ئاکامـدا لـە نێـوان سـاڵەکانی١٣٤٣ - ١٣٤٢ ئاوانەکـەی وەدی دێ و چـاوی بـە مامۆسـتای مەزنـی گۆرانـی کـوردی حەسـەن زیـرەک لـە تورجـان دەکـەوێ و چـەن گۆرانـی و مەقـام پێکـەوە تۆمار دەکەن.پاشان لـە سـاڵی ١٣٤٥ە بـۆ یەکـەم جـار دەنگـی لـە ڕادیـۆ سـنە بـڵاو دەبێتـەوە و چەنـد گۆرانییەکیشـی ڕاسـتەوخۆ هـەر لـەو ڕادیۆیـەدا بـڵاو دەبێتـەوە.



لـە بەهـاری سـاڵی ١٣٤٥ی هەتاویدا دەچێتـە ئیزگـەی ڕادیـۆ کـوردی مەهابـاد و چەنـد گۆرانـی و مەقامـی بـاش و بەناوبانـگ کـە بۆخـۆی بـە ئامێـری دایـرە و نەمـر تۆفیقـی تـارژەن /تۆفیـق عەزیـزی/

هەواڵنامەی کتێب

بە ئامێری تار بەناوبانگترین بەرهەمەکانی تۆمار دەکا کە ئەمانەن: تۆز دەکا، بەرقەڵا مەڕۆ، هەی نایەنایە، مریەمێ چەندە جوانی و... ئەمانە هەمووی بەرهەمی خۆی بوون و ئێستاش زۆربەی خەڵکی کوردستان لە یاد و بیرەوەریاندا ماوە. پاش بڵاو بوونەوەی ئەم بەرهەمانە لە ڕادیۆی مەهاباد کە لە سەرانسەری کوردستاندا دەنگی دایەوە، بوو بە ناسیاوی هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەت گۆرانی «تۆز دەکا» ناوبانگ دەردەکا و دەکەوێتە سەر زار و زمانی خەڵکی.
هەر ئەو ساڵە/ ١٣٥٠ /لە ڕادیۆی مەهاباد لەگەڵ کۆڕی موسیقای ئەم ڕادیۆیە بە سەرپەرستی مامۆستا ڕەشید فەیزی نژاد و بە ئامێری تار و وێڵۆن، حسێن ڕەهبەر بە ئامێری زەرب ئەم گۆرانیانە تۆمار دەکەن: ئەی یار تۆ بڵێ یار، لە گوڵان و لە گوڵان، لەبەر چاومە پێکەنینەکەت، بانەت بۆ گەڕام.
وەکی بنەماڵەکەی باس دەکەن خوالێخۆشبوو برایم فەتاحی هەر لەشاری بۆکان لە ساڵی ١٣٥٥ - ١٣٥٤ لە میوانخانەی «ئێرانی نەو» لەگەڵ هونەرمەندی ناودار مامۆستای هێژا کاک ناسر ڕەزازی و بە تاری تۆفیقی تارژەن گۆرانی بەناوبانگی« ماست فرۆش» پێکەوە تۆمار دەکەن.
لە ساڵی ١٣٥٦ە کە هونەرمەندی ناودار مەزهەر خالقی بەڕێوەبەری گشتی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کرماشان دەبێ، چەند گۆرانییەک بە هاوکاری قالەمەڕە بە شمشاڵ و قالە بەلەنجە بە نایە بۆ ئەو ناوەندە تۆمار دەکەن. هەر ئەو ساڵەش ئەو بەرنامەیە بۆ ڕادیۆ سنەش دووبارە دەکەنەوە.
بێجگە لە گۆرانییە تۆمارکراوەکانی لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا، لە کۆڕ و دانیشتنی دیوەخان و ماڵان و کۆبوونەوە تایبەتی هونەرمەندانەدا بەرهەمی تۆمار کردووە و لەگەڵ هونەرمەندان حەسەن زیرەک، محەممەد ماملێ، ناسر ڕەزازی، سەیید برایم سەقزی، برایم قادری، میدیا حسێن، سەفین عەبدوڕەزاق کۆیی، تۆفیق فەرەج، حسێن بەهمەنی، عەلی خەندان، عەبە دەڕژێ، ڕەسووڵ نادری، تۆفیق ڕەزایی و... گۆرانیان پێکەوە کوتووە.
بابەتێکی دیکە و زۆر گرینگی ژیانی کاک برایم فەتاحی ئەوە بووە کە پیاوێکی مەند و لەسەرەخۆ و ماقووڵ بووە و بەردەوام حەزی لە جلوبەرگی جوان و ڕێکوپێک و زۆریش قسەخۆش بووە.
هونەرمەند لە ساڵی ١٣٦٢ە بە تەواوی گوندی تورجان بەجێ دێڵێ و لە شاری بۆکان نیشتەجێ دەبێ. ئیدی بە تەواوی تێکەڵاوی هونەرمەندانی موزیک ژەنی شارەکە وەک : قالەمەڕە، تۆفیقی تارژەن، کە پتر لە شازدە ساڵ پێکەوەبوون، عوسمانەسوور، قودرەت ئاغایی، عەبەچکۆڵ و زۆرانی دیکە.
لە ساڵی ١٣٧١هـ لە شاری سلێمانی لەگەڵ میدیا حسێن، شەش گۆرانی تۆمار دەکەن کە بریتی بوون لە: چنووری چنووری، ئەرێ هۆ سینە مەڕمەڕ، دەنگ دێ، ئەرێ گەڕیان، هەڵاڵە بۆچی و نەرمەنەرمە.
سەرەنجام ئەم هونەرمەندە نەتەوەیی و گەلییە ڕۆژی پێنج شەممە،٢٣ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی لە شاری بۆکان، لە گەڕەکی ساحیلی، لە کۆڵانی سەروی... لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا بە هۆی ڕاوەستانی دڵ، لە ژیان و گەل و هونەر ماڵئاوایی دەکا و لە گۆڕستانی گشتی شار، بە خاکی پیرۆزی نیشتمان دەسپێردرێ.

# سادق بەهائەدین ئامێدی، خەمخورێ زمانێ کوردی

سەردار هێتوتی . **دهۆک**



بەری سەرهەلدانا باشوور، ڕەوشا ڕێزمان و زمان و ڕۆژنامەگەریا کوردی ب کورمانجی (بەهدینی) ل کوردستانا عیراقێ گەلەکا بێ سەروبەر بوو، لێ خەمخورێت ڤێ بزاڤێ نەهێلان کاروان ڕاوەستیت و ب بزاڤێـ خۆ کار کریە، سادق بەهائەدین ئامێدی ژ خەمخورێت زمانێ کوردی دیالکتا کرمانجی بوو ل عیراقێ و کوردستانێ و ناڤبری گەلەك بەرهەمێت ژێهاتی ل پاش خۆ هێلانە و ئەڤرۆ بوینە ژێدەرێن بەرکەفتی بۆ نڤیسەر و زمانزان و ڕەوشەنبیرێن بەهدینان.

سادق بەهائەدین، ڤەکولەر و زمانزان و هوزانڤانێ کورد، ل باژێرێ ئامێدیێ پایتەختێ مێرگەها بەهدینان و ل سالا ١٩١٨ ژ دایکبوویە، دەستپێکا خاندنێ لبەر دەستێ بابێ خۆ فێربوویە و ب زانست و خاندنا ئاییني دەستپێکریە و پاشان ل ئامێدیێ دەست دایە خاندنا سەرەتای و بۆ تمامکرنا خاندنا ناڤەندی و ئامادەی قەستا باژێرێ موسل دکەت و ل سالا ١٩٣٩ دواناڤنجی ل موسل بدوماهی ئینایە، و ل سالا ١٩٤٤ ژی دچیتە مالا ماموستایان ل بەغدا و خاندنا خۆ بدوماهیك دئینیت.

سادق بەهائەدین، ژ بەر کوردبوونێ و حەزا وی یا مەزن بۆ نەتەوا وی دهێتە سزادان و دهێتە ڤەگوهاستن بۆ باژێرێ هیت ل پارێزگەها رومادی، ناڤبری پێشتر کارێ ماموستایەتیێ ل دهۆك و هەلەبچە و کەرکوك و سلێمانییێ و زاخو کریە.

سادق بەهائەدین ل سالا ١٩٥٩ وەك هاریکارێ رێڤەبەرێ گشتییێ خاندنا کوردی دەستبکار دبیت و هەتا سالا ١٩٦٦ د ڤی ئەرکیدا یێ بەردەوامبوو.

سادق بەهائەدین ئێکبوو ژ خوینەرێن بەردەوامیێن گوڤارا هاوار و ڤێ گۆڤارێ زێدە باندوور لسەر ڕەوشا وی یا ڕەوشەنهزریێ کریە و پالدەر بوویە ژ بۆ نڤیسینا گوتار و بابەتان د ناڤا گوڤار و ڕۆژنامەیان دا، هەروەسا د گوڤارا هیوا دا یا یانەیا سەرکەوتن بابەت هەنە دگەل گوڤارا ڕوناهی و دەفتەرێ کوردەواری و بەیان و ڕوشنبیر نوێ و نوسەری کورد و ڕوژی کوردستان و گوڤارا کۆڕی زانیاری کورد و د ڕادیویا بەغدا بەشێ کوردی ژی بابەتێن بمفا پێشکێش کرینە.

سادق ئەندامێ کۆڕێ زانیاری یێ زمانێ کوردی بو، هەروەسا ماموستایێ زانکویا بەغدا بەشێ کوردی کولیژا ئادابێ بوو، و ل سالا ١٩٨٢/٦/١٦ کوچباربوویە(١).










ئاستەنگیت دریکا ئیکبوینیا زمانی کوردی دا

ئاستەنگا هەرە مەزن ل کوردستانا عیراقێ، نەهێلانا خاندنێ بوو ب زمانێ کوردی شێوەزارێ کرمانجی (بەهدینی) ڤێ ئێکێ چەند ئەگەرێن نەدیار ل پشت بین لێ یا زەلال ئەو بوو کو نابیت کرمانجی بهێتە خاندن چونکی دگەل بوورینا دەمی دا بیتە خودان ڕێزمانەکا ژ هەژی و ئەڤ چەندە ژی هەم بۆ عیراق و هەم ژی بۆ تورکیا نەیا ڕێپێدایی بوو.

پشتی شورەشا ١٤ تیرمەها سالا ١٩٥٨ ل عیراقێ و کەفتنا دەستهەلاتا مەلکیێ ل ڤی وەلاتی و هاتنە سەر کارا زەعیم عەبدولکەریم قاسم و چێبوونا کوماریا عیراقێ، ل زانکویا بەغدا ڕێك هاتە دان کو زمانێ کوردی ب تایبەت (کرمانجی) بهێتە خاندن و ڤێ ئێکێ ئاستەنگ بۆ ماموستایێن زانکۆیێ چێکرن و ل دەستپێکا سالێت ٦٠ داخاز ژ سادق بەهائەدین هاتە کرن کو وانەیێن زمانێ کوردی (کرمانجی) بۆ قوتابیان شرۆڤە بکەت، لێ چ تێکستێن کورمانجی ل بەر دەست نەبوون لەوما ماموستا بۆ ڤێ چەندێ

زێدە ماندیبوون دیت(٢).

ماموستا سادق ب ڤێ شێوەیی ل زمانێ کوردی دنێریت:

١ - ژلایێ فونولوجی ڤە - دەنگاڤە - دەنگێ ((ڤـــ))، دەنگێ (ئوی) ئەگەر چی دچەند زارێت خو جهێت لورری ژی دا دەنگێ ئوی پەیدا دبیت، بەلێ دکێم بێژەیادا.

٢ - ژلایێ بێژەیاڤە، کو کرمانجی نێزیکترە ئەگەر چی هندە بێژە بەلێ کێمتر دزارێت دی دا پەیدابن.

٣ - دەستوررێ زمانی ڤە، کو ژ هەمی لایێت دی گرینگو بنرخە چکو دەستورێ زمانی بنگەهو بنیاتی ژێك جودا بوینیا زمانێت جیهانی یە وپاراستنا هەر زمانەکی یە ژ کارتێکرنا زمانێت هاڤلی و تێکەلی دگەل هەی، ژڤی لایی ڤە زارێ کرمانجی مروڤا هینیەکا هەی دگەل زمانێت ئوروپی ژ ڤان لایێت ژێری.

١ - نێرو مێ یا

٢ - جهناڤێت کەسی دا

٣ - دپەنی و نەپەنی دا کو کرمانجی وەکی زمانێ ئینگلیزی و فرەنسی یە

٤.کرنا دەمێ چاشی چ نێزیك یا دویر، بەلێ دزارێت دی یێت کوردی یێت کو سەر بفارسی ڤە، ئەف دەمە، دەمێ پاشی تێدا ئەشکەرا نینە(٣).

ژ بەرهەمێت وی یێن کو لدویڤ خوٚ هێلای:

١.ئیدیەمێت کوردی ١٩٧٣.

٢.دیوانا مەلایێ جزیری ١٩٧٧.

٣.دیوانا پەرتویێ هەکاری ١٩٧٨.

٤.نەوبەهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدێ خانی ١٩٧٩.

٥.هوزانڤانێت کورد ١٩٨٠.

٦.خان و مان ١٩٨١.

٧.مەولیدا مەلایێ باتەیی ١٩٨٢.

٨.ڕێزمانا کوردی ١٩٧٦(٤).




هەواڵنامەی کتێب

١.سەردار هێتوتی، ئەزمانزانێ کورد سادق بەهائەدین ئامێدی و بابەتەکێ گرینگ لدوور زارێ کرمانجی، گوٚڤارا سیلاڤ، هەژمارە ١٢٩ - ئیلوٚن ٢٠٢٢. بپ ٥٣.

٢.موسەدەق توٚڤی، سادق بەهائەدین ئامێدی یێ پێشەنگ، گوٚڤارا سیلاڤ، هەژمارە ١٢٩ - ئیلوٚن ٢٠٢٢. بپ ٥٨.

٣.سادق بەهائەدین ئامێدی، گوٚڤارا چیا، هەژمارە ٢ - سالا ١٩٧١.

٤.گشت بەرهەمێت نەمر سادق بەهائەدین، ئەرشیڤێ وان بەرهەمان ژ لایێ کورێ وی (د.سەروەر سادق) ڤە گەهشتیە دەستێ من.



# چیای داڵانپەر

قادر حوسێن شەریفی . مەهاباد

سەرەتای وەرزی هاوین(دەی پوشپەر) بوو بەرەبەیانێکی زۆر زوو هاورێی یانەی شاخەوانی راژان ملی رێیەمان گرت و بەرەو چیای داڵانپەر بە سواری سێ مینی بووس وەرێ کەوتین. لە مهاباد تا شوێنی دابەزینمان کە بناری بۆزی سینا بوو دوو کاتژمێری زیاتر خایاند کە بەگۆرانی و چەپڵە رێزان نەمانزانی چۆن تێپەڕبوو. هێندە تامەزرۆ و بە تالووکەی چیا بووم کە خەیالم زۆر پێش من لە شەقەی باڵیدابوو و بە سەر ئاسمانی چیای داڵانپەردا دەسوڕاوە.

دووروو نیزیکی شارۆچکەی دزە بووین بە پەنجەرەی ماشێنەکەدا ڕوانیمە دەرەوە، خۆرلە بنا گوی بۆزی سینا هاتبۆدەر، گزینگی هەتاو لە سەر چیای سەخت و سەرکەشی داڵانپەڕ دەدرەوشاوە ،شارۆچکەی دزە لە بەر دەمی بۆزی سینا دەیڕوانێ دەشتێکی پان و بەرین وسەوز کە لە بەر پێیدا راکشابوو ،لە دوورەوەش ڕیزە شاخێکی چڕ و بەهێز وەک پشتی حوشتری دوو کوهانە، جووتە لوتکەی بۆزی سینا و داڵانپەری لە نێودا قیت ببۆوە.هێندە خولیای ئەو دیمەنانە بووم نەمزانی چۆن گەییشتینە نێو شاری دزە.بە نێو کوڵانی خوارو و خێچ و دووروو درێژی شاری دزەدا تێپەڕبوین هەورازێکی چڕمان لە پێش بوو جادەیەکی باریک و پێچ پێچ، دەتگوت پردی سیراتە، ماشێن بە دوای ماشێندا وەسەردەکەوتن. هێندەی پێ نەچوو گەیشتینە شوێنی دابەزین. چەند سەد میترێک ئەولاتر لە تەنیشت کانێک کە ئاوێکی ساردوو ڕوونی لێ دەهاتەدەر بۆ خوارنی ژەمی بەیانی دانیشتین. دەوروو پشتمان پڕ بوو لە گەشتیار، روبەروشمان دەشتێک دیار بوو،دەشتێکی سەوز ،پر لە گوڵ و گوڵزاری زەرد، تاو نا تاوێک بە شنە بای بەرە بەیان وە سەما دەکەوتن. دوای خواردنی بەرچایی بە ئاماژەی بەرپرسی گرووپ وەڕێ کەوتین.

بە توولەڕێی پێچ پێچی شاخاندا شۆربوینەوە، بە دۆڵ و شیو و هەڵدێراندا خشاین و بە سەر تەلانەکاندا خلۆر بوینەوە.بەیاڵە سەختەکاندا هەڵگەڕاین.یاڵ و تەلانەکان بە گوڵی ڕەنگین و بۆن خۆشی شاخان ،دۆڵەکان بە بەفری بە سەر یێکدا تەپیوی زستان، شاخەکان بە گیا و گۆڵ رازابوونەوە.

هاژەهاژ و گیزە گیزی زەرگەتەو مێش و هەنگی ناو گوڵان،خوڕەو هاڕەی ڕووبار و سۆڵاوی ناو دۆڵەکان بەلای منەوە جوانترین و بلاوێنترین موسیقابوو.

بە رێرەوە باریکەکاندا رۆیشتین تا گۆمی مامە شێخمان لێ وەدیار کەوت، لەپەنا گۆمی مامە شێخ وچانێکی چاکمان دا، بە برێک خواردەمەنی تاقەتمان هاتەوەبەر.گۆمی مامە شێخ مەندوو کپ،ئاوی بەفراوی ساردی تێدا گیرسابۆوە،چیای پڕ لە گوڵزاری دەوروبەر و ئاسمانی شین و تیشکی زێرینی خۆری تێدادەدرەوشاوە.

گەلێک جۆگەلە و سۆلاو بەسەر گۆمەکەدا دەیانڕوانی وشۆڕ دەبونەوە ناو گۆمەکە و یێکیان دەگرتەوە.لە ڕاست ئەو هەمۆ جوانیە لاڵ بووم نەمدەتوانی پڕ بە پێستی خۆی وشەی جوان و ڕازاوەیان بۆ بدۆزمەوە. بە هەنگاوی قوڕس و قایم و بێ وچان بە چاو قوچانێک لە گۆمی مامە شێخ دورکەوتینەوە زۆرمان پێنەچوو گۆمێکی دیمان لێ وەدیار کەوت، قوڵتر و مەندتر ،چەند پارچە بەفرێکی پتەو لە سێ لاوە دەوری گۆمەکەیان دابوو کە بە تیشکی بەهێزی خۆر دەتوانەوە و ئاوی ساردیان لێ شۆڕدەبۆوە ناو گۆمەگە.

بە قرچە قرچی نیوەڕۆ شان بە شانی ڕوبارێکی دڵرفێن ڕۆیشتین تا شوێنێکی گونجاو بۆ خوارنی ژەمی نیوەرۆ بدۆزینەوە،لە تەلانێک وەسەرکەوتین بە بەر دمی ڕیزە گوڵێکی سپی کە لە گەرنی ڕەوەزە بەردێک هاڵابون ڕۆیشتین، لەبن نیسێی تاشە بەردێکی رەق و زەق دانیشتین بۆ ژەمی نیوەرۆ.بەپەلە نانەکەمان خوارد و بێ حەسانەوە وەڕێکەوتین،هیچ ڕێرەوێک و ڕاستەڕێیەکمان نەدۆزیوە ناچار بە نێو گوڵەزەردانداا داگەڕاینە خوار وردە وردە بن لاقمان ڕۆدەچوو دە نێو زەن و زۆنگەکاندا چەقین و بە زەحمەت لێی دەرچوین، بە زەلاندا هاتینە خوار ،بە سەر بەفرەکاندا خلیسکاین پاشان بە شوێن ڕوبارێک کەوتین بەردەبازێکمان دیتەوە و بازماندا ئەو بەری ڕوبارەکە،لە دوورەوە چادرێکی بۆری هەوارچیان سرنجی ڕاکێشاین کاتێک نیزیک بوینەوە دیتمان هێندێک لە شاخەوانان کە پێش نیوەرۆ لێمان هەڵبرا بوون پاڵیان وە ئەستوندەکەوە دابو بە ئیشتیا چای خەست و ڕەشیان پێدا دەکرد ،وادیاربوو بە هیوا نەبوون لەگەڵمان یێک بگرنەوە خۆیان لە سواری ماشێنی هەوارچیان خۆش کردبوو، بە ناقایلی و سارد و سڕی ماڵاواییمان لێ کردن، بە سەر بەردەلانێکدا داگەڕاینە خوار لە پەنایەک توشی گۆمی سێیەم هاتین دەتکوت زیندانی سولەیمانە پرتکردۆ لە ئاوی ساردو ڕوون کە وەک مەرجان لە نێو تەشتێکدا دەدرەوشاوە. بیرم هەر لای گۆمەکەبوو لە ناکاو تاقمێکی دی لێمان دابران و بە سواری لەندەوێرێکی پشت ئاوەڵا تێیان قولاند.زنجیرەی خیاڵم پچرا. جۆگەلەکان لە کۆتاییدا یێکیان دەگرتەوە کە چی ئێمەلێکدابڕاین. قەرە بە قەرەی کۆرە ڕێیەکی ماشیناندا ڕۆیشتین لێرەرا بۆنی هاوینت هەلدەمژی، گیا و گژ و گوڵ وشک هەڵاتبوون وملیان بە لارەوە نابوو، دەڵێن ئێرە سێ سنورە. بەڵام سێ وەرزی تێدا دیارە(زستان و بەهار و هاوین) وجوانێکانی بێ سنورە.

سەرقاڵی ئەو باس و خواسە بوین کە بەسەر چادر و کەپر و کەوێڵی بنەماڵێکی هەوارچیدا کەوتین، لە دوورەوە لە پر،ڕەوە سەگێکی دڕ ،بە گوڕ، شاڵاویان بۆ هێنان حەپەحەپیان زراوی بردین، لالغاویان لە خۆشیان کەفی دەردابوو ،هەردوو چاویان بلێسەی دەدا ئەگەر شوانە دەنگی نەدابان هەڵیان دەپچرین،ڕاستێکەی لەترسان گیانمان لەبەردانەمابوو دڵمان بەتوندی لێی دەدا ،هەر چۆنێک بوو لێیان دوورکەوتینەوە و بزر بووین.بە باریکە ڕێ وتوولە ڕێیاندا ماندوو مردوو بەلاکە لاک درەنگانێکی لای ئێوارێ دوای نیزیک هەشت کاتژمێر ڕێپێوان خۆمان گەیاندە تاوگەی سولەدوکەڵ، حەشیمەتێکی زۆری گەشتیار لێک هاڵابوون ،دتگوت شارە مێرویە.خەڵک پۆل پۆل دەهات ودەچوون.

زایەڵەی شڵپ و هۆڕی ئاوی تاوگەی زێڕینی سولە دووکەڵ بە کەف و کوڵ و جۆش و خرۆش لە ناو گەڵیی تەنگ و تاریکدا شۆڕ دەبۆوەو لەدوورەوە دەبیسرا.ئاخر و ئۆخری گەشتەکەمان بوو جانتام لە بیرەوەری هەڵاخنیو ڕێی ماڵەوەمان گرتە بەر.زۆرم پێناخۆش بوو کە گەشتەکەمان کۆتایی هات نەمتوانی پر بە دڵی خۆم چێژ لەو هەمۆ دیمەنە ڕەنگاوڕەنگە وەرگرم.

# ئۆتیزم (Autism)



ژینە عەزیز قادر - سلێمانی

زاراوەی Autism وشەیەکە لە سەرچاوەیەکی یۆنانییەوە داتاشراوە، لەدوو بەش پێک دێ Aut بەمانای خود Self دووەمیان ism بەمانای بار State لەمەوە ئەم زاراوەیە بەمانای (باری خود) دێت، هەروەها ئۆتیزم دادەنرێت بەنەخۆشییەکی دەرونی، لەبەر بوونی ئینتیمای بۆ کۆمەڵێک لە نەخۆشییە دەرونیەکان، کە ئەمەش کاردەکاتە سەر گەشەکردنی سێ لایەنی گرینگ ئەوانیش (پەیوەندی، کارامەیی کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوە ) بیرکردنەوەی ئۆتیزمی ناودەبرێت بەبیرکردنەوەی خۆخواردنەوە چونکە بەکەمی دەچێتە باری جێبەجێکردنەوە، ئەم تێکچوونە لە تەمەنی دووساڵی یان سێ ساڵی دا دەردەکەوێت، تووشبووان جیادەکرێنەوە بەکەمی ئینتیماکردن لەگەڵ ئەوانی تر لەرووی هەستیەوە یان زارەکییەوە.

لەخوارەوە چەند پێناسەیەک بۆ ئۆتیزم دەخەینە ڕوو :

ا - ئویگن بلویلر Eugen Bleuler ۱۹۱۱ : یەکەم کەس زاراوەی ئۆتیزمی (داخران) ی ڕونکردەوە (مەبەستی لەمە داخران بوو لە ڕەوش وجیابوونەوە لێی و چوونەوە ناو ژیانی ناوخۆیی ڕەها بەشێوەیەکی گەورە)

ب - ئەحمەد عکاشە ۱۹۹۲ : ئۆتیزم (جۆرێکە لە تێکچوونی هەڵچوونی بەم خاڵانە جیادەکرێتەوە :

۱ - بوونی هەڵچوونی نائاسایی ڕوون پێش تەمەنی سێ ساڵان.

۲ - بوونی جۆرێکی جیاواز لەنواندنی نائاسایی لەم سێ بوارەدا : پەیوەندی کۆمەڵایەتی، گەیاندن، ڕەفتاری دیاریکراوی دووبارەبوو.

لەگەڵ بوونی هێمای کەسێتی دیاریکراو ئەمەش هانی بوونی کێشەی بێسنوری تر دەدات وەک ڕاکردن و تێکچوونی خەو و خواردن وهەڵچوونی نۆرەیی و شەڕەنگێز بوون بەرانبەر خودی خۆی)

ج - کۆمەڵی ئەمەریکی بۆ ئۆتیزم Autism Society America ۲۰۰۳ : جۆرێکە لە کەمئەندامی گەشەکردن، توند ودرێژخایەنە لەسێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا دەردەکەوێت، بەهۆی تێکچوونی دەماری وکاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر مێشک.

د - ئەحمەد علی کامیل ۲۰۰۵ : جۆرێکە لەجۆرەکانی کەمئەندامی کە تووشی مرۆڤ دەبێت

لەتەمەنی منداڵیدا، بەمانای دوورەپەرێزی یان بێزاربوون لەبیرکردنەوەیدا بۆ ئەوەی لە واقیع ڕابکات، لەنیشانەکانی گرینگی نەدان بەکەسانی دەوروبەری، سۆزی بەرانبەر خێزان وکەسانی دەوروبەری نییە، لەدەستدانی هەستکردن بەئازار، گرینگیدانی زیاتر بەکەلوپەلێک کەلای کەسانی تر نرخێکیان نییە، حەزدەکات زیاتر سەیری گەردوون بکات ئەمەش بەهۆی لەدەستدانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا، ڕاهێنانی لاساییکردنەوە لەدەستدەدات بەهۆی دورکەوتنی لە پەیبردنەکان(درک).



لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی کراون دەگەینە خاڵە لێکچووەکانی نێوانیان سەبارەت بە چەمکی ئۆتیزم کە بریتین لە :

١ - زۆرینەی پێناسەکان وەسفی ئۆتیزم دەکەن بەدەرکەوتنی نیشانەی ڕەفتاری لای منداڵی خاوەن ئۆتیزم وەک دوورەپەرێزبوون و پاشەکشەکردن وگەشەکردنی نادروست وسەرنەکەوتن لەپەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەوانی تر.

٢ - نیشانەکانی نەخۆشیەکە لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا دەردەکەوێت.

٣ - ڕەفتاری دیاریکراوی دووبارەبوویان هەیە، بەرپەرچی هەر هەوڵێک دەدەنەوە بۆ گۆڕانکاری.

٤ - ئۆتیزم دادەنرێت بە تێکچوونێکی توندی درێژخایەن.

هەروەها دەگەینە خاڵە جیاوازیەکانی نێوانیان سەبارەت بەم چەمکە کە بریتین لە :

ا - هۆکارەکانی تووشبوونی ئۆتیزم جیاوازە لەنێو پێناسەکاندا، هەندێکیان پێیان وایە تێکچوونی دەماری پەیوەندیداربێت بە کارلێکە کیمیاییەکانی ناو مۆخەوە، هەندێکی تریان پێیان وایە هۆکاری ژینگەیی وتایبەت بەو بارودۆخە بێت کەمنداڵ لەقۆناغەکانی یەکەمی ژیانی، هەندێکی تریان پێیان وایە هۆکاری ژینگەیی وبۆماوەیی پێکەوە لەیەک کاتدا کاریگەربووبێت.

ب - هەندێک لەپێناسەکان ئۆتیزم وەک نەخۆشی سەیردەکەن، هەندێکی تر وەک تێکچوونی دەروونی وهەندێکی تریان وەک تێکچوونی لە گەشەی گشتی دا و هەندێک وەک کەمئەندامییەکی توند سەیری دەکەن.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو پێناسە گشتییەی کە ئۆتیزم ( بریتییە لەتێکچوونی گەشە، لەئەنجامی تێکچوونی فەرمانی دەماری مێشکەوە دروستدەبێت، لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا دەردەکەوێت، جیادەکرێتەوە بەسەرنەکەوتن لەدروستکردنی پێوەندی کۆمەلایەتی و لاوازی لەتێکەلاوبوون وگەشەنەکردنی زمان بەشێوەیەکی گونجاو و دەرکەوتنی شێوازی دەگمەن لەرەفتاردا ودووبارەکردنەوەی ڕەفتارێک بەشێوەی بەردەوام.

# سەرەتاکانی زانستی فیزیا



حەمە عەلی محەممەد مەعروف ـ سلێمانی

ناوە راستی هە شتاکان لە ئامادە یی شیرینی کچان لە سلێمانی دەرسی فیزیام بە پۆلی شەشی زانستی دەوتەوە،لە پشویەکدا لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەوکاتەی ئامادەی شیرین و مامۆستاو نوسەری خۆشەویست رەئوف ئالانی دانیشتبوین کابرایە کی زلی بە عسی ناویم بیرنە ماوە پە رپرسی کاروباری خوێندکاران و گەنجان بوو(مكتب الطلبە و الشباب )بوو وەك خۆیان دەیانوت ،ئەوکاتە بەنایاسایی خۆیان دەکرد بە خوێندنگاکانا ،دوای بەخێرهاتن رووی کردە من وتی استاذحمەعلی تۆ لە فریشتە دەرست وتۆتەوە ئەوێ دراسەی عە رە بیە بۆ لەم لیستەی پێمە ناوت نیە؟! لیستەکەم لێوەگرت کۆمەڵێک مامۆستای کوردی پەروەردەی سلێمانی تیابوو بە واژووی بەڕێوەبەری گشتی ئەوکاتەی پەروەدەی سلێمانی رێزو سوپاسیان پێ بەخشرابووکە هانی خوێکارانیان داوە بچن بۆ خوێندنی عە رە بی و خزمەتی زۆری خوێندنگا عە رە بیە کانیان کردوە ،منیش پێم وت استاذمن کەسم هان نەداوە بۆ ئەو مەبەستە و ئەوە ئیشی من نیە ،من تەنهالەوێ وانەبێژم و دەرس بە منالی شارەکە دەڵێمەوە.کاک رەئوف ئالانی زۆر لای سەیربوو بەبوێریەکی زۆرەوە بەکابرای وت پرسیارێکم هەیە ؟!کابرا وتی فەرموو: مامۆستا رەووف بە بوێریەکی زۆرەوە پێی وت ئەگەر ئێوە زمان و کەلتوورمان لێ زەوت کەن و ئێمەش هێندە بێ مۆراڵبین هانی خوێندنی عە رە بی یا تورکی یا فارسی بدە ین کە زمانی نە تە وە یی خۆمان نیە و زمانی دایک نیە بۆ ئێمە،ئەی ئیتر ئێمە مۆرکی نەتەوەیمان چیبێت و بەچیا بناسرێینەوە بەگوێچکەمان یا پشتملمان یا چ شوێنێکی ترمان نەتەوەکانی تربزانن ئێمە کوردین؟!کابرا دەموو چاوی کرژوتاریک بوو بە دەنگێکی بەرزتر نەراندی وتی ئەی ئێمە لەم وڵاتە مێژووی هاوبەش و ئاینی هاوبەشمان نیە و خوێنمان تێکەڵی خوێنی یەکتر نەبووە نێرگسەکان بە خوێنی هەمووومان ئاو نەدراون ؟!مامۆستا رەئوف وتی ئەو قسانە بۆ ئەو کەسانە بکە لەو لستەدا ناویان هەیە شەر بەمن و م حمەعلی مە فرۆشە،خێرا بەکۆمێنتێک بابەتەکەم پێ بڕین لەترسی گیانی مامۆ ستا رەئوف ئالانی وتم استاز ئەتوانم کۆپیەک لەو نوسراوە وەرگرم بۆ خۆم ،وتی (بكل فخر واعتزاز) خۆ ئەگەر تەمەنی مامۆستا رەئوف گەورەتر نەبوایە لەمن ئەوەی لێقبوڵ نەدەکرا ؟!.دوای راپە رینی ١٩٩١ی کودستان هە ندێک لەو ناوانە پێگەی ئیداری و پۆستی باشیان وەرگرت و بەندەو مامۆستا رەئوف ئالانیش کە بێلایەن و بێناز ژیانی ئاسای خۆمان بەرێکرد ،ئەو تا وەفاتی کرد ڕۆحی شادبێت هەر مامۆستا بوو ،منیش بە تاقیکردنەوە بوم بەسەرپەرەشتیارو دوایش لەبەر پەرپرسیاریەتیم لە پرۆگرامەکاندا پلەی شارەزام پێ بەخشرا ،زۆر جاریش وەک کورد دەڵێت : دەبووم بە بنێشتە خۆشەی سەر دەمی

هەندێک لەوانەی کەدانی خێر بەکەسدا نانێن و هەموو شتێکیان بۆ خۆیان و حزبە کانیان دە وێ و وادەزانن هەموو شتێکی ئەم وڵاتە دەبێت بۆ خۆیان و منداڵەکانیان بێت. کەسانی جوان ئەوانەن خزمەت دەکەن و بەخشندەی دەنوێنن وە وڵات و نەتەوەی خۆیان خۆش دەوێت،وە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدان. ئێستاش لە گەڵمانبن چەند زاراوەیەکی تری فیزیای کارەبای دەخەینە بەردەستی خوێندکارانی رۆژهەڵات بۆ بەرزراگرتنی زمانی زانستی فیزیا لای ئێوەی ئازیز بەهیوام ئێوەو مامۆستایانی فیزیا سودمەند بن لێی:

تەزووی کارەباو وزەی کارەبا

Electric current and eletric energy

جوڵاندنی بارگە.

Making charges move

دەست بەسەراگرتنی جوڵەی ئەلیکترۆن

commanding electrons to move

تەزووی گۆراوو تەزووی نەگۆر

.(Allternating current (Ac) and direct current (DC

جیاوازی ئە رك. یاقۆڵتیە

Voltage or potential difference

بە رگری کارە با Resistance

بە رگری و جۆری مادە

resistance and Material

بە رگری و ئە ستوری و درێژی

resistance ,Thickness and length

بەرگری و پلەی گەرمی

Resistance and Temperature

بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا

Generating electrical energy

بەشەکانی خانە Parts of a cell

جۆرەکانی خانەی کارەبای kinds of cells

پوختە summary

پێداچونەوەی زاراوەو چەمکەکان using key term

تێگەشتنی بیرۆکە سەرەکیەکان

Understanding key ideas

بیرکردنەوەی رەخنەگرانە.

crtical thinking

ڕوونکردنەوەی شێوەی هێڵکاری

interpreting graphics

هەواڵنامەی کێت



# زاراوەی پێویست بۆ تێگەیشتنی بابەتەکانی زیندەوەرناسی/ پۆلی ١٠

کوردستان محەممەد عەزیز . سلێمانی

بەشی دووەم

١ - وزە / Energy / ئەو پێداویستییە گرینگەیە بۆ بەردەوام بوونی زیندەوەران لە ژیان دا، لەشی زیندەوەران گەورەترین بەشی وزە لە زنجیرە کیمیکە کارلێکەکانی یەک بە دوای یەکی شەکر و ماددەی دیکە دەست دەکەوێت لە هەڵوەشاندنیان بۆ ئاو و دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بە هۆی ئەو کردارانەوە وزە بەرهەم دێت.

٢ - کارلێکەکانی بەکارهێنەری وزە /Endergonic reactions / ئەو کیمیکە کارلێکانەن کە وزەی سەربەست دەمژن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی لەشی زیندەوەران.

٣ - کارلێکەکانی بەرهەمێنەری وزە / Exergonic reactions / ئەو کیمیکە کارلێکانەن کە وزەی سەربەست بەرهەم دەهێنن لە ئۆکساندن و هەڵوەشاندنی شەکر و ماددەی دیکەی لەشی زیندەوەران.

٤ - وزەی چالاککەر/Activation energy / زۆربەی کیمیکە کارلێکەکان ( دەرکردە وزە و وزە مژ ) بۆرووودانیان پێویستیان بەوە هەیە کە وزە بدرێت بە ماددە کارلێکراوەکان، لە زوربەی کیمیکە کارلێکەکاندا، بە بڕی وزەی پێویست بۆ ڕوودانی کارلێک دەوترێت وزەی چالاککەر( Activation energy ).

٥ - ئەنزیم / Enzymes / بریتیە لە کۆمەڵەیەکی گەورە لە هاندەرە ماددەکانی لەشی زیندەوەر، دەشێت هەزاران ئەنزیمی جیاواز هەبێت و هەر ئەنزیمێک کیمیکە کارلێکی دیاریکراو هان دەدات.

٦ - ئاو / Water/ یەکێکە لەگرینگترین ئاوێتەکانی لەشی زیندەوەران، بەهۆی جیاکەرەوەکانی، ناوەندێکی باشە بۆ ڕوودانی کیمیکە کارلێکەکانی لەشیان، هەروەها سیفەتی جەمسەرگیری هەیە.

٧ - جەمسەرگیری / Polarity / بریتیە لە دابەش بوونی بارگەکان بە شێوەیەکی نایەکسان لەسەر گەردەکان ،وەکو ئاو، لە هەر گەردێکی ئاودا لایەکی موجەب و لایەکی سالبی هەیە، هەر سێ گەردیلەکەی گەردی ئاو لەسەر یەک هێلی ڕاست ڕێک نەخراون بەڵکو دوو گەردیلەی هایدرۆجین کە ( بارگەکەی موجبە ) بە تاکە گەردیلەی ئۆکسجین کە (بارگەکەی سالبە ) بە شێوەی سێ گۆشە بەستراون بەیەکەوە، سروشتی جەمسەرگیری ئاو وای لێ دەکات کەلە تواندنەوەی ژمارەیەک ماددەی دیکەدا چالاک بێت.

٨ - بەندی هایدرۆجینی /Hydrogen Bonding/ بریتیە لە بەندێکی کیمیایی بێ هێز لە نێوان گەردیلەی هایدرۆجین لە گەردێکدا (کە بارگەی موجەبە ) و ناوچەیەکی دیکە ) کە بارگەی سالب ) بێت لە گەردێکی دیکە، لەبەر ئەوە بەندی هایدرۆجینی هێزی کێشکردنی هەیە کە دەبێتە هۆی پێکەوە بەسترانی گەردەکانی ئاو بەمەش دەوترێت پێکەوە نووسان.

٩ - بەیەکەوە لکان/ Adhesion / بریتیە لە هێزی یەکتر کێشکردنی گەردەکانی ئاو لەگەل گەردەکانی ماددەی دی بەمەش دەوترێت بەیەکەوە لکان.

١٠ - پێکەوە نووسان/ Cohesion / بریتیە لە یەکترکێشکردنی گەردەکانی ئاولەگەڵ یەکتر بەهۆی بوونی بەندی هایدرۆجینی.
١١ - تایبەتە مووین / /Capillarity میکانیزمێکی گرینگە بۆ سەر خستنی ئاو لە قەد و لق وپۆپی رووەکدا کە بەهۆی هەردوو کردای پێکەوە نووسان و پێکەوەلکان وا لە گەردی ئاو دەکەن بۆ سەرەوەی بۆرییە تەسکەکان بجولێ، بەو شێوەیە تا دەگاتە لوتکەی سەرەوەی رووەک.
١٢ - ئاوێتە ئەندامییەکان /Organic compounds / بریتین لەو ئاوێتانە کە گەردیلەکانی کاربۆنیان تێدایە و بەستراون بە گەردیلەی دیکەی کاربۆنەوە لە ڕێگەی بەندی هاوبەشەوە، هەروەها دەبەسترێت بە توخمی دیکەوە وەک هایدرۆجین، ئۆکسجین، نایترۆجین، لە ڕاستیدا کیمیایی کاربۆن کیمیایی ژیانە.
١٣ - بەندی کاربۆنی /Carbon bonding / بریتیە لە چواربەندی هاوبەش کە گەردیلەی کاربۆن دەبەستێت بە توخمەکانی دیکە، ئەوەی کاربۆن لە توخمەکانی دیکە جیادەکاتەوە بە گەردیلەی دیکەی کاربۆنەوە دەبەسترێت بەمەش زنجیرەی ڕاست و زنجیرەی لقدارو زنجیرەی ئەڵقەیی پێکدەهێنێت، لە ئەنجامی ویستی کاربۆن بۆ یەکگرتن لەگەڵ خۆی جۆری زۆر لە ئاوێتەی ئەندامی پەیدا دەبن.
١٤ - کۆمەڵە فەرمانییەکان / Functional groups / بریتیە لە یەکەی پێکهاتن کە جیاکەرەوەکانی ئاوێتە دروست دەکەن ،گرینگە بۆ زیندەوەران ئەویش کۆمەڵەی هایدرۆکسیلە (Hydroxyl - OH).
١٥ - گەردە گەورەکانی کاربۆن/ Large Carbon Molecules / بریتیە لە دووبارە بوونەوەی پێکەوە بەسترانی یەکەکانی پێکهاتن، دەشێت یەکەکانی پێکهاتن وەک یەک بن یان کەمێک جیاواز بن، گەردەکانی فرەیەکی پێکهاتنە گەورەکان پێیان دەڵێن گەورە گەردەکان (Macromolecules ).
١٦ - یەکەی پێکهاتن / Monomer / گەردەکان لە زۆربەی ئاوێتەی کاربۆندا لە گەردی بچووکتر و سادەتر دروست دەبن هەر یەکەیان پێ یان دەڵێن یەکەی پێکهاتن ( Monomer).
١٧ - کارلێکی چڕبوونەوە /Condensation reaction / بریتیە لە پێکەوە بەسترانی یەکەکانی پێکهاتن بۆ پێکهێانی فرەیەکەی پێکهاتن کە لە کارلێکی کیمیاوییدا ناسراوە بە کارلێکی چڕبوونەوە.
١٨ - شیبوونەوە بە ئاو / / Hydrolysis کردارێکی پێچەوانەی کارلێکی چڕبوونەوەیە، بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی هەندێک لە گەردە ئاڵۆزەکان، ئەویش بە زیادکردنی ئاو بۆ هەندێک لە گەردە ئاڵۆزەکان لەوانە فرە یەکەی پێکهاتن، کە دەبێتە تێکشکاندنی ئەو بەندانەی پێکەوەیان دەبەستێت، ئەمەش کردارێکی پێچەوانەی کارلێکی چڕبوونەوەیە.
١٩ - ئەدینۆسینی سێ فۆسفەیتی ATP /Adenosine triphosphate / گەردێکە لە هەمووخانەکانی زیندەوەراندا هەیە، لە کردارەکانی زیندەپاڵدا، وەک سەرچاوەیەکی وزە کاردەکات، ATP ( ئەدینۆسینی سێ فۆسفەیتی ) سێ کۆمەڵەی فۆسفەیتی بە بەندی هاوبەشەوە پێکەوە بەستراون، کۆتا کۆمەڵەی فۆسفەیتی، بەندی هاوبەش دەیبەستێت بە گەردەکانی دیکەوە ،کە تێکشکاندنی ئاسانە ،تێکشکاندنی بەندەکە وزە دەردەپەڕنێت، وزەی دەرپەڕیوو لە وزەی پێویست زیاترە بۆ تێکشکاندنی بەندەکە، ئەو گۆڕانکارییە لە وزە لە لایەن خانەکەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەڕێوەچوونی کیمیکە کارلێکەکان، کەوا لە لەشی زیندوو دەکات بۆ ئەوەی فەرمانەکانی تەواو بکات.
٢٠ - گەردەکانی ژیان / Molecules of life / بریتیە لە چوار کۆمەڵەی سەرەکی ئاوێتەی ئەندامییەکان کە زۆر گرینگن بۆ زیندەکردارەکان، ئەویش ( کاربۆهایدرایتیەکان، چەورییەکان، پرۆتینەکان و ناووکە ترشەکان ) ئەو ئاوێتانە پێک دێن لە کاربۆن، هایدرۆجین، ئۆکسجین، نایترۆجین و توخمی دیکە.
٢١ - کابۆهایدرایتیەکان / Carbohydrates / ئاوێتەی ئەندامیین لە کاربۆن و هایدرۆجین و ئۆکسجین پێک دێت بە ڕێژەی دوو گەردیلە هایدرۆجین و بۆ یەک گەردیلە ئۆکسجین ،بەڵام ژمارەی گەردیلەکانی کاربۆن لە کاربۆهایدرایتیەکان جیاوازە لەبەرئەوە بە شێوەی تاکە شەکرو جووتە شەکر و فرە شەکر



هەولێرنامەی دێنێ

دەردەکەون.
٢٢- تاکە شەکر / Monosaccharide / یەکەی پێکهاتنی کاربۆهایدراتیەکانە، تاکە شەکر یان شەکری سادە لە کاربۆن و هایدرۆجین و ئۆکسجین پێکدێت بە ڕێژەی ١ :٢: ١ شێوگی گشتی بریتیە لە n( CH٢O ) ناسراوترین تاکە شەکرەکان بریتیە لە گلوکۆز و فرکتۆزو گالاکتۆز، شەکری گلوکۆز سەرچاوەی سەرەکی وزەیە لە خانەدا ،شێوگی گەردی تاکە شەکرێکی شەش کاربۆن بریتیە لە (C٦H١٢O٦ ).
٢٣- جووتە شەکر / Disaccharide/ دوو تاکە شەکر لە کارلێکی چڕبوونەوەدا یەک دەگرن وەک سوکەرۆز کە جووتە شەکرە و شەکری خواردنە، پێک دێت لە فرکتۆز و گلوکۆز.
٢٤- فرە شەکر /Polysaccharide / گەردێکی ئاڵۆزە لە سێ تاکە شەکریان زیاتر پێک دێت، وەک گلایکۆجین Glycogen لە گیانەوەردا بریتیە لە نیشاستە، لە پێکەوە بەستنی سەدان گەردەکانی کلوکۆز پێکدێت، گرینگە وزە دەدات بە لەش، بەڵام لە ڕووەک دا سلیلۆز پێک دەهێنن، هێز و ڕەقی بۆ خانەکانی ڕووەک دابین دەکەن.
٢٥- پرۆتینەکان / Proteins / ئاوێتەی ئەندامیین بە شێوەیەکی سەرەکی لە کاربۆن و هایدرۆجین و ئۆکسجین ونایترۆجین پێک دێن، هەندێکیان گۆگرد و فۆسفەیتی تێدایە، وەکو گەردە زەبەلاحەکان کە لە یەکگرتنی یەکە پێکهاتووەکان پێک دێن وەک پێست و ماسولکە بەشی زۆریان لە پرۆتین پێک دێن، هەروەها زۆربەی هاندەرە ماددەکان لە ڕووەک وگیانەوەردا لە پرۆتین پێک دێت.
٢٦- ترشە ئەمینیەکان / Amino Acid / بریتیە لە یەکەی پێکهاتنی پرۆتین، هەر ترشێکی ئەمینی گەردیلەیەک کاربۆن لە چەقی دایە، کە چوار بەندی هاوبەش بە گەردیلەکانەوە بەندە بە کۆمەڵەی فرمانییەوە، شوێنی یەکەم بە تاکە گەردیلەی هایدرۆجینەوە بەندە، شوێنی دووەم دەبەسترێت بە کۆمەڵەی کاربۆکسیلەوە (Carboxyl group - CooH)، شوێنی سێیەم کۆمەڵەی ئەمینی تێدایە، هەروەها کۆمەڵەی فرمانی ( R ) بە شوێنی چوارەم دەبەسترێت، جیاوازی بنەڕەتی نێوان ترشە ئەمینیەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی فرمانی.
٢٧- جووتە پێپتیدەکان / Dipeptide/ لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو ترشی ئەمینی دروست دەبێ، لە کارلێکی چڕ بوونەوەدا دوو ترشی ئەمینی بە بەندی هاوبەشەوە بە یەکەوە دەبەسترێت کە پێی دەڵین بەندی پێپتید Peptide bond.
٢٨- فرە پێپتیدەکان / Polypeptide / کە ترشە ئەمینەکان یەک بە دوای یەکەوە دەبەسترێت زنجیرەیەکی زۆر درێژ دروست دەکەن و دەناسرێت بە فرە پێپتیدەکان، پرۆتینەکان لە یەک فرە پێپتید یان زیاتر پێکدێن ،هەندێک لە پڕۆتینەکان گەردی گەورەن و لە سەدان ترشی ئەمینی پێک دێن زۆر جار ئەو پرۆتینە درێژانە لەسەر خۆیان دەچەمێنەوە.
٢٩- ئەنزیمەکان / Enzymes / بریتین لە گەردە ئەندامییەکان کاردەکەن وەک ماددەی هاندەری بنچینەیی لە کرداره فرمانییەکانی هەر خانەیەک ،زۆربەی ئەنزیمەکان ماددەی پرۆتینین، میکانزمی کارکردنی بە شێوەی قفڵ و کلیل کاردەکات ،چونکە ئەنزیم و ماددەی کارلێکراو دوو شێوەی وایان هەیە لەگەڵ یەک دەگونجێ ،لەبەر ئەوە کارلێکە ئەنزیمییەکان دەوەستێتە سەر گونجاندن لەنێوان شێوەی گەردی ئەنزیم و ماددە کارلێکردووەکە.
٣٠- چەورییەکان / Lipids / گەردی ئەندامی ناجەمسەرگری گەورەن لە ئاودا ناتوێنەوە، ڕێژەی گەردیلەکانی کاربۆن و هایدرۆجین زۆرترە لە ڕێژەی گەردیلەکانی ئۆکسجین ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ ئەوانەی لە کاربۆهایدرایت دا هەیە ،گەردەکانی چەوری بەوە جیادەکرێنەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە بەندەکانی کاربۆن - هایدرۆجینی تێدایە، وزەیەکی زۆرتر کۆدەکەنەوە لە وزەی کۆکراوەی بەندەکانی

کاربۆن - ئۆکسجین کە لە ناو ئاوێتە ئەندامییەکانی دیکەدا بڵاون.
٣١ - ترشە چەورییەکان / Fatty Acids / زۆربەی چەورەییەکان لە زنجیرەی کاربۆن بێ پەل پێک دێ، ترشە چەورییەکان زنجیرەیەکی درێژ و ڕاستی لە کاربۆنی تێدایە لە (١٢ - - - ٢٨)، سەرەرای کۆمەڵەی کاربۆکسیل - COOH )) کە بەلایەکەوە بەستراوە، هەردوو جەمسەری گەردی ترشی چەوری سیفەتی جیاوازیان هەیە، جەمسەری کاربۆکسیلی گەردی ترشی چەوری جەمسەرگرە، بۆیە بەرەو گەردەکانی ئاو کێش دەبێت، بەهۆی کاری ئەو کێش کردنەش جەمسەری کاربۆکسیلی ترشی چەوری هۆگری ئاوە Hydrophilic، لە بەرامبەردا جەمسەری کاربۆهایدریت گەردی ترشی چەوری هۆگری نائاوە.
٣٢ - چەورییە ئاڵۆزەکان / Complex Lipids / بە پێی پێکهاتنیان بۆ سێ کۆماڵەی گرینگ بۆ لەشی زیندەوەران دابەش دەکرێت :
A - گلیسریدی سییانی / Triglyceride / لە سێ گەردی ترشی چەوری پێک دێت بە یەک گەرد لە ئەلکهولی گلیسرۆلەوە بەستراون ،گلیسریدە سیانییە تێرەکان لە ترشە چەورییە تێرەکان پێک دێن، لە پلەی گەرمی ئاساییدا بەرەو ڕەقی دەچن، کە لە خواردنی ڕۆژانە دا بەکاردێن ،بەڵام گلیسریدە سیانییە ناتێرەکان لە ترشە چەورییە ناتێرەکان پێک دێن لە پلەی گەرمی ئاسایی دەوروبەردا شلن، بەشێوەیەکی سەرەکی لە بەر و تۆوی ڕووەکدا هەیە.
B - چەورییە فۆسفۆرکراو/ Phospholipids / دوو ترشی چەوری بەستراوە بە یەک گەردی گلیسرۆلەوە ،پەردەی خانە لە دوو چین چەوری فۆسفۆرکراوپێک دێت لە پەردەی پلازمادا، نەتوانەوەی چەوری لە ئاودا وا لە پەردەی پلازما دەکات کە ببێتە بەربەستێکی جێگیرو چالاک لە نێوان خانە و دەوروبەردا.
C - مێو / Wax / جۆرێکە لە چەورییە ئاوێتەکان، گەردی مێو لە زنجیرەیەکی درێژ لە ترشی چەوری بەستراو بە زنجیرەیەکی درێژی ئەلکهولیەوە پێک دێت ،ماددە مێوییەکان زۆر دژی ئاون لە ڕووەکدا لەبەر ئەوە دەبنە بەرگێکی پارێزەر لە ڕووی دەرەوەیاندا، هەروەها لە گیانەوەراندا ماددە مێوییەکان چینی پارێزەر پێک دەهێنن بۆ نموونە ماددە مێوییەکانی گوێ ،ناهێڵن وردە زیندەوەرەکان بچنە ناو گوێچکەی ناوەڕاست.
٣٣ - ستیرۆیدەکان / Steroids / چەورییە ،گەردەکەی لە چوار ئەڵقەی کاربۆنی پێکەوە لکاو پێکدێت، سەرەرای کۆمەڵە فرمانییە کیمیاییە جۆربەجۆرەکانی پێوە بەندە ،زۆر لە گیانەوەرە هۆرمۆنەکان وەک هۆرمۆنی تێستۆستیرۆنی نێرەکی Testosterone و کۆلیسترۆل Cholesteol بەناوبانگترین ستیرۆیدەکانن.
٣٤ - ناووکە ترشەکان / Nucleic acids / گەردی ئەندامی زۆر ئاڵۆزن ،زانیاری زۆریان تێدا کۆکراوەتەوە کە بریتین لە :
A - / Deoxyribonucleic acid / DNA بریتیە لە ناووکە ترشی کەم ئۆکسجینی، زانیاریی بۆماوەیی و بنچینەیی تێدایە بۆ هەموو چالاکییەکانی خانە، لەوانە دابەش بوونی خانە.
B - / Ribonucleic acid / RNA بریتیە لە ناووکە ترشی ڕایبۆزی ،ڕادەبێت بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیارییە بنچینەییەکانی تایبەت بە دروست کردنی پرۆتین، لە سێ جۆر ناووکە ترشی ڕایبی mRNA، rRNA، tRNA پێک دێت، هەر دوو ناووکە ترشی DNA و RNA بریتین لە فرە یەکەی پێکهاتن کە پێکدێن لە پێکەوەبەستنی هەزاران لە یەکەی پێکهاتن، پێیان دەڵێن ( نیوکلیۆتایدەکان Nucleotides )
٣٥ - نیوکلیۆتایدەکان /Nucleotides / یەکەی پێکهاتنی ناووکە ترشی کەم ئۆکسجینی وناووکە ترشی ڕایبۆزییە، هەر نیکلیۆتایدەک لە سێ یەکەی سەرەکی پێک دێ کە بریتیە لە کۆمەڵەی فۆسفەیتی، شەکری پێنج کاربۆنی و تفتێکی نایترۆجینی ئەڵقەیی.



# باسێکی پوختی گۆرانی و مەقاماتی کوردی دەگەڵ مامۆستا سەتتار حوسێنزادە



بەشی ۴

## تایبەتمەندی گۆرانی و موسیقای هەورامان و هونەرمەندی خوالێخۆشبوو: حەمە قوتوو

ئامادە کردن: ڕۆژان مستەفازادە . مەهاباد

**پرسیار: گۆرانی هەورامان چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟ چ شتێ گۆرانی و موسیقای هەورامان لە ناوچەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟ و....؟**

**مامۆستا سەتتار حسێنزادە:** دەمەوێ بە تایبەت باسی ناوچەیەکی تایبەتی موسیقایی بکەم لە دیوانی موسیقای کوردیدا، ئەویش ناوچەی هەورامانە. هەورامان یان هەورامانات دیارە، مێژوەکەی دیارە و پێداچوونی مێژوویی زۆر لە سەرە. بەڵام یەک شت کە لەم ناوچەیە دیار و خۆیایە، نەوع و شێوازی موسیقاکەیەتی. سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین موسیقا بە پێی ناوچەی جوغرافیایی دەگۆڕدرێ.موسیقای ناوچەیەکی دەشتایی بە پێی کێشی دەشت و پانتایی پێدەشتەکە، کێشی مەقام دێتە پێشێ. کاتێ لە ناوچەیەکی داوێنی شاخیت حەیران دێتە پێشێ کە کێشەکەی کورتترە. هەر وەها لاوک و بالۆرە و... هی ناوچەی شاخاوی و تەنگەبەرە. ناوچەی هەورامانیش بە پێی جوغرافیاکەی خاوەنی موسیقایەکی تایبەتە.ئەم موسیقا تایبەتە لە مێژووەوە هاتووە و هەتا ئێستا بە ڕەسەنایەتی ماوەتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە ناوچەی هەورامان بە گشتی لە دەستپێڕاگەیشتنی مرۆڤی بیانی و ناهەورامی بە دوور بووە کە هۆکارەکەشی شاخاوی بوون و ئەستەمی ڕێگاکەی بووە.با ئەمەش بزانین دەتوانم بڵێم کانگا و سەرچاوەی موسیقای هەمووی کوردستان ناوچەی هەورامانە و پتر لە کوردستانیش دەتوانم بە بەڵگە سابتی بکەم و بیسەلمێنم کە موسیقای شەرقی لە هەورامانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە ڕوانگەی موسیقاییەوە ئەمە دیار و بەرچاوە. چونکێ کاتێ باسی کەسێکی وەک باربەد یان نەکیسا دەکەین ئەمانە پێدەچێ ژەنیار یان گۆرانیبێژ یا ئەو کەسانە بوون کە کاری موسیقاییان کردووە لە دەربارەکانی ساسانی.پێدەچێ لە ناوچەی هەورامان سەریان هەڵدابێ و هەستابێتن بۆیە هەورامان زێدی موسیقایە، زێدی موسیقایەکی کۆن و لەمێژینەیە.جگە لەوەش، هەورامان بە زێد و شوێنی لە دایکبوونی موسیقای زانستی و سەردەمیانە دەتوانین ناوزەدی بکەین چونکە باربەد و نەکیسا یەکەم کەس بوون کە موسیقای سەردەمیانەیان دروست کردووە واتا موسیقایان بە پێی عیلم و شێوازی زانستی فەننی خۆی لە ناو دەرباردا خولقاندووە. سیاچەمانە و هۆرە و چەپڵە و چەپی ئەمانە شێوازێکن کە ئەم موسیقاژەنانە دایان هێناوە. جا بۆیە موسیقای سەردەمیانە بە پێی ئەو تەعریف و پێناسەیەی کە بۆ موسیقا دەکرێ ڕەنگبێ لە ناوچەی هەورامان هەستابێ و ئاخیزگەکەی ئەوێ بێ.

هەورامان موسیقاکەی هەڵکەوتووە لە شێوازی جوغرافیاکەی.یانی جوغرافیای هەورامان و سروشتی هەورامان چۆنە موسێقاکەشی یەکسەر بەو شێوازەیە. بە تایبەت کە ئێمە گوێ لە نەبەڕڕاتی گۆرانیبێژانیان دەگرین تەماشا دەکەین نەبەڕڕاتەکەیان تێکەڵە لەگەڵ دەنگی ئەو ئاژەڵ و مەلەکێویانە کە لەوێ هەیە. کە گوێ دەدەیە دەنگی

قوڕگی گۆرانیبێژانی هەورامان یەکسەر قاسپەی کەو و دەنگی مەلی کێوی لەو قوڕگەدا دیارە.بۆیە موسیقاکەیان تایبەتی سروشتی خۆی هەڵکەوتووە و هەتا ئێستاش ئەو شێوازە نەبەڕاتە تەنیا لە دەنگی گۆرانیبێژانی هەوراماندا هەیە.

تایبەتمەندی موسیقای لە مێژینە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین هێندێ دراسەی لێوەرگرین وەکوو تایبەتمەندی دەنگەکان، شێوازی ئەمەی کە وا چ تۆنە دەنگێ بە کارهاتووە و شێوازی ئەوەی کە وا چ شێوازە ڕیتمێک یا تیمپۆیەک بەکار هاتووە. ناوچەی هەورامان یەکێ لەو ناوچانەیە کە گۆرانیبێژ و دەنگخۆش و ئەو کەسانەی کەوا سیاوچەمانە و چەپی و هۆرە و... یان کوتووە دیار و بەرچاون. من دەمهەوێ ئاماژە بکەم بە گۆرانیبێژێکی زۆر زۆر باش، گۆرانیبێژێ کە بەڕاستی توانی لە کاتی خۆیدا جەماوەرێکی زۆر بۆخۆی پەیدا بکات و شتی تازە، بەم شێوازە کە لە موسیقای هەوراماندا بووبێت و شتی تازەش لە قوڕگیدا بخولقێنێ. واتا لە شێوازە هەورامییەکە تازەگەری بکات ئەویش هونەرمەندێ بوو بە ناوی حەمەقوتوو کە باسێکی چڕوپڕی لەسەر دەکەین:

محەممەد عەبدول ناسراوە بە حەمەقوتوو، لە ساڵی ١٩٣٩ی زایینیدا لە شاری هەڵەبجە لە دایک بووە وبۆیە وایان پێ دەکوت چونکە لە شێوازی جلوبەرگ پۆشیندا جوان و قۆز و دەقدار و خاوێن بووە و دەتکوت لە دەق دراوە. خەڵک یەکسەر پێیان کوتووە حەمەقوتوو، یانی لە قوتوو دراوە.



هەواڵنامەی کتێب

محەممەد عەبدول یان حەمەقوتووەکەی خۆمان کە هاتە ناو جەرگەی موسیقای کوردییەوە شێوازی هەورامیەکەی هێنا و تێکەڵی موسیقای فەننی کرد.حەمەقوتوو یەکەم کەس بوو کە لە موسیقای هەوراماندا ئەمەی داهێنا. پێش ئەو گۆرانیبێژانی هەورامان تەنیا بەواسیتەی چەپڵەلێدان و ئەو شێوازە کۆنەی کە لە هەورامان بوو، بە دوور لە موسیقا گۆرانیان کوتووە. بەڵام یەکەم کەس کە موسیقای هەورامی هێنا و لەگەڵ ئامێر و ساز و ڕیتم ئاشنا کرد حەمەقوتوو بوو. حەمەقوتوو کاتێ لەگەڵ تیپی موسیقای سلێمانی کاری کرد و کاریان بۆ کرد لە ڕاستیدا سرنجی خەڵکی بۆ لای موسیقای هەورامان ڕاکێشا و سەلماندی کە موسیقای هەورامان ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە لەگەڵ موسیقای فەننی و سەردەمیان بگونجێ. دەیان گۆرانی لەگەڵ تیپی موسیقای سلێمانی تۆمار کردووە کە هەر یەک لەو گۆرانیانە شیاوی ئەوەیە کە دراسە لەسەر ڕیتم و شێواز و شێعر و دەنگ و ئەدا و ئوسلووب و بەکاربردنی قوڕگدا لەسەر بکرێ.ئەم کارەی حەمەقوتوو زۆر زۆر گەورە و گرینگ بووە.ئەمجار کاتێ لە دانیشتەنەکاندا لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەدا کە پێکەوە گۆرانیان کوتووە تەماشا دەکەی کە حەمەقوو بەسەر گۆرانیبێژەکەی دیکەدا شکاوەتەوە و سەروگەردنێ لەو لەسەرترە.کاتێ لەگەڵ مامۆستا عەینەدین گۆرانی دەڵێ هەر چەند عەینەدین مامۆستایەکی شارەزا و لێهاتووە بەڵام حەمەقووتوو مامۆستاتر دەردەکەوێ. ئەویش هۆکارەکەی ئەو شێوە پەروەردە و فێربوونەیە کە حەمەقوتوو لە سرووشتەوە وەری گرتووە. موسیقا بۆخوی شتێکی سرووشتییە و ئەم شتە سرووشتییە هۆکاری ئەوەیە کە حەمەقوتوو زیاتر لەسەر دڵ بنیشێ.پتر ئەدا و ئوسلووبەکانی و شێوازی بەکارهێنانەکانی لە گوێدا خۆشتر بێ.

حەمەقوتـوو بێجگـە لـە تیپـی موسـیقای سـلێمانی لەگـەڵ تیپـەکای تـر و لەگـەڵ ئیزگـەی ڕادیـۆ بەغـدا هـاوکاری کردووە و شـتی جوانـی تۆمـار کـردووە. و سـەرەنجام لـە سـاڵی ١٩٩١ی زایینـی بـە هـۆی جەڵتـەوە بـە داخـەوە گیانـی لـە دەسـت داوە و لـە ناوماندا نەمـاوە. بـە کورتـی تایبەتمەندییەکانـی گۆرانـی حەمەقوتـوو ئەمانـەن:

١ - یەکـەم کـەس بـووە کـە موسـیقای ناوچـەی هەورامانـی هێناوەتـە جەرگـەی موسـیقای فەننـی و لەگـەڵ ڕیتـم و تیمپـۆ و ئامێـر ئاشـنای کـردووە و کوتوویەتـی.

٢ - تازەگـەری کـردووە. زۆر لـەو مێلوودیانـەی ناوچـەی هەورامـان کـە ڕەنگـە یـەک تـۆن نەبووبێتن،ئەو بـە یـەک تـۆن خوێندوویەتـی و ئادایەکـی تـازەی لەسـەر کردوونەتـەوە بـێ ئـەوەی دەسکاری فولکەکـەی بـکات.

٣ - شـێعرەکان: هاتـووە هـەم لـە شـێعری هەورامـی و هەمیـش لـە شـێعری فولکلـۆری ناوچەکانـی دیکـە کەڵکـی وەرگرتـووە و تێکەڵـی کـردوون. ئەمـە شـتێکی زۆر جوانـە لـە گۆرانییەکانیدا. بۆیـە دەتوانم بڵێم حەمەقوتـوو گۆرانیبێژێکی سـەرکەوتووی ناوچـەی هەورامانـە کـە بەداخـەوە ئیهتمامـی پـێ نەدراوە،دراسـەی لەسـەر نەکراوە، کاری فەننـی لەسـەر نەکـراوە و... بۆیـە داوا دەکـەم لـەو کەسانەی کاری موسـیقا دەکـەن و ئـەم وتوویـژە دەخوێنـەوە، دراسـە لەسـەر ئـەم دەنگـە خۆشـە و ئـەم گۆرانیانـەی مامۆسـتا حەمەقوتـوو بکـەن.!

لـە موسـیقای ناوچـەی هەورامانـدا گۆرانیبێـژی دیکـەش هەیـە وەکـوو مامۆسـتایان عوسـمان هەورامـی، عوسـمان کیمنەیـی، سـەباح هەورامـی و... کـە ئەمانیـش کاری تایبەتیـان کـردووە خاسـما عوسـمان هەورامـی دیـار و بەرچـاوە. ئـەم هونەرمەندانـە، فولکلـۆری ناوچەکەیـان وەکـوو خـۆی پاراسـتووە بـەڵام حەمەقوتـوو هاتـووە نوێگـەری کـردووە. واتـا هاتـووە موسـیقای هەورامانـی تێکەڵـی موسـیقای زانسـتی و تیکنیکـی کردووە.لەگـەڵ تیپێکـی گـەورە وەکـوو تیپـی موسـیقای سـلێمانی و لەگـەڵ کەسایەتییەکی مەزنـی موسـیقا وەک مامۆسـتا ئەنـوەر قەرەداغـی دانیشـتووە و بەرهەمـی تۆمـار کـردووەو.

موسـیقای هەورامـان مێژووەکـەی بـۆ سـێ هـەزار سـاڵ دەگەڕێتـەوە و زۆریـش جـوان و ناوازەیە.هەورامـان دەڤەرێکـی پڕ ڕەمـز و ڕاز و نهێنییە.مەڵبەندێکـی پـڕ لـە خۆشەویسـتی و ئەویـن و عیرفـان و خواناسـی و...یـە کـە هەریەک لەوانە شـێوازە موسـیقایەک لەخۆیـان دەگـرن. ڕەنگـە ئێمـە نەمانتوانیبـێ لەسـەر موسـیقای عیرفانـی یـان حەماسـی و... ناوچـەی هەورامـان کار بکەیـن. هیـوادارم لـەوە بـەدوا ئـەو کەسـانەی کاری موسـیقا دەکـەن لەسـەر ئـەو موسـیقایەش کار بکـەن و دراسـەی بکـەن و بـە خەڵکـی دەرەوەشـی بناسـێنن.گرینگ نییـە ئێمـە موسـیقای خۆمـان بـە خۆمـان بناسـێنین. ئێمـە خۆمـان موسـیقای خۆمانمـان ناسـیوە هـەر چەنـد پێویسـتە موسـیقای خۆمـان بـە گوێـی منداڵەکانمـان و بـەرەی نـوێ بچرپێنیـن هەتـا لـە یادیـان نەچـێ بـەڵام گرینـگ ئەوەیـە موسـیقای کـوردی بـە هەمـوو ناوچەکانییـەوە و بـە هەمـوو لـق و پۆپەکانییـەو بـە خەڵکـی ناکـورد و غەیـرە کـوردی بناسـێنین. ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوە ئـەو کەسـانەی کاری موسـیقا دەکـەن بێـن لەسـەر موسـیقای کـوردی کار بکـەن و شـتی تـازەی لـێ دەربێنـن کـە بـە قازانـج و سـوودی ئێمـە تـەواو دەبـێ. بـۆ نموونـە کاتـی خـۆی کـە ئوسـکارمان هاتۆتـە وڵاتـی کوردسـتان، تاریفـی موسـیقای کـوردی کـردووە و گەلـێ شـتی لـە گۆرانـی کـوردی کـۆوە کـردووە. ئێسـتا ئـەو شـتانەی ئوسـکارمان کـۆی کردوونـەوە، ئێمـە کەڵکـی تایبەتـی لـێ وەر دەگریـن. لـەو هەویـرە ئێمـە ئێسـتا نانـی لـێ دەردێنین.مـن هەمیشـە کاتـێ باسـی مامۆسـتا حەسـەن زیـرەک و گۆرانیبێژانـی دیکـە دەکـەم دەڵێـم ئەمانـەی خۆمـان تـا ڕادەیـەک لەنـاو کـورددا نـاسراون و کارمـان لەسـەر کـردوون ئیـدی لەمـەودوا دروشـمی ئێمـە ئـەوە بێـت کـە ئـەم گۆرانیبێژانەمـان و ئـەم شـێوازە موسـیقایەمان جـا چ موسـیقای هەورامـان بـێ یـان ئەردەڵانـی یـان موکریانـی یـان بادینـی و...، ئـەم تێمانـە و ئـەم موسـیقایانە و.... بەخەڵکـی ناکوردیشـی بناسـێنین تـا بتوانیـن کەڵکـی زیاتـر لـەو لێکۆڵینەوانـە وەرگریـن کـە ئـەوان لەسـەر موسـیقای ئێمـە دەیکـەن و سـوودە تایبەتییەکەشـی بـۆ ئێمـە دەبـێ و موسـیقاکەشمان دنیـا دەیناسـێ. هیـوادارم ڕووناکبیرانمـان، ژەنیارانمـان، هونەرمەندانمـان و...و ئـەو کەسـانەی لـە هـەر بوارێکـی موسـیقادا کار دەکـەن بایـەخ بـە فێربوونـی و لێکۆڵینـەوەی موسـیقای کـوردی بـدەن و لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە بیانانـی بناسـێنن. سـپاس بـۆ گۆڤـاری بەیانیـش.

# سلێمانیی جاران (نەریتەجوانەکانی شار )



ڕزگار خدر مستەفا . سلێمانی

دابونەریتی هەر شارو ناوچەیەک لە دابونەریتی ناوچەیەکی دی جیاوازە و هەندێک شارو ناوچە تایبەتمەندی خۆی لە نەریت وپەیوەندی کۆمەڵایەتی (جوان یا ناشیرین) هەیە کە پێیدەناسرێتەوە، ئەوەی لای هەمووان ڕوون وئاشکرایە شاری سلێمانی مێژوویەکی دێرینی نییە ودەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٨٤ لەسەردەستی ئیبراهیم پاشای بابان، سەرەتای بنیاتنانی شاری لەگەڵ ناوچەو تیرەی جیاجیاوە ئەوەی حەزی بەژیانی شارنشینی دەکرد، هەمەچەشن و هەمەتیرە ڕوویان لەم شارە کرد و هەتا ئەم سەردەمەش ئەو هەمە ناوچە وتیرەیەی پێوە دیارە و هەریەکە بەناوچەکەی خۆی دەناسرێتەوە، ئەوە سنەییە و فلانی کۆییە و فیساری پشدەری و هەڵەبجەییە، بانەیی و کرماشانییە، هەولێرییە و... بەڵام بوونەتە هاوشاری یەکترو کەلتوورێکی جوانیان و تایبەتیان پێکهێناوە و هەمووان خۆیان بەهاوڵاتی سلێمانی دەزانن، لێرەدا هەندێ لە نەریتەجوانەکانی جارانی شاری سلێمانی یاداشت دەکەین کە هەندێکیان کەم بوونەتەوە یا نەماون وهەندێکیشیان بەردەوامن، یەک لەونەریتە گرینگی دان بووە بە پاک وخاوێنی و خۆڕازاندنەوە وحەمامکردن، کلۆدیوس جیمس ڕیچ لە گەشتەکەیدا بۆ سلیمانی لە ساڵی ١٨٢٠ دوای ٣٦ساڵ تێپەڕین بەسەر دامەزراندنی سلێمانی دا، کە لەو مێژووە دا پێنج حەمامی تیادابوو بەم شێوەیە باسی لە حەمامەکان کردووە (حەمامەکانی سلێمانی لە هەموو حەمامەکانی وڵاتانی عوسمانی چاکتربوو کە هەتا ئێستا دیومن جگە لە حەمامەکانی شام و ئەستەمبوڵ و قاهیرە کە لەهەندێ ڕووەوە لەوانیش باشتربوون ) هەر لەم ڕووەوە بەشێکی دانیشتووانی شار خەریکی پیشەی سابوون دروستکردن بوون، وەک لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە لەساڵی ١٩٥٩ هەفتەی پاک وتەمیزی ڕاگەیەنراوە بۆ پاکردنەوەی شوێنە گشتییەکانی شار هاوڵاتیان بەپیر بانگەوازەکەوە چوون و لیژنەی پزیشکی دانراوە بۆ پشکنین و چاودێریکردنی شوێنەکان، نەریتێکی تری جوانی شار (کاسەی دراوسێ ) بوو کە ئێواران هەرماڵە قاپێک لەو بەشەخۆراکەی خۆیان دەنارد بۆ دراوسێکەیان وئەوانیش گەرچێشتێکی خۆشیان هەبایە قاپەکەیان بە بەتاڵی نەدەناردەوە و بەتایبەت ئەو خانووە حەوشە گەورانەی کە چەند ماڵێکی لەخۆ دەگرت هەریەک لە هۆدەو هەیوانێک، یا ئەو گەڕەکانەی تێکەڵاویان زۆربوو، ئێواران سفرە و خوان چەند خۆراکێکی هەمەچەشنی لە خۆ دەگرت و هیچ ماڵێک بە بێ دراوسێکەی نانی نەدەخوارد وگەر میوەشیان لە لادێوە بۆ بهاتبایە حەتمەن بەشی

دراوسیان جیادەکردەوە، ئەوە لە مانگی ڕەمەزان و بۆنە ئاینیەکاندا هەرباس ناکرێ، لەمانگی ڕەمەزاندا ئێواران پێش بەربانگ شار دەخرۆشا و بە خواردنی جۆراوجۆر سفرە دەڕازایەوە و هەژاری بەهیچ ماڵێکەوە دیار نەبوو و لەجەژنی نەورۆزیشدا هەمووان بەجلوبەرگی ئاڵوواڵای کوردییەوە ڕوویان لەسەیرانگاکان دەکرد بەتایبەت لەسەردەمی پیرەمێردی شاعیردا پیرەمێرد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە کۆکردنەوەی هەمووان وەک خێزانێک لە گردەکەی یارە و دەستەدەکرا بە یاپراخ و چایی لێنان و هەڵپەرکێ تا ئێوارەیەکی درەنگ دەمانەوە و نەریتێکی تری شار بەخشینەوەی نان ساجی و یاپراخ و کولێرە و کەلانە و پاقلاوە بۆ خێری مردووان بەتایبەت لە شەوی هەینی و بەرات و ئێوارانی مانگی ڕەمەزان، لەشەوی بەرات دا کەجەژنێکی ئاینیە مۆمیان دادەگیرساند وبخوردیان دەسوتان وهەر منداڵە کیسەیەک بەدەستەوە دەرگاودەرگا و کۆڵان بە کۆڵان دەگەران و بەزمانێکی شیرین ودەمبەخەندە وخۆشی دەیانگووت ( شەوی بەراتێ خوا دوو کوڕو کچێکتان باتێ) نوقڵ و مێوژ و پارە و شیرینیان پێدەدان، مزگەوتی گەورەی سلێمانی کە یەکێکە لەدێرینترین مزگەوتەکانی شار و دەکەوێتە ناوەندی شار وەک نەریتێک لەسەردەمێکی زووەوە ڕۆژانە لەناو مزگەوت برنج وشلەو مریشک لێدەنرێت سەدان وهەزاران کەس لەناوشار و دەرەوەی شارلەمیوان و هەژار و نەدار و کاسبکار ڕووی تێدەکەن بەتایبەت لەمانگی ڕەمەزان و ڕۆژانی هەینی وجەژن وبۆنەئاینیەکان کەلەلایەن خەڵکی خێرخوازەوە دابیندەکرێ و لەلایەن بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفید سەرپەرشتی دەکرێ تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە.

نەریتێکی تری شار وەک مامۆستا علائەدین سەجادی لە کتێبی گەشتێک لە کوردستاندا دەیگێڕێتەوە (مەردومی ئەم شارە بەزەوق ونوکتەبازن خەم وخەفەت هەڵناگرن بێگانەپەروەرن، غەریبێک ڕوو بکاتە ئەوێ خۆی بەغەریب نازانێ، قسەی نەستەقی مناڵ وگەورەی سولەیمانی بەناوبانگە ) ئەمە سەرەڕایی ئەوەی کە حەزیان بە سەیران و چوونە دەشت و سەیرانگاکانە کە جاران هەر هەواخۆشی دەکرد کاسبکاران و پیشەوەران هەکەس لەگەڵ هاوپیشەی خۆی یان دراوسێ دوکان و ماڵ بەکۆمەڵ سەیرانیان سازدەکرد. نەریتێکی تر گیانی هاوکاری کۆمەککردن بووە بە لێ قەوماوان بۆ نموونە ساڵی ١٩٤٦ کاتێ بومەلەرزەیەکی وێرانکەر زەرەروزیانی زۆری بەخەڵکی پێنجوێن گەیاند هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوون راگەیەنرا و ئەم نەریتە پڕ بەها مرۆڤایەتییە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوامە، دەیان کەسایەتی خاوەن سەرمایەی دەستکراوە لەم شارەدا هەڵکەوتوون کە دەستیان واڵا بووە بە دروستکردنی مزگەوت و نەخۆشخانە و قوتابخانە و شوێنی خزمەتگووزاری و یارمەتی کەسانی هەژاروکەمدەرامەتیان کردووە و پشتیوانی دارایی قوتابیانیان کردووە بۆ تەواوکردنی خوێندن هەر لە (کەریمی عەلەکەوە تا کەسانی وەک علی بۆسکانی ڕەحمەتی ).

کۆمەڵە نەریتێکی دیکە کە بۆ منداڵان دەکران گێرانی ئاهەنگی شەوارەو خەتەنەسوران وگوێزەبانە و کاتی ناونان بوو ،(شەوارە) لە کاتی لەدایکبوونی منداڵ ئاهەنگیان دەگێرا و شەو هەتابەیانی دەمانەوە و شەوچەرە دەخورا و زۆرجار چەند شەوێک بەردەوام دەبوو، (گوێزەبانە) هەرماڵێک کوڕی ببوایە تورەکەی بچوکیان پڕ لە گوێزو مێوژ و دەنکەکولەکە و نۆک و نوقڵیان تێکەڵ دەکرد و دەیانبەخشییەوە و(خەتەنەسوران )یش کاتی خەتەنەکردنی منداڵ (سوونەتکردن) بەهەمان شێوە ئاهەنگێڕان دەکراو و نان و چێشت ئامادەدەکرا، بەداخەوە ئەم سەردەمە بەهۆی هاتنی بەلێشاوی ئاوارەی سوری و عەرەبی باشوری عێراق و یەزیدی ودەیان ڕەگەزو نەتەوەی جیاجیا، دیمۆگرافیای شار بەتەواوەتی گۆڕاوە وکەلتووری شار تا ڕادەیەکی زۆرگۆڕانی بەسەردا هاتووە و شێواوە و لەهەندێ گەڕەک دراوسێ دراوسێکەی ناناسێ و هەمووان ڕۆژانە ڕاکەڕاکیانە بەدوای ژیانی تایبەتی خۆیان و نەماوە خۆشیەکەی جارانی.

# شێعر



چۆن نەکەم زاری ،دڵ چۆن نەبێت مات
ڕەسم و یاسای گۆڕاوە وڵات

بەرلە خۆرکەوتن کات بانگ و سەڵات
ئابەم جۆرە بوو کاروبار دێهات

ژنان ئاوایی قوڵوانە لەقۆڵ
بۆ کار و فەرمان جا زۆر گورج و گۆڵ

چەتفە لە نێو شان مێزەرە لە سەر
شاڵ گرێچن کەواو سەڵتە لەبەر

قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵ ئەماڵی
یەک هەویرشێل بوو دوو لەبەر قاڵی

میمکە ئامینە هەویری ئەشێلا
لێ درووس ئەکرد نان گەڵاگەڵا

کولێرە برساق لەگەڵ شلکێنە
بە دەست و پەنجەی میمکە ئامێنە

لە نووک قامەکی گەوهەر ئەباری
حەزدار حەزی ئەکرد لەبۆ ئاکاری

با بچینە سەروەخت خاڵۆژن خوەرشی
بەلۆرەکردن مانگای ئەدۆشی

کاتێ دەسی ئەبرد بۆ چڵ و گوانی
ئارام لەسەرخۆ ئەیگوت گۆرانی

مانگا زەردوو گیان قەزات لەماڵم
تۆ نەبی وشکە دمووڵێو مناڵم

هەردوو چاوەکم قوەتی باڵم
تۆ شیرت نەبێ منیش بێحاڵم

ئابەو وتارە مانگای ئەڵاوان
مانگایش شیری ئەدا بە پیرو جوان

قەبرت پڕنوور بێ خاڵۆژن خوەرشی
هەربەخۆت ئەکەوت مانگات ئەدۆشی

هاتەوە بیرم قوێخاژن خەجێ
هەرتا بمێنم لەبیرمەو ناچێ

خۆر ئەهاتە دەر هەڵی ئەکێشا کەوش
نزیک هەشتاسەر مەڕی ئەکردە حەوش

مەڕی ئەکردە حەوش شیری ئەنا و ماس
ئارام لەسەر خۆ بێ قسەو بێ باس

شیری ئەنا و ماس لەناو قازانگ مس
ئەیکردە مەشکە و مەشکەی گاوس

مەشکەی ئەژەند و ماسی ئەکردە دۆ

هەواڵنامەی کتێب

بێـــجـــگە لە دۆ کـــەرەی ئەکـــرد کۆ

دۆی تازە مـــەشکـــە کـــەرەی زەرد و وام
زینەت سەرسفرە بۆ نـــــەهار و شـــــام

نە تەنوور ماوە نە مەشـــکەو مـــــەڵان
بۆ لیـــــوانێ دۆ ئاوارە و وەیـــــلان

ئائەو ژنـــــانە کە کردیـــــان وەفـــــات
خێر و بـــــەرەکەت نـــــەما لە دێهـــــات

میمکە ئیسافیش ڕەحمەت لە قـــــەوری
بۆ نان ساجی و کولێـــرەی چـــــەوری

دۆخوای لـــــێ ئەنا بە گڕی تـــــەنووڕ
بۆی دۆخوا ئەیگرت گەڕەک خوار و ژوور

بە دۆی شەومەنە گیـــلاخـــەو پـــسڵ
ئاواتخـــوازی بوو نەک دڵێ ســـــەد دڵ

خۆ وەک ئیسە نەو لەشار بـــــکڕن ماس
ئەویش چە ماســـــە تورش وێنەی ڕێواس

بەڵێ لە شـــــارا نانیش ئەســـــێـــــنن
تا پەنجی ساق بێت پانزەی ئەشکـــــێنن

خۆزگە زەمـــــانە ئـــــەهاتـــــە دوواوە
مەشکەم ئەبینی بەســـەر ســـــێ پاوە

بە دەست و پەنجەی فاتـــمەو خـــەرامان
بیانژەنـــــدایێ وەک ساڵی ســـــاڵان

جەماڵ گوڵباخی - ئاوایی گیزمل/ دیواندەرە

## نەورۆزی کورد



نەورۆز هەستان دەخاتە گڕ
وەجۆش دێنێ کومەڵگای سڕ
هومێد دەکا پێشکەش بە گەل
گەشە خۆرێک دەنێـتە کەل
دەهەژێنێ خـــاو و سستان
ترسان دەخـــاتە بـــەر زستان
هێما دەبێ بۆ یەک دەنـــگی
دەخوشێتە نێو ئـــاڵا ڕەنگی
دڵان دەکا لە هیـــوا پـــڕ
دەکـــا پینـــە دەواری شڕ
تەیـــران دێنێتەوە کوێستـــان
هەوران دەبنە مەکۆی شەستان
دەچنە لووتکـــە خاسـەکەوان
دەبنـــە قـــەڵا زەنگە شەوان
گـــەرم دەبێ ڕەشبەڵـــەکان
پووچەڵ دەبن گشت کەڵەکان
سروودێکە بەستـــەی ئـــاگر
زات و جـــووڵەش وڵات داگر

نـــەورۆز ئەگەر ئـــاوا نەبێ
تووڕی هـــەڵدەن دەبـــا نەبێ
منـدالّ دەخــاتە هەلهەلــــە
ئـــەستێرەکانی ئـەم گەلە
نەژین لە گەڵ شەو و کەسەر
دەبێ لە کەل خۆر بێننـە دەر
دەبێ فێــرەبن جـــاروبـاران
لە گەڵ سەمای دۆست و یاران
دەسرۆکەی گـــڕ بگرنە دەست
بۆ ســەرچۆپی ڕۆژی مەبەست
تێــکەڵ بکرێن تیـن و گوڕان
لێک جوێ نەکرێن کچ و کوڕان
گوڵان بکەن شەرعی جـــوانی
لە گەڵ شنــــەی بەر بەیانی
خونچێک لە نێو گوڵان شاز بێ
خوداوەندی سێحر و ڕاز بـــێ
گوڵێک ســەرتۆپی سەربەستی
جوانتر لــە هەر گوڵی هەستی
نـــاوی بێنن گشت بە شادی
سوورە خونچــەکەی ئـــازادی
نـــەورۆز ئەگەر ئـــاوا نەبێ
تووڕی هەڵـــدەن دەبـــا نەبێ

شەماڵ ئیسماعیل پوور



یکیان بۆ ڕاخستم
قەڵەمێکی دەستەمۆیان دایە دەستم
وتیان بنووسە شەوەزەنگ
لەم وڵاتە سرووشتیە،
بۆنی گوڵ و تیشک و هەتاو و دەمار ئەگرێ
ئەوەی بەرەو ئاسمان ئەفڕێ ئەشقیایە
عومری باڵندەی بەرزەفڕ،
کورتە بە قەد تەمەنی گوڵ،
هەر زوو ئەمرێ
وتیان بنووسە ئاسمان،
قەڵەمڕەوی یاسای داڵە
ئەوین چیای یاخی بوونە
بۆنی گوڵ و بێنی ڕۆژ و پەڕووچکەی ئاسمانی
بەرز
خەونە، خولیایە، خەیاڵە
وتیان بنووسە یاسای داڵ،
یاسای خوایە
چی باڵندە و پەلەوەرن بێ سام و سڵ
هەتا بنمیچی ئەو ڕکەی تێیدا دەژین
دەتوانن دەنگیان هەڵبڕن
ناو بە ناویش بە سرتە سرت،
قام و حەیران بۆ داڵ بچڕن
ئەتوانن لە شەقەی باڵ دەن
تا بەر دەرکی قەفەز بفڕن
لقی شکاوی گوڵێکم کردە قەڵەم،
بە خوێناوی بولبولێکی کوژراو نووسیم؛
نووسیم؛ ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە
نووسیم،
ئەوین یاسای بێ خەوشی دڵدارە
گوڵ و ئاسمان و ئازادی،
قانوونی خوای ئەویندارە...

ماموستا جەلال مەلەکشا



١
چوارپەلی ژین
لە ناو لەپی دەستەکانما
بەرەو بەیاخی ژیانەوە...
من و دایکم
لە سەر سفرەی دوو باوکی جیاواز گەورە بووین
ئێستا یەک سفرە رائەخەین
لەتەک دایکما شێوەمان هیچ لە یەک ناچێ
دایکم ماسی دەرهەم ئەژیا و
من لە چاویا
کەنیشک بووم و تەنیا وەرهەم
چۆن شێوەمان لە یەک بچێ!؟
من شێتی و
من  شیلەی حەز
لە وەرزی کەنیشکیما چرۆ ئەکا
دایکم شوورەیی لێ ئەچۆڕێ و
من
کۆترە سەربەکڵاوەکانم
تامەزرۆی فڕینن
دایکم
لە ناو لاگوێلێ حەسرەتا
قاپی بوغز ئەشواتەوە...
ئێوە بێژن
کەی شێوەمان لە یەک ئەچێ!؟

٢
لە ئێوارەی کەنیشکیم
پرتەقاڵەکان
خوێن حنجی ئەکەنە
پاییزی نارنجی
سێو بێ نازی سەمای پەنجەت
خۆی ئەشارێتەوە
بۆ بەهاری بەی گوشین
ئەبوغزێنمە پیاڵەوەکانتا
بەرزاییەکانی لەشم
ئەزریکێنن
هیچ حبە هێمن کەرێک
تامم ناکات
هیلاکی ژنیەتیم
لە شنەی سەرشانت ئۆقرەی پێ نییە
لە باڵای پیاوەتیتا
چەکەرەم هاوردووە
ئازار
هاوار ئەکەمە
حەڵقی پێنووسما
مشتێ سام باڵاتم بەرێ
بۆ هەرەشەی شەقامە خوێڕییەکان
چەقۆیەکم پێ بدە
بیبرم بەرز و نزمییەکان
با ختووکەی هەور نەدەن
دەرزیەک
دەمم بدرووم
نەک بەکەس بڵێ
خۆشم دەوێ

شیوا میرەکی -  قوروە



## جەژنی نەورۆز

محەممەد بێهڕەوان - بۆکان

وا بە سەوزە خۆ دەنوێنێ شاخ و دەشت و کێوو دۆڵ
وا بە جوانی دەچنە کێوی کیژی جوان و نەرم و نۆڵ

ڕۆی چلەی زستانی سەرما کاتی سەیران هاتەوە
شوان بە شمشاڵ کەوتە کێوی ڕانی دەرکردوە لە هۆڵ

هات بەهاری پڕ لە هیوا جەننەتە لاپاڵ و خڕ
جەژنی خۆشی دەستی پێکرد کەوتە جووڵە شان و کۆڵ

دار چرۆی دەرکردو خەملی ڕوو بە ڕۆژ دەشنێتەوە
بای شەماڵ هات تێکپێچا ڕۆی نەماوە خاک و خۆڵ

لێوی غونچەم بۆ کراوە وا بە سۆزی بای بەیان
کەوتە خوێندن بولبولی گوڵ تێپەڕی کرد دەشتی چۆڵ

ئارەزووی دڵ هاتە گۆڕێ لێکدرا گۆوەند و کۆڕ
شادومانی هاتە نێو گەڵ وا جمەی دێ دۆڵ و بۆڵ

کیژی کوردیی نەونەمامم گوێ بە گوار و گوڵ بە سەر
بۆتە شاخەی بەرقی فازو ئەو دڵم بۆی بۆتە نۆڵ

مل بە کوێن بوو دوژمنی سڕ ڕۆی نەما لەو بەندەنە
چاوی کوێر بوو کەوتە عەرزی بوو بە کوێری دەستە کۆڵ

چەندە خۆشە جەژنی نەورۆز جەژنی سەر بەرزی مەیە
ڕۆژی ئازادی وڵاتە دەس لە دەستە و قۆڵ لە قۆڵ



## گوڵی سوور

گوڵی سوور و گەش و بۆنخۆش و جوانم !
گوڵی سووری وڵاتی کوردەواری !
دەزانی بۆ جوان ودڵنشینی ؟
لە نێو مێرگی وڵاتمدا دیاری ؟
وەبیرت نایە زۆر پێش هاتنی تۆ
لە جێی تۆ لاوێکی کوردی شەهید بوو
ئە لەم جێگایە وا هاتوومە دنیا
گوڵێک پێش تۆ خەزانی دی و لە دەس چوو
ئەتۆ جوانە گوڵی سووری وڵاتم!
لە خوێنی پاکی ئەو کوردی ڕواوی
لەبەر وەی تۆ تەمەن کورتی گوڵی من!
کە بیری خوێنێکی ناهەق ڕژاوی
هەموو ڕۆژێ بە یادی لاوی کوژراو
بەسەرتا ئاسمان ئەسرین دەڕێژێ
دەڵێی دایکێکی زگسووتاوی دیلە
کە تاقانەی بە دەستی خۆی دەنێژێ
شەماڵیش دێت و وەک ئاواڵێکی باش
بە سەبرا دەسترێ ئاونگی سەر ڕووت
ئەتۆش کاتێ دەبینی باوەفایان
بزەت دێت و لە گەڵ شادی دەبی جووت
گوڵی سووری وڵاتی کوردەواری !
بە ئاواتم کە دایم گەش بمێنی
کە یادی خوێنی کوردێکی بە نرخی
جوانی، خۆشەویستی، ڕەنگی خوێنی

**مامۆستا عەلی حەسەنیانی (هاوار)**

# معرفی کتاب: تاریخ ولایت مکری (مکریان)



کامران ثنایی . سردشت

کتاب «تاریخ ولایت مکری( مکریان)» چاپ شد.

جهت تهیه کتاب: شماره انتشارات سۆها ۰۹۱۹۹۸۶۱۷۴۴

نویسنده کتاب «تاریخ ولایت مکری (مکریان)» کامران ثنائی فارغ التحصیل کارشناسی ارشد رشته تاریخ دانشگاه ارومیه و ساکن سردشت است که از سال ۱۳۹٤ تا سال ۱٤۰۱ به نوشتن این کتاب مشغول بوده است. کتاب مذکور از زمان تشکیل میرنشین مکری در ناحیه جنوب دریاچه ارومیه (چند سال قبل از تشکیل دولت صفوی) شروع شده و تاریخ ولایت مکری یا مکریان را تا اواخر دوره قاجار ادامه داده است. نگارنده با پیگیری سیر حوادث روزگار، تاریخ ولایت مکری را از لابه لای کتب و منابع تاریخی استخراج کرده و حقایق تاریخی را با استناد به منابع دست اول هر دوره و بدون شرح و بسط طولانی بیان نموده است. این کتاب در بر گیرنده تاریخ شهرهای مهاباد، بوکان، سردشت، پیرانشهر، میاندوآب، نقده، اشنویه و ایلات این نواحی می باشد. برای نوشتن این کتاب از حدود سیصد منبع فارسی و کردی استفاده شده که حدود نیمی از آنها منابع دست اول و بقیه تحقیقات جدید هستند. همچنین هفت منبع عربی، پنج منبع ترکی عثمانی، دوازده منبع انگلیسی، یازده مصاحبه جزو منابع دیگر این کتاب می باشند. علاوه بر منابع مذکور در این کتاب بیش از نهصد برگ سند تاریخی استفاده شده که شمار قابل توجهی از این اسناد برای اولین بار استفاده شده اند.

حال به معرفی قسمت های مختلف این کتاب می پردازیم: کتاب با تقدیم آن به روح استاد هژار مکریانی که آرزوی نوشته شدن چنین کتابی را در زمان حیاتش کرده بود آغاز می شود. سپس سخنی با خوانندگان و یک مقدمه ارائه می شود و بعد فصول چهارده گانه آن شروع می شوند. فصل اول کلیات را در بر می گیرد. در این فصل ابتدا مروری بر منابع و بعد به تشریح حدود و اقلیم ولایت مکری پرداخته شده است. همچنین بسط و قبض سرزمینی ولایت مکری بررسی می گردد. در ادامه شرحی از تاریخ ایلات مورد بحث این کتاب ارائه خواهد شد، سپس تاریخچه ولایت مُکری در دوره‌های مختلف تاریخی ارائه و شرح کوتاهی از حوادث مهم صورت گرفته در این ناحیه بیان می‌شود. در این فصل مختصری از نحوه ورود آریایی‌ها، رومیان، اعراب، ترکان و مغولان به آذربایجان و ولایت مکری و تسلط مهاجمان بر

مردم منطقه ذکر می گردد.
فصل دوم تحت عنوان «میرنشین مکری» به بررسی حوادث نیمه اول صفوی مقارن دوران شاه اسماعیل اول، شاه طهماسب، شاه اسماعیل دوم، شاه محمد خدابنده و شاه عباس اول پرداخته و از نظر تاریخی اهمیت ویژه ای دارد، چون دورانی است که دولت های ایران و عثمانی دخالت چندانی در ولایت مکری نداشتند. در دوران میرنشینی، حاکمان مکری در اوج قدرت بودند و ولایت مکری از نظر جغرافیایی به حداکثر وسعت خود رسیده بود. در این فصل نقش کردهای مکری در حوادث دوران مشخص می گردد و چگونگی تعامل حاکمان مکری با شاهان صفوی و عثمانی بررسی می شود. همچنین تشکیل میرنشین مکری، اوج گیری و سقوط این میرنشین بررسی خواهد شد و به نتایج سقوط آن که تاثیر زیادی بر منطقه بخشید، اشاره خواهد شد.
فصل سوم به بررسی اوضاع سیاسی سلطان نشین مکری اختصاص دارد. این دوره از سال ١٠١٩ هجری قمری یعنی پس از واقعه مکری قران و شروع حکمرانی شیرسلطان شروع شده و تا پایان دوران صفوی ادامه دارد. در این دوره با تنزل مقام حاکمان مکری از «خان» به «سلطان» شاهد افول و ضعف حاکمان مکری هستیم. سرانجام بوداق سلطان با تلاش و پشتکار توانست این دوره افول را به پایان برساند و تا حدی ویرانی های گذشته را ترمیم نماید. در این فصل همچنین تعامل کردهای مکری با دول ایران و عثمانی در زمان شاه صفی، شاه عباس دوم، شاه سلیمان و شاه سلطان حسین و حوادث آن دوران مورد بحث قرار می گیرد. در فصل چهارم اوضاع سیاسی خان نشین مُکری بررسی می گردد. این فصل از تسلط افغان ها بر اصفهان شروع شده و نقش مکری ها در حوادث دوره افغان، افشار و زندیه بیان می شود. پس از سقوط صفویان، مکری ها به واسطه ضعف دولت و هرج و مرج های داخلی ایران مجدداً حالت نیمه استقلال دوران میرنشینی را به دست آوردند و این منطقه از سلطان نشین به خان نشین ارتقا یافت، با این وجود هرگز به اقتدار دوره میرنشینی بازنگشتند.
با مرگ کریم خان زند در سال ١١٩٣ هجری قمری جنگ های جانشینی بر سر تخت پادشاهی ایران شروع شد. در آن سال ها دو تن از حاکمان افشار ارومیه به نام های امامقلی خان و محمدقلیخان توانستند خلاء قدرت آذربایجان را پر کرده و نواحی اطراف را تحت الشعاع خود قرار دهند. سران مکری و بلباس نیز جزو یاری دهندگان دو حکمران افشار بودند و در لشکرکشی هایشان به تبریز و گرجستان و دیگر نواحی شرکت داشتند اما کور شدن بوداق خان اول به دست محمدقلیخان، مکری ها را به جانب دولت قاجار متمایل ساخت. این دوره تا تسخیر آذربایجان توسط فتحعلی شاه قاجار ادامه داشت، از این رو حوادث آن سال ها در فصل پنجم گنجانده شده است. در این فصل همچنین به حضور پررنگ قرنی آقای اول مامش و افراسیاب سلطان زرزا در میان فرماندهان محمدقلیخان و اختلافات دو شخص مذکور با بوداق خان اول مکری پرداخته خواهد شد.
با توجه به اینکه در دوره قاجار کثرت منابع بیشتر می شود و سفرنامه ها و اسناد و روزنامه ها نیز به جمع منابع اصلی افزوده می گردند، حجم مطالب افزایش یافته و به همین سبب دوره قاجار به هشت فصل بدین صورت تقسیم شده است: فصل ششم مربوط به اوضاع ولایت مکری در دوره فتحعلی شاه و محمدشاه قاجار است. در فصل هفتم به گزارشات هیئت های تعیین حدود ایران و عثمانی از ولایت مکری پرداخته می شود. در فصل هشتم نقش عزیزخان مکری (سردارکل) به عنوان بانفوذترین شخص ولایت مکری و کردستان در دولت قاجار و حوادث دوران او مورد بررسی قرار می گیرد. فصل نهم درباره قیام شیخ عبیدالله

نهری و حمزه آقای منگور است. در فصل دهم کشمکش - های عشایری در دو دهه اول قرن چهاردهم و در فصل یازدهم نیز اوضاع ولایت مکری در دوره اشغال توسط عثمانی - ها (سال ۱۳۲۳ تا ۱۳۳۰ هجری قمری) مورد بررسی قرار می گیرد. فصل دوازدهم به جنگ جهانی اول، قتل عام ساوجبلاغ و قحطی بزرگ اختصاص یافته، در فصل سیزدهم نیز قیام سمکو، بحران پشدری ها و دیگر حوادث پایان دوره مورد پژوهش بررسی می شوند. در فصل آخر (چهاردهم) به صورت گذرا اوضاع اجتماعی و ابنیه تاریخی و مختصری از چند شخصیت ارائه می شود. همچنین فعالیت میسیون کردستان (میسیون لوتری آمریکا در ساوجبلاغ)، فعالیت کنسولگری عثمانی در ساوجبلاغ و برخی مطالب دیگر نیز از موضوعات فصل آخر می باشند. علاوه بر فصول مذکور در قسمت های پایانی کتاب بخشی به عنوان پیوست ها آمده که در آن چند بیت تاریخی و رونویسی شماری از اسناد مهم و مواردی دیگر در رابطه با تاریخ ولایت مکری گنجانده شده است. پس از آن نیز قسمت منابع و بعد فهرست اعلام شامل فهرست نام ها، اماکن و طوایف با ذکر شماره صفحه، آخرین قسمت کتاب را تشکیل می دهند.

**لازم به ذکر است که این کتاب در دو جلد با قطع وزیری و مجموع دو هزار و پنجاه صفحه توسط نشر سها با قیمت یک میلیون تومان روانه بازار کتاب گشته است. علاقمندان می توانند این کتاب را در کتابفروشی های مهرگان و آگورا (مهاباد)، حفیدی (سردشت)، دانش (پیرانشهر)، نالوسی (اشنویه) و یا ارتباط تلگرامی با نویسنده (@Kamransanaei) تهیه نمایند. (کامران ثنائی)**





# طریقت قادریه سوله ای در کردستان و هورامان

امیر وزیری١ - سنندج

١- حوزه ی جغرافیای طریقت قادریه در جهان
طریقت قادریه از قدیمیترین و بزرگترین شاخه های تصوف در جهان است. این طریقه در نشر وترویج اسلام نه فقط درخاورمیانه شامل ایران، عراق٢، بلکه در آسیا٣ , چین، آسیای میانه و آفریقا، نقش عمده ای داشته و در این سرزمین ها از نفوذ و تأثیر فوق-العاده ای برخوردار بوده است٤. دایره سلسله قادریه آنقدر وسعت گرفت که ازطرف شرق تا جزیره جاوه (اندونزی) وازطرف غرب تا الجزایر ومراکش انتشار پیدا کرد ٥.

٢- نشات و قدمت طریقت قادریه
طریقت قادریه را به ابو محمد محیی الدین شیخ عبدالقادر گیلانی (٤٧١ _ ٥٦١) منسوب می دانند٦ . عبد القادر از سادات حسنی و ملقب به غوث الاعظم است. آرامگاه وی در«باب‌الشیخ»بغداد زیارتگاه مشتاقان و پیروان اوست. کیفیت و طرق اتصال و پیوند سند مشیخت عبدالقادر گیلانی تا رسول الله (ص) در نمودار -١- ترسیم شده است٧ .»طریقت عبارت است از بر پا داشتن آئین بندگی در طول سفری ممتد از جانب خلق به سوی حق عزوجل. طریقت بر اساس قرآن مجید و سنت نبوی علیه الصلاه و السلام استوار است ٨ بنابراین باید از در شریعت داخل میدان تصوف شد لذا آگاهی به آداب شریعت اسلامی ضروری است تا بتوان حق را از باطل تشخیص داد و خود را از افسانه ها و اباطیل دور نگه داشت»٩ . می توان گفت که قدمت طریقت های تصوف و عرفان به صدر اسلام برمی گردد. ابن خلدون می گوید : « علم تصوف از علوم شرعیه حادثه است که در میان امت اسلامی پدید آمده و اصل آن عبارت است از ملازمت و عکوف بر عبادت و طاعت و بریدن از غیر خدا و پشت کردن به دنیا و زخارف آن » و این روش در زمان اصحاب کرام و تابعین عمومیت داشته است١٠. بسیاری از مجتهدین مذاهب فقهی، محدثین و مفسرین از پیروان یا مویدین طریقت محسوب می شوند از جمله شیخ حسن بصری (متوفی١١٠ ق)، فقیه نامدار سفیان ثوری (متوفی ١٦١ ق)،امام اعظم ابو حنیفه، امام مالک، امام احمد بن حنبل، امام تاج الدین السبکی، امام فخر الدین رازی، امام محمدغزالی و امام نووی.

٣-ارکان وآداب طریقت قادریه در کردستان
ورود به طریقت ها طی مراسم خاصی برگزار می شود که بیعت و توبه کردن نامیده می شود.معنی لغوی

هەوالنامەی کتێب

توبه رجوع است ومعنی شرعی آن بازگشت ازعصیان ونافرمانی خدابسوی اطاعت وفرمانبرداری او. پس از بیعت وظایفی همچون: ۱- ردّ مظالم ۲- قضای نمازهای فوت شده ۳- پرداخت زکات معوّقه ٤- گفتن اذکار ٥- شرکت در مراسم ذکر قیام درشبهای جمعه و وظایفی دیگر ... بر عهده ی مرید گذاشته می‌شود که باید آنها را انجام دهد.۱۱

مهمترین روش برای رسیدن به خدا ذکر است.ذکر دراویش قادری بر دو نوع است: یکی در حال نشسته که به آن «تهلیل» می‌گویند و دیگری ایستاده که به آن ذکر قیام یا سماع گفته می‌شود.

٤-طریقت قادریه درکردستان

نفوذ طریقه ی شیخ عبدالقادر در کردستان و اعتقاد عموم مردم کرد به طریقت قادریه بی‌ارتباط با پیوند عمیق قطب این طریقه یعنی شیخ عبدالقادر با اهالی کردستان نبوده است۱۲. از طرفی مشایخ و عرفای مشهورِ کُرد معاصر شیخ عبدالقادر همچون: شیخ جاگیر کُردی و شیخ تاج العارفین ابوالوفای کُرد از مصاحبانِ شَیخ عبدالقادر گیلانی بوده‌اند و پیوند و ارتباط مستحکم با وی داشته اند۱۳ . اما طریقت رایج در کردستان نوربخشیه بود که توسط سید محمد نوربخش، برادر شیخ عیسی برزنجی در کردستان انتشار یافت و تا زمان محمد نودهی مشهور به «کبریت الاحمر» ادامه داشت. بعد از او فرزندش سید شیخ اسماعیل ولیانی(۱۰۸۱-۱۱۵۸هـ ق) از شیخ احمد احصایی طریقت قادری را اخذ نمود و به ترویج و گسترش طریفت قادریه پرداخت ١٤.

بسیاری از خاندانهای طریقت قادریه در کردستان همچون طالبانی‌ها، سوله‌ای‌ها و کسنزانی‌ها، سلسله ی اسناد خود را از شیخ اسماعیل ولیانی به شیخ عبدالرزاق (٥٢٨-٦٠٣ق) فرزند شیخ عبدالقادر گیلانی می‌رسانند. ١٥

٥-طریقت قادریه سوله ای در کردستان و هورامان

خاندان بنام سادات هاشمی موسوی برزنجی سوله ای (سوله روستایی در قره داغ هلبجه می باشد) از علمداران طریقت قادریه در عراق و ایران بوده و دایره نفوذ وسیعی داشته اند. نمودار ۲ شجره نامه طریقت قادریه سوله ای را نشان میدهد.

سادات سوله ای برزنجی کردستان از نوادگان سید شیخ حسین برزنجی بی‌هَوْر(بی‌ابر و چیاماران میان دربند کرمانشاه) نسبشان به سید عیسی برزنجی١٦ فرزند سید باباعلی همدانی١٧ از سلاله ی امام موسی کاظم(ع) می‌رسد١٨ . نوادگان سید عیسی برزنجی خاندان علم و ارشاد برزنجیون را تشکیل دادند١٩.

شیخ حسین بی‌هَوْر (۱۰٤۲- ۱۱۱۷ ه ق مدفون در بی‌هَوْر )۲۰ از قره داغ و شهرزور که تحت سیطره عثمانی بود به میان دربند مهاجرت می کند که در روستای تکیه و سرآوله تکیه و مدرسه بنا نمود و حدود ارشادش آن منطقه و مناطق بیلوار و هورامان ژاوه رود و گاوه رود و حسن آباد (سنه دژ) که مرکز کردستان بوده را در بر می گرفته است۲۱ . با وصیت ایشان دو فرزند ذکورش سید رسول و سید سلیمان دوباره به منطقه ی قره داغ و شهرزور برمی گردند و حاصل برگشت آبادانی روستای سوله و یکی دو روستا دیگر تا ضمن ترویج شریعت وطریقت وعلوم اسلامی ازراه کشت وزرع وکشاورزی امرارمعاش نمایند. سیّدرسول بیشتراوقاتش رابه ترویج دین وطریقت (قادری) وارشاد مؤمنین وطالبان معرفت وخداشناسی وعلوم اسلامی طی نمود. چندین گذشت که شهرت شیخ رسول تابه میان مسلمانان هند و حتی چینی

هم رسید، ازکردستان عراق وایران – هندوستان ومناطق عرب نشین عراق ومنطقه، طلاب وسالکین جهت کسب علم ویافتن چنان استاد ومرشدی راه سوله را پیش گرفتند. شهرت شیخ رسول وگسترەی مرید ومنسوب آنجناب درواقع باعث شهرت آن مکان وتکیه و مدرسەی آنجا نیز شد واز همان زمان سیّدرسول (شیخ رسول سوله) نام گرفت وشهرت یافت وبه تبع آن اولاد وفرزندان وخاندان اونیزبه سادات ومشایخ سولەیی شهرت یافتند. مانند سایر مشایخ برزنجی، شیخ رسول برای تکمیل مدارج عالیه علمی و عرفانی به محضر شیخ اسماعیل ولیانی می رود و به اوج قله عرفان می رسد. شیخ رسول سوله به هورامان سفر میکند و به زیارت مرقد ویس القرن در ماهیدشت روانسر می رود و در منطقه هورامان ژاوه رود (بخش سیروان شهرستان سنندج کنونی) از جمله دولاب سفر می کند و دایره طریقت را گسترش میدهد. فرزندان شیخ رسول سوله، سید علی مدفون در روستای دولاب ( متوفی ١٢٢٥) و سید مصطفی (جانشین وی) و سید یحیی (که به منطقه مهاباد ارشاده داشته اند) راه پدر را ادامه داده وبه مقام عرفانی والایی میرسند.

از مشهورترین شخصیت‌های خاندان سوله ای بعد از شیخ رسول سوله، نوه ی ایشان شیخ رسول دولت آباد(١٢٠٠-١٢٩٥ق) متولد سوله به به دلایلی شهرزور را به سوی منطقه گرمسیر ازگله، اسپریز و سپس دولت آباد روانسر در سال ١٢٤١ ترک می کند. شیخ رسول دولت آباد نزد والدش شیخ مصطفی تلمذ می کند و هم عصر شیخ سید عبدالقادر قازانقایه بوده و ارتباط معنوی خاصی با ایشان پیدا میکند. شیخ معروف نودهی برزنجی(١١٦٦-١٢٥٤ق) که از مفاخر علم و ادب مردم کُرد به شماراست و از مشایخ بزرگ طریقت است شجره نامه خاندان سوله ای را به درخواست شیخ رسول دولت آباد به زبان عربی به نظم در می آورد ٢٢ (نمودار ٣):

الحمدلله الملک البره **** علی هدایتی لنظم الشجره

بعد از او فرزندش شیخ عبدالقادر دولت آباد به ارشاد و تبلیغ این طریقه می پردازد. علاوه بر این خلفای دیگر شیخ عبدالقادر وجود داشتند که به ارشاد و تبلیغ این طریقه می پرداختند که می‌توان از: شیخ عباس در قریه ی کوماین کامیاران، خلیفه خیرالله و شیخ مصطفی در روستای طا ژاوه رود، شیخ مصطفی کیلانه و شیخ علی کُرده نام برد.

شیخ سید احم تم تم (متوفی ١٣٢٥ق) فرزند ارشد شیخ عبدالقادر (متوفی ١٣٠٩) تحت تربیت دینی، علمی و عرفانی پدر و پدر بزرگش قرار میگیرد و در مدرسه دولت آباد در زمان شیخ رسول فارغ التحصیل می گردد و وارد طریقت قادریه شده و مراحل سیر و سلوک را طی می کند و به مرحله ارشاد می رسد. بعد از فوت والد در سال ١٣١٢ به روستای باباحیران شمال شرقی حسن آباد روانسر رفته و سپس روستای تم تم را ابتیاع می کند و در آنجا مدرسه علوم دینی را دایر می نماید. بعد از فوت پدر، سید احمد برای تحصیل علم وتجدید حیات معنوی به زیارت شیخ سید حسن پیر قره چیوار (١٢٦٤-١٣٢٤ ق) رفت و در محضر وی به سیر و سلوك پرداخت ودر اندك مدتی مرتبه ی خلافت یافت و اجازه ی دستگیری از ایشان دریافت نمود.

مسند نشین سوله، شیخ سید حسین چرچه قلا٢٣ (١٢٧٠-١٣٤٢ق) خرقه طریقت را در خدمت حاج کاك احمد شیخ (١٢٠٧-١٣٠٥ق) اخذ نمود٢٤ و برای رسیدن به کمالات طریقت به خدمت شیخ حسن قره چیواری رسید و به مقامات والای معنوی دست یافت. خلق بسیاری از ارشاد و تربیت معنوی شیخ حسین چرچه قلا بهرەمند شدند از جمله مسند نشین دولاب سیدشیخ محمد هاشمی سولەای(زانه

خور)(۱۳۰۵- ۱۳۵۷ق برابر با ۱۳۱۷ش). شیخ محمد به سید محی الدین ملقب شد و می شود از وی بعنوان مجددی یاد کنیم که تجدید حیات دوباره آموزه عرفانی قادریه را بخصوص با روایت سلسله مشایخ «سوله یی» در هورامان «ژاوه رو» و دیگر محال ذکرشده ممکن ساخت. شیخ محمد دولاب قبل از دیدار با شیخ حسین در تقوی و عبادت و رعایت سنن نبوی(ص) به مرتبه ی ولایت رسیده بود. همواره خود را طرف توجه روحانیت سید علی دولاب، شیخ رسول دولت آباد و پدرش سید احمد تم تم نیز می‌دید. اهل سیر و سلوك و رياضت و سخت كوش ودر اندك مدتی مرتبه ی خلافت یافت و اجازه ی دستگیری از استاد دریافت نمود. سپس به ترویج و ارشاد در طریقت قادریه پرداخت و شهرتی بسزا یافت. مشایخ دیگر سوله ای که در خدمت شیخ حسین چرچه قلا به رتبه ولایت رسیدند از سید جمله شیخ سید قیدار سید الدوله و حاج شیخ نجم الدین هاشمی در بخش «ازگله بودند.

بعد از وفات شیخ حسین چرچه قلا، فرزندش شیخ جلال‌الدین عبدالقادر قمچی‌رەش (۱۳۱۱-۱۳۶۲ق) جانشین و قطب ارشاد گشت. استاد سید طاهر سیدزاده هاشمی شاعر و علامه بزرگ و »، سید شیخ عبدالرحمن داری زنگنه و شیخ محی‌الدین هاشمی در «دارِ زنگنه» ی ازگله از خلفای ایشان محسوب می شوند.

حاج شیخ محمدهادی هاشمی(۱۳۰۹-۱۳۷۷ش) جانشین شیخ محمد دولاب تحت رعایت و تربیت معنوی شیخ عبدالقادر قمچی رش بر مسند طریقت سوله ای دولاب نشست. در علوم دینی و عربی سرآمد اقران گشت و به درجه اجتهاد در فقه امام شافعی(رض) نائل آمد و گستره فعالیت طریقت قادریه سوله ای در کردستان ایران را در ۳ استان غربی کشور که آذربایجان غربی، کردستان و کرمانشاه می باشد و در ۱۰ شهرستان مراکز خانقاهی دایر نمود از جمله: مهاباد ، بوکان، سقز و دیواندره ، سنندج، دهگلان، قروه، کامیاران، شمشیر پاوه، خانیله روانسر و مراقد و خانقاه مرکزی در روستای دولاب بخش سیروان (هورامان) و بیش از ۵۰ مسجد و خانقاه ساخت. از خلفای شیخ محمد دولاب، برادر وی عارف بزرگ سید شیخ محمود در تم تم بر مسند ارشاد نشت و حوزه فعالیت طریقتی در هورامان (روانسر و جوانرود) را گسترش داد.

٦- سخن آخر

طریقت در فرهنگ اعتقادی و زندگی اجتماعی مردم کردستان جایگاه مهمی دارد و یکی از نهادهای غیر رسمی اجتماعی ریشه دار محسوب می شوند. از لحاظ تاریخی، رهبران طریقت شخصیت های پرورشی، اجتماعی و سیاسی و علمی بوده و نقش مهمی در تقویت دانش و علم داشته اند. در گذشته بسیاری از خانقاه ها مراکز علمی و به مثابه دانشگاه ها بوده است. عرفا بالاترین میراث و دست آوردها را به فرهنگ و تمدن اسلامی اهدا نموده و نیرویی برای تسامح و میانه روی و سهم سنگین و نقش وزینی در ادبیات انسانیت و انساندوستی داشته اند. طریقت های امروزی وارثان ثروت فکری و حکمت و ادبیات زیبای عرفانی با ارزش جهانی هستند.

۷-تقدیر و تشکر

بر خود لازم میدانم که از همکاری آقای دکتر شیخ سید مختار هاشمی برای در اختیارگذاشتن آرشیو کتابخانه ای خود و انجام مصاحبه، و از آقایان سید معتصم سیدزاده هاشمی و سید پوریا سیدزاده هاشمی برای همکاری و اختیار قراردادن اطلاعات تاریخی در مورد خاندان سادات سوله ای برزنجی تشکر نمایم.

ک



نمودار ٣: شجره نامه سادات هاشمی سوله ای به خط و نظم شیخ سید محمد معروف نودهی در سال ١٢٤٦ ه.ق





شیخ سید محمد عاشمی ملقب به محی الدین شاه دولاب  سال ۱۳۱۱

حاج شیخ سید محمد هادی هاشمی کردستانی در مزار ابوعبیده جراح اردن ۱۳۷۶

پاورقی

١ - امیروزیری نویسنده و پژوهشگر حوزه طریقت و عرفان، از نوادگان عبدالحمیدخان وزیری(برادر سردار اکرم سنجرخان)در سال ١٣٦٠ در سنندج دیده به جهان گشود. خاندان وزیری از خانواده های معروف و سرشناس و دارای سابقه درخشان در کردستان می باشند. وی تحصیلات خود را در رشته الهیات و معارف اسلامی در مقطع کارشناسی فقه شافعی و کارشناسی ارشد ادیان و عرفان تطبیقی به اتمام رساند. در مراکز دانشگاهی سنندج به تدریس می پردازد و کتابی با عنوان "نقشبندیه در کردستان" به چاپ رسانده است. همچنین نوشتن تعدادی مقالات پژوهشی در کارنامه خود دارد.

٢ - تاریخ تصوف در کردستان، ص ٢٠٥ ؛ همچنین نک:

underTariqah , ١٤ Vol , ١٩٨٧ , The Encyclopedia of Religion ;ed. by: Mircea Eliade ; Newyork .٣٤٦.by : A.H.Johns , p

٣ - تاریخ تصوف در کردستان، ص ٢٠٥ ؛ همچنین نک:

underTariqah , ١٤ Vol , ١٩٨٧ , The Encyclopedia of Religion ;ed. by: Mircea Eliade ; Newyork .٣٤٦.by : A.H.Johns , p

٤ - ارزش میراث صوفیه، صص ٨١ - ٨٠ و ١٦٤

٥ - هاشمی، سید مختار و گوشبر، حمید (١٣٩٤). دف و حنجره انسان برای سماع: تحلیل ساختاری و عملکرد ذکر قیام (سماع) در طریقت قادریه.مقاله ارایه شده در جشنواره مولودی خوانی رضوی هه تاو، از سری برنامه های سیزدهمین جشنواره بین المللی امام رضا (ع)، شهریور ١٣٩٤، سنندج

٦ - جستجو در تصوف ایران، ص ١٧٠؛ مقایسه کنید با: اخبارالاخیار ،صص١٦ - ١٥؛ الکامل فی التاریخ، ج١١، ص١٤١؛ شذرات الذهب،جلد ٤، ص ١٩٨؛ نفحات‌الانس، ص ٥٠٧.

٧ - وزیری، امیر (٢٠١٣). نقشبندیه در کردستان.، چاپ اقلیم کردستان عراق.

٨ - اشاره است به گفتار شیخ عبدالقادر گیلانی در کتاب الفتح الربانی: ان هذه طریقتنا مبنیه علی القرآن و السنه

٩ - هاشمی، شیخ سید محمدهادی (١٣٧٣) رساله در زمینه عرفان و طریقت، چاپ نشده.١٠

١٠ - هاشمی، شیخ سید محمدهادی (١٣٦٧) رساله در زمینه مسایل اعتقادی و تصوف اسلامی.چاپ نشده

١١ - تاریخ تصوف در کردستان، صص١٩٨ - ١٩٧.

١٢ - تذکره ی عرفای کردستان، ص٥٦.

١٣ - نفحات الانس، صص ١١،٥٢٠،٥١٩،٥٣٧،٦٣١ ؛ مقایسه کنید با: تاریخ مشاهیر کرد، ج ١، ص٣٦ ؛ جستجو در تصوف ایران، ص١٠٧.

١٤ - سید محمد طاهر سید زاده هاشمی (نسخه خطی) منبع الأنوار در مقامات و احوال سید شیخ حسن قازانقایی برزنجی (پیر قره چی وار).

١٥ - تاریخ تصوف در کردستان، ص ١٨١؛مقایسه کنید با: تاریخ تصوف در کرمانشاه،صص ٣٦٢ - ٣٦١، ٢٦٧ ؛ لازم به ذکر است که آقای فرهاد مبارکی در طرح پژوهشی خود به نام شناسایی طریقت قادریه در استان کردستان که در سال ١٣٨٢ هـ. ش به انجام رسانده است بطور مبسوط به این موضوع پرداخته و سه خاندان طالبانی و سوله‌ای و کسنزانی را رهبران و نمایندگان اصلی طریقت قادریه در کردستان معرفی نموده است.

١٦ - تاریخ تصوف در کردستان، ص ١٥٧ ؛ همچنین نک: زندگینامه ی شیخ معروف نودهی برزنجی،صص ٩١ و ٩٨ ؛ تاریخ تصوف در کرمانشاه، صص ٢٦٠ - ٢٥٩.

١٧ - سیدباباعلی همدانی شخصیتی غیر از میرسیدعلی همدانی مرید شیخ محمود مزدقانی می‌باشد.(نک: تاریخ تصوف در کرمانشاه،ص ٢٦٠ )

١٨ - تاریخ تصوف در کرمانشاه،صص ٢٦٠ - ٢٥٩،٢٩٢ - ٢٩٠ ؛مقایسه کنید با: دانشمندان کرد در خدمت علم و دین، مدرس, عبدالکریم, ترجمه: احمد حواری نسب, تهران, انتشارات اطلاعات, چاپ اول,١٣٦٩ش,ص ٣١٥ ؛ قیام و نهضت علویان زاگرس(یا تاریخ تحلیلی اهل حق)، سلطانی, محمد علی, جلد اول, تهران, نشر سُها, چاپ دوم, ١٣٨٢ش, ص ٦٣.

١٩ - خالصنامه ی شریف، شیخ یوسف بغدادی، ص ٦٩ ؛ مقایسه کنید با: تاریخ مشاهیر کرد، جلد ١، ص ١٨٨

٢٠ - دستنوشته در آرشیو اسناد کتابخانه استاد سید طاهر سیدزاده هاشمی

٢١ - همان، سید محمد طاهر سید زاده هاشمی (نسخه خطی) منبع الأنوار

٢٢ - مراجعه شود به کتاب بنه ماله ی زانیاران اثر ملا عبدالکریم مدرس و کتاب شفاعت و عرفان اثر سید طه هاشمی،

٢٣ - کتاب قرّه العین فی مناقب سیدنا شیخ حسین اثری ارزشمند و خواندنی است که مرحوم استاد سیدطاهر سیدزاده هاشمی، شاعر و مورخ مشهور کُرد آن را درباره ی شرح زندگانی و کرامات حضرت شیخ حسین چرچه‌قلا تألیف نموده‌اند. ( نک: سراج السالکین، ص١٦٦ و مجله ی کیهان فرهنگی، سال سوم، شماره ی ٢، ص ٨ )

٢٤ - تاریخ مشاهیر کرد، ج٢، ص ٢٥ ؛ همچنین نک: تذکره ی عرفای کردستان، ص ١١٥



**شیخ مختار و حاج شیخ سید محمد هادیهاشمی ١٩٩٤ لندن**



نمودار ٢- شجره طریقت قادریه سوله ای در کردستان ایران



# شعر چیست ؟
# شاعر کیست ؟

حسام الدین امین کردستانی ـ سنندج

آنک من بودم؛ با خویشتن، گردان در دالانهای سرپوشیده ی بین النهرین، و راه تاریک تاریخ را میپیمودم؛ جویای پژواک نامه های رفته بر باد و آهہای گمگشته در پایجای گذشتگان! تا (مزوپوتامیا) گهواره تمدن را چه آمده است، که در بادی خاک آلود، با تن پاره پاره، بخود میپیچد!؟ کوس و کرنای (صلاح الدین ایوبی) چرا خاموش است؟! و آن اندیشمند را، چه داغی بر دل بوده، که گفته است: «العراق ارض الدم المراق» عراق، سرزمین خون ریخته.

در این داروگیرپرهراس، نسخه ایی از مجله (بەیان) دیدم، که برایم یافتن روزنی از تیمچه یی تاریک و در بسته و سر پوشیده بود! پرمایه و درون پر، آفرینم بر مدیر فاضل و پر فکرش، و درودم بر خوانندگانش. خرسند و سپاسگزار.

باشد که این مجله ی گرامی راهگشایی باشد برای تشویق جوانان، و یادآورشان گردد که در آغازینه ی دهه ی ۱۳۲۰ هشت نشریه در کردستان داشته ایم ( به نقل از علی گلاویژ، در سال ۱۳۳۹ فرستنده رادیو پیک ایران؟!)

و اما شعرچیست ؟! از زیباییهای زبان و ادب عرب، واژه های نام برای موضوع است. واژه ی شعر به فتح نخست، یعنی زلف زن، که در زیبایی و پریشانی و گستردگی، همانند سخن است و سخن، مثل زلف او! پس شعر بکسر نخست به معنی شعور است و آگاهی و دانستن و شناختن.

در دو بیت کهن عربی با این معنی آمده است، که زیباترش را میاورم:

کل من تلقاه یشکو دهره      لیت شعری هذه الدنیا لمن

هر که میبینیش، از روزگارش شکوه دارد، کاش میدانستم این دنیا از آن کیست؟

سخن ساده و پراکنده نثر است، و با نظم و آهنگ، شعر. یکی از ادیبان معاصر عراقی (مهدی الجواهری) در مصراعی از شعرش پیرامون شعر بزیبایی و سادگی گفته است: «انثر الدمع ثم انظم شعری» / شکم را میپراکنم پس شعرم را به نظم میکشم. پس، آن شعر گیرا و نافذ است که با آه و اشک و آنگاه با اندیشه و پیام همراه باشد. سراینده یی با این مایه ی سخن شاعر است!

تازیانه موج

سرم هوای چه دارد بهانه میگیرد      کبوتریست ره آشیانه میگیرد
دلم چو دور بماند از دیار و خیمه ی یار      زپایجای هما لان نشانه میگیرد
بیاد باغ گلی کش نه برگ ماند و نه بار      بسوز بلبل شیدا بهانه میگیرد
نهیب داد ز بیداد چون زبانه گرفت      ز کوی میجهد و بام و خانه میگیرد
شریر آتش این کوره را خموشی نیست      که هر دم از دم داغی زبانه میگیرد
در آن کرانه حذر کن ز تازیانه موج      که موج چون بخروشد کرانه میگیرد
مباش ایمن از این آه سرد آتشزای      که آه سرد ببادی کمانه میگیرد
ز اخگری که از آن کاروان بجای بود      ببوی دوست (امین) دامن زمانه میگیرد.


کوردە گیان یا خوا جێژنت پیرۆز بێ
بە هاری ژینت جێژنی نەورۆز بێ
نەورۆزتان پیرۆز
بەیان